هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

# ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا

نامەی خوێندکار

**ئیمان لقمان عبدالله**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە وەکوو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامەدا

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زاینی

## ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (ئیمان لقمان عبدالله) بە ناونیشانی (ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان)، بە چاودێریی ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا، پێشنیازدەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

سەرپەرشت: د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو:

ناو: د. یۆهان عوسمان

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

ڕێکەوت: / /٢٠٢٣

**ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەکوو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (ئیمان لقمان عبدالله)مان بە ناونیشانی (ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن)دا پێ بدرێت.

واژوو: واژوو:

ناو: ناو:

پلەی زانستی: پلەی زانستی:

سەرۆکی لیژنە ئەندام

ڕێکەوت: ڕێکەوت:

واژوو: واژوو:

ناو: ناو:

پلەی زانستی: پلەی زانستی:

سەرۆکی لیژنە ئەندام

ڕێکەوت: ڕێکەوت:

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا

واژو:

ناو:پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

## پێشکەشە بە

- دوو چیا بڵندەکەی هەمیشە پشتم (دایک و باوک)ی میهرەبانم.
- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم (سعد)ی خۆشەویستم.
- خوشک و برا ئازیزەکانم.
- جگەرگۆشەکانم (لینە و سینا).
- هەر ڕۆژنامەنووسێک لە پیشەکەیدا ڕەچاوی ئیتیک دەکات.

## سوپاس و پێزانین بۆ

* خودای گەورە و میهرەبان، کە توانای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەی پێ بەخشیم.

* مامۆستای دڵسۆزم بەڕێز (پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی لەئەستۆگرت و زۆر هاندەر و هاوکارم بوو.

* سەرۆکایەتیی بەشی ڕاگەیاندن و ڕاگرایەتیی کۆلێژ و یەکەی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە لە ماوەی خوێندنی کۆرسەکان و نووسینی نامەکەدا بەردەوام هاوکار و هاندەر بوون.

* مامۆستای بەڕێز (پ.د. هێرش ڕەسوڵ موراد) بە تێبینی و پێشنیازە زانستییەکانی و پێدانی سەرچاوەی زانستی، پاشان هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپێویی توێژینەوەکە هاوکاری زۆری کردووم و ڕێنیشاندەرم بووە.

* مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بە تایبەت بەڕێزان (پ.د. ئیبراهیم حەمەسەعید، م. کامیل عومەر سلێمان) و مامۆستایانی بەشی تەکنیکیی میدیای زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی بەڕێزان (پ.ی.د. یەحیا عومەر فەتاح، پ.ی د. شوان ئادەم ئەیڤەس) کە ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپێوییەکەیان لەئەستۆگرت.

* مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، بە تایبەت سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن بەڕێز (د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد) لە پڕکردنەوە و گەڕاندنەوەی فۆڕمەکان زۆر یارمەتیدەر بوون.

* مامۆستای ئازیز (م. ئاشتی حمەساڵەح) بە پێدانی سەرنج و تێبینییە زانستییەکانی توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، هەروەها ئەرکی کێشاوە وەکوو هەڵسەنگێنەری فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە.

*مامۆستای بەڕێز (د. مومین یاسین زەڵمی) لە وەرگێرانی توێژینەوەکە، وەکوو سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی هاوکار بووە.

*مامۆستای بەڕێز(د. کاروان عەبدوڵا) لە دروستکردنی فۆڕمی ڕاپێوی بە شێوەی(ئەلیکترۆنی)زۆرهاوکاربوون.

* هاوڕێی ئەزیز و مامۆستای یاریدەدەر (م.ی.سومەییە فاضل) لە پێدانی سەرچاوەی زانستی و پێشنیاز و تێبینییەکانیان سوودمەند بووم.

* هاوڕێ و بەڕێزان مامۆستایانی یاریدەدەر (م.ی.هیوا حامد، م.ی.ئیسماعیل عوسمان) لە پێدانی سەرچاوەی زانستی هاوکارم بوون.

* هاوژینی خۆشەویستم کە بەردەوام لەگەڵم ماندووبووە.

## پوختەی توێژینەوەکە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە بابەتە گرنگ و جێی بایەخەکان بە ناونیشانی (ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان)، باس لە دەرخستن و ئاشکراکردنی ئاستی پەیڕەویکردن لە پرەنسیپە ئیتیکییەکان لە ئامڕازە جیاوازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، لە ڕێگەی وەرگرتن و تاوتوێکردنی ڕا و بۆچوونی پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، سەبارەت بە ڕادەی جێبەجێکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا و هاوکات کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ لەسەر ئەو پێوەر و بنەمایانە. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە گرنگی بە پرسێکی هەستیاری وەکوو ئیتیک لەناو میدیای نوێدا داوە، کە ئەم بابەتە لە ئەمڕۆدا بایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی خودی ئیتیک و بەربڵاوی و فراوانیی میدیای نوێ؛ کە سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگای گرتوەتەوە و پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی ژیانەوە هەیە و ئەمەیش کاریگەری لەسەر تاک بە تاکی هاونیشتمانیان دروستدەکات.

کێشە و پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئایا پێگەی پێوەرەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ئامڕازەکانی میدیای نوێدا لە چ ئاستێکدایە؟ هەروەک ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ڕەچاوکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییە لە ئامڕازە جیاوازەکانی میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە و ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان و پۆلێنکردنی داتا و ژمارە و ئامارەکانە، پاش کۆکردنەوە و تۆمارکردن و شرۆڤە و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێوی و بەراوردکاری لە نێوان هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە، کە کۆمەڵگاکانی توێژینەوە بریتیین لە پسپۆڕ و مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی (ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەشێک لە بەشەکانی ڕاگەیاندنیان تەواوکردووە و ئێستا لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاردەکەن). ژمارەیان گەیشتووە بە (١٥٧) سامپڵ، بە شێوەی فۆڕمی ڕاپێوی پرسیارەکانیان ئاراستەکراوە، پاشان بە پشتبەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) داتا و زانیاریەکان شیکراونەتەوە و ئەنجامەکان دەرهێنراون.

توێژەر لە کۆتاییدا بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئامڕازەکانی میدیای نوێ بە ڕێژەی جیاواز و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن زۆرینەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکەوە بەکاردەهێنرێن.

و

٢- بە بڕوای زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە تایبەتمەندیی خێرایی لە میدیای نوێدا کاریگەریی خراپی لەسەر پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لای ڕۆژنامەنووسان کردووە، پاشان تایبەتمەندییەکانی جیهانیبوون و نوێکردنەوەی بەردەوام، کە وایان کردووە لە سەردەمی میدیای نوێدا لادان لە بنەما ئیتیکییەکان زیاتر بێت.

٣- بە بڕوای زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، بەو واتایەی میدیایەک سەر بە هیچ حیزب و هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێت. بۆیە بە پلەی یەکەم بنەمای سەربەخۆیی زۆرترین ڕەچاونەکردنی هەیە و لە پلەکانی دواتریش زۆرترین پێشێلکاری لە هەریەک لە بنەماکانی بەرپرسیاریەتی و بێلایەنیدا دەکرێت.

٤- زۆربەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە پەیڕەوکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان لە ئامرازەکانی میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی خراپدایە و زۆرینەی زۆری بنەماکان پێشێلدەکرێن و لە کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا ڕەچاوناکرێن.

٥- لە نێوان بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوەکە (پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی) لە تەوەرە جیاوازەکانی ڕاپێوییەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە و بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکان لە یەکەوە زۆر نزیکن.

کلیلە وشەکان:ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، میدیای نوێ، هەرێمی کوردستان

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار | ا |
| ٢ | ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| ٣ | پێشکەشە | ج |
| ٤ | سوپاس و پێزانین | د |
| ٥ | پوختەی توێژینەوە | و |
| ٦ | پێڕستی توێژینەوە | ز |
| ٧ | پێڕستی خشتە | ط |
| ٨ | پێشەکی | ١ |
| ٩ | **دەروازەی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە** | ٣ |
| ١٠ | کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١١ | گرنگیی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٢ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٣ | جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە | ٦ |
| ١٤ | شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٧ |
| ١٥ | سنوری توێژینەوەکە | ٧ |
| ١٦ | کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە | ٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | ٩ |
| ١٨ | ڕاستی و جێگیریی فۆڕمی ڕاپێوی توێژینەوەکە | ١٠ |
| ١٩ | ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە | ١١ |
| ٢٠ | توێژینەوەکانی پێشوو | ١٢ |
| ٢١ | **دەروازەی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە(ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و میدیای نوێ)** | |
| ٢٢ | **بەشی یەکەم: ئیتیکی ڕۆژنامەوانی** | ٢٢ |
| ٢٣ | باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی | ٢٣-٣٠ |
| ٢٤ | باسی دووەم: گرنگیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕین و یاسای ڕۆژنامەوانی | ٣١-٤٠ |
| ٢٥ | باسی سێیەم: بنەما و پەیماننامەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی | ٤١-٧٢ |
| ٢٦ | **بەشی دووەم: میدیای نوێ** | ٧٣ |
| ٢٧ | باسی یەکەم: چەمک و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ | ٧٤-٩٣ |
| ٢٨ | باسی دووەم: کاریگەری و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیای نوێ | ٩٤-١١١ |
| ٢٩ | باسی سێیەم: تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی | ١١٢-١٢٣ |
| ٣٠ | **دەروازەی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە(ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا)** | |
| ٣١ | باسی یەکەم: زانیارییە گشتییەکانی سامپڵی توێژینەوە | ١٢٥-١٣٠ |
| ٣٢ | باسی دووەم: بەکارهێنان و پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ | ١٣١-١٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣ | باسی سێیەم: ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان | ١٥٣-١٤١ |
| ٣٤ | باسی چوارەم: ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە | ١٥٧-١٥٤ |
| **٣٥** | **دەرەئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە** | **١٧٩-١٥٨** |
| ٣٦ | دەرئەنجام | ١٥٩ |
| ٣٧ | پێشنیازەکان | ١٦١ |
| ٣٨ | ڕاسپاردەکان | ١٦٢ |
| ٣٩ | سەرچاوەکان | ١٨٤-١٦٣ |
| ٤٠ | پاشکۆ | A |
| ٤١ | پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | O |
| ٤٢ | پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | R |

# پێرستی خشتەکان



| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ جێگیریی فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە. | ١١ |
| ٢ | ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە. | ١٢٥ |
| ٣ | تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە. | ١٢٦ |
| ٤ | بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە. | ١٢٧ |
| ٥ | پیشە و شوێنی کاری سامپڵی توێژینەوەکە. | ١٢٨ |
| ٦ | جۆری ئەو دامەزراوە میدیاییەی سامپڵی توێژینەوەکە کاری تێدا دەکەن. | ١٢٨ |
| ٧ | ساڵانی ئەزموونی کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە. | ١٣٠ |
| ٨ | بەکارهێنانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ لەلایەن سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٣١ |
| ٩ | بەکارهێنانی ئامڕازەکانی میدیای نوێ وەکوو سەرچاوەی زانیاری لەلایەن سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٣٣ |
| ١٠ | هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ لەلایەن سامپڵەکانی توێژینەوەکەوە. | ١٣٥ |
| ١١ | جیاوازی لە نێوان سامپڵەکانی توێژینەوە لە هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ. | ١٣٧ |
| ١٢ | ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات میدیاکاران کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٣٨ |
| ١٣ | جیاوازی نێوان بۆچوونی سامپڵەکان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات ڕۆژنامەنووسان کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن. | ١٤٠ |
| ١٤ | پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێ لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان. | ١٤٤ |
| ١٦ | ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچی ئیتیکی تێدایە لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٤٥ |
| ١٧ | جیاوازی بۆچوونی سامپڵەکان لە بارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچیی ئیتیکی تێدایە. | ١٤٧ |
| ١٨ | پێویستییەکانی پابەندبوون بە ئیتیکی پیشەیی لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٤٨ |
| ١٩ | جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان بۆ پێویستییەکانی پابەندبوون بە ئیتیکی پیشەیی. | ١٥٠ |
| ٢٠ | گرفتی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشەیی لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە. | ١٥١ |
| ٢١ | جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لە گرفتەکانی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشەوە. | ١٥٣ |
| ٢٢ | ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان. | ١٥٤ |
| ٢٣ | جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لە ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرێمی کوردستان. | ١٥٧ |

# پێشەکی

ئەگەر هەموو کات و لە هەموو سەردەمێکدا ئیتیک بۆ پیشەی ڕۆژنامەوانی گرنگ بووبێت، ئەوا لە دنیای تەکنەلۆژیا و سەردەمی میدیای نوێدا گرنگییەکەی چەند هێندە بووە. بەهۆی ئەو سروشتەی میدیای نوێ هەیەتی وەکوو لە تایبەتمەندییەکانیدا خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکە زیاتر لە هەر پیشە و کایەیەکی دیکەی کۆمەڵگا بەرکەوتن و کاریگەری بەسەر تاکەکانەوە هەیە و گۆڕانکاری لە ئاگایی و بۆچوون و بیرکردنەوەیاندا دەکات. لێرەوە پێویستبوونی پیشەکەیش بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی پتر دەبێت. لەم سەردەمی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و بەردەستبوونی ئامڕازە نوێ و جیاوازەکانی میدیا، کە هەر تاکێک لە جێگای خۆیەوە نێرەر و وەرگریشە و خودی خۆی دەتوانێت هەر پەیامێک بیەوێت بە کەمترین بەربەست بڵاوبیکاتەوە. گەر سانسۆر و ویژدانی ناخی خۆی نەبێت، ئەوا زۆر ئەستەم و هەتا ڕادەیەک مەحاڵیشە کە بە هێزی دەرەکی بتوانرێت پێوەرەکانی وەکوو بەرپرسیارێتی، بابەتیبوون، بێلایەنی، نهێنیپارێزی و هتد، پەیڕەوبکات و لێیان لانەدات.

هەستکردن بە گرنگیی ئیتیک وەکوو بابەتێکی سەربەخۆ بە گشتی و بە تایبەتییش لەناو پیشەی ڕۆژنامەوانیدا، هەروەها گرنگیی میدیای نوێ وەکوو بابەتێکی نوێ و پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکەوە لە کۆمەڵگادا، لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی پیشە لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان هەڵسەنگاندنی زانستیی بۆ بکرێت و بگاتە دەرئەنجامی هەڵێنجراو.

بۆ ئەو مەبەستەیش توێژینەوەکە بەسەر سێ دەروازەدا دابەشکراوە: دەروازەی یەکەم لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، وەکوو کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە و ئامڕاز و ڕێگا زانستییەکان، کە گیراونەتەبەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارکردنیان، سەرباری گرتنەبەری ڕێگای دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و وردیی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سنوری کات و شوێن و مرۆیی بۆ توێژینەوەکە. لە کۆتاییشدا خستنەڕووی گرنگترین ئەو توێژینەوانەی، کە پەیوەستن بەم توێژینەوەیە و باسکردن لە گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەو توێژینەوانە.

لە دەروازەی دووەمیشدا لە چوارچێوەی دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی کراوە، بە جۆرێک لە باسی یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر چەمک و پێناسە و سەرهەڵدانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی. باسی دووەم پێکهاتووە لە گرنگی و ئامانجەکانی ئیتیک و پەیوەندیی چەمکی ئیتیک بە ئازادیی ڕادەربڕین و یاسای ڕۆژنامەوانییەوە. لە باسی سێیەمدا بە وردی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان و پەیماننامەی

شەرەفی ڕۆژنامەوانی شرۆڤەکراوە. لە بەشی دووەمیشدا کە تایبەتە بە میدیای نوێ و لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە چەمک و پێناسە و تایبەتمەندی و جۆر و ئامرازەکانی میدیای نوێ، باسی دووەمیش کاریگەری و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیای نوێ و هاوکات جیاوازی نێوان میدیای نوێ و میدیای نەریتی و گرنگیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە میدیای نوێ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. لە باسی سێیەمدا تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی شیکراوەتەوە وەکوو بنەما و پرەنسیپ و ڕەهەند و ئاستەکانی.

دەروازەی سێیەم کە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، لەژێر ناونیشانی ئەنجامەکانی ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان؛ لە چوار باس پێکهاتووە. باسی یەکەم زانیارییە گشتییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، باسی دووەم بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و باسی سێیەمیش تایبەتە بە پێوەر و بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی، باسی چوارەم تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی.

لە کۆتاییدا سەرەڕای بڕگەکانی پێشوو لەسەر توێژینەوەی "ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان"، چەندین بابەت و داتا و ئامار و شیکردنەوە و ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە لەخۆدەگرێت، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی جیاواز تێیدا.

# دەروازی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:**

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

**چوارەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**پێنجەم: شێواز و ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:**

**شەشەم: سنوری توێژینەوەکە:**

**حەوتەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:**

**هەشتەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**نۆیەم: ڕاستی وجێگیریی فۆڕمی ڕاپێوی توێژینەوەکە:**

**دەیەم: ئامڕازی ئاماری توێژینەوەکە:**

**یازدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا کە لە ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیاندا، وا دەخوازێت وەستانێک لەسەر چۆنیەتیی کارکردن و بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی بکرێت و هەوڵبدرێت لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی زانستییەوە ئاشناببین بە پەیوەندی و کاریگەریی پرەنسیپە ئیتیکییەکان بە کارکردنی میدیای نوێوە. لەو ڕوانگەیەوە توێژەر (ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان)دا کرد بە ناونیشانی توێژینەوەکەی. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیش ناڕوونی کاریگەری ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی و میدیای نوێیە لەسەر یەکتری لە هەرێمی کوردستاندا، پرسیاری سەرەکی بریتییە لەو پرسیارەی (ئایا پێگەی پێوەرەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ئامرازەکانی میدیای نوێدا لە چ ئاستێکدایە؟) هەروەها توێژەر هەوڵدەدات لە میانی بەش و بابەت و ڕێوشوێنی مەیدانیی پێویستدا بگاتە وەڵامی زانستی بۆ ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١-ئایا سامپڵەکانی توێژینەوەزیاتر کام ئامرازانەی میدیا نوێ بەکاردەهێنن و پشتیان پێدەبەستن وەک سەرچاوەی زانیاری؟

٢- ئاستی پەیڕەوکردنی هەریەک لە پرەنسیپەکانی ئیتیک لە میدیای نوێدا چەندە؟

٣- ئایا تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی ئیتیک لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەیە؟

٤- ئایا بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان پەیوەندنی بە پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکانەوە هەیە؟

٥- ئەو گرفتانەی کە لە پابەندنەبوونی میدیای نوێ بە ئیتیکی پیشەوە دروستدەبێت کامانەن؟

٦- ئایا جیاوازی و لێکچوون هەیە لە بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لەسەر تەوەرە جیاوازەکان؟

## دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خودی گرنگیی ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەوڵدەدات ئاستی ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ئیتیکی پیشە لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو، چونکە لە ئێستادا میدیای نوێ کاریگەری و جێکەوتەکانی بەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانە و

کاردانەوەکانی تاکەکانی کۆمەڵگاشەوە دیارە. ئەمەیش کاتێک کارکردنێکی دروست و سەرکەوتوو دەبێت، کە پەیڕەوی بنەما و پرەنسیپە ئێتیکییەکان بکرێت لە خستنەڕوو یان بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕەچاوبکرێت. لێرەوە کارکردن لەسەر ئەو بابەتە گرنگە (ئێتیک لە میدیای نوێدا) بێگومان لە خستنەسەری مشتێک بۆ خەرمانی زانستیی کوردی سوودی دەبێت و ڕۆڵی بە ئاراستەی باشدا، هەروەها کاریگەرییەکانی میدیای نوێ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکی زانستییە دەربارەی ئاستی ڕەچاوکردنی ئێتیکی پیشەیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، لێرەشەوە دەتوانین گرنگیی زانستی و ئەکادیمی و میدیایی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- لە ئاستی زانستی و ئەکادیمیدا لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەی هاوشێوە کەمە و کەمتر کار لەسەر ئێتیک و میدیای نوێ کراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە (ئاستی ڕەچاوکردنی ئێتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان) گرنگ و کاریگەر دەبێت لە بوارە زانستییەکەدا و هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی پێوەر و بنەما ئێتیکییەکانی میدیای نوێ هەروەها چۆنیەتی کارپێکردنی ئەو بنەمایانە لە کەناڵەکانی میدیای نوێدا.

٢- لە ئاستی پراکتیکی و پیشەییدا ئەگەر بە هەند وەربگیرێت، دەتوانرێت ئەنجامی توێژینەوەکە لەلایەن کەناڵەکانی میدیا و ڕۆژنامەوانانیشەوە سودی لێ وەربگیرێت، بە مەبەستی باشترکردنی ڕەوتی کارکردن لە میدیای نوێدا و ئاشنابوونی زیاتر بە بنەما ئێتیکییەکان و چۆنیەتی لەبەرچاوگرتنیان لە میانی کارکردندا.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ڕەچاوکردنی ئێتیکی ڕۆژنامەوانییە لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان، ئامانجە لاوەکییەکانیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دیاریدەکرێن:

١- زانینی ئاستی بەکارهێنان و پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ.

٢- زانینی پێگەی پێوەرەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی لە کەناڵەکانی میدیای نوێدا، هەروەها زانینی ڕێژەی پەیڕەوکردنی هەریەک لە بنەماکانی ئێتیک و بەراوردکردنیان.

٣- زانینی ئاستی کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی ئێتیک لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٤- زانینی پەیوەندیی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بە ڕەچاوکردنی بنەما ئیتیکییەکانەوە.

٥- زانینی ئەو گرفتانەی کە لە پابەندنەبوونی میدیای نوێ بە ئیتیکی پیشەوە دروستدەبێت.

٦- دەرخستنی جیاوازی و لێکچوونەکانی بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لەسەر تەوەرە جیاوازەکان.

## چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

**ا- جۆری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە، ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان و پۆلێنکردنی داتا و ژمارە و ئامارەکانە. پاش کۆکردنەوە و تۆمارکردن و شرۆڤە و شیکردنەوەیان، بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە ئامارییەکان و دەرهێنان و گونجاندنیان لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا، لەو چوارچێوەیەیشدا وەسفی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان و چۆنیەتی پابەندبوون پێیانەوە و کاریگەریی هەریەک لەو بنەمایانە لەسەر ڕەوتی کارکردنی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا. هاوکات خستنەڕووی ئامرازەکانی میدیای نوێ و شرۆڤە و ناساندنی کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی کەمیونیکەیشن.

**ب- میتۆدی توێژینەوە:** لە چوارچێوەی ڕێبازی وەسفیدا توێژەر ئەم میتۆدانەی بەکارهێناوە:

١- میتۆدی ڕووپێوی (مسحی-survey): توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ڕێگا و شێوازێکی زانستییە بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان. لەو چوارچێوەیەیشدا توێژەر شێوازی ڕووپێوی بۆ خستنەڕووی پرەنسیپەکانی ئیتیک و ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانیان و چۆنیەتی سودوەرگرتن لێیان و هاوکات ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی تێیدا.

٢- میتۆدی بەراوردکاری: توێژەر ئەم میتۆدەی بۆ بەراوردکردن لە نێوان وەڵامی دوو سامپڵەکەی توێژینەوە (پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی) بەکارهێناوە.

## پێنجەم: شێواز و ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

١- **چاوپێکەوتن:** توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر چەند بابەتێک کە سەرچاوەی زانستی دەستنەکەوت، چاوپێکەوتنی کەسیی لەگەڵ هەندێک لە پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ئێتیک و میدیادا ئەنجامداوە.

٢- **فۆڕمی ڕاپێوی:** یەکێکە لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، بەکارهێنانی شێوازی ڕاپێوی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بڕێکی زۆر زانیاری دەدات، کە لە هەموو ڕوویەکەوە گشتگیرە لە بابەتەکاندا. ئەمەیش وا دەکات توێژەر زیاتر کۆنتڕۆڵی توێژینەوەکە بکات، بۆئەوەی بۆچوونی پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی بەئەزموون و ئەکادیمی لەسەر ئاستی ڕەچاوکردنی ئێتیکی پیشە لە میدیای نوێدا وەربگیرێت، ئەوا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و بە ڕێگای فۆڕمی ڕاپێوی دەبێت. دروستکردنی ئەو فۆڕمی ڕاپێویەیش لەژێر تیشکی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەبێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ژمارە و ڕێژەی گونجاو لە سامپڵی توێژینەوەکە. هەردوو جۆر لە فۆڕمی چاپکراو و فۆڕمی ئەلیکترۆنی بەکارهاتووە، کە هەمان فۆڕم بووە، بەڵام بە شێوەی چاپکراو و ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی (Google Form)وە. ژمارەی ئەو فۆڕمانەی بۆ توێژەر گەڕاوەتەوە (١٥٧) فۆڕم بوون، بە جۆرێک فۆڕمی چاپکراو لەکۆی ١٠٠ فۆڕم، تەنها (٣٣) فۆڕم گەڕاوەتەوە، ژمارەی فۆڕمی ئەلیکترۆنی کە گەڕاوەتەوە (١٢٤) فۆڕم بووە، لەکۆی ناردنی زیاتر لە ٥٠٠ لینک بۆ بەرتوێژان بەشێوەی تاک و گروپ ،هەروەها شیکاری فۆڕمی ڕاپێوی لەسەر بنەمای پێوەری لیکارد بۆ سێ بژاردەیی ئەنجامدراوە، بە شێوەیەک بەهاکان ("٣" بۆ زۆر، "٢" بۆ هەندێک جار، "١" بۆ کەم) دانراوە، پێوەری لیکارد بۆ سێ بژاردەیی.

## شەشەم: سنوری توێژینەوەکە:

ا- **سنوری کات:** لە ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، کە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان پێکهاتبوو، هەروەها دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپێوی و وەرگرتنەوەی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە نێوان ( ٢٠٢٢/٩/٢٢) بۆ (٢٠٢٣/١/٢٠) خایاندووە.

**ب- سنوری شوێن:** شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتییە لە هەرێمی کوردستان/ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە، (واتا سامپڵی توێژینەوەکە لە هەر چوار پارێزگاکەوە لە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە بەشداربوون)

**ت- سنوری مرۆیی:** پێکهاتووە لە ئەکادیمی و پسپۆڕانی بواری میدیا (مامۆستاکانی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان) ژمارەیان ٥٥ پسپۆڕ و مامۆستایە و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی (ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەشێک لە بەشەکانی ڕاگەیاندنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان تەواوکردووە و لە ئێستادا لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاردەکەن) ژمارەیان ١٠٢ ڕۆژنامەنووسە، بە کۆی گشتی ژمارەیان ١٥٧ سامپڵە.

## حەوتەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:

**ا- کۆمەڵی توێژینەوە:** کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە دوو کۆمەڵ، ئەوانیش: پسپۆڕانی بواری میدیا و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، ئەوانەی کە لە ناوەندە زانستی و ناوەندە میدیاییەکاندا بەرپرسیاریەتی و ئەزموونیان هەیە و جێگای دەستیان دیارە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو کۆمەڵانە چ وەک مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن کە شارەزاییان لە بواری ئیتیک و میدیای نوێدا هەیە و خۆیان تایبەتمەندن بە بواری ڕاگەیاندن و وەکوو چاودێرێکی بەتوانا و زانستی، دەتوانن خاوەن بۆچوون و تێڕوانینی زانستی وورد و دروستبن ؛ چ وەک ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، کە بەشێک لە بەشەکانی ڕاگەیاندنیان لە یەکێک لە زانکۆ و پایمانگاکان تەوەواو کردوە، و لە ئێستادا لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، ئەم کۆمەڵەش دەتوانن بۆچونی دروستتریان هەبێت بە بەراورد بە ڕۆژنامەنووسانی دیکە کە ئەکادیمی نین، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە بەشێوەی ئەکادیمی خوێندویانە، لەلایەکیدیکەوە بە پراکتیکی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا کاردەکەن. بۆئەوەی لە ڕێگەی پشتبەستن بە وەڵامەکانی هەردوو کۆمەڵی توێژینەوەکەوە ئەنجامی زانستیی تایبەت بە فۆڕمی ڕاپێوییەکە دەستبخرێت .

**ب- سامپڵی توێژینەوەکە:** سامپڵی توێژینەوەکە مەبەستدارە و بریتییە لە سەرجەم ئەندامەکانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، واتا بە ڕێگەی ڕووپێویی گشتگیر (المسح شامل او الحصر شامل comprehensive inventory) هەوڵدراوە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە وەربگیرێن، لە دوو توێژی سەرەکی پێکدێت:

١- ئەکادیمی و پسپۆڕانی بواری میدیا (مامۆستاکانی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان)، کە ژمارەیان ٩٨ مامۆستای پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندنە*، بەپێی بەدواداچوون و گەڕانی توێژەر، کە سەرجەمیان وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەڵام بە هەردوو جۆری فۆڕمی چاپکراو و فۆڕمی ئەلکترۆنی، توێژەر ٥٥ فۆڕمی بۆ گەڕاوەتەوە و بوونە بە سامپڵی توێژینەوەکە.

٢- ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی (ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەشێک لە بەشەکانی ڕاگەیاندنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان تەواوکردووە و لە ئێستادا لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاردەکەن)، بۆ دەستکەوتنی ژمارەیەکی دروستی ئەو ڕۆژنامەنووسانە توێژەر پەیوەندیکرد بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئامارێکی لەو جۆرەیان لا نەبوو، بۆیە توێژەر هەوڵیداوە فۆڕم بە هەردوو شێوەی چاپکراو و ئەلکترۆنی بگەیەنێتە هەر ڕۆژنامەنووسێکی ئەکادیمی، کە لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاردەکات، بەڵام توێژەر تەنها ١٥٢ فۆڕمی بۆ گەڕاوەتەوە و ئەو ژمارەیە بووە بە سامپڵی توێژینەوەکەی.

## هەشتەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە (پێناسەی ڕێکاری):

توێژەر بە پێویستی دەزانێت لە تێڕوانینی زانستی و گۆشەنیگای بۆ توێژینەوەکەی، چەمکەکانی توێژینەوەکەی پێناسەبکات، بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر، بە پێویستیشی نەزانیوە پێناسەی بیردۆزی چەمکەکان لێرەدا دووبارەبکاتەوە، بەڵکوو تەنها پێناسەی ئیجرائی (ڕێکاری) چەمکەکانی کردووە، کە پەیوەندی بە واقیعی توێژینەوەکەوە هەیە. بەم جۆرە:

**ئاستی ڕەچاوکردن:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی ڕێژەی خەمڵاندنی چەندێتیی پەیوەستبوونی میدیا و ڕۆژنامەنووسانە بە پێوەرە ئێتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە، لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

**ئێتیکی ڕۆژنامەوانی:** مەبەست لەو پێوەر و بنەما ئاکاریانەیە کە پێویستە ڕۆژنامەوان لە کاتی ئەنجامدانی پیشەی ڕۆژنامەوانی خۆیدا ڕەچاوییکات، هەتا بتوانێت بە شێوەیەکی پیشەیی و پڕۆفیشناڵانە بە ئەرکی خۆی

---

* بەهۆکاری نەبوونی زانیاری و ئاماری دروست لە دامازراوە فەرمییەکان لەسەر مامۆستا و ئەکادیمیانی پسپۆڕی(ڕاگەیاندن)، کە لە ئێستەدا لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وانەدەڵێنەوە، توێژەر بەشێوەیەکی مەیدانی و بە سەردانیکردنی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان زانیاری دەستکەوتوە، دەرکەوتوە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی پسپۆڕییان ڕاگەیاندنە و لە بەشەکانی ڕاگایەندنی زانکۆ و پایمانگاکان خزمەت دەکەن بریتییە لە ٩٨ مامۆستا.

هەستێت، ئەمەیش پێویستی بە ویژدانی خودی ڕۆژنامەوان و چاودێریی دامەزراوە میدیاییەکە هەیە .لەو بنەمایانەیش وەکوو (بەرپرسیاریەتی، ڕاستگۆیی، ئەمانەتپارێزی، دەستپاکی....).

**میدیای نوێ:** هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەیە کە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتەوە کاردەکەن، بە شێوەیەکی خێرا و فراوان پەیام و بابەتە میدیاییەکان بە تەکنیک و شێوازی نوێ دەگەیەنێتە بەکارهێنەر (وەرگر) و کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا دەکات، ئەمەیش بووە بەهۆی ئاسانکردن و بەجیهانیبوونی پرۆسەی کۆمەنیکەیشن، هاوکات بێسنووری و سەختیی کۆنترۆڵکردنی میدیای لێکەوتۆتەوە.

**هەرێمی کوردستان:** قەوارەیەکی نەتەوەیی و دەستورییە و هەرێمێکی سیاسی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، پێکهاتووە لە پارێزگاکانی هەولێر (پایتەخت) و سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، ژمارەی دانیشتوانی پێکدێت لە زیاتر لە (٦) ملیۆن کەس بەپێی ئاماری حکومەتی عێراقی فیدراڵ، هەروەها ڕووبەرەکەی (٤٢) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە[١].

## نۆیەم: ڕاستی و جێگیریی فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە:

**١- ڕاستیی ڕواڵەتی Face validity:** ڕاستیی ڕواڵەتی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستیی فۆڕمی ڕاپێویەکە بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، بەرلەوەی ئەم فۆڕمە بکرێت بە بنەمای کارکردن پیشانی چەند پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری ڕاگەیاندن دراوە.[٢]

فۆڕمەکە کە تایبەتە بە ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، دوای ڕێکخستنی بڕگەکان کە زیاتر پشتدەبەستێت بەو تەوەر و بابەتانەی کە لە بەشی تیۆریی توێژینەوەکەدا

[١] دەستوری عیراق ٢٠٠٥، مادەی (١١٧)، بڕوانە: صباح صادق جعفر الإنباری، دستور مجهوریة العراق ٢١١٥، بغداد، المکتبة القانونیة، ٢٠١٠، ص: ٥.

[٢] ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر بە ڕیزبەندی (وەرگرتنی نازناوی زانستی):
١- پ.د.هێرش رەسول موراد، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری/کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٢- پ.ی.د.یحیی عمر فتاح،پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی تەکنیکی میدیا/کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٣- پ.د.ابراهیم سعید فتح الله، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی.
٤- پ.ی د.شوان ئادەم ئەیڤەس، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی تەکنیکی میدیا/کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/زانکۆی پۆلیتەکنیکی.
٥- م.ئاشتی حمەصالح، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی.
٦- م.کامیل عمر سلێمان، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی.

باسکراوە، هەروەها چەند بڕگەیەکی دیکەیش کە توێژەر بە تێگەیشتنی بۆ بابەتەکەی و بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامادەیکردووە.

ئەو پسپۆڕ و شارەزاییانەی فۆڕمەکەیان بینیوە چەند تێبینییەکیان بۆ فۆڕمەکە زیادکردووە، کە زیاتر جەختیان لە کورتکردنەوەی بڕگەکان و لابردنی ژمارەیەکی کەمی ئەو بڕگانە کردوەتەوە و پاشان بڕگەکان ڕێکخراون و فۆڕمەکە لە شێوەی کۆتاییدا ئامادەکراوە؛ کە ئەنجامی ڕاستی فۆڕمەکە دەکاتە (٩٠,١٪) کە ئەمەیش ڕێژەیەکی بەرز و زانسییە.

**٢- جێگیریی توێژینەوەکە Reliability Statistics:** توێژەر جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەی بە ڕێگەی ڕێکیی ناوەکی (الاتساق الداخلي Internal Consistency) بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ-Cronbach's alpha) دەرهێناوە.

ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباغ بۆ جێگیریی فۆڕمی ڕاپێویی توێژینەوەکە

خشتەی ژمارە(١)

| Reliability Statistics | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | N of Items |
| .٩٣٠ | ٩٨ |

**دەیەم: ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پرۆگرامی (Statistical Package for the social sciences-SPSS) ئاماریی/٢٠٢١، بۆ شیکاری داتا و زانیارییەکان بەکارهاتووە، بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامراز و یاسا و هاوکێشە؛ کە لە بەرنامەکەدا بەردەستن:

١- ئامرازە وەسفییەکان(Descriptive): دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەددی، ناوەندی ژمێرەیی.

٢- ڕێژەی ڕاستی فۆڕمەکە = کۆی بڕگە گونجاوەکان - بڕگە نەگونجاوەکان ÷ کۆی گشتیی بڕگەکان×١٠٠

٣- هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ-Cronbach's alpha) بۆ دەستنیشانکردنی جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپێوییەکە.

## یازدەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

**یەکەم: ئازاد عبدالعزیز محمد (٢٠٢٢)، ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا-توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە.**[١]

ئەم توێژینەوەیە نامەیەکی دکتۆرایە و لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدراوە، بە ئامانجی دەرخستنی ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ڕوانگەی دەستەبژێری میدیاییەوە، توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە و توێژەر سودی لە میتۆدی ڕووپێوی و شیکاری ناوەڕۆکی میدیای وەرگرتوە، هەروەها لە لایەنی ڕوپێوی مەیدانییەکەیەوە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لە سەرجەم دەستەبژێری میدیایی لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەرپرسیاریەتی و ئەزمونی کارکردنیان هەیە وە ئاوانەی هەڵگری بڕوانامەی باڵان و مامۆستان لە بەشەکانی میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، سامپڵی ئەم کۆمەڵگایەش کۆی گشتی بریتییە لە ١٥٣ دەستەبژێری میدیایی کە پێکدێت لە ٧٦ مامۆستا و پسپۆری میدیایی زانکۆ و ٧٧ میدیاکاری پرۆفیشناڵ کە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا کاردەکەن ئەمەش بەشێوەی سامپڵی مەبەستدار لە کۆمەڵگای توێژینەوە وەرگیراوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، بەڵام لە بواری شیکاری کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان و پێگەی ئەلیکترۆنی (ڕووداو) و (ئێن ئاڕ تی) وەک نموونەی توێژینەوەکە دەستنیشان کراون و شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە کراوە کە لە ماوەی ٤ مانگی دیاریکراودا بڵاوکراونەتەوە، بە کۆی گشتی ١٣٩٦ هەواڵ شیکاری ناوەرۆکی بۆ کراوە لەلایەن توێژەرەوە. توێژینەوەکە تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی میدییای بەسەردا جێبەجێکراوە و لە گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

١- زۆرینەی نموونەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە ناوەرۆکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تێکەڵەیەکە لە حاڵەتی پەبەندبوون بە بنەما ئیتیکییەکان ، بە تایبەتی لە خستنەڕووی زانیارییەکان و

[١] ئازاد عبدالعزیز محمد، ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن،٢٠٢٢ .

خۆدورگرتن لە گەورەکردنی ڕووداوەکان، هەروەها پابەندنەبوون بە بنەما ئیتکییەکان بە تایبەت لە خستەڕووی ڕاوبۆچوونی جیاواز و سەرچاوەی زانیارییەکان.

٢- زۆرینەی نموونەکانی توێژینەوەکە وای دەبینن، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پابەندی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بوون، بە تایبەت لە پارێزگاریکردن لە کلتور و شوناسی نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی هەندێکات ئەو پێگانە لادانی ئیتیکیان هەبووە، بە تایبەت لەوەی هۆکارێک بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکە وروژێنەرەکان.

٣- زۆرینەی نموونەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، لادان لە ئیتیکی پیشەیی ڕێگە خۆشدەکات بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسییەکان و هەروەک دەبێتە هۆی شاردنەوەی ڕاستییەکان و لاوازکردنی ئاستی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی ئەو پێگانە.

**دووەم- مسی عثمان و حنیدر فارس(٢٠٢١)، أخلاقيات الصحافة الإلكترونية من خلال قوانين الإعلام العربية دراسة مقارنة بين قانوني الإعلام الجزائري والمصري**[١]

ئەم توێژینەوەیە ماستەرنامەیە و لە کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی لە (جامعة أحمد دراية-أدرار) لە وڵاتی جەزائیر ئەنجام دراوە. توێژەر لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەیەوێت بگات بە چەند ئامانجێک وەکوو زانینی گرنگترین بنەما و پێوەرە ئیتیکییەکان بۆ پراکتیزەکردنی پیشەی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و زانینی ئەوەی کەهەتاچەند ئیتیکی میدیای ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی یاساکانی میدیای عەرەبییەوە ڕێکدەخرێت. هەروەها زانینی ڕادەی کاردانەوە بۆ ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی بەپێی یاساکانی میدیای عەرەبی. توێژینەوەکە دەکەوێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان، هەروەها پشتی بە شێوازی ڕاپرسی بەستووە، بەو پێیەی شێوازی ڕاپرسی یەکێکە لە شێوازە باوەکان لە بواری توێژینەوەی زانستی مرۆڤایەتیدا. ئەم توێژینەوەیە وەکوو لە ناوەکەیەوە دیارە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە و بەراوردی ئیتیکی پیشەی میدیای ئەلیکترۆنی لە نێوان یاسای میدیای جەزائیر و یاسای میدیای میسر دەکات، بۆ ئەم مەبەستەیش سامپڵی مەبەستداری بەکارهێناوە و کار لەسەر ئەو دوو یاسایە دەکات. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

---

[١] مسی عثمان و حنيدر فارس، أخلاقيات الصحافة الإلكترونية من خلال قوانين الإعلام العربية دراسة مقارنة بين قانوني الإعلام الجزائري والمصري، الرسالة الماجستير المنشورة، الجزائر، جامعة أحمد دراية – أدرار،٢٠٢١.

١- پابەندبوون بە یاساکانی ڕاگەیاندن و پەیماننامەکانی شەرەف بۆ ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە گشتی بۆ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی گشتی و تاک و گرووپەکان، ڕێزگرتن لە مافی وەرگرتنی زانیارییان، و جیاکارینەکردن لە نێوان گرووپەکانی جەماوەر بەهۆی ئایین، مەزهەب، یان ڕەگەز، زمان ، یان ڕەنگ.

٢- ڕێزگرتن لە ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، و پەرۆشیی ڕۆژنامەنووس لەناو ڕێکخراوی ڕاگەیاندن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بەشێوەیەکی ئیتیکی و پیشەیی لەو شتانەی لە ژینگەی دیجیتاڵیدا بڵاویدەکاتەوە.

٣- ڕێزگرتن و پابەندبوونی میدیاکاران بە ڕەچاوکردنی ئەو گرێبەستەی لە نێوان خۆی و دامەزراوەکەدا ئەنجامدراوە، هەروەها ڕێزگرتن لەو بنەما گشتییە سەرەتاییانەی کە لە گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەوە هەیە، وەکوو پاراستنی مافی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و لە کاتی کاری میدیایی، نەقۆزرێنەوە.

**سێیەم- سکینة الملاکي(٢٠١٩)، اشکالیة الأخلاقیات الإعلامیة للصحافه الالکترونیة - دراسة في التجربة المهنیة الجزیرة نت.**[١]

ئەم توێژینەوەیە کە لە پەیمانگای (الجزیرة) بۆ میدیا لە وڵاتی قەتەر ئەنجامدراوە، بە مەبەستی وەستان لەسەر واقیعی میدیای ئەلیکترۆنی و ڕادەی پابەندبوونی بە بنەما ئیتیکییەکانی کاری میدیایی. توێژەر هەوڵیداوە ئەو کێشە ئیتیکییانەی کە تووشی میدیاکار دەبنەوە بە شێوەیەکی زانستی دیاری بکات،هەتایارمەتیدەر بێت بۆ گەیشتن بە گونجاوترین بڕیار و ڕاستترین ئیتیکی میدیایی؛ بە شێوەیەک لەگەڵ سروشتی ناوەڕۆکی میدیای نوێ و کلاسیکیشدا بگونجێت. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستوە و کۆمەڵگای توێژینەوەیش (الجزیرة نت)ە، ئەمەیش بۆ دیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە لە کاتی ڕووماڵی ڕۆژانەدا بۆ چارەسەری ئەو کێشە ئیتیکییانەی تووشی میدیاکاران دەبێ. سامپڵێکی مەبەستدار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە، ئەمەیش بێگومان لەسەر هەبوونی تایبەتمەندیی دیاریکراو لە یەکەکانی سامپڵەکە، کە بریتین لەو تایبەتمەندییانەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیانە و بابەتی توێژینەوەکەشن. لەسەر ئەم بنەمایە نموونەیەک تایبەت بەو پرسانەی لە ڕووی ئیتیکییەوە ڕوون نین، هەڵبژێردراوە.

[١] سکینة الملاکي، اشکالیة الاخلاقیات الاعلامیة للصحافه الالکترونیة - دراسة في التجربة المهنیه للجزیره نت، قطر، ورقة بحثیة، معحد الجزیرة للاعلام، زمالة الجزیرة، ٢٠١٩.

هەروەکوو توێژەر ئامرازی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرهەمهێنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان لە بەشە جیاجیاکان بەکارهێناوە. بەو پێیەی یەکەم زنجیرەی پرۆسەی بەرهەمهێنانن هەتا دەگاتە سەرپەرشتیاری هەواڵەکان، بەو دەسەڵاتی نووسینەی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک هەیانە، یاخود شاردنەوەی هەندێک بەشی، یاخود پەسەندکردنی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دوو مۆدێلی تایبەت بە ئیتیک وەرگرتوە، مۆدێلی ئیتیکی (Ceckpoint Ethical S'Kidder) بۆ وردبینی لە هەواڵەکان، مۆدێلی حاڵەت و شیکردنەوەو بڕیار (The formule SAD). لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتییە لە:

١- پێگەی (الجزيرة) پشت بە ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ دەبەستێ و ئەو هەواڵانە بڵاو دەکاتەوە کە لە دوو ئاژانس یان زیاتر هاتبن، بەو مەرجەی سەرچاوەکانیان جیاواز بن، ئەمەیش بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستیی هەواڵەکە.

٢- پێگەکە پشت بە پەخشی کەناڵی (الجزيرة) دەبەستێت، بەو پێیەی هەواڵەکانی متمانەکراون و بە فلتەری ساغکردنەوە و وردبینیدا تێپەریون.

٣- هەواڵ پێشکەش دەکرێت و نابێت بیرکردنەوە و میزاجی کەسیی تێکەڵبکرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە پابەند بن بە ئەمانەت و وردی لە گواستنەوە.

**چوارەم- بن عمار شهرزاد(٢٠١٩)، اخلاقيات الممارسة الصحفية في ضل ميديا الجديدة\دراسة ميدانية تحليلية على عينة من الصحفيين الجزائريين.[١]**

ئەم توێژینەوەیە کە تێزی دکتورایە و لە وڵاتی جەزائیر ئەنجامدراوە، ئامانج لە زانینی ڕادەی پابەندی میدیاکارانە بە ئیتیکی میدیا، هەروەها زانینی ڕادەی بەکارهێنانی پێگەکانی میدیای نوێ وەکوو سەرچاوەی هەواڵ لەلایەن میدیاکارانەوە، پاشان خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ئیتیکی کاری میدیایی و بەکارهێنانی پێگە نوێیەکانی میدیا لەلایەن ڕۆژنامەنووسە جەزائیریەکانەوە. هەروەکوو توێژەر دەیەوێت ئەو سەرپێچیانە بزانێت کە لە میدیای نوێدا ئەنجامەدرێت و لەوێشەوە دانانی کۆمەڵە بنەمایەکی ئیتیکی نوێ، کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ کاری میدیا لە میدیای نوێدا. توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە بە میتۆدی وەسفی

---

[١] بن عمار شهرزاد، اخلاقيات الممارسة الصحفية في ضل الميديا الجديدة/دراسة ميدانية تحليلية على عينة من الصحفيين الجزائريين، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس - مستغانم، كلية العلوم الاجتماعية/قسم العلوم الانسانية،٢٠١٩.

شیکاری پشتی بەستوە، هەروەها ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی وەکوئامرازێکی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بەکارهێناوە و بە شێوەی فۆڕمی ئەلیکترۆنی دابەش کراوە بەسەر نموونەیەک لەو میدیاکارە جەزائیریانەی کە بە فەرمی لە میدیاکاندا کار دەکەن و ژمارەشیان ١٥٠ میدیاکارە، هەروەها توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی پشتی بە هەردوو تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و ئەرکی ئیتیکی بەستوە. لە دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١- لە ٦٨٪ ی میدیاکاران لەو بڕوایەدان کە بەکارهێنانی میدیای نوێ کاریگەری لەسەر ئیتیکی میدیایی نییە، بەڵام ٣٢٪ بە پێچەوانەوە لەو باوەڕەدان کە کاریگەری هەیە، ئەمەیش ڕێژەیەکی لۆجیکییە بەهۆی نوێکاریی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زۆری هەواڵە ناڕاست و هەڵەکانەوە؛ کە ڕەنگە وا لە میدیاکار بکات لە گەڕان بە دوای هەواڵی تایبەتی و پێشهاتی میدیایی بکەوێتە پێشێلکاری ئیتیکی، بێ هەبوونی هیچ چاودێرییەک یاخود پەیماننامەیەکی ئیتیکی؛ کە کارکردنەکەی لەسەر پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکبخات.

٢- ڕۆژنامەنووسان لەو باوەڕەدان کە زۆربەی ئەو کاریگەرییانەی میدیای نوێ خستویانەتە سەر ئیتیکی میدیایی، بۆ پارێزگاریکردن لە نهێنی بەکارهاتوون، وەکوو پاراستنی شکۆی مرۆڤ، ئاستی وردیی هەواڵ، ڕاستگۆیی و دواجار چارەسەری بابەتیانەی هەواڵەکان.

٣- ژمارەیەکی زۆری میدیاکاران پێیان وایە بۆ ئیتیکی کاری میدیا لە سایەی میدیای نوێدا، پێویست بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ میدیاکاران دەکات. سەبارەت بە بەکارهێنانی ئیتیکیانەی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێک بە ڕاشکاوانە دەڵێن پێویستە وانەی ڕێسا و بنەماکانی بەکارهێنانی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەشەکانی میدیا لەسەر ئاستی زانکۆکان بگوترێتەوە. بەشێکی دیکە پێیان وایە کە پێویستە میدیاکاران پەیماننامەی ئیتیکی بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن.

٤- جیاوازیکردن لە نێوان کەرەستەی ڕیکلام و بانگەشە و سپۆنسەریی و کەرەستەی ڕۆژنامەوانی، و خۆبەدوورگرتن لە پەرەپێدانی بەرهەمێک، سیاسەتێک یان ڕێکخراوێک بە پێشکەشکردنی وەک بابەتی ڕۆژنامەوانی یان هەواڵ.

**پێنجەم- سلطانة جدعان نايف الخريشة(٢٠١٦)، أخلاقيات استخدام شبكات التواصل الإجتماعي من وجهة نظر مدرسي الإعلام والقانون في الجامعات الأردنية.**[١]

ئەم توێژینەوەیە کە ماستەرنامەیە و لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی (الشرق الاوسط)ی وڵاتی ئەردەن ئەنجامدراوە، ئامانج لێی زانینی ڕاددەی پابەندبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەوە لەو وڵاتە، هاوکات ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە پەیماننامەیەکی شەرەفی ڕۆژنامەوانی بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن خەڵکەوە؛ بە جۆرێک کە ئەم پەیماننامەیە بنەما و ستانداردەکان لەخۆ بگرێت کە پێشنیار کراون بۆ بەکارهێنان و پەرەی پێدراوە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، کە پرۆفیسۆری میدیا و پەیوەندی و یاسان. توێژینەکە لە جۆری وەسفییە و توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئامرازی ڕاپێوی بەکارهێناوە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە ٦٣ پرۆفیسۆری میدیا و یاسا لە زانکۆکانی ئەردەن. دیارترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی تاک دەبێت لە پێشەنگی بنەما ئیتیکییەکان بێت لە بەکارهێنانی تۆڕەکان لەلایەن خەڵکەوە.

٢- خێزان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە ڕێنماییکردنی منداڵەکان بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین و باشترین ڕێگە بۆ منداڵەکانیان بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بە گشتی و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بە تایبەتی.

٣- دیارترین بەها ئیتیکییەکان کە ئەکادیمی و پیشەییەکانی میدیا و پیشەییەکانی یاسایی لەسەریان کۆکن لە کاتی بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بریتین لە: ڕاستگۆیی، متمانە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر شتێک، پاراستنی ئادابی گشتی، لانەدان لە سنوورە ئیتیکیی و یاساییەکان لە پەیوەندیکردندا، و تەرکیزکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێو گەنجاندا بۆ باشترین بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە، وەک ئەوەی بابەتە بڵاوکراوەکە بە زمانێکی دروست بنووسرێت، کە ئەو ڕووداوە دەستنیشان بکات کە دەبێت بڵاوبکرێتەوە. دوورکەوتنەوە لە سووکایەتی، بوختان یان ناوزڕاندن بەرانبەر بە کەسانی دیکە. بڵاوکردنەوەی بەهاکان، ئیتیک و نیشتیمانی و ئایین...هتد، گرنگیدان بە ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی کولتوورەکان، و بەکارنەهێنانی ناوی ساختە.

---

[١] سلطانة جدعان نايف الخريشة، أخلاقيات استخدام شبكات التواصل الإجتماعي من وجهة نظر مدرسي الإعلام والقانون في الجامعات الأردنية، الرسالة الماجستير المنشورة، لآردن، جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١٦.

**شەشەم _** Sergül Nguyen(٢٠٢١), Ethical journalism in the digital age.[١]

ئەم توێژینەوەیە ساڵی ٢٠٢١ وەکوو نامەی ماستەر لە کۆلێژی کولتوور و پەیوەندییەکان، و لە بەشی ڕاگەیاندن پێشکەش بە زانکۆی نۆتێردام لە وڵاتی هۆڵەندا کراوە (Netherlands). ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕاددەی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانی میدیای نوێیە بە بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا. بۆ ئەمەیش کۆمەڵێک بابەتی ڕۆژنامەنووسی کردوە بە سامپڵی توێژینەوەکەی لە هەر سێ دامەزراوەی میدیایی نیویۆرک تایمز، بی بی سی و ئەی بی سی، بە مەبەستی کۆڵینەوە لەوەی کە چۆن میدیای نوێ کار لەسەر پابەندبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکەن وهەتاچەند توانیویانە پابەندبن بە پێوەر و پرەنسیپەکانەوە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە و لە هەر سێ دەزگاکەدا شیکاری بۆ ٦٠ هەواڵی تایبەت بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا(COVID-١٩) لە هەر سێ دامەزراوە میدیاییەکە بە ئامانجی زانینی ئاستی پابەندبوونی ئەو میدیایانە بە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە کردوە، واتە سامپڵی توێژینەوەکە بواری تەندروستی وەرگرتوە و شیکاری بۆ ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە کردووە، کە لە سەردەمی کۆرۆنادا بڵاوکراونەتەوە. لە دیارترین سێ دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١- پەلەکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەدەستهێنانی پێشەنگی لە بڵاوکردنەوەی دەستبەجێی هەواڵەکاندا، ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکانی تووشی هەڵەی ئیتیکی کردووە، کە ئەمەیش لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا بە بەراورد بە میدیای نەریتی زیاترە.

٢- توێژەر گەشتە ئەو بڕوایەی کە هێشتا ئومێد هەیە، کە میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە بتوانرێت بە چوارچێوەیەکی ئیتیکی میدیاییەوە پابەندبکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازی هەیە لە نێوان پابەندیی ڕۆژنامەنووسان بە ئیتیکی پیشەوە لە نێوان ئەو پرەنسیپانەی وەکوو پەیماننامەی شەرەفی میدیاکە نووسراون لەگەڵ لایەنی کردارییان.

---

[١] Sergül Nguyen, Ethical journalism in the digital age, MA research, Erasmus School of History, Culture and Communication Erasmus University Rotterdam, ٢٠٢١.

حەوتەم_ Itai Zviyita (٢٠٢١), An examination fo ethical issues confronting operations of selected HYBRID media organisations in the digital age in Namibia.[١]

ئەم توێژینەوەیە کە نامەی ماستەرە و پێشکەش بە بەشی زانیاری و ڕۆژنامەگەری و تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن لە زانکۆی نامیبیا(Namibia) کراوە. توێژینەوەکە لە جۆری چۆنایەتییە و توێژینەوەیەکی وەسفییە، ئامانجی زانینی ڕاددەی پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکانە لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا لە وڵاتی نامیبیا. توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە دوو گەورەترین دامەزراوەی میدیایی وەرگرتوە لە وڵاتەکەی کە ئەوانیش (Namibia Media Holdings) و (The Namibia)، وە لەناو ئەم دوو دامەزراوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆژنامەنووسانی بەئەزموون وەربگیرێت وەکوو سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ ئەمەش ١٦ ڕۆژنامەنووس کە بەردەوام لەکاردابن، وە ٥ سەرنووسەری هەواڵ وەرگیراون و بە شێوازی فۆکەس-گرووپ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و زانیاری پێویست بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆکراوەتەوە، کە دواتر شیکاری بۆ داتا و زانیارییە بەدەستهاتوەکان کراوە. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- ئەو گۆڕانکارییانەی لە میدیای دیجیتاڵیدا ڕوویانداوە، کاری کردۆتە سەر پرەنسیپەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی کە لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا کەمتر کاری پێدەکرێت، بە تایبەت پرەنسیپەکانی وەکوو وردبینی، ڕاستی و بێلایەنی بە باشی نەتوانراوە پارێزگاری لێ بکرێت.

٢- لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی میدیای دیجیتاڵی دەبنەوە بریتین لە بەردەوام گۆڕانی ئامێرە دیجیتاڵییە نوێیەکان و گۆڕان لە ئامڕازە میدیاییەکاندا، هاوکات نەبوونی چوارچێوەیەکی ئیتیکی گشتگیر و تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی، هەروەها گرفتی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان و چەمکی بەرژەوەندیی گشتی.

---

[١] Itai Zviyit,An examination fo ethical issues confronting operations of selected HYBRID media organisations in the digital age in Namibia,MA research, Department of Infomatics,Journalism and Technology,Namibia university, ٢٠٢١.

٣- دارشتنی پەیماننامەیەکی ئیتیکی تایبەت بە میدیای دیجیتاڵی لە نامیبیا و بەهێزکردنی میکانیزمەکانی بەدواداچوونی ڕاستی و دروستیی هەواڵ و زانیارییەکان و ڕاهێنانی زیاتر بە ڕۆژنامەنووسان، لە پێداویستییەکانی باشترکردنی دۆخی ئیتیکن لە وڵاتەکەدا.

**چۆنێتیی سوودوەرگرتنمان لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- بۆ نووسینی بەشی تیۆریی توێژینەوەکە.

٢- سوودوەرگرتن بۆ دانانی پلانی بەشەکان و ڕێکخستنی توێژینەوەکە.

٣- بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپێوی و دارشتنی برگەکانی و ڕێکخستنی و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.

٤- بۆ زانینی ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتوون.

٥- بۆ بەراوردکردنی توێژینەوەکەی توێژەر و توێژینەوەکانی پێشوو.

**گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لێرەدا خاڵی لەیەکچوو و جیاوازی توێژینەوەکەمان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا لە زۆر لایەنەوە دەخەینەڕوو:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە (ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان). دەرخستنی ئاستی پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانییە لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا. لێکچوون و هاوبەشی هەیە لەگەڵ هەموو توێژینەوەکانی پێشوودا، کە بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی هەموو توێژینەوەکان دەرخستنی ڕاددەی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس یاخود دامەزراوە میدیاییەکانە بە پێوەرەکانی ئیتیکی پیشە لە دامەزراوە جیاوازەکانی میدیادا لە وڵات و ناوچە جیاوازەکان.

لە ڕووی ڕێبازی پەیڕەوکراوەوە، ئەم توێژینەوەیەی بەردەست هاوبەشە لەگەڵ زۆربەی توێژینەوەکانی پێشودا، کە ڕێبازی (وەسفی)یان بەکارهێناوە.

لە ڕووی کۆمەڵی توێژینەوەوە، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشوو کە پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی وەرگرتوە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کە فۆڕمی ڕاپێویان بەکارهێناوە ئەوەیە کە زۆربەیان پسپۆڕانی میدیا و ڕۆژنامەنووسانیان کردۆتە کۆمەڵی توێژینەوەکانیان بە هەمان شێوەی ئەم توێژینەوەیە، وە خاڵی جیاواز لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکان ئەوەیە کە لەم توێژینەوەیەدا لەناو ڕۆژنامەنووساندا تەنیا ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی وەرگیراون(ئەو ڕۆژنامەنووسانەی یەکێک لە بەشەکانی میدیایان تەواو کردوە و ئێستا لە دامەزراوەیەکی میدیایی کاردەکەن)، بەڵام جیاوازیش لە هەندێک لە توێژینەوەکان کە کۆمەڵی توێژینەوەکانیان چەند کەناڵێکی میدیاییە و کاریان لەسەر بابەت و بەرهەما میدیاییەکان کردووە.

سەبارەت بە ئامرازی بەکارهێنراو بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە تەنیا فۆڕمی ڕاپێویان بەکارهێناوە، وەکوو هەر یەک لە توێژینەوەکانی بن عمار شهرزاد (٢٠١٩)، سلطانة جدعان نايف الخريشة(٢٠١٦)، بەڵام هەندێک لە توێژینەوەکان وەکوو Sergül Nguyen(٢٠٢١) شیکاری ناوەڕۆکیان بۆ دەقە میدیاییەکان کردوە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵیانداوە ئاستی پەیڕەوکردن لە ئیتیک لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بزانن. وە هەندێک لە توێژینەوەکان هەردوو شێوازی (فۆڕمی ڕاپێوی و شیکاری ناوەڕۆک)یان بەکارهێناوە وەکوو توێژینەوەکەی ئازاد عبدالعزيز محمد(٢٠٢٢). یەکێک لە توێژینەوەکان ئامرازی چاوپێکەوتنی بۆ دەستکەوتنی داتا و زانیارییەکانیان بەکارهێناوە، ئەویش توێژینەوەی سكينة الملاكي (٢٠١٩) ، هەروەها توێژینەوەی Itai Zviyita (٢٠٢١) شێوازی چاوپێکەوتنی فۆکەس-گرووپی لەگەڵ سامپڵەکانی توێژینەوەکەی بەکارهێناوە.

لە ڕووی دەرئەنجامی توێژینەوەوە، ئەم توێژینەوەیە لێکچوون و هاوبەشی لەگەڵ زۆربەی ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشوو پێی گەیشتوون، هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی دەریانخستووە پەیڕەکردنی پێوەرە ئیتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا لە ئاستیکی باشدا نییە و لادان لەو پێوەرانە لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیادا بەدیدەکرێت.

# دەروازی دووەم: لایەنی تیۆری(ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و میدیای نوێ)

## بەشی یەکەم: ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

### باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

١- چەمکی ئیتیک لە زمانەوانیدا

٢- چەمک و پێناسەی ئیتیک

٣- چەمک و پێناسەی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی

٤- سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

### باسی دووەم: گرنگی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی و ئازادیی ڕادەربڕینن و یاسای ڕۆژنامەوانیی

١- گرنگی و ئامانجی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

٢- ئیتیک و ئازادیی ڕادەربڕینن

٣- ئیتیک و یاسای ڕۆژنامەوانیی

### باسی سێیەم: بنەما و پەیماننامەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

١- بنەماکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

٢- پەیماننامەی شەرەفی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی

# بەشی یەکەم: ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی:

## باسی یەکەم: چەمک و پێناسەی ئیتیک و ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی:

### ١- چەمکی ئیتیک لە زمانەوانیدا:

چەمکی ئیتیک یان ئیسیک (Ethic)؛ وشەیەکی ئینگلیزی بە ڕەچەڵەک لاتینییە و لە وشەی (Ethose) وەرگیراوە، بایەخ بە لایەنی تیۆری و پراکتیکی بەها ئاکارییەکان(Moral Valuse) دەدات. ئەویش لە وشەی (Mores)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە هۆشیاری و هۆشمەندیی ڕەوشتی و ئاکاری ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان دەگرێتەوە.[1] گریکەکان چەمکی ئیتیک (Ethic)یان لە ڕووی فەلسەفییەوە کردووەتە سێ بەشەوە: (Aethetics) بریتی بوو لە توێژینەوەی (جوانی)، ئاخۆ چۆن کەسێک دەتوانێت بە بێ پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەکانی خود بە تەنها، (جوانی) شیبکاتەوە. ئەپستمۆلۆژی (Epistemology)، توێژینەوەی زانستی ناسەوانی(علم المعرفة) بوو، گفتوگۆ بوو دەربارەی ئەوەی (فێربوون) لە چی پێکدێ، بۆ ئاوەزی مرۆڤ چی شایەنی زانینە؟ (Ethic) توێژینەوە بوو دەربارەی (چی باشە؟) هەم بۆ تاک هەم بۆ کۆمەڵیش.[2]

ئیتیک لە زمانە ئەوروپییەکاندا وشەی Ethique بە فەڕەنسی و Ethik بە ئەڵمانی هەروەها وشەی Morale بە فەڕەنسی و ئیتالی و Morals بە ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت. ئێستایش هەردوو وشەی Ethica و Moralis لە زمانە ئەوروپییەکاندا وەکوو هاوواتا و ناوی دیکەی یەکتر بەکاردەهێنرێن. لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (الاخلاق) لە بەرانبەر ئیتیک و (الاداب) لە بەرانبەر وشەی مۆراڵ بەکاردێت، کە یەکەمیان لە کوردیدا وشەی ڕەوشتی بۆ دانراوە و دووەمیشیان وشەی ئاکار لە بەرانبەریدا دانراوە. لە ڕووی ناوەڕۆک و کرۆکی چەمکەکەوە ئەو واتایانە زۆر دروست نین، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی ڕەوشت و ئاکار هێندەی بە ئەدەبیاتی سێکسی دەبەسترێتەوە هێندە گوزارشت لە کرۆکی وشەکە ناکات.[3] لە فەرهەنگە ئیگلیزییەکاندا (Ethic) بە ڕەفتار و گوفتار و کرداری باش گوتراوە، بۆ زانستی ئیتیکیش وشەی (Ethics)یان بەکارهێناوە، کە بە گشتی لە بابەت و بنەما و پێوەرە ئەخلاقییەکان دەکۆڵێتەوە. سەردەمانێکیش

---

[1] شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم، ٢٠٠٦، ل: ٧١.
[2] هێرش ڕەسووڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٧، ل: ١٨.
[3] شوان ئادەم ئەیڤەس، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی رۆژنامەگەریدا، سلێمانی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،٢٠٢٠، ل: ١٤٥.

گریکەکان ئەو وشەیەیان بۆ کرداری ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی بەرهەم و تێکستە ئەدەبی و هونەری و زانستییەکانی نووسەران بەکاردەهێنا، کەواتە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا ئیتیک زاراوەیەکە واتای ڕەوشت یان ئاکار یان ئەخلاق دەگەیەنێت و پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی کردار و گوفتار و هەڵسوکەوتی باش و دروست لە کردار و هەڵسوکەوتی خراپ.[1]

ئیتیک لایەنی گەڵاڵەبوونی تیۆری دوای پراکتیکی مۆراڵ(Moral)ە، کە لە (mores)ی لاتینییەوە هاتوە، وەکوو بوارێکی هۆش؛ کە گوزارشت لە ڕێکخستنی ڕەوشت دەکات و لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە. ئادابیش بە گوێرەی ڕای زۆربەی شارەزایان، شێوەی بنچینەیی ئیتیکە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کە کۆمەڵێک بنچینەی پێویستیی ئیتیکیە بۆ مانەوەی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوەی لە لەبەریەک-هەڵوەشان، ئەمیش هەر ڕێکەوتنێکی دیکە پێچەوانەی ئەوە بێت؛ بەتاڵدەکاتەوە.[2]

## ٢- چەمک و پێناسەی ئیتیک:

پسپۆڕ و شارەزایان بە شێواز و جۆری جیاواز پێناسە و ناساندیان بۆ چەمکی ئیتیک کردوە، هەریەک لە ڕوانگەی دیدگا و بۆچوونی خۆیەوە پێناسەی بۆ داتاشیوە، بەڵام سەرجەمیان واتا و ئاماژەی هاوبەشیان هەیە. بە گشتی زاراوەی ئیتیک واتای جۆراوجۆر و فراوانی هەیە، هەروەکوو بنەما و ڕێسا ئیتیکییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لە کات و زەمەنێکەوە بۆ کات و زەمەنێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت و جێگیر نییە، بەڵام هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت هەن؛ کە لە هەموو کات و شوێنێکدا خوازراون و پەسەندن، لەوانەیش: ( ڕاستگۆیی، دەستپاکی، میهرەبانی، دادپەروەری...)، وەکوو چۆن (درۆکردن، دزی، توندوتیژی، فێڵکردن، ستەم...) هەمیشە بە ڕەفتار و ڕەوشتی خراپ و ناپەسەند دادەنرێن.

بێگومان پێناسەکردنی چەمکێکی بەرجەستەنەکراوی وەکوو ئیتیک کارێکی هەر وا ئاسان نییە، بە تایبەتیش چونکە ئەم چەمکە نەک تەنها بە گۆڕانی کات و شوێن؛ بەڵکوو بە گۆڕانی کەسەکانێش دەگۆڕێت و هەر کەسە لێکدانەوە و تێڕوانینێکی جیاوازی بۆی هەیە.[3] لە زانستدا نزیکترین تێگەیشتن بۆ ئیتیک ئەوەیە لە ڕێسایەکی ناسراوی زێڕینییەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: لوتکەی ئیتیک گەیشتنە بە خۆشی و کامەرانی و

---

[1] هاوژین عومەر، ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی خانی دهۆک،٢٠١٢، ل: ٢٦.

[2] هێرش ڕەسووڵ، ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، نامەی ماجستێر، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی، لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٩، ل: ١٥٧.

[3] سامان فەوزی، بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی یادگار، ٢٠٢٠، ل: ٧٥.

دابینکردنی ئارامیی جەستەیی و دەروونی بۆ تاکەکان، هاوکات نەبوونی ئیتیک ئەوەیە کە دووچاری ناخۆشی و ئازاری جەستەیی و دەروونی بکرێن. هاوشێوەی ئەمەیش لە زانستدا بە گشتی ئیتیکی پێ پێناسە دەکرێت بەوەی کە (کۆمەڵە بنەمایەکە بۆ زانین و دەستنیشانکردنی ڕەفتارە سوود یان زیانبەخشەکان بە زیندەوەران).[١] بۆیە دەتوانین بڵێین ئیتیک بەها و ڕێسای ژیانە، کە تاک یان گرووپ یان کولتوور لە ڕێی گەڕانیدا لە بارەی ڕێنماییە نموونەییە مرۆییەکان پەی پێدەبات، چی باشە و چی خراپە؟ چی ڕاستە و چی هەڵەیە؟ لە ماوەی نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ تۆمارکراوی ئیتیکی هزری مرۆیی بۆ گەڕان لە بارەی بەها و ڕێسای ژیانی ڕۆژانە، هەرچەندە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکان گەشەی سەندبێ، ئیتیکیش لەگەڵیدا گەشەی کردوە، پەیماننامەی ئیتیکی هەمەجۆریش لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەرکەوتوون و بەپێی تێپەڕبوونی کات و لەناو تەنها کۆمەڵگایەکیشدا هەمان شت ڕوویداوە.[٢]

هەمیشە مرۆڤ لە نێوان کاریگەری دوو هێزدایە، کە یەکێکیان بەرەو چاکە و ئەوی دیکەشیان بەرەو خراپە ئاڕاستەیدەکات، یەکێکیان بۆ کۆمەڵگا و ئایین و حیزب و بەها کولتوورییە باڵادەستەکان، ئەوی دیکەیان بۆ خۆی و بۆ حەز و ئارەزوو ویستە نهێنییەکان. جیهانی یەکەمیان جیهانێکی ئاشکرایە و ڕۆژانە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەرهەم دەهێنرێنەوە. ئەویدیان نهێنییە و هەرکەسەو بە شێوەی تایبەت دەرکەوتە جیاجیاکانی دەشارێتەوە. جیهانی یەکەمیان جیهانە بۆ ئەوانی دی، جیهانە بۆ پاراستنی شتە تەقلیدی و ڕووکەش و قبوڵکراوەکان، بەڵام دووەمیان جیهانی پیادەکردنی حەرامە کولتووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە.[٣]

لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بۆ چەمکی ئیتیک بخەینەڕوو:

هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە ئیتیک بریتییە لە زنجیرە ڕێسایەکی دیاریکراوی ڕوونکراوە، کە بە گشتی کاریان تێناکرێت و تیکەڵ بە بەرژەوەندی تایبەتی ناکرێن، هەروەها لە ئاستێکی بەرزی مامەڵەدا پارێزگارییان لێدەکرێت.[٤]

[١] Richard Paul and Linda Elder, The Thinker’s Guide to Understanding the Foundations of Ethical Reasoning,Based on acaritical atahinking acaoncepts&Tools, Rowman&Littlefield, ٢٠١٩ .p٢٠

[٢] هێرش ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥٧.

[٣] مەریوان وریا قانع،بەختەوەری و بێدەنگی، چاپی دووەم ،سلێمانی، خانەی چاپ و باڵوکردنەوەی قانع ،٢٠٠٤،ل:٣.

[٤] رون إف سميث، أخلاقيات الصحافة،دیکەجمة: محمد حامد درويش، الململكة املتحدة، الناشر مؤسسة هنداوي سي آي س،٢٠١٧ ، ص: ٢٣.

زانای فەڕەنسی (ئاندرا لالاندن) لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی (فەرهەنگی هونەری و ڕەخنەگرانەی فەلسەفە)، کە بایەخێکی گەورەی زانستی هەیە، لە لایەکەوە چەمکی (ڕێسای ئیتیک)ی "بەو زانستەی کە بابەتەکەی دادوەریکردنی بایەخێکە و بۆ جیاکردنەوەی باش لە خراپ بەکاردەهێنرێت" ناساندوە و. لە لایەکی دیکەیشەوە چەمکی (ئیتیک) بە بڕوای ئەو " کۆمەڵێک ڕەفتاری دیاریکراو و پەسەندکراوە لە قۆناغێکی تایبەت و کۆمەڵگایەکی تایبەتدا یەکدێتەوە و هەوڵ و کۆششی کەسانێک بۆ هەموارکردن و ڕێکخستنی ئەم پەسەندکراوانە و پەیڕەوی لێیان، لەخۆدەگرێت".[١]

هەروەها دەگوترێت ئیتیک: "یەکێکە لەو یاسا و بنەمایانەی کە دەبێتە پێوەر بۆ دەستیشانکردنی کاری چاک، کە مرۆڤ لە ڕەفتارەکانیدا پشتی پێدەبەستێت". یاخود "بریتییە لە زانستی دیاریکردنی پێوەرەکان و ڕێساکانی ڕەفتار، یان زانستی ناسینەوەی ماف و ئەرکەکان". یان " ئەو زانستەیە کە بڕیاری بەنرخی پەیوەست بە کاری باش و خراپ دانا،هەتابێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەیان".[٢] لە هەمان کاتداFerrell et Pride * بەم جۆرە پێناسەی ئیتیکی کردوە "ئەو پرەنسیپ و پێوەرانەیە، کە هەڵسوکەوتی پەسەند و قبوڵکراو لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە دیاری دەکەن"[٣]

بەڵام لە فەلسەفەدا ئیتیک پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، کە ناساندنی بۆ دەکات بەوەی "شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا خەسڵەتەکانی ئەخلاق لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەدەنەوە، ئەوانیش: (خێر، خۆشگوزەرانی، سەرفرازی و دادپەروەری)ن.[٤] وە فەلسەفەی ئیتیک سەدەی پێنجی زایینی لەگەڵ سوکرات دەستی پێکرد و بە ئەرکی خۆی دەزانی پەیڕەوکەرانی هوشیاربکاتەوە لەوەی پێویستیان بە ڕەخنەی ئەقڵانی لە بیر و باوەڕ و کردەکانیان هەیە.[٥] لێرەوە ئیتیک لە بیر و هزری مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە و زیاتریش بایەخ بە ناوەوەی مرۆڤ، یان بە ناخی مرۆڤ دەدات. ئیتیک زیاتر لەو کاتەدا بیری لێدەکرێتەوە کە ئەو کارەی تۆ ئەنجامی دەدەیت کارتێکردنی لەسەر کەسانی دیکە هەبێت، یان ئەو بڕیارەی تۆ دەریدەکەیت بە باشە یان خراپە کاریگەری لەسەر مرۆڤ و دەوروبەر هەبێت، کەواتە ئیتیک بە تەنها و لە ئەشکەوت و

---

[١] هێرش ڕەسووڵ، ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥٧.

[٢] أيسر فائق جهاد الحسني الآلوسي، الأخلاق في الكتاب والسنة، د.ت، المادة المقررة للمرحلة الرابعة / قسم العقيدة والدعوة والفكر، كلية العلوم الإسلامية، جامعة الأنبار، uoanbar ، تاريخ النشر، ٢٠١٩.
https://www.uoanbar.edu.iq/IslamicRamadiColleg e/catalog/مادة-الأخلاق-مرحلة-رابعة-كورس-ثاني.pdf بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٢/١٥).

* Ferrell et Pride) مامۆستا لە زانکۆی texas A and M و Mays Business School.

[٣] نجم عبود نجم، أخلاقيات الإدارة في عالم متغير، مصر، المنظمة العربية للتنمية الإدارية بحوث و دراسات، ٢٠٠٥ ، ص:٢٠.

[٤] هێمن مەجید، عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، ئیتیکی کاری ڕاگەیاندن و حەتمیەتی تەکنەلۆژیا، و.یاسین قادر بەرزنجی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٠، ل: ١٥.

[٥] مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨، ل: ١٠٠.

دوور لە کۆمەڵ و دەوروبەر واتا پیرۆزەکەی خۆی لەدەستدەدات، بۆیە بۆئەوەی بیر لە ئیتیک بکەیتەوە، پێش ئەوە دەبێت تۆ لە شوێنێک بژیت و ئەو شوێنەیش خەڵکی دیکەی لێبێت و بە هەمووتان کۆمەڵگایەک پێکبهێنن و کاری باش پێکەوە ئەنجام بدەن. چەند ئەو ژینگەیەی تۆ لێی دەژیت ڕووبەری فراوانتربێ، دانیشتوانی زۆرتربێ، زیاتر ئیتیک بیری لێدەکرێتەوە و کاری زیاتر پێدەکرێ. مەبەست لە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێساکانی ئیتیک ئاسانکردنی ژیانە، تێگەیشتنە لە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵ و مرۆڤ. ئیتیک لە ڕاستیدا کۆمەڵ لە ڕوانگەی ئیتیکەوە ڕێکدەخات و ڕێگای باشە و خراپە پیشانی خەڵک دەدات. زۆربەی جاریش ئەو کارانەی کە باشن لە هەموو کۆمەڵگایەک بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکرێ و باوەشیان بۆ دەکرێتەوە و ئەو کارانەی خراپیشن، دیسان لە هەموو کۆمەڵگایەک بە خراپە پێشوازییان لێدەکرێ، دزی یان شەرفرۆشتن بێ گوێدانە ئایین، زمان، ناوچە، کیشوەر ...هتد. لەناو هەموو نەتەوەیەک یان ژینگەیەک خراپە و کەسەکان بە چاوی کەم سەیریان دەکرێت. کوشتن بە هەمان شێوە لەناو هەموو میللەت و ئایینێکی ئاسمانی بە خراپە باسی لێوە کراوە، لە هەمان کات کاری باش وەکوو یارمەتیدانی خەڵکی کەمدەرامەت یان پەککەوتە، لە هەموو کۆمەڵگایەک بە کاری باشە سەیردەکرێن و کەسەکان ڕێزیان لێدەگیرێت.[١]

بە شێوازێکی گشتی زۆر کەس لەسەر ئەو بەشەی پێناسەکردنی ئیتیک کۆکە، کە دەڵێت: بریتییە لە کۆمەڵە بنەمایەک کە تێڕوانینی خەڵکی و بیرکردنەوەیان لە چاکە و خراپە بەشداری لە دروستکردنی دەکەن، بە جۆرێک وەکوو نموونەیەکی باڵایان لێدێت و ئەو ڕەفتار و هەنگاوانە بۆ تاکەکان دیاری دەکات؛ کە دەبێت لە کۆمەڵدا بیگرنەبەر، دەنا سەرپێچیکار ڕووبەڕووی سەرزەنشتی کۆمەڵگا و هەندێک جاریش ئازاری ویژدان دەبێتەوە.[٢]

هەروەها دەتوانرێت بگوترێت لە باسکردنی ئیتیکدا سێ شت بەدیدەکرێت:[٣]

_ ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە سروشتییەکانی دروستبوونی مرۆڤ، کە پیشانی دەدات لەسەر سروشتێکی ڕێک و پێک دروستکراوە.

_ هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندییە ڕەوشتیانەی کە بەدەستهاتوون لە هەر مرۆڤێکدا وەکوو ئەوەی کە لە ناخیدا جێگیرە، دەبێتە بەشێک لە سروشتەکەی.

---

١ مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، تاران، چاپخانەی پەنجەرە، ٢٠١٥، ل: ٢٣_٢٤.
٢ سامان فەوزی، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٦.
٣ ابن منظور، معجم لسان العرب مادة خلق، القاهرة، دار المعارف، د.ت، ص: ٢.

_ ئیتیک دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان لایەنێکی دەروونیی ناوەکییە و ئەوی دیکەیان لایەنێکی ڕەفتاری ڕووکەشییە.

## ٣- چەمک و پێناسەی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی:

سەرەتا ئیتیکی پیشە ئەو ڕێسا و بنەمایانەیە کە پەیڕەو دەکرێن لەلایەن خاوەنی هەمان پیشەوە قبوڵ دەکرێن، بە جۆرێک کە ڕەچاوکردنیان بۆ پاراستنی پیشەکە و شەرەفەکەیەتی.[١]

ئیتکی ڕۆژنامەوانیی کە لقێکە لە لقەکانی ئیتیکی پیشە چەندین پێناسە و ناساندنی جیاوازی بۆ کراوە، کە ئەمەیش وەکوو زۆربەی بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە زانستی مرۆڤایەتی بە هۆکاری بەردەوام لە گۆڕاندا بوون. گەشەکردنی بابەتەکان و ڕوانین بۆ بابەتەکە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، ناتوانرێت یەک پێناسەی گشتگیر بۆ چەمکی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی دیاریبکرێت، هەروەکوو ڕۆژنامەوانیی و میدیا خۆی بابەتێکی تەواو فراوانە و دیاریکردنی سنورێک بۆی؛ کە سەرجەم ژانر و کایە جیاوازەکانی بگرێتەوە کارێکی زەحمەتە. لێرەوە پێناسەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی کارێکی ئاسان نییە و بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە هەوڵدەدەین ڕا و پێناسەی جیاواز لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە بخەینەڕوو.

وەکوو سەرچاوە زانستییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ئیتیکی پیشەی ڕاگەیاندن کۆمەڵێ بەها و بنەمای ئاکاری و ڕەفتارین، ڕاگەیاندکار لە میانەی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا پێیانەوە پابەند دەبێت، وەکوو ئەوەی هەموان لە دامەزراوەی ڕاگەیاندندا پێیەوە پابەند دەبن. ئەم ئیتیکە خۆی لەو بەها گشتی و نەریت و هەڵسوکەوتانەدا دەبینێتەوە، کە هەندێکیان گشتی و هاوبەشن، وەکوو بەهاکانی (ڕاستگۆیی، پاکێتی و هاوسەنگی)، هەندێکیشیان تایبەتن بە کۆمەڵ و دامەزراوەکان.[٢]

یەکێکی دیکە لە پیناسەکانی ئیتیکی میدیا پێمان دەڵێت: ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لەو ئەرکە پیشەییانەی کە کارەکتەرانی کایەکانی ڕاگەیاندن خۆیان بنەماکانیان داناوە، ئەمەیش لە چوارچێوەی چەمکی سانسۆری خودی، یان خود-سانسۆری (الرقابة الذاتية – Self censorship)، ئەو ڕێسا و بنەمایانەش ڕێسا و بنەمای یاسایی نین، بەڵکوو کۆمەڵێک ڕێسای ئەدەبی و ئەخلاقین و مەبەست لێیان ئەوەیە کە لە لایەکەوە ڕێز بە بەری پیشەکەدا بکرێت و لە لایەکی دیکەیشەوە بوار بۆ دەسەڵات نەمێنێتەوە دەستوەربداتە کاروباری پیشەکە

---

[١] عبد الرزاق الدليمي، أخلاقيات الإعلام وتشريعاته في القرن الحادي والعشرين، عمان، دار البازوري العلمية للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص: ٩١.
[٢] هێرش ڕەسووڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٧، ل: ٢٠.

و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن.[١] (المعجم الاعلامی)یش لەگەڵ ئەوەی پێی وایە (ئیتیکی ڕاگەیاندن) هێشتا هەر مایەی مشتومڕە، بەڵام چەمکەکە پێناسە دەکات بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای پەیوەست بە پیشەی ڕاگەیاندنەوە، کە ڕاگەیاندنکاران لە پرۆسەی هەڵگۆزینی هەواڵ، بڵاوکردنەوە و لێدوان لەسەریان پێیانەوە پابەندن، هەروەها لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیاندا، لە بەجێگەیاندنی ئەرکە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا،[٢] هەروەها (د. حسانە رشید) دەنووسێت: بریتییە لە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی پیشەیی کارکردن، کە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگا، پەنای بۆ دەبەن، بەڵام ئەوانەی کە تایبەتن بە جێبەجێکردنی ئەو ئاکارانە، بەرهەمهێنەرانی پەیامە میدیاییەکان، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکانی بواری ڕیکلامن.[٣]

لە لایەکی دیکەوە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بەو واتایە دێت کە لەسەر شانتە ڕاستی بڵێی، هەروەکوو ئەوەشت لەسەر شانە کە کەمترین زیان بە ئەوانی دیکە بگەیەنیت لەو کارەی دەیکەیت،[٤] هەروەها ئیتیک پەیوەندی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە، بە تێگەیشتنی لە پرسە هەنوکەییەکان هەیە، هەتا حوکمی تەواوی لەسەر بدات و نووسینەکەی بێلایەنانە بێت و خوێنەر هەست نەکات فێڵی لێکراوە. تێگەیشتن لە ئیتیک لە کەسێک بۆ کەسێکی دی و لە دەزگایەک بۆ دەزگایەکی دیکە دەگۆڕدرێ و لەسەرنووسەرێک بۆ سەرنووسەرێکی دیکە دەگۆڕدرێ. ئەوەی بە لای ڕۆژنامەنووسێک لادانە لە ئیتیک، لەوانەیە بە لای ڕۆژنامەنووسێکی دیکە هیچ لادان نەبێ، بۆیەش وردەکاری زۆر لە تێگەیشتن لە ئیتیک هەیە.[٥]

لە پێودانگی ڕۆژنامەوانیی جیهاندا ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی وا لێکدراوەتەوە کە: بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێک و دروستی زانیاری و دەنگوباسەکانە لەسەر بنەمای بیروڕای جیاواز، هەروەها بێڕێزی بەو کەسانە نەکات کە باسیان لێوە دەکات. ڕۆژنامەوان بۆی نییە لەخۆوە شت بنووسێت و دروستیانبکات، درۆبکات، بەرتیل وەربگرێت، خۆشەویستی یان ڕقی خۆی تێکەڵ بە کارەکانی بکات، هەروەها نەکەوێتە ژێر کارتێکەری حکومەت و هاوڵاتیانەوە.[٦]

---

[١] ابراهیم الداقوقي، قانون الأعلام (نظرية جديدة في الدراسات الإعلامية الحديثة)، بغداد، مطبعة وزارة الأوقاف، ١٩٨٦، ص:٥٢.

[٢] هێرش ڕەسووڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٠-٢١.

[٣] هەژار حاتەم، ئیتیکی میدیا پرسێکی فەرامۆشکراو لەلایەن ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکارانەوە، zahawi ، ٢٠١٩ https://zahawi.org/?p=٢٦٩٤، بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢\٣\١٥) .

[٤] لینت شێریدان بێرسن، تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی، و. گۆران سەباح، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢، ل: ١٠٨.

[٥] مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٧-٢٨.

[٦] قەرەنی قادری، کۆمەڵگا و ئامڕازی ڕاگەیاندنی گشتی، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩، ل: ٤٨.

## ٤- سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی:

بێگومان ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی وەکوو پرسێکی سەرەکی بواری میدیا، لەو پێودانگ و ڕوانگانەی سەرەوەیە کە ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێک زیاتر بایەخی بۆ گەڕاوەتەوە و بۆتە جێی مشتومڕ و گفتوگۆ لە جیهاندا. ئەم چەمکە ئێستا یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی بواری میدیا و ڕۆژنامەنووسی. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەتاکانی ئەم بابەتە وابەستەی مێژووی دەرکەوتنی ڕۆژنامەیە لە مێژوودا؛ کە زۆر لە سەرچاوە زانستییەکان دەیگێڕنەوە بۆ ڕۆژنامەکانی وەکوو (کین بان)ی چینی لە ساڵی (١١٩ی پ.ز)، و ڕۆژنامەی (Acta Diurna)ی ئەوروپی (٥٨ پ.ز) ئەمەیش بەو پێیەی لەو ڕۆژنامانەدا پرەنسیپی زانیاری-بەخشین وەکوو پرەنسیپێکی گرنگی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی ڕەچاوکراوە و بەرجەستەبووە.[1] هەندێک سەرچاوە مێژووی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، وەکوو چۆن یەکەمین لیژنەی بەدواداچونی پاشایەتی(١٩٤٧-١٩٤٩) لە بەریتانیا بۆ گەمارۆدانی چاپەمەنییەکان پێکهێنرا و کەسانی وەکوو لۆرد(ڕۆتەر میر)ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)و لۆرد (بیۆر برۆک)ی خاوەنی ڕۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس) و......... تاد، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا.[2]

بۆچوونێکی دیکەیش هەیە پێیوایە بەو پێیەی سەرهەڵدانی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسیی بۆ ساڵی (١٩١٦ز) دەگەڕێتەوە، ئەوا ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیش چەمکێکی نوێ نییە، بەڵکوو نووسینەوە و تۆمارکردنی ئیتیکی کاری میدیایی و بەڵگەنامەکانی شەرەف و ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسیی بۆ یەکەمجار لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکردوە. واتا مێژووی چەمکەکە بۆ سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئەو کاتەی لە ساڵانی (١٩٤٩)دا یەکەمین لیژنەی بەدواداچوونی پاشایەتی لە بەریتانیا بۆ کۆنترۆڵکردنی میدیا دروستکراوە.[3]

---

[1] عەدالەت عەبدوڵڵا، جیهانی میدیا و ڕۆژنامەگەری، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل: ١١.
[2] هێرش ڕەسووڵ، ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٦٥.
[3] عەدالەت عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢.

# باسی دووەم: گرنگی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی و ئازادیی ڕادەربڕینن و یاسای ڕۆژنامەوانیی

## ١- گرنگی و ئامانجی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی:

گرنگی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیی لە گرنگی خودی پرەنسیپ و بەهاکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەچاوکردنی هەر یەکێکیان زەرورەتێکی حەتمییە و لێلادان و پێشێلکردنی هەر یەکێکیش لەو بنەمایانە زیانی گەورە بە ڕۆژنامەنووس و دەزگا میدیاییەکەی و دواجاریش کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

گومانی تێدا نییە پیشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و فراوانتربوونی شۆڕشی زانیارییەکان، توانستی مرۆڤی بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر و ئاسانتر کردوە؛ لە ڕووی ئاسانی و خێرایی دەستپێڕاگەیشتن و هەروەها بڵاوکردنەوەی لە ڕێگەی یەکێک لە سەرچاوە نوێیەکانی میدیاوە. لەم نێوەندەشدا ڕۆژنامەوانان زیاتر لە هەموان کاریان دەستخستن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانە، هاوکات ئاسانکاری بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە خەڵک. بەم جۆرە ژینگەیەکی نوێ بۆ ئیتیکی کاری ڕاگەیاندن دروستدەبێت، کە لە پێشتر زیاتر ڕەچاوکردنی بنەما ئیتیکییەکان بۆیان گرنگ دەبێت، وەکوو ئەوەی بۆ ڕاکێشانی وەرگر پەنا نەبەنە بەر شێوازی وروژاندن یاخود خراپ بەکارهێنانی هەر ڕێسایەک لە ڕێساکانی ئیتیک. لە هەمان کاتدا شۆڕشی کۆنترۆڵی زانیارییەکان نەبێتە شۆڕشی کۆنترۆڵکردنی خەڵك[1]. گرنگی هەرە بەرچاوی ئیتیک لەوەدایە هاوسەنگی لە نێوان دوو پرسە هەستیارەکەی میدیا، کە ئازادی و بەرپرسیارێتییە دەخوڵقێنێت، بەهۆی کۆمەڵێک پێوەری ئیتیکییەوە بازنەی ئازادییەکانی ڕۆژنامەوان دیاری دەکات، هەروەها گرنگییەکی دیکەی دیاریکردنی مافەکانی میدیاکارە؛ مافەکانی لەو دەزگایەی کاری تێدا دەکات لەگەڵ مافە یاسایی و پیشەییەکانی، هاوکات بەرچاوڕوونیشە بۆ ڕۆژنامەوان بەو ئەرکانەی دەکەونە ئەستوی.[2]

ئیتیک چەکێکی کاریگەریی دونیای میدیایە، ئەوەندەی سوود و بەرهەمی بۆ ڕۆژنامەنووس هەیە، ئەوەندە مایەی سانسۆر و کۆت و بەندکردنی نییە. ویژدانی میدیاکار لایەنێکی گرنگی بابەتی ئیتیکە، چونکە

---

[1] محەمەد وەسمان، ئیتیکی میدیاکاری، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١١، ل: ٧.
[2] حسين عبدالجبار، اتجاهات الاعلام الحديث و المعاصر، عمان، دار أسامه، ٢٠٠٨، ص: ٢٩.

ڕێگرییەکی ویژدانی-خودیی خۆڕسکانەیە، کە لە هەموو کات و شوێنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانە و بەربەستە لە بەردەم لادان و خراپ بەکارهێنانی پیشەکەی، بۆیە هەڵسوکەوتی پیشەگەرییانەی میدیاکار مەسەلەیەکی پیرۆزە و ڕەهەندی یاسایی و ئاکاری هەیە، بەو پێیەی میدیاکار مرۆڤێکی خاوەن بەرپرسیارێتییە بەرانبەر کۆمەڵگاکەی، وە بە زۆر جۆر و شێوە دەتوانێت کۆمەڵگا بە لاڕێدا ببات، بۆ نموونە دەتوانێت هەندێک زانیاریی گرنگ لە کۆمەڵگا بشارێتەوە و بزریان بکات، هاوکات دەشتوانێ هەندێک ڕووداو و هەواڵ لە قەبارەی خۆیان گەورەتر بکات. بێگومان ئەمەیش دەچێتە خانەی گەمەکردن بە عەقڵی خەڵک و پەیڕەوکردنی دوو سیاسەتی ڕاگەیاندنی دژ بەیەک، کە لایەنی نائیتیکیی دەزگاکە و دووڕوویی وتارە ڕۆژنامەوانییەکەی نیشان دەدات، کەواتە بە پشتبەستن بە هەموو ئەمانە دەتوانین بڵێین وێڕای گرنگیی ئیتیک بەپێی پرەنسیپەکانی؛ ئەوا بابەتێکی ویژدانیشە، وەکوو گرێبەستێکی ئاکاریی وایە لە نێوان کەسی ڕۆژنامەوان و پیشەکەی.[١] هەروەها (ساڤاتەر*) چوار جۆر ئامانجی دیاریکراوی ئیتیک دەستنیشان دەکات، کە ئەوانیش بریتین لەمانە:[٢]

ئامانجی فەلسەفی: چاکە بکە بۆ گەیشتن بە چاکە، وەکوو ڕێزگرتن لە یاسا.

ئامانجی ئایینی: چاکە بکە، چونکە خودا چاکەی دەوێت، وەک خۆشەویستییەک بۆ خودا.

ئامانجی مرۆڤی: چاکە بکە بۆ بەختەوەربونت یارمەتیت دەدات، وەکوو خۆخۆشویستنێک.

ئامانجی سیاسی: چاکە بکە، چونکە یارمەتی بەختەوەربوونی کۆمەڵگا دەدات کە تۆیش تێیدا بەشێکی، وەک خۆشەویستی بۆ کۆمەڵگا و وەک بایەخدان بە خۆت. لەم پۆلێنکارییەوە دەکرێت بگوترێ ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی تێکەڵەیەکی چڕوپڕ و بەیەکداچووی ژێر کاریگەری ئەم چوار ئامانجەیە، بەپێی جیاوازی ژینگە یان سات و سەردەم و قۆناغە جیاجیاکانی دەرکەوتنی ڕەفتارو کاردانەوەکانی ڕۆژنامەوانان بەکاردەبرێن و هەلی دەرکەوتنیان بۆ دەڕەخسێت، چونکە لە دواجاردا ڕێزگرتن لە داب و نەریت و ئاکاری گشتیی کۆمەڵگا، سیسیتمی سیاسی، بنەمای یاسایی، ڕێوڕەسم و بۆنەی ئایینی و..تاد، بەشێکی ئەو هێڵە گشتییانەن کە ڕۆژنامەوانان لە پیادەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیدا بەهەندی دەگرن و ناتوانن پشتگوێی بخەن.

هەروەها دەتوانین گرنگیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:[٣]

---

[١] هاوژین عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٩.
[٢] شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٢-٧٣.
*فێرناندۆ ساڤاتەر پرۆفیسۆری وانەی(ئیتیک)ە لە زانکۆی Bilbao لە وڵاتی ئۆکرانیا، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧، لە وڵاتەکەی خۆیدا کەسایەتییەکی دیارو ناسراوی هەیە و بەرهەمەکانی لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو دەکرێنەوە.
[٣] حسني شفيق، مهارات إدارة احلوار اإلعالمي، دمشق، دار الفكر والفن والطباعة للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص: ٢٥٥.

١- ئیتیکی ڕاگەیاندن لەناو ڕۆژنامەنووسدا هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە زۆرێک لە لایەنەکان دروست دەکات، وەکوو چۆن ئەو بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرانبەر بە خۆی و خەڵک و ڕیکلامکەران و خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندن و هاوکارەکانی و دواجاریش بەرانبەر بە کۆمەڵگا.

٢- ئیتیکی پیشەیی کوالێتی ناوەڕۆکی میدیا باشتر دەکات بە پێدانی زانیاری بە تاک بۆئەوەی لە کۆمەڵگاکەیدا چالاک بێت و تێڕوانینەکانی فراوانتر بکات و بیکات بە توخمێکی کاریگەر و هاوکار لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

٣- زانستی ئیتیکی میدیا بەشدارە لە دیاریکردنی ئەرکەکانی میدیا لە کۆمەڵگادا، و ئەوەی کە گەورەترین پێویستیی میدیا چییە بۆ پێناسەکردنی ئەرکەکانیان.

٤- خوێندنی زانستی ئیتیکی میدیا و پەرەپێدانی ئەم زانستە و گەیشتن بە هاوسۆزیی پیشەیی بۆ پاراستنی ڕێزگرتن لە پێوەرە پیشەییەکان هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بەرزکردنەوەی ئیعتباری میدیا.

٥- توانای بەرهەمهێنانی پەیامێکی میدیایی کە جیاواز بێت لەو پەیامە میدیاییانەی کە ڕەچاوی ئیتیک ناکرێت، بە جۆرێک ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان بە سوود و بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت.

٦- ئیتیکی پیشەیی پایەیەکی گرنگە لە گەیشتن بە خواستی میللەت.

٧- ئیتیکی میدیا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کوالێتی پەیامی میدیا و زیادکردنی توانای، بۆ تێرکردنی پێداویستییە میدیاییەکانی خەڵک.

کەواتە ئامانجی سەرەکی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی جڵەوکردنێکی ویژدانییە بۆ ڕۆژنامەوانان، بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی سەرجەم جوڵە و کردارەکانیان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا بە لایەنی خێر و باشەدا و دوورکەوتنەوە لە هەر کارێک، کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیی بێت، کە دواجار زیانە بۆ خودی ڕۆژنامەوان و کۆمەڵگایش.

## ٢- ئیتیک و ئازادیی ڕادەربڕینن:

سەرەتا ڕاگەیاندن بەوە دادەنرێت کە ڕەنگدانەوەی ژیانی دیموکراسیی کۆمەڵگایە، کە تاک دەتوانێت ڕای خۆی هەبێت لەسەر هەموو ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و لایان گرنگن، ئەمەیش

بە ئەنجام ناگات تەنها بە پێدانی زانیاریی ڕاست و دروست نەبێت[١]. ئەمەیش واتە کرۆک و بنەمای ڕاگەیاندن دەربڕینی ڕا و بۆچوونە بۆ ڕۆژنامەوانان و تاکەکانی کۆمەڵگایش، کە ڕاگەیاندن دەرچەیەکی سەرەکی گەیاندنی ڕا و بۆچوونەکانیانە، بێگومان بەیانکردن و بڵاوکردنەوەی ڕای جیاوازیش پێویستی بە سنوری ئیتیکی و بنەماکانیەتی، هەتا بە ئاڕاستەی دروستدا بڕوات.

ئازادیی ڕادەربڕینن کە ئێستا ڕۆچۆتە ناو یاسا و بووە بە بنەمایەکی یاسایی و تەنانەت لە دەستووردا ئاماژەی پێدەدرێت، لە سەرەتادا باوەڕێکی ئیتیکی بووە و دواتر ڕێگای خۆشکردوە بۆ ئازادیی ڕادەربڕینن بە مەبەستی گوزارشتکردن لە کەسێتیی تاک و پێشخستنی کۆمەڵگا[٢]. ئازادیی ڕادەربڕینن لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا زۆر گرنگە، لە بەرژەوەندی هەموواندایە کە پێویستە پشتگیری لێ بکرێت، بە مەرجێک ئەمە لەسەر حیسابی مافە گرنگەکانی دیکە نەبێت، بەڵام هەموو مافەکان بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن، بە تایبەت کاتێک ئەوانەی کە مومارەسەیان دەکەن توانای کاریگەرییان لەسەر ژیانی کەسانی دیکە هەیە[٣].

هەروەکوو ئازادیی ڕادەربڕینن کۆڵەکە و پایەی بنەڕەتیی ڕۆژنامەوانییە و ڕۆژنامەوانی ئازادیش بناغەی کۆمەڵگای شارستانییە، هەروەکوو ئازادیی ڕادەربڕینن مافێکی سەرەتاییی مرۆڤە، بڵاوکردنەوەی ڕا و بۆچوونیش لە چوارچێوەی یەکێک لە ژانرەکانی ڕۆژنامە جەوهەری بنەڕەتی ئەو ئازادیەیە، چونکە بە بڵاوکردنەوە و کپنەکردنی ڕاوبۆچوونەکان دەتوانرێت واتای تەواو بدرێت بە دەستەواژەی ( ئازادیی ڕادەربڕینن). ئازادیی ڕادەربڕیننیش بە واتای گوزارشتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا دێت لە بیرکردنەوە و بۆچوون و هەڵوێستەکانیان لەمەڕ ڕووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەریان بە بێ جیاوازی.

ئازادی ئەو فەزا ڕاستەقینەیە کە ڕۆژنامەنووسێک لە هزر و نووسیندا چێژی لێ وەردەگریت، نەبوونی ئازادی بە شێوەیەکی گونجاو ڕێگرە لە ئەدای ڕۆڵی میدیا بە تایبەتی سەبارەت بە خستنەڕووی تاوانەکانی دەسەڵات[٤]، ئازادی ڕادەربرین وەکوو مافێکی سروشتیی مرۆڤ و بەو چەمکەی جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتی و دەستوور و یاسا لۆکاڵیەکانیش دەقنووسیان کردوە و دانیان پێدا ناوە، لەوانەیش بەندی ١٩ی (جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ)ە، کە دەڵێت: "هەموو کەسێک مافی ئازادیی ڕادەربڕیننی هەیە، ئەم مافەیش ئازادی پیادەکردنی بێ دەستوەردانی بۆچوون و هەواڵ و بیروەرگرتن و بڵاوکردنەوەیان بە هەر

---

١ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی، چاپخانە و ئۆفسێتی ڕوون، ٢٠٠١، ل: ٢٧.
٢ عماد عبدالحميد، الوصيط في تشريعات الصحافة، مصر، مكتبة الانجلو، ١٩٨٥، ص: ٥٩-٦٠.
٣ Raphael Cohen-Almagor, Speech, Media and Ethics The Limits of Free Expression, Critical Studies on Freedom of Expression, Freedom of the Press and the Public’s Right to Know, ٢٠٠١ p٢٤.
٤ احمد العتوم، آهمية الآخلاق في العمل الصحفي، arabi، تاريخ النشر،٢٠٢٠ https://e٣arabi.com/الإعلام/اهمية-الاخلاق-في-العمل-الصحفي/#أهمية_الأخلاق_في_العمل_الصحافي، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٤\٢٨).

ئامرازێک دەگرێتەوە، بە بێ پابەندبوون بە سنوری جوگرافیاییەوە"[١] دەکرێت بگوترێت ئازادیی ڕادەربڕین، مافیکی سەرەکییە و یەکێکە لەو هۆکارانەی گەرەنتی ئاگاداربوونی جەماوەر دەکات، لەو زانیارییانەی پێویستیەتی. بە بێ ئازادیی ڕادەربڕینیش ئازادی گەڕان بەرتەسک دەبێتەوە ئەمەیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەلکێشی ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەکات و ڕێگر دەبێت لە بەئاگابوونیان لە کاروبارە گرنگەکان.[٢] هەروەها هەندێک لە فەیلەسوفەکان پێیان وایە لە ڕاستیدا ئازادیی ڕادەربڕینن بە ڕەهایی بوونی نییە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵە تۆخ دەکرێتەوە کە ئایا بۆچی ئێمە سنور بۆ قسەکردنی خەڵک دادەنێین، بۆ نموونە زۆرێک دەڵێن: "من باوەڕم بە ئازادیی ڕادەربڕینن هەیە، بەڵام ..."، ئایا دوای (بەڵام) چیتر دێت؟ ئەمە نیشانی دەدات، کە ئازادیی ڕادەربڕینن سنوری بۆ کێشراوە.[٣]

هەر لە بارەی ئازادیی ڕادەربڕینەوە جۆن ستێوارت میل یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە بیروڕاکانی لەم ڕووەوە جێگای بایەخن، ئەو پێی وایە کە "مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت لە دەربڕیندا ڕای خۆیهەتائەو ڕاددەیەی کە نەبێتە هۆی ئازاردان و بریندارکردنی ئەوانی دیکە" جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "دەبێت ڕێگا بە خەڵک بدرێت کە ڕای خۆیان دەرببڕن و دەنگی خۆیان هەڵبڕن، تەنانەت ئەو دێرانە کە پێمان وایە نائیتیکین و ڕەچاوی ئیتیکیان تێدا نەکراوە، با کۆمەڵگا بڕیار بدات کە ئایا ئەم دەربڕینە چەند "ڕاستە"، ئەمە بە دوو ڕێگا دەبێت، یەکەم: زۆرینە کە پێیان وایە ئەوەی وتراوە نائیتیکییە ڕەنگە هەڵە بن، دووەم: ئەگەر ئەو زۆرینەیە ڕاست بوون، ئەوکاتە زیاتر متمانەیان بە خۆیان دەبێت لە ئەرکەکانیاندا، ئەگەر بە ڕاستی ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە دەربڕیبوو.. ". هەروەها نوام چۆمسکی بیرمەندی گەورەی ئەمریکی پێی وایە: "ئەگەر هاوسۆز بوویت لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕینن، ئەوا واتای ئەوەیە تۆ هاوسۆزیت لەگەڵ ئازادی بۆ ئەو دەربڕینانەی کە تەنانەت خۆت حەزیان لێ ناکەیت[٤].

ڕەگی ئازادی ڕادەربرین بۆ هزری ئیتیکی درێژدەبێتەوە و ئیتیکیش سیستەمی پرەنسیپەکانە. ئیتکی ڕۆژنامەوانیی و ڕاددەی پیادەکردن و پیادەنەکردنی، فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەوانیدا، هەروەکوو دەبینین (کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا) لە ڕاگەیاندنەکەیاندا سەبارەت بە پرەنسیپەکانی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیی و وەکوو نموونەیەک لە شەش بەنددا پێوەرەکانی

---

[١] هێرش ڕەسووڵ، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٣، ل: ٢٠٦-٢٠٧.

[٢] کامیل عومەر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماجستێر(بڵاونەکراوە)، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل: ٤٣.

[٣] THE ETHICS CENTRE,Ethics Explainer: Freedom of Speech,٢٠١٧

\https://ethics.org.au/ethics-explainer-freedom-of-speech / بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٤\١٨).

[٤] THE ETHICS CENTR , same source as previous .

(بەرپرسیاریەتی، ئازادی ڕۆژنامەوانیی، سەربەخۆییی ڕۆژنامەنووس، ڕاستگۆیی و وردبینی، بێلایەنی ڕۆژنامەنووس، ڕەچاوکردنی دادوەری) لە نووسینەوەی چیرۆکە-هەواڵدا دەخاتەڕوو، لە سەرەتای ڕاگەیاندنەکەشدا دەنووسێت: "یەکەمین هەموارکردن لە دەستووری ئەمریکیدا کە ئازادیی ڕادەربڕینن لە هەر هەڕەشەیەک لە ڕێگەی هەر یاسایەکەوە بکرێتە سەری، دەپارێزێت. گەل لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە مافێکی دەستووری بۆ فەراهەم دەکرێت. بەو جۆرە بەرپرسیاریەتییەکی دیاریکراو دەخرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەنووسیش داوا لەوانە دەکات کە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، بە تەنها هەوڵدەر و خاوەن مەعریفە نەبن، بەڵکوو پێویستە هەوڵی گەیشتنە ئاستێک بدەن لەسەر ڕاستی و ئابڕوو کە لەگەڵ پابەندبوونە دانسقەکەی ڕۆژنامەوانیدا بگونجێت.[1]

بێگومان ئازادیش بەرپرسیاریەتی و سنوری خۆی هەیە و نابێت لەگەڵ ئاژاوە و پاشاگەردانی و نابەرپرسیاریەتیدا تێکەڵاوبکرێت، هەروەها بەرپرسیاریەتیش بەو واتایە نییە کە ڕۆژنامەوانیی یەک ڕەوت و ڕیتم وەربگرێت و هەمان بابەت لە ژێر ناو و مانشێتی جیاوازدا دووبارە و دەبارە بکاتەوە، کە ئەوە دەبێتە بەفیڕۆدانی سەرمایە بەرجەستە و نابەرجەستەکانمان. وە بێگومان دەمێکە ئەوە ساغ بۆتەوە کە بوونی ڕۆژنامەوانی ئازاد، زامنێکی هەرە گەورە و کارای پێشکەوتنی گەلانە و فاکتەرێکی گرنگە بۆ نەهێشتنی گیروگرفت و پاشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، کەواتە نە ڕۆژنامەوانیی بە بێ ئازادی دەبێت و نە ئازادیش بە بێ ڕۆژنامەوانیی ڕۆشنبیری بەرجەستە دەبێت، واتا ئازادی و ڕۆژنامەوانیی وەکوو گیان و جەستە لە یەکتردا ئاوێتە دەبن و ناتوانرێت جیابکرێنەوە، هەر بۆیەش ڕۆژنامەوان مافی ئازادی گوزارشت و دەربڕینی بیروبۆچوونی هەیە و لە ئەستۆیەتی دژی هەر ستەمکارییەکی فیکری بوەستێت.[2]

لەگەڵ ئەوەی ئازادیی ڕادەربڕینن و ئیتیک دوو بابەتی پێکەوەبەستراو و پڕمشتومڕن، واتا هەرچەند هەر یەکەیان پێناسەی جیاوازیان بۆ دانراوە و بە فۆڕمی جیاواز پێناسەکراون، بەڵام بیریار و لێکۆڵەران بە تێکەڵی لەم دوو چەمکە دەڕوانن و زۆرجار بە دژی یەک و ناتەبا سەیر دەکرێن. هەندێک جار بە تەریبی یەکتر. ئازادی ڕادەربرین ئاماژەیە بۆ تواناکانی تاک لە دەربڕین و قسە و گوفتارەکانیاندا بە بێ هیچ سنورێکی دیریکراو. زۆرکەس جەخت لەسەر ئازادیی ڕادەربڕینن دەکەنەوە، بەڵام چاو دەخەنە سەر ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەو قسە و دەربڕینە ڕەتدەکەنەوە یان قبوڵی ناکەن، ئەمەیش وا دەکات بە شێوەیەکی گشتی خەڵ و شەقام متمانەبەخۆبوون لە قسەکردن و دەربڕینەکانیان لاواز بێت[3].

---

[1] هێرش ڕەسووڵ، ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٦٦-١٦٧.
[2] حەمەکەریم عارف، ڕاگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٥، ل: ٢٦.
[3] THE ETHICS CENTR , same source as previous

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەقانەدا و بە ڕوانین لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی لە جیهاندا ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە، کە ئازادی ڕەها بۆ ڕۆژنامەوانیی وەکوو سەرجەم کایەکانی دیکەی ژیان زیانمەندە، دەبێتە هۆی دروستبوونی گێرەشێوێنی و پشێوی؛ ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگا دروسدەکات. بۆ وێنە بڵاوکردنەوەی سەرجەم هەواڵەکانی تاوان بە هەموو وردەکاریەکانییەوەو بێ ڕەچاوکردنی بنەما ئیتیکییەکان، بێگومان زیان لە بەرژەوەندیی گشتی و ڕەوتی کارکردنی دادگاکانیش دەدات، هەر بۆیە ئازادی ڕادەربرین بۆ ڕۆژنامەنووسانیش دەبێتەهتاسنورێک بێت، کە بنەما و پرەسنسیپەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی پێشێلنەکات و پیشەی ڕۆژنامەوانیش لەکەدار نەکات.

## ٣- ئیتیک و یاسای ڕۆژنامەوانی:

سەرەتا یاسا وەکوو کاریگەرترین ئامرازی ڕێکخستنی بەرژەوەندییە ناکۆک و دژەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە، کە لە بنەڕەتدا دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەرکەکانی خەڵکی ڕابگرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی سنوری مافەکانی هەر کەسێک و دەستنیشانکردنی ئەرکەکانیان؛ بە جۆرێک پێشێلکار بخرێتە بەر لێپرسینەوە و سزاوە. یاسایش لە پاڵ ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەریەکنەکەوتنی تاکەکانی، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی پێشکەوتنیشە، چونکە گەر یاسا ئەرکی پاراستنی بەهاکانی ئەمڕۆی لە ئەستودا بێت؛ ئەوا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سبەینێش دەگۆڕێت.[1] لێرەوە یاسا پێناسە دەکرێت بەوەی تەشریعات و پێوەری گشتگیرە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و تاکەکان، پێویستە هەموو لایەک پابەند بن پێیانەوە و سەرپێچیان نەکەن، سەرپێچیکردنیان تاک ڕووبەڕووی سزا و لێپێچینەوە دەکات لەلایەندەسەڵاتی گشتییەوە[2]. ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئەرکی یاسا ڕێکخستنی کۆمەڵگایە لە پێناو زامنکردنی ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و دەستەبەرکردنی یەکسانی لە نێوان تاکەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەیش یاسا ئەرک و مافی تاکەکان دیاری دەکات.[3]

---

\https://ethics.org.au/ethics-explainer-freedom-of-speech / بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٤\١٨).

[1] سامان فەوزی، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٤.
[2] محمد عمران، الأسس العامة في القانون: المدخل إلى القانون - نظرية الالتزام، بيروت، منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٢، ص: ٢٣.
[3] ولاء فايز الهندي، الإعلام والقانون الدولي، أردن، دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١١ ، ص: ٥٢.

یاسای ڕاگەیاندنیش کە لقێکە لە لقەکانی یاسای گشتی، کۆمەڵێک ڕێسای یاساییە، حوکم بەسەر بناغە و ستراکچەری میدیا و ئامڕازەکانی لە ناوەوە و دەرەوەدا دەکات[1]. ئەرکی یاسای ڕاگەیاندنیش بەدیهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان ئازادیی ڕادەربڕینن و ڕۆژنامەوانیی و بەرپرسیارێتیی پیشەی ڕۆژنامەوانیدا.

بە واتایەکی دیکە یاسای ڕاگەیاندن لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر مافی هەموو تاکێک دەکات لە دەربڕینی ئازادانە و ڕای جیاوازدا، لە هەمان کاتدا بە پێویستیشی دەزانێت ئازادیی ڕادەربڕینن ڕێز بگرێت لە ماف و ئازادی کەسانی دیکە و ئاکار و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگاش[2]. لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا کە پیشەی ڕۆژنامەوانیی بوونی هەبێت، ئەوا پێویستی بە یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی پیشەکە و لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی کۆمەڵگاکەش، بە جۆرێک یاساکە نەبێتە هۆی کۆت و بەندکردنی ڕۆژنامەنووسان و لە قاڵبدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. وە بێگومان یاسای هەر وڵاتێکیش ڕەنگدانەوەی سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەیە و سنوری ئازادی ڕۆژنامەوانیی و پێناسەی هەموو دەستەواژەکانی وەکوو (بەرژەوەندیی گشتی، ئاسایشی نەتەوەیی، مافی تاک، ڕای جیاواز...)یش بەپێی ئەو سیاسەتە دەستنیشان دەکرێت، کە وڵاتەکە بەڕێوەی دەبات.

یاسای ڕاگەیاندن خەسڵەتێکی دوو لایەنەی هەیە، یەکەمیان ڕێسایەکی دەستووریی ئاڕاستەکراوە، چونکە پابەندبوونی حوکمڕانان دەستنیشان دەکات کە دایانناوە، بەوەی دەبێت بە چ شێوە و ئاڕاستەیەک ممارەسەی دەسەڵات بکەن. خەسڵەتەکەی دیکەی ئەم یاسایە ئەوەیە بنەمایەکی یاسایی ئاسایی هەیە و دانەرەکەی دەتوانێت سەرپێچی بکا و هەڵیبوەشێنێتەوە یاخود بیگۆڕێت بە یاسایەکی دیکە، چونکە یاساکە ئاڕاستەی مەحکومکراوان کراوە، وەکوو یاساکانی چاپەمەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.[3]

هەموو پیشەکان بە گوێرەی چەند پرەنسیپێکی ئیتیکی ڕێکدەخرێن، دکتۆر کەمال سەعدی پسپۆر لە یاسای ڕاگەیاندن هەروەکوو لە نامیلکەی (ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە)دا پێی وایە ئەم ڕێکخستنە بەشێک نییە لە ڕێکخستنی یاسایی، بەڵام سیفەتی سەپاوە(الزام)ی هەیە بۆ ئەو کەسانەی لەو پیشەیەدا کاردەکەن و لە کاتی لادان لەو پرەنسیپانە ڕووبەڕووی سزایەکی سەندیکایی دەبنەوە، کە سەندیکاکانیان ئەنجامی دەدات. قورسی و سووکی ئەو سزایانەش بەپێی گەورەیی و بچووکی ئەو سەرپێچییە دەگۆڕێت، کە ئەندامی ئەو سەندیکایە لە میانی کارەکەیدا دەیکات، هەروەها سەرباری ئەوەی ئیتیک و ئازادی هەمیشە پێچەوانە دەگۆڕێن، واتا بە فراوانبوونی ڕووبەری ئازادی، پانتایی ئیتیک بەرتەسک دەبێتەوە. ڕاستە ئیتیکی

---

[1] ابراهیم الداقوقي، مصدر سابق، ص: ٦.
[2] ولاء فایز الهندي، مصدر سابق، ص: ٦٤.
[3] مەم بورهان قانع، ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی، بێ دەزگای چاپ، ٢٠٠١، ل: ١٠.

ڕۆژنامەنووسیی هەوڵدانێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و ئازادیی تاک، بەو پێیەی ئازادیی ڕەها زۆر جار زیان بە کۆمەڵگا و تاکەکانی دەگەیەنێت وەکوو لە ڕاگەیەندراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئازادییش سنوری خۆی هەیە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت بە پاساوی جیاواز و گوزارشتی نارۆشن و لە ڕێگەی یاساوە بەر بە ئازادییەکان بگیرێت و بە لایەنی ئیتیک ببەسترێتەوە[١].

بێگومان پەیوەندییەکی تەواوکاریی لە نێوان پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا و یاسادا هەیە، چونکە ئەو پرەنسیپانە بە تەنها ناتوانن جڵەوگیری کاری ڕۆژنامەنووسیی بکەن، بۆیە لە تەواوی وڵاتان بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی، یاسای ڕۆژنامەوانیی دەردەکەن. هەروەکوو پەیوەندی یاسا بە ئیتیکەوە پەیوەندییەکی پتە و توندوتۆڵە، چەندە خاڵی جیاواز هەبێت لە نێوانیاندا ئەوەندەیش خاڵی هاوبەشیان هەیە،هەتائەوەی هەندێک لە یاساکان بنەڕەت و سەرچاوەیان لە ڕێسا ئیتیکییەکانەوە وەرگرتوە و بونەتە بنەمای داڕشتنی یاساکان. بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئەم دوو چەمکە لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی یاسا لە ئیتیک بخەینەڕوو:

١- یاسا بەو ئۆرگانە سیستماتیکە لە ڕێساکان پێناسە دەکرێت کە هەموو کۆمەڵگا و کردەوەی تاکەکانی بەڕێوەدەبات. ئیتیک واتە زانستی ڕەفتارێکی ستانداردی مرۆڤ، هەروەها یاسا لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا پێکدێت، لە کاتێکدا ئیتیک لە ڕێنمایی و بنەما پێکدێت؛ کە خەڵک لە چۆنیەتی ژیان یان چۆنیەتی ڕەفتارکردن لە دۆخێکی دیاریکراودا ئاگادار دەکەنەوە[٢].

٢- ئیتیک زیاتر گرنگی بە لایەنە دەروونییەکان و پاڵنەر و ویستەکانی مرۆڤ دەدات کە لە ناخدایە سەربەخۆ لە ڕەفتارە دەرەکییەکانی، بەڵام یاسا گرنگی بە ڕەفتاری دەرەکی کەسەکان دەدات بێ گوێدانە ویست و پاڵنەرەکان لە خودی خۆیدا، تەنها ئەگەر بێت و پەیوەندی بە ڕەفتارە دەرەکییەکەوە هەبوو. بۆ نموونە دزیکردن لە موڵکی دەوڵەت بۆ کڕینی سەیەرەیەکی مۆدێل بەرز یان بۆ چارەسەرکردنی مرۆڤێکی نەخۆشی هەژار ئەگەر لە ڕوانگەی یاساوە یەک حوکمی هەبێت، ئەوا لە ڕوانگەی ئیتیک و سەیرکردنی کۆمەڵگاوە جیاوازە[٣].

---

[١] هێرش ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٧.

[٢] Surbhi S,Difference Between Law and Ethics,٢٠١٨ https://keydifferences.com/difference-between-law-and-ethics.html# \ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\١٥).

[٣] سامان فەوزی، وانەی (یاسای ڕاگەیاندن)، دەرسگوتارەکانی قۆناغی دووەمی بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

٣- ئیتیک کۆمەڵە بنەمایەکی ڕێژەییە و بە گۆڕانی کات و شوێن تەنانەت لەناو یەک وڵاتیشدا هەندێک جار دەگۆڕێت، چونکە پشتی بەستوە بەوەی لە عەقڵی مرۆڤەکاندایە لەمەڕ چاکە و خراپە. بەمەش ئەوەی لە شوێنێک بە ئیتیک دادەنرێت ڕەنگە لە شوێنێکی دیکەوە یان لە کاتێکی دیکە بە لادان لە ئیتیک دابنرێت، بەڵام یاسا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لە هەموو ناوچە و سنورێکی ئەو وڵاتە وەکوو یەکە و دەبێت جێبەجێبکرێت، تەنها ئەگەر ئەو وڵاتە سیستەمێکی فیدراڵی هەبێت ئەوسا دەشێ یاساکان لەسەر ئاستی هەرێمەکان جیاواز بن[١].

٤- یاسا لەلایەنحکومەت یان دەسەڵاتەوە دروست دەکرێت، کە لەوانەیە ناوخۆیی، ناوچەیی، نیشتمانیی یان نێودەوڵەتی بێت. لە لایەکی دیکەوە ئیتیک بە تاکێک بەڕێوەدەچێت، هەروەها یاسا لە دەستووردا بە شێوەی نووسراو بوونی هەیە و دەربڕدراوە، بە پێچەوانەی ئیتیکەوە کە بە نووسین نییە و لە ویژدان و هزری تاکەکاندایە.[٢]

٥- جیاوازی ئامانج لە نێوان یاسا و ڕێساکانی ئیتیک لەسەر یەک لایەنی ئیتیک دەردەکەوێت، بە واتا لەسەر دیاریکردنی ئەرکەکان بەدەر لە بڕیاردەرە یاساییەکان، بەڵام ڕێساکانی یاسا لە پاڵ دیاریکردنی ئەرکەکان، مافەکانیش دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە گەر ڕێساکانی ئیتیک لەسەر خەڵک وا دابنێت کە لە کاتی هەبوونیدا یارمەتی ئەوانە بدەن کە پێویستیانە (هەژاران)، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی دروستبوونی ئەوەی هەژارەکان مافیان هەبێ یارمەتی لە خەڵکان وەربگرن، بەڵام لە هەمانکاتدا لە یاسادا پێویستە هەبوەکان یارمەتی هەژار بدەن. هەروەکوو لە یاسای سزادانی عێراقی هاتوە پێویستە لەسەر کەسی هەبوو لە کاتی کارەساتدا یارمەتی خەڵکان بدات گەرنا سزا دەدرێت.[٣]

٦- سزای سەرپێچیکردنی ئیتیک بریتییە لە ڕق لێبوونەوەی خەڵکی و هەندێک جاریش ئازار پێگەیشتنی ویژدانی سەرپێچیکارەکە، واتا لە ڕووی سروشتەوە بریتییە لە سزایەکی ئەدەبی، بە پێچەوانەی یاسا کە سزای سەرپێچیکردنەکەی مادییە و دەسەڵاتدار جێبەجێی دەکات، جا ئەگەر سزاکە شارستانی یان تاوانکاری یان ئیداری بێت.

٧- سەرچاوە و دروستکەری ئیتیک بریتییە لە ڕەوشتی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ئیتیکەکەی تێدا دروست دەبێت، بەڵام دروستکەری یاسا بریتییە لە دەسەڵاتی گشتی و سەرچاوەکەشی زۆربەی جار لە دەرەوەی کۆمەڵگایە[٤]

---

[١] سامان فەوزی، بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٧.
[٢] Surbhi S, same source as previous
[٣] هێرش ڕەسووڵ، ئازادی ڕادەربرین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٦٠.
[٤] سامان فەوزی، وانەی (یاسای ڕاگەیاندن)، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# باسی سێیەم: بنەما و پەیماننامەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی:

## ١- بنەما و پرەنسیپەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی:

بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی لە میدیای نوێدا و تێگەیشتنی تەواو لە مەبەست و چەمکی ئیتیک لە پیشەی ڕۆژنامەوانیدا، پێویستە باس لەو پێوەر و پرەنسیپانە بکەین کە گەوهەری ئەم لایەنە گرنگەی جیهانی میدیامان بۆ دیاری دەکەن. ئەو پێوەر و پرەنسیپانەش لە زۆربەی سەرچاوە زانستیەکاندا نزیکن لە یەکەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین کە هەرچەندە پێوەر و بنەماکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی ڕەهەندی جیهانییان هەیە، خاڵی هاوبەشیان لە نێوان ئەزموونی کاری میدیایی گەلانی جیهاندا دروستکردوە، بەڵام هاوکات هەندێک جیاوازی و ناچوونییەکی ڕێژەییش هەیە لە نێوان وڵاتاندا؛ کە زیاتر پەیوەندی بە تایبەتمەندێتیی وڵاتان و گەلانی دنیاوە هەیە.

بنەما و پرەنسیپی ئەخلاقیی پیشەیڕۆژنامەنوسیی هەندێکیان خودیی(زاتی)ین و پێویستە ڕۆژنامەنووس خاوەن ویژدانێکی زیندوو بێ و پەیڕەوییان لێ بکا. بەشەکەی دیکەیشیان لەلایەنکۆمیسیۆن و سەندیکاکانی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەوانیی و ڕاگەیاندن ئامادەکراون و نووسراونەتەوە. لەو پێناوەشدا چەندین کۆنگرە و کۆنفرانس لەو ڕووەوە ڕێکخراون، کە دواجار دروستبوون و لەدایکبوونی ژمارەیەک بەڵگەنامە و پێڕەوی کاری ڕۆژنامەنووسی لێکەوتەوە، کە بە بنەما و پرەسنسیپەکانی ئیتیک ناسراون. ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران، ڕووبەڕووی هەڕەشە و لێدان و کوشتن دەبنەوە؛ زۆرجاریش تۆمەتبار دەکرێن بە پەیڕەونەکردنی بنەماکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی، بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی میدیا بەدوور بن لە هەر گلەیی و گازندەیەک، یاخود هەڕەشەیەک، بۆیە پەیڕەوکردنی پرەنسیپە سەرەکی و گرنگەکانی ئیتیکی میدیا، پێویستییەکی هەمیشەییە لە هەموو قۆناغەکاندا[١].

دوای گەشەکردنە بێسنورەکەی میدیا لە جیهاندا و ملکەچبوونی بۆ سیاسەتی جیاواز و دژبەیەک، وەرگرەکانی پەیامە میدیاییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی پەیامە جیاوازەکانەوە، لە هەمان کاتدا سەرلێشێواوی و ناڕوونی دروستدەبێت لایان، بەهۆی دەستکاریکردنی پەیام و هەوڵدان بۆ شێواندنی زانیاری یاخود بڕینی زانیارییەکان لە پێناو بەرژەوەندیی لایەنێک بەرانبەر لایەنەکەی دیکە، بۆیە ڕۆڵ و ئەدای میدیا

---

[١] هەژار حاتەم، سەرچاوەی پێشووتر
https://zahawi.org/?p=٢٦٩٤، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٣\١٥) .

بۆتە پرسێکی پرسیاردار و جێی گومان، وایکردوە وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوون نەبێت کە ئایا میدیاکان ڕووداو دەگوازنەوە، یاخود ڕووداوەکان بەرهەمدەهێنن؟ لە هەمان کاتدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی مۆبایلە زیرەکەکانەوە لە هەموو شوێنێک هەموان بە جۆرێک بونەتە پەیامنێر، کاتێکیش وێنە و گرتەی جوڵاو دەنێرن بۆ میدیاکان و بە بێ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی و کۆن و نوێی بابەتەکە پەخشدەکرێت. بێگومان متمانەی میدیا زیاتر لە جاران دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، لێرەشەوە ئیتیکی میدیا و گرنگیدان بە بنەما ئیتیکییەکانی کارکردن لە میدیا زیاتر لە جاران دەبێتە جێی بایەخ[1].

زۆربەی پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەوانیی و پێوەرەکانی ئەدای پیشەیی و دامەزراوە ڕۆژنامەنوسییەکان، وەکوو ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەنووسیی و سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵە ڕۆژنامەنووسییەکان لە جیهان و پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕۆژنامەوانیی، جەخت لەسەر کۆمەڵێک خاڵ دەکەنەوە وەکوو پرەنسیپە گشتییەکانی ئیتیک بۆ کارکردنی ڕۆژنامەوانان لە هەر دەزگا و دامەزراوەیەکی میدیاییدا، بە میدیای کلاسیک و میدیای نوێ-وە، ئەوانیش:

**یەکەم: بەرپرسیارییەتی:-**

بەرپرسیاریەتیی ڕۆژنامەوانیی لە میدیای نوێدا بە واتای گرنگیدان بە بەرژەوەندیی گشتی یان گرنگیدان بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و کارکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی، لە ڕێگەی خستنەڕووی هەواڵ و زانیاری بە وردبینی و دادپەروەری و ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییەوە.[2]

ئامانجی سەرەکی لە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و گەیاندنی بە جەماوەر، خزمەتکردنی ویستی گشتی و بەرچاوڕوونکردنی جەماوەرە دەربارەی ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە نێوخۆی وڵات یان لە دونیادا ڕوودەدەن،هەتادواجار ببێتە خاوەن بڕیاری خۆی لە هەڵسەنگاندنی ڕووداو و پێشهاتەکان، ڕۆژنامەنووس خاوەن بەرپرسیارییەتییەکی ئیتیکی مەزنە؛ بەو پێیەی بەرپرسیارییەتیی گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکانی دەکەوێتە ئەستۆ بە شێوەیەکی بێلایەنانە و بێ دەستکاریکردن. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی خۆیان بە نوێنەری کۆمەڵگا دەزانن، بەڵام پیشەکەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و هەلپەرستی و خۆپەرستی دەقۆزنەوە و بەکاریدەهێنن، ئەوا متمانەی جەماوەر لەدەستدەدەن و خیانەت لە خۆیان و پیشەکەیان دەکەن، کە بێگومان

---

[1] مجموعة من لمؤلف، أخالقيات االعالم، غزة، مركز تطوير االعالم - جامعة بيرزيت، ٢٠١٧، ص: ٣٦.

[2] مبارك بن واصل الحازمي، الإعلام العربي و الأمن القومي، البحوث المنشورة (المجلة المصرية لبحوث الاتصال الجماهيري، المجلد ٢، العدد ١ )، ٢٠٢١، ص: ٣٩.

ئەو کارەیان ڕەنگدانەوەی نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕای گشتی و دید و تێڕوانینی جەماوەر دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان[١]. کەواتە بەرپرسیارییەتی واتە پابەندبوون بە متمانە و بابەتیبوون و بێلایەنی لەوەی کە دەینووسیت؛ ئەمەش بە مەستی بەدەستهێنانی متمانەی ڕای گشتی[٢].

میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت بە هۆی ڕۆڵی گرنگیی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە زۆرەکەی لەسەر ڕای گشتی و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان. بەرپرسیارێتیی میدیا یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوان. ئەم بنەمایە بەو مانایەیە کە ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارە لە زانیارییە گواستراوەکان، هەر بۆیە بەرپرسیارە نەک تەنها بەرانبەر بەو کەسانەی کە کۆنترۆڵی میدیا دەکەن، بەڵکوو بەرانبەر بە گشت لایەنەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن بەرپرسیارە، هەروەها بەرپرسیارە بەرانبەر بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان. بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووس پێویستی بەوەیە کە لە هەموو بارودۆخێکدا بەپێی ویژدانی کەسیی خۆی مامەڵە بکات، جگە لە بەرپرسیاریەتیی میدیا و ڕۆژنامەنووسان، لەم دواییانەدا دەتوانین زۆر جار گوێ لە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی وەرگری میدیا بگرین، ئایا وەرگران یاخود (بەکارهێنەران)ی میدیای نوێ بەرپرسیارن لە ڕەوتە نەرێنییەکانی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخ؟ ئایا پێویستە تەنها وەکوو "قوربانی" میدیا سەیربکرێن یان وەکوو بەشداربووی چالاک لە پرۆسەی پەیوەندییەکانی میدیادا؟ لە کاتی قسەکردن لەسەر بەرپرسیاریەتیی وەرگرانی ناوەڕۆکی میدیا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ناتوانرێت هەموو وەرگرەکان بە بەرپرسیار بزانرێت، بەهۆی نەبوونی ئەزموون و پەروەردە و توانای مەعریفی، ناتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لە وەرگران بە بەرپرسیار دابنرێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی کە دەتوانن بەرپرسیار بن (خوێندەوار، کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێکهاتە ئەکادیمی و ئایینییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان) پێویستە بە ئاگایی و ڕەخنەی بنیاتنەر و بانگەواز و هۆشدارییەکانیان بەشداری بکەن لە باشترکردنی ڕەوشی ئیتیکی و بەرپرسیارییەتی ڕۆژنامەگەری[٣].

ڕۆژنامەنووسی بەرپرسیار دەبێت:[٤]

---

[١] هاوژین عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٩.

[٢] مرکز هردو لدعم التعبير الرقمي، أخلاقيات ومبادئ العمل الصحفي والإعلامي، القاهرة ٢٠١٦، ص: ٦.

[٣] Pavelin Goran &Marijana Karamarko، Ethical Principles of Journalism: Content Analysis of the Covers of Most Read Daily Newspaper in Croatia، Mediterranean Journal of Social Sciences Published research، MCSER Publishing, Rome-Italy، ٢٠١٥، p١٤٤.

[٤] CODE OF ETHICS FOR JOURNALIST,Bhutan Information, Communications and Media Act, samsn,٢٠٠٦
Microsoft Word - CODE OF ETHICS FOR JOURNALISTS.doc (ifj.org)
بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٥/٢٨).

١- دان بە ئەرکی خۆیاندا بنێن بەرانبەر بە خەڵک و وڵات.

٢- باوەڕیان بە ئازادی میدیا هەبێت وەکوو مافێکی سەرەکی بۆ ڕێزگرتن لە مافی زانینی خەڵک و بەم شێوەیە دەبێت بەڵێن بدەن بۆ پێشخستن و پاسەوانیکردن و بەرگریکردن لەم ئازادییە، چ لە کاریگەری و دەستێوەردانی ناوخۆیی یان دەرەکی.

٣- تێبگەن کە هەر پابەندبوون و خۆکۆتکردنێک جگە لە خزمەتکردن بە خەڵک و وڵات متمانە و ڕێز تێکدەدات.

٤- زانیاریی تەواو پێشکەش بکەن بۆئەوەی خەڵک بتوانن بڕیاری ئاگایانە بدەن.

٥- متمانەیان بە خۆیان هەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی وەرگرانیش بدەن.

٦- هیچ بابەتێک بڵاو نەکاتەوە کە لەگەڵ ڕەوشت و بەها باڵاکاندا نەگونجێت، بە تایبەتی دەبێت خۆی لە بڵاوکردنەوەی بابەتێک بەدوور بگرێت کە بریتین لە:

ا- بابەتی ناشرین، قێزەون یان وروژێنەر و سێکسی ڕوون... هتد

ب- پچەوانەی کولتوور، ڕەچاوی نۆرم و بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە نەکات، کە دەزگا میدیاییەکە پەخشی تێدا دەکات.

ت- بابەتی توندوتیژی.

پ- قومارکردن و بابەتە هاوشێوەکانی.

ج- خواردنەوەی کحول و توتن و مادده هۆشبەرە نایاساییەکان.

ململانێی میدیاکان بۆ بەدەستهێنانی نوێترین زانیاری و پێشکەشکردنی لە کورتترین ماوەدا بە جەماوەر، هەنگاوێکی گرنگە لە پێناو ڕاکێشانی جەماوەرهەتابینە وەرگرێکی بەردەوام. ئەم پرۆسەی خێراییە لە پەیداکردنی هەواڵ و زانیاری و گواستنەوەی بۆ جەماوەر کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی دامودەزگاکانی میدیا؛ کە دیارترینیان پاراستنی متمانەیە لە گەیاندنی پەیامدا.[١] بێگومان سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕاگەیاندن بە تایبەت ئەوانەی بەشداری لە پرۆسەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەکەن لە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی میدیا بەشدار و بەرپرسیارن، وەکوو پەیامنێر و

---

[١] کارزان محەمەد، بەرپرسیاریەتی میدیا و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ،٢٠٢٠، ل: ٢٩.

وێنەگر و نووسەر و سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و بڵاوکەرەوە، هەموویان دەتوانن بە ویستی کەسی و بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان گۆڕانکاری لە هەواڵ و زانیاریدا بکەن یاخود هەندێک هەواڵ پەراوێز بخەن هەروەکوو دەتوانن هەندێک هەواڵ پیشبخەن، بەڵام بێگومان سەرنووسەر و بەرپرسی هەواڵ یاخود لاپەڕەکان زیاتر دەتوانن دەستکاری زانیاری و هەواڵ بکەن، بۆیەش ئاستی بەرپرسیاریەتی بەپێی زیاد و کەمی دەسەڵاتیان دەگۆڕێت.[١]

هەوڵەکانی ڕۆژنامەگەری و میدیاکاران لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی تەنها بۆ ئەوە نییە ببنە سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵ و بڵندگۆی دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە، بەڵکوو لە پێناو ئەوەشە ببنە نموونەیەکی ئەوتۆ کە جێگای متمانەی جەماوەر و دەسەڵاتیشبن، لێرەشەوە بابەتی بەرپرسیاریەتیی ڕۆژنامەنووس هەستیاری و گرنگییەکەی زیاتر بەرجەستە دەبێت، کەواتە دەکرێت بڵێین مەبەست لە بەرپرسیاریەتی هەستکردنی ڕۆژنامەنووسە بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی جەماوەر پێی بەخشیوە. کۆمەڵایەتیبوونی ڕۆژنامەنووسیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ببێتە وەرگر و گەیەنەرێکی ڕاستگۆ و بەویژدانی داخوازییەکانی کۆمەڵگا بە حکومەت و حکومەتیش بە کۆمەڵگا.[٢]

کەواتە ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارە بەرانبەر:[٣]

- کۆمەڵگا و خەڵک بە گشتی.

- وەرگرانی پەیامە میدیاییەکان بێ جیاوازی.

- ئەو کەناڵ و دامەزراوە میدیاییەی کاری تێدا دەکات.

- هاوکاران و هاوپیشەکانی.

- خود و ویژدانی خۆی.

---

[١] نبال ثوابتة، أخالقيات مهنة الصحافة للملارسة فلسطينيا، الفلسطين، مركز تطوير الإعالم - جامعة بريزيت،٢٠١٠، ص: ٦٣.

[٢] هاوژین عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

[٣] الـدليـل اإلعالمي، التثقيف اإلعالمي للراشدين، المؤسسة الفنلندية للتعليم المستمر، ومركز تطوير اإلعالم - جامعة بيرزيت،mediaguide ، تاريخ النشر٢٠٢٠.
https://mediaguide.fi/mediaguide/wpcontent/uploads/٢٠٢١/٠٩/KVS_media_guide_AR_WEB.pdf بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٥/٢٥).

**دووەم: ڕاستگۆیی و وردبینی:**

ڕاستی ڕێککەوتنی عەقڵە لەگەڵ شتەکەدا (لە عەقل لەگەڵ واقیعدا). بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ڕاستی ئەو شێوازەیە کە لە ڕاستیدا شتەکان لە واقیعدا هەن، کاتێک شتێک بەپێی سروشتی خۆی بەو شێوەیە بێت کە دەبێت ببێت، دەتوانین بڵێین ڕاستییە. شتێک لەلایەن عەقڵەوە دەناسرێت وەکوو ئەوەی لە واقیعدا هەیە، ئەوا ئەو عەقڵە ڕاستی دەزانێت، ئەمە چۆن پەیوەندی بە بواری میدیاوە هەیە؟ واتە وەرگر، کە دەکاتە بینەری تەلەڤزیۆن، گوێگری ڕادیۆ، خوێنەری ڕۆژنامە، بەکارهێنەری تۆڕەکانی ئینتەرنێت و میدیای نوێ، چاوەڕێی ئەوە دەکات و دەیەوێت ڕۆژنامەنووس و کەناڵەکانی میدیای نوێ ڕاستییەکان لە بارەی ئەوەی لە کۆمەڵگادا ڕوویداوە یان ڕوودەدات بگوازێتەوە و پێی بگەیەنێت[1]. وە ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ڕاستگۆییی میدیا بکەین ئەوا بریتییە لە: " کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، نووسین و سازاندن(تحریر) و پەخش و بڵاوکردنەوەی ماتریاڵە میدیاییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و ڕاست و دروست". ئەم پێناسەیە واتای کۆکردنەوەی زیاد لە بنەمایەک لەناو بنەمایەکی دیاریکراودا دەگەیەنێت، واتە ڕاستگۆیی بە شێوەیەکی گشتی، سەرباری ئەوەی بریتییە لە ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی( الصدق و الصحة)، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی (بابەتیبوون، هاوسەنگی و وردی) دێتەدی، ئەمەیش هەستیاریی بنەماکە و بایەخەکەی لە یەک کاتدا پیشان دەدات[2].

ڕاستگۆیی و وردبینی لە گرنگترین پێوەرەکانن، کە دەبێت لە زانیارییەکانی کە بۆ وەرگر دەنێردرێت ڕەچاوبکرێت، واتا زانیارییەکان وەکوو ئەمانەتە لە گەردنی هەر دەرگاوانێکی ڕاگەیاندن و دەزگا ڕاگەیاندنەکە بە گشتی بەرانبەر بە جەماوەر و وەرگرەکانیان. لە لایەکی دیکەشەوە ئاستی ڕێزگرتنی میدیا پیشان دەدات لە ئاوەزی گشتی، بۆیە هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ڕاستگۆیی سەرەکیترین بنەمایە بۆ ئێتیکی پیشە[3].

ڕۆژنامەنووسان دەبێت هەموو هەوڵێک بدەن بۆئەوەی وردبینیی پێویست لە بەرهەمەکانیاندا مسۆگەر بکەن. هەموو بابەتە میدیاییەکان دەبێت سەرچاوەیەکی باش و جێی متمانەیان هەبێت، لەسەر بنەمای بەڵگەی دروست، بە وردی تاقیبکرێنەوە و بە زمانێکی ڕوون و ورد پێشکەشبکرێن. پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕاستگۆ و ڕاشکاو بن سەبارەت بەو شتانەی کە نایزانن و زانیاریی پێویستیان لەسەری نییە. خۆیان لە قسەی

---

[1] Catherine Dean, Truth and the Media, Strathmore,٢٠٠٦
Microsoft Word - cdean final paper media and truth ٢٠٠٦ (strathmore.edu) بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٥/٣١).

[2] هێرش ڕەسووڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم،٢٠١٧، ل: ٢٤.

[3] بیل کوفاتش وتوم روزنشتیل، المبادئ ألساسية للصحافة،دیکەجمة فايزة حكيم وأحمد منيب، القاهرة، الدار الدولية لالستثمارات الثقافية، ٢٠٠٦، ص: ٤١.

بێ سەرچاوە و بێ بنەما بەدوور بگرن، وە لە هەر ناوەڕۆکێک کە ناتوانرێت پشتڕاست بکرێنەوە. نابێت ڕۆژنامەنووسان بە ئاگاداری و بە مەبەست بینەر بەلاڕێدا ببەن، هەروەها نابێت ڕاستییەکان بشێوێنن و بابەتی داهێنراو وەکوو ڕاستی بخەنەڕوو. پێویستە هەوڵ بدەن سەرەتا شاهیدی ڕووداوەکان بن و زانیاری کۆبکەنەوە، وە ئەگەر نەتوانرا لە شوێنی ڕووداو ئامادەبن؛ پێویستە لەگەڵ سەرچاوەی یەکەم قسە بکەن و زانیاریی پێویست بەدەستبهێنن، وە لە شوێنی پێویستدا بەڵگەکانیان پشتڕاست بکەنەوە، هەروەها نابێت دوودڵ بن لەوەی پشت بە چەند سەرچاوەیەکی جیاواز ببەستن. لە هەمان کاتدا و بە مەبەستی وردیی تەواو لە داستخستنی زانیارییەکان پێویستە چاوپێکەوتنی سەرچاوەی زانیارییەکان تۆماربکرێت، لەو باروودۆخانەدا کە سەرچاوەی زانیاری ڕێگا بە تۆمارکردن نادات، پێویستە تێبینی تەواو بکرێت و بنووسرێت لە زووترین کاتدا و دەبێت سەرجەم ناوەڕۆکی زانیارییەکان و بەڵگەکان بپشکنرێت و پشتڕاست بکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی وردبینیی پێویست. هەروەک گەر بێ مەبەست هەڵەیەک ڕوویدا و زانیاریی ناڕاست بڵاوکرایەوە، ئەوا پێویستە دەستبەجێ داوای لێبوردن لە وەرگران بکرێت و زانیارییە ڕاستەکە لە جێگای دابنرێت[1].

توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە کاری ڕۆژنامەوانیی و میدیا بە گشتی پێویستە بنەمای ڕاستگۆیی و وردبینییان هەبێت لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ناوەڕۆک یان زانیارییەکانی میدیادا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وردبینی و ڕاستگۆیی لە گرنگترین بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی باش و کاریگەردایە. بەم پێیە ئەم بنەمایانە ئاماژەن بۆ توانای دەزگا میدیاییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی وردیی بابەتەکان یان هەواڵەکان بە بێ پشتگوێخستنی خاڵێکی دیاریکراو، کە پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە، هەر بۆیە بنەمای ڕاستگۆیی و وردبینی پەیوەندییەکی نزیک بە پرۆسەی لایەنگریی بەرانبەر بە بابەت و لایەنە جیاوازەکانەوە هەیە[2].

پێشکەشکردنی هەواڵی ورد و ڕاست، بە بێ گومان لە ڕیزبەندی گرنگترین بنەما ئیتیکییەکانە لە کایەی ڕۆژنامەوانیدا، ڕاستی و وردبینی بنەمای متمانەی ئەو ناوەڕۆکەن کە لەلایەنمیدیای نوێوە بڵاودەکرێنەوە. ناوەڕۆکی نادروست و دوور لە وردبینی لە میدیا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: بریتییە لە 'هەواڵی هەڵبەستراو'، واتە شێواندنی بەئەنقەستی پەیامەکان لە ڕێگەی درۆ و ڕەفتاری چەواشەکارانەوە. دووەمیان: لە ڕێگەی هەڵەی بێمەبەستەوە سەرچاوە دەگرێت. هەندێک جار ڕەنگە

---

[1] Bimal Gautam, Code of Ethics for Journalists, Bimal Gautam, cemfree,٢٠١٥ https://cemfree.org.np/wp-content/uploads/٢٠١٦/٠٣/Bimal_Gautam-Code_of_Ethics_for_Journalists.pdf
بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٢٢).

[2] ابراهيم عبد الله المسلمي، ادارة المؤسسات الصحفية، مصر، دار الفكر العربي، بدون سنة، ص: ١٢٥.

ڕۆژنامەنووسان بە بێ مەبەست زانیاریی هەڵە بڵاوبکەنەوە، ئەمیش لەبەر چەند هۆکارێک، بۆ نموونە وەرگرتنی زانیاری تەنها بە پشتبەستن بە سەرچاوە سەرەتایی و لاوەکییەکان بە بێ پشکنین بۆ ڕاستی ڕووداوەکە، یاخود پەلەکردن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پێشبرکێی کاتی بڵاوکردنەوە لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکانی دیکەدا لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین وەرگر[١]. هەر هەواڵ و بابەتێکیش ڕاستگۆیی و وردی تێدانەبێت دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی متمانەی وەرگر  یاخود بەکارهێنەر. ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوەیش لە متمانە، کە بریتین لە متمانەی نێرەر، متمانەی ناوەڕۆک، متمانەی ئامڕازەکانی گەیاندن، بە واتای هەر یەک لە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن متمانەی تایبەت بە خۆی هەیە، متمانەش بۆ خۆی لە کۆمەڵێک بەها پێکدێت، ئەوانیش: (کۆمەڵایەتی، ڕەوشتی، نەتەوەیی، کەسی، جوانیناسی، ئایینی، سیاسی و ئابووری).[٢]

وردبینی و ڕاستیی زانیاری بەشێکی گرنگە لە دیاریکردنی متمانەی هەر دامەزراوەیەکی میدیایی ناسراو و بەنرخ. سەرنووسەران و پەیامنێران و ئامادەکاران پێویستە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێکدا هەموو هەوڵێک بدەن، بۆئەوەی زانیاری ورد  و دروست بەدەستبهێنن. هەواڵ و ڕاپۆرتەکان بۆئەوەی بەهای میدیاییان لەدەستنەدەن؛ پێویستە زانیاری و وردەکارییەکانی لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیرابێت. ڕاستیی زانیارییەکان دەبێت لە سەرچاوەی متمانەپێکراوەوە پشتڕاست بکرێتەوە، هەر هەڵەیەك لە هەواڵ یان ڕاپۆرتەکەدا هەر چەند بچووك بێت، متمانە و بەهای میدیایی دەخاتە مەترسی و ئەو میدیایەش متمانە و پێگەی جەماوەری خۆی لەناو خەڵکدا لەدەستدەدات.[٣]

هەرچەندە وردبینی هەمیشە بنەمایەکی سەرەکی ڕۆژنامەگەریی بووە، بەڵام لە سەردەمی هەواڵی بەپەلە و میدیای نوێدا پشتڕاستکردنەوە و وردی لە هەواڵدا کارامەیییەکی جەوهەرییە. وە لە ئێستادا ژمارەی ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوە هەیە زیاتر بوە، بۆیە لە پەرەسەندنی کێبڕکێی وەرگردا، سایتەکانی هەواڵی دیجیتاڵییەتادێت هێڵی نێوان ڕاستی و خەیاڵ کاڵ دەکەنەوە، هەروەها بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵەکانی بی بی سی و مامۆستای ڕۆژنامەگەری زانکۆی کاردیف، ڕیچارد سامبرۆک دەڵێت: "هەندێک ئێستا پێیان وایە بەرپرسیاریەتی هەڵسەنگاندنی وردی و کوالێتی زانیارییەکان دەبێت لە دابینکەرانی هەواڵەوە

---

[١] Jay Jericho, A comprehensive code of ethics templateto guide journalists in a "post-truth:era, academia,٢٠١٧
(PDF) Ethical journalism: A comprehensive code of ethics template to guide journalists in a 'post-truth' era | Jay Jericho - Academia.edu بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢/٥/٢٠).

[٢] حمدان خضر السالم، مستويات مصداقية الصحافة في اطار النموذج البنائي للمصداقية، بحوث المنشوره، (مجلة الباحث الاعلامي ) مجلة علمية فصلية محكمة، جامعة بغداد - كلية الاعلام، العدد( ٣١ ) ،٢٠١٦، ص:٦٥.

[٣] دقة المعلومات في العمل الصحفي،JFOIRAQ ، د.ت
،٢٠٢٢\٥\٣١،HTTPS://WWW.JFOIRAQ.ORG/دقة – المعلومات – في – العمل - الصحفي  بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٣١).

بگۆڕێت بۆ وەرگران، کە لە سەردەمی میدیای نوێدا وەرگر ڕۆڵێکی زیاتری هەیە و بەرپرسیاریەتی ئەو شتانەی هەیە کە بەکاری دەهێنن"[١]، واتە وەرگر(بەکارهێنەر) پێویستە ئەوەندە بە ئاگا بێت، کە هەواڵی ڕاست لە ناڕاست بناسنەوە و نەبوونی وردی و دروستی هەستپێبکات.

هەروەها پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریک، دەربارەی گرنگیی ڕاستگۆیی ڕاگەیاندن دەڵێت: ڕاگەیاندنکار بەرپرسیاریەتییەکی ئیتیکی لە ئەستۆدایە بۆ وتنی ڕاستییەکان و ڕاپەراندنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی. ئەمەیش بۆ بایەخی بنەمای ڕاستگۆیی لە کاری ڕاگەیاندندا دەگەڕێتەوە. کاتێک جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسان زانیاریی ڕاست دەخەنە گەڕ، بە ئەندازەی ئەوەی بە بابەتەکەوە پەیوەندیدار بێت، ڕاپۆرت لەو چوارچێوەیەدا پێشکەش دەکەن، هەروەها بە شێوەیەکی باش خزمەتی وەرگر دەکەن، بە جۆرێک کە پێویستی بە نیگەرانی نابێت دەربارەی ئیتیک[٢].

ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەواڵ و ڕاپۆرتەکان بە باشی ئامادە بکات، هەروەها پەیامنێران و سەرنووسەرەکان دەتوانن دڵنیابن لە ڕاست و دروستی ئەو زانیارییانەی کە لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیاندا هاتووە، ئەگەر ئەم پرسیارانە لە خۆیان بکەن[٣]:

_ ئایا سەرچاوەی متمانەپێکراو و متمانەپێکراو (کەسان یان بەڵگەنامە)ی بەکارهێناوە بۆ پشتگیریکردنی ئەو زانیارییانەی، کە لە هەواڵەکە یان ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؟

_ ئایا پشتی بە سەرچاوەی جیاواز بەستووە بۆ پشتگیریکردنی زانیارییەکانی سەر مادەکەی؟

_ ئایا ئەو هەواڵە یان ڕاپۆرتەی کە ئامادەی دەکات بەنرخە؟ هیچیان بۆچوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لە پرسەکەدا وەرگرتوە ؟

_ ئایا هەموو زانیارییەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە وەرگیراون؟

_ ئایا هیچ گومانێک هەیە لە هەندێک زانیاری؟ ئەگەر پەیامنێر یان سەرنووسەر هەستی بەوە کرد، کە ئەو زانیارییانەی بەدەستی هێناوە هەڵە و نادروستن، دەبێت دوو جار پشکنین بکات کە زانیارییەکان دروستن.

---

١ Kellie Riordan، ACCURACY, INDEPENDENCE, AND IMPARTIALITY: How legacy media and digital natives approach standards in the digital age، Reuters Institute Fellowship Paper University of Oxford، Australian Broadcasting Corporation، ٢٠١٤، p١٠.

٢ هێرش ڕەسووڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٣.

٣ Kellie Riordan ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١.

**سێیەم: دادپەروەری:**

پێویستە ڕۆژنامەنووس مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ وەرگرەکان بە گشتی، وە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکات، هەروەها ڕێز لە بۆچوونەکان بگرێت و بەرگری لە ماف و ئازادیی ڕادەربڕینن بکات[١]. ئەم بنەمایە بنەمایەکی ڕەسەنە لە بنەماکانی ئیتیکی کاری میدیایی، دەبێت ڕۆژنامەنووس لە کاتی ڕووماڵکردن و گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕەچاوی دادپەروەری و یەکسانی بکات و بە شێواز و زمانێکی ئەوتۆ بڵاویان بکاتەوە، کە سەرنجی خوێنەر کێش بکات. هاوکات تاوان و کاری دزێو بە تایبەت (تاوانە سێکسیەکان و تیرۆر و تۆقاندن) بە شێوە و زمانێکی ئەوتۆ بخاتەڕوو، کە ئەنجامدانی کاری تاوانکاری لای خوێنەر ناشرین بکات، وە ڕەچاوکردنی پێوەری دادپەروەری بۆ تەواوی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان پێویستە.[٢]

پێگەی دادپەروەری و هاوسەنگی  لە ڕۆژنامەوانیدا وا دەکات ڕۆژنامە بابەتیانەتر کار بکات، چیرۆکە ڕۆژنامەوانییەکان  دەبێت هاوسەنگ بن بەو واتایەی هەموو لایەنەکانی چیرۆکەکە دەبێت بخرێتەڕوو. دادپەروەری بەو واتایە کە ڕۆژنامەنووس دەبێت هەوڵبدات بۆ وردبینی و ڕاستی لە ڕاپۆرتکردندا، و چیرۆکێک دروست نەکات بۆئەوەی خوێنەر ئەنجامە دڵخوازەکەی پەیامنێرەکە بەدەست بهێنێت.[٣] هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن ڕۆژنامەنووسان هەرگیز سەرکەوتوو نین لە هاوسەنگی و دادپەروەری تەواودا لە گێڕانەوەی هەموو لایەنەکانی چیرۆکێکدا، چونکە زۆر جار ڕووماڵکردنی هەواڵەکان نوێنەرایەتی دەنگی ئەو کەسانە دەکات؛ کە دەسەڵاتیان بەسەر میدیاکەدا هەیە، یان دەنگی ئەو کەسانەی کە بەهێزترینن. ڕووماڵی هەڵبژاردن نموونەیەکی باشە بۆ ئەمە، لە زۆرێک لە وڵاتان کاندیدەکانی لایەنە ناسەرەکییەکان ڕووماڵێکی کەمی هەواڵ بەدەست دەهێنن. ڕەخنەگران دەڵێن ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کاندیدەکان هەرگیز ڕۆڵ وکاریگەری دروستنەکەن؛ هەر بۆیە هەرگیز هەڵنەبژێردرێن[٤].

---

[١] Lawrence Erlbaum Associates, Journal of Mass Media Ethics, London, publishers Mahwa, publishers Mahwah,٢٠١١,p١٢٩.

[٢] هاوژین عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٤.

[٣] نبال ثوابتة، مصدر سابق، ص: ٦٣.

[٤] Alan D. Abbey, Balance and fairness, ethics.journalists https://ethics.journalists.org/topics/balance-and-fairness/، بەرواری سەردانکردن (٢٠١١\٦\٣).

## چوارەم: ئازادی:

ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە یەکێکە لەو ئازادییە گرنگانەی کە دەبێت لە هەر وڵاتێکدا، کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و ڕەچاوبکرێت.[١]

بوونی میدیای ئازاد و سەربەخۆ و کاریگەر یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی سیستەمی دیموکراسی و پێشمەرجێکە بۆ بەدیهاتن و بەردەوامبوونی. ناتوانرێت باس لە بوونی چاپەمەنی ئازادبکرێت بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی کە گەرەنتی سەربەخۆیی بکات و ئەو سنورانە سنوردار بکات کە بەسەریدا سەپێنراون،هەتابەرتەسکترین ئاست. بە شێوەیەک کە هاوسەنگییەک لە نێوان بەرژەوەندیی گشتی و مافی هاوڵاتیان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان ئازادانە و وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداربوون لە هەواڵەکان، بە جۆرێک لە نێوان بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی و ئازادییە تایبەتەکانی هاوڵاتیاندا هاوسەنگییەک بەدەست بهێنێت. بەم شێوەیەش خۆسانسۆڕکردن کۆتایی دێت،هەتازۆرترین ژمارەی ڕۆژنامەنووس بتوانێت بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت بەبێ و هەڕەشەی جەستەیی و دەروونی و دارایی، ڕاپۆرت بنووسێت و ڕەخنە لە هەر کەسێك بگرێت. ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بە یەکێك لە لقەکانی ئازادیی بیروڕا دادەنرێت، کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگادا لە پەرەپێدانی ڕای گشتی و گەشەکردنی بیرۆکەی نوێ، و چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دیموکراتیی حکومەت هەیە.[٢]

میدیای نوێ لە توانایدایە بوارێکی گەورە بە جەماوەر بدات، بۆئەوەی گفتوگۆیەکی ئازاد لە بارەی پرس و ڕووداوەکان بەڕێوە ببات، کە ئەمەیش لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی دەرفەتی کارلێککردنی بۆ جەماوەری وەرگر، هەتاوەکوو بیر و بۆچوون و کۆمێنتەکانیان سەبارەت بە پرس و ڕووداوەکان بخەنەڕوو.[٣]

ڕوونە کە دەوڵەتێکی بەهێز بە بێ حوکمڕانیی باش بوونی نییە، حوکمڕانییەکی باشیش بە بێ شەفافیەت و لێپرسینەوە ناچێت بەڕێوە، هیچ شەفافیەت و لێپرسینەوەیەک نییە بە بێ میدیایەکی ئازاد؛ کە ئاشکرای بکات.

گەندەڵەکان هەوڵی شاردنەوەی چی دەدەن، یان هۆشداری دەداتە "ئەوانەی پێیان وایە کارێکی باش دەکەن" لە دەرئەنجامەکانی ئەو کارەی کە دەیکەن. [٤] هەروەها لێکدانەوەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە وڵاتێکەوە بۆ

---

[١] خالد فهمي، المسئولية المدنية للصحفي، الإسكندرية، دار الفكر الجامعي، ٢٠٠٨ ، ص: ٢٣.
[٢] نسرين حممد عبده حسونة، الصحافة وحقوق اإلنسان، شبكة الالوكة، ٢٠١٥، ص: ٥.
[٣] ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد، ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕاددەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سالاحەددین، هەولێر،٢٠٢٢، ل: ٩٢.
[٤] أمن الصياد، الاِعلام "الصادق"الدي تحدث عنه الرئيس، shorouknews، تاريخ النشر، ٢٠١٦
https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=٣٠١٠٢٠١٦&id=dfff٣٨٣-a٨٢-ae٤b٤a-ce-٤b fe٧٦d٧٠eed٣٩ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٣١).

وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بەو پێیەی هەندێک سیستەمی سیاسی ئازادی ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندن بە بەردی بناغەی دیموکراسی دەزانن و بە یاسا پارێزراون، لە کاتێکدا ڕەنگە ئەم ئازادییە لە هەندێک سیستەمی دیکەدا بە ویستی خۆی سنووردار بکرێت، چونکە دەسەڵات لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو کارە بە دابینکردنی پێداویستییە نەتەوەییەکان دەزانێت، هەروەها لەوانەیە پێیوابێ کە ئازادی بۆ دوژمنانی دەوڵەت نییە.[١]

ئازادی ڕۆژنامەوانیی لە پێناو خزمەتی کۆمەڵگایە، بۆیە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت لە هەر جۆرە دەستدرێژیکردنێکی گشتی و تایبەت، لەلایەنهەر کەس و گرووپێکەوە ئەنجام بدرێت. ئازادیی ڕۆژنامەوانیی شیاوی دەستوەردان نییە، چونکە مافی میللەتە. ئازادیی ڕۆژنامەوانیی واتای کۆمەڵگای ئازاد دەگەیەنێت، هەروەها بەرگریکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەوانیی ئەرکێکی دانەبڕاوە لە ئەرکەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانیی، بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بە ئەرکی خۆیانی دەزانن بەرگری لە ئازادی پیشەکەیان بکەن. سەرەڕای ئەوەیش بەرگریکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەوانیی کارێکی ئاسان نییە، زۆر جار بەهۆیەوە ڕۆژنامەنووسان تووشی ناخۆشی و گرفت دەکاتەوە، هەروەها باشترین میکانیزمی ڕۆژنامەنووس بۆ بەرەنگاربونەوەی دەستدرێژیکردنە سەر ئازادییەکانی، ڕاگەیاندنی لایەنی هەڕەشەکە و ناوەڕۆک و ئامانجەکانییەتی بۆ ڕای گشتی، لەم جۆرە پرسانەدا ڕای گشتی خزمەتێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسان دەکات، باشترین چەکی بەرەنگاربوونەوەی دەستیانە[٢].

ئازادیی ڕادەربڕینن مافێکی گشتگیری مرۆڤە، هەڵبژاردەی سیاسەتمەدار نییە و هەروەها ئیمتیازاتی ڕۆژنامەنووس نییە. ڕۆژنامەنووسان لە کاری ڕۆژانەیاندا تەنیا مافی ئازادی قسەکردنی هەموو هاوڵاتییەک بەکاردەهێنن. میدیای ئازاد بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسیی بنەڕەتییە، ڕۆژنامەنووس بە دوای هەواڵ و زانیاری و بیرۆکە و سەرنج و بۆچووندا دەگەڕێت و دەیگوازێتەوە و ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات. ڕاگەیاندن سەکۆیەک بۆ گوێگرتن لە فرەیی دەنگەکان دابین دەکات، لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا، چاودێری و چالاکوان و سەرپەرشتیاری گشتی و هەروەها پەروەردەکار و هەموو ئەوانەیە، کە ئەرک و بەرپرسیاریەتییان لەسەر شانە[٣].

لە لایەکی دیکەوە میدیای نوێ ڕاستییەکان ئاشکرادەکات، زۆر پرس هەن زۆر جار زۆر ئاڵۆزن، کە ڕۆژنامەنووسان ڕاهێنراون بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە، بە بێ هێڵی ئینتەرنێت و کەناڵ و سەرچاوە

---

[١] خالد فهمي، حرية الرأي والتعبير في ضوء التفاقيات الدولية والتشريعات الوطنية والشتريعة الإسلامية وجرائم الرأي والتعبير، إسكندرية، دار الفكر الجامعي ، ط٢، ٢٠١٢ ، ص:٦٩ -٧٠.

[٢] هاوژین عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٤-١٠٥.

[٣] Karin Deutsch Karlekr and Sarah G. Coo, Freedom of yhe press, New York,freedom house,٢٠٠٨,p٢٩ .

جیاوازەکانی میدیا. مرۆڤی ئاسایی زانیارییەکی کەمی دەبوو یان هیچ زانیارییەکی نەدەبوو لەسەر ئەوەی لە دەوروبەری چی ڕوودەدات، زۆربەی خەڵک کات و سەرچاوەیان نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرس و چیرۆکانەی کە کاریگەرییان لەسەر خۆیان و کۆمەڵگاکانیان هەیە. لێرەدایە کە ڕۆژنامەنووسان دێنە مەیدان بە کارامەیی و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، باشترین ڕۆژنامەنووسەکان دەزانن چ پرسیارێک بکەن، چی دەبێتە هۆی بەدواداچوون و چۆن پشکنینی ڕاستییەکان بکەن. پشکنینی ڕاستییەکان توخمێکی گرنگی میدیای ئازادە، ئەگەر میدیاکان نەتوانن بە سەلامەتی و کاریگەر پشکنینی ڕاستییەکان بکەن، ڕاستییەکان بە شاراوەیی دەمێننەوە، کە ئەمەیش تەنها بە ڕۆژنامەنووسی ئازاد دەکرێت[١].

**پێنجەم: سەربەخۆیی:**

سەربەخۆیی واتا ڕۆژنامەنووس یان کەسی ڕاگەیاندن سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی و حیزبی نییە، هەروەها هەوڵی (هەندێک) ڕەتدەکاتەوە بۆ نەخشاندن یان ڕەنگکردنی ڕەوتی سیاسی بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانیان، بە بێ ڕەچاوکردنی بەها ئەخلاقییە پەسەندکراوەکان، پێویستە ڕۆژنامەنووس پابەند بێت بە پێوەرەکانی (بێلایەنی) و (سەربەخۆیی)هەتائەو جێگایەی کە دەکرێت[٢].

میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆ وا دەکات خەڵک بڕیاری ئاگایانە بدەن، لێپرسینەوە لەسەر کردەکان بکەن و گوێ لە بۆچوونی جۆراوجۆر بگرن، ئەمەیش کاتێک دەبێت هەموو ئەمانە دوور بن لە کاریگەریی حکومەت، وە ئەو زانیاریيانەی کە ڕۆژنامەنووسان دەیدەن یارمەتی هاوڵاتیان دەدات بڕیاری دروست لەسەر کۆمەڵێک پرس بدەن بۆ نموونە لە پارەی قوتابخانە ناوخۆییەکانەوەهەتاسەلامەتی خۆراک و دەرمان، هەروەها لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە کام کاندید بدەن.[٣]هەروەها سەربەخۆیی واتا هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەر کار و بابەتێک کە میدیا بڵاویدەکاتەوە، وە پێشکەشکردنی ئامۆژگاریی بابەتییانە بەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیان دەکات[٤].

---

١ Human Rights Careers ,Why Is Freedom Of The Press Important in a Democracy, humanrightscareers,٢٠٢٠ / https://www.humanrightscareers.com/issues/why-is-freedom-of-the-press-important-in-a-democracy بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\١٤).

٢ حسن عماد مكاوي، أخلاقيات العمل الاِعلامي، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية،٢٠٠٦، ص: ٨٧.

٣ ShareAmerica,The importance of an independent press, share.america,٢٠٢١ https://share.america.gov/importance-of-independent-press / بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\١٤).

٤ Lawrence Erlbaum Associates ، هەمان سەرچاوەی پێشوو،p١٢٩ .

سەربەخۆیی میدیا چەمکێکە گفتوگۆی زۆری لەسەرە و لە چوارچێوەی جیاوازدا هەڵگری واتا جیاوازەکانە، دەتوانرێت سەربەخۆیی لە زۆر ئاستدا باسبکرێت و زۆر جار ڕێکخراوە میدیاییەکان، ڕۆژنامەنووسان، توێژەران و ڕێکخەران بە شێوازی دژبەیەک بانگەواز بۆ ئەم زاراوەیە دەکەن. لە سیاسەتی میدیای هاوچەرخی ئەوروپادا، کێبڕکێی چەمکی لەسەر واتای سەربەخۆیی زیاتر گەرم بووەتەوە، بەهۆی هەوڵەکانی میدیای بازرگانی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی جیاوازی نێوان میدیای بازرگانی و میدیای خزمەتگوزاریی گشتی وەکوو هەڵبژاردنێک لە نێوان میدیای "سەربەخۆ" و "دەوڵەتی"، هەروەها گۆڕانکارییە دیجیتاڵییەکان و سەرهەڵدانی ئەکتەر و پلاتفۆرمی نوێی میدیا تەحەدای واتا و پەیوەندیی چەمکە جیاوازەکانی سەربەخۆیی و وابەستەیی میدیا دەکەن.[1]

لە یادمان نەچێت لە کایەی میدیادا شتێک نییە بە ناوی سەربەخۆیی تەواو یان ڕەها، بەڵکوو هەر میدیایەک هەمیشە دەبێت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک جۆری جیاوازی سنوردارکردن و کاریگەریی دەرەکیدا بکات، ئایا کام لایەن زیاتر سەربەخۆییی میدیاکە کۆنترۆڵ دەکەن، وە لە ڕووی سیاسییەوە کێ کاریگەریی زیاتر دادەنێت بە سەر میدیا و ڕۆژنامەنووسەکانیەوە، بۆیە بە ناچاری پەیوەستە بە لایەنێکەوە[2].

دەکرێ لە ڕێی سێ ئاستەوە هەست بە بەرپرسیارییەتیی ڕۆژنامەنووس بکەین، کە ئەو سێ ئاستەیش بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەنووسین:[3]

**یەکەم:** ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە توانادایە بۆ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە گونجاوانەی ڕۆژنامەنووسیی و چوار ئەرکی سەرەکی هەن، کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن پێیان هەڵدەستن، یەکەمیان: ئەرکی سیاسی، واتای پێراگەیاندنی هاوڵاتیان لە هەموو ئەو شتانەی کە لە حکومەتدا یان لە دەسەڵاتەکانی دیکەدا وەکوو چالاکی ڕوودەدەن، بە جۆرێک ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەبنە بەشێکی بەژداربوو لە کردەی سیاسیدا؛ ئەویش لە ڕێی چاودێریکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات لە سەرجەم ئاستەکانیدا. دووەمیشیان: ئەرکی فێرکردنە، ئەمیش خستەڕووی ڕاپۆرتی ڕاستگۆیانە دەگرێتەوە، لەگەڵ تاوتوویکردنی بیرۆکە و بۆچوون و هەڵوێستەکان. سێیەم: ئەرکی سودمەندبوونە و ای خستەوڕوی زانیاریی پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکان، بە جۆرێ ڕۆژنامەنووسیی دەبێتە ئاوێنەی هەر یەکە لەو ڕووداوانەی لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. چوارەمیش: ئەرکی ڕۆشنبیرییە، واتا هاندانی بەها و نەریت و پێوەرە نموونەییەکانی کۆمەڵگا.

---

[1] . James Bennett and Niki Strange,Media Independence,New York,published by Routledge,٢٠١٥,p٢٢

[2] Kari Karppinen & Hallvard Moe, What We Talk About When Talk About “Media Independence”,UK, .Published by Informa UK Limited,٢٠١٦,p١١٢

[3] حسن عماد مکاوی، ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی، و.مەم بورهان قانع، سلێمانی، چاپخانەی تیشک،٢٠٠٤، ل: ١٩٢.

**دووەم:** زانینی ئەو پرەنسیپانەی ڕێنوێنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکەن بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی پێشوو بە ڕێگایەکی باش یان بەرپرسیارانە.

**سێیەم:** زانینی جۆری ئەو ڕەفتارانەی دەبێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و بۆ بەجێهێنانی پرەنسیپە ڕێنمایکارەکان ڕەچاوبکرێن.

کەواتە میدیا بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر جەماوەردا هەیە، ئەویش ڕەچاوکردن و لادانی هەموو ئەو بابەت و هەواڵانەیە، کە بە جۆریك لە جۆرەکان زیان بە هاوڵاتی دەگەیەنێت، هەروەها پێویستە میدیا چاودێر و پارێزەری مافەکانی خەڵکی بێت لای دەسەڵات، هەروەها ئازادی پابەندە بەو واتایەی ڕەهایی تەواو بوونی نییە وەکوو ئەوەی لە هەندێک بۆچووندا هەیە، چونکە واتای ئازادی بە بوون و ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتییەوە تەواودەبێت و لە بەرژەوەندیی گشتیدا دەبێت.[١]

**شەشەم: بابەتیبوون:**

بابەتیبوون بنەمای زانیاریی ڕۆژنامەگەری مۆدێرنە، چەمکی بابەتیبوون نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەکاندا پەرەی سەند وەکوو کاردانەوەیەک بەرانبەر بە ڕوومالّی ڕۆژنامەوانیی، کە ئامانجی وروژاندنی خولیا و بۆچوونی کەسیی بوو، کە ئەو شێوازە ڕوومالّکردنەیە کە لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانەدا باو بووە.

دەستەواژەی "بابەتیبوون" لە بنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی ڕێبازێک یان شێوازێکی ڕۆژنامەوانیی بەکارهاتووە بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان بە دوای خستنەڕووی هەواڵەکانەوە بن بە شێوەیەکی بابەتیانە، کە ڕەنگدانەوەی لایەنگری خودی ڕۆژنامەنووسەکە یان ئەو دامەزراوەیەی کە خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنەکەیە، نەبێت[٢].

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بابەتیبوون بووە بە سیفەتێک کە لە خودی ڕۆژنامەنووسان داواکراوە، و یەکسانە بە گرنگیی بنەمای وردبینی لە زۆربەی دامەزراوە میدیاییە جددییەکاندا، لە دەستکاریکردنی مادە هەواڵییەکاندا، دروست نییە وشە یان دەستەواژەیەک بەکاربهێنرێت کە بە لای ئەوەدا بڕوات پێشنیار بکات بینەر لەگەڵ چ لایەنێکدا بێت، چونکە ئەمە بە واتای هێنانەکایەی لایەنگری لە داڕشتنی هەواڵەکاندا دێت.

---

[١] هەتاو حەمە سالّح، بەرپرسیاریەتیی میدیا بەرانبەر بە جەماوەر،rwangauraxna ، بێ بەروار https://www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=٢٤٧٠بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٥) .
[٢] درویس جرابر و اخرون، سیاسة االخبار واخبار السياسة، القاهرة، مكتبة الشرق الدولية،٢٠٠٤، ص: ٢٠.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشوودا، هەر شاردنەوەی زانیارییەک لە هەواڵەکاندا بە نابابەتی دادەنرێت و هەر جۆرە لابردنێک، زیادکردنێک، یان پشتگوێخستنێک لە باسکردنی هەر ڕووداوێک، هەواڵەکە لە بابەتییەتییەکەی دەسەنێتەوە و متمانەی خوێنەران بە هەواڵەکە و کاریگەرییەکەی کەم دەکاتەوە وهەروەها کاریگەریی نەرێنی لەسەر وەرگرانی کەناڵەکە یاخود بەکارهێنەرانی میدیای نوێ دروست دەکات، ئەمەیش واتا بنەماکانی دیکەیش بەپێی پێویست پەیرەو ناکرێت لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکەدا، چونکە کەمهەتازۆر پەیوەندییان بە بنەمای بابەتییەتەوە هەیە، کە بریتییە لە ڕاستگۆیی و دروستی و وردبینی، بە بێ بەردەستبوونی ئەم سیفەتانە یان بنەمایانە، هەواڵەکە بابەتی نییە.[1]

بابەتیبوون شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕووماڵکردنی هەواڵ، هەوڵدەدات بە چەند ئامانجێک بگات:[2]

- جیاکردنەوەی ڕا لە حەقیقەت، لەبەر ئەوەی جەماوەر مافی خۆیەتی بە تەنها ڕاستییەکان بزانێت لە پێناو گەیشتن بە ڕاستگۆیی.

- هاوسەنگی، بە پێدانی فرسەتی وەکوو یەک بە لایەنە جیاوازەکان،هەتاڕا و بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو، بەجۆرێک جەماوەر بتوانێت گشت زانیارییە پێویستەکانی سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو یان ڕووداوێک لە ڕووداوەکان دەست بکەوێت.

بابەتییەت واتا نابێت بە سڕینەوە و زیادکردنی هەواڵەکە بشێوێنرێت، واتا نابێ هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکە پێچەوانە بکرێتەوە یان بگۆڕدرێت بەپێی قۆرخکاریی دامەزراوە میدیاییەکە، واتا ڕۆژنامەنووس پێویستە هەواڵەکە وەکوو خۆی بڵاوبکاتەوە و پاشان سەرنجی لەسەر بدات. ڕوانگەی کەناڵە میدیاییەکە لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە ڕوون بکەرەوە، ئایا لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکەدا هاوڕایە یان جیاوازە.[3]

دەتوانرێت حاڵەتەکانی ڕەچاونەکردنی بنەمای بابەتیبوون لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەم شێوەیە کورتبکرێتەوە:[4]

١- مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەیەکی لایەنگری و پشتبەستن پێی چەندین جار لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

---

[1] فاروق ابو زيد و ليلى عبد اجمليد، فن التحرير الصحفي، قاهرة، مركزجامعة القاهرة للتعليم املفتوح، ٢٠٠٠، ص: ٤٦.
[2] محەمەد مونیر حیجاب، میدیا و بابەتیبوون لە سەدەی بیست و یەکەمدا، و.یەحیا عومەر ڕێشاوی، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی سارا،٢٠١٨، ل:١٧.
[3] درويس جرابر، دينيس ماكويل، بيبا نوريس، مصدر سابق، ص:٢١.
[4] امنار وحيد فيضي، املوضوعية لدى القائم باالتصال يف املؤسسات اإلعالمية العراقية، البحوث المنشورة، في قسم الصحافة جامعة بغداد،٢٠١٠، ص :٠٥.

٢- بە ئەنقەست پشتڕاستکردنەوەی هەندێک وردەکاری لە بابەتەکاندا و سڕینەوە یان پشتگوێخستنی وردەکارییەکانی دیکە.

٣- بەکارهێنانی دەستەواژە یان وشەی پێشنیارکەر کە ئاماژەیەکی دیاریکراو بە وەرگر دەبەخشێت، کە پاڵی پێوە دەنێت بۆ قبوڵکردنی ئەم بیرۆکە مەبەستدارە.

کەواتە ڕۆژنامەنووس دەبێت بابەتی بێت سەبارەت بەو زانیارییانەی بەدەستی دەهێنێت و هەر بۆیە دەبێت لە چوارچێوەی فراوانتری خۆیدا سەیری زانیارییەکان بکات و لەسەر بنەمای بابەتیی نەک خودیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکات و لەسەر بنەمای ستاندارد و بەها پیشەییەکان بێت نەک ڕەچاوکردنی کەسی.[١]

ڕۆژنامەنوسان هەوڵدەدەن بێلایەن و دادپەروەربن لە ڕووماڵی هەواڵەکانیاندا بە پێشکەشنەکردنی ئەو هەواڵانەی کە ڕوانگەیەکی یەکلایەنە ناخەنەڕوو، بەڵکوو هەوڵدەدەن بۆچوونە پێچەوانەکانی ئەو ڕوانگەیە بزانن و بە هەمان شێوە بیانخەنەڕوو بە بێ ئەوەی ڕەخنە لە هەردوو لایەنەکە بگرن. هاوسەنگی لەو حاڵەتانەدایە کە ڕاستییەکان بابەتی مشتومڕ و ناکۆکین، بەڵام ڕاستگۆیی و دادپەروەری جیاوازە لە هاوسەنگی، هاوسەنگییەکە ئەوە پیشان دەدات کە تەنیا دوو لایەنی هەواڵێک هەیە، کە دەگمەنە، و پێویستە دەرفەتی یەکسانیان پێ بدرێت. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم هاوسەنگییە دەستکردە دەدەن؛ لە بنەڕەتدا وردبینیی کەمیان لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا هەیە، لەوانەیە ڕووماڵێک بەرهەم بهێنن، بۆ نموونە: زۆرینەی ڕەهای ئابووریناسە سەربەخۆکان لەوانەیە لەسەر دەرئەنجامێکی سیاسی دیاریکراوی ڕێککەوتن ڕێکبکەون، لە کاتێکدا کەمینەیەکی بچووک جیاوازییەکیان هەیە، بۆچوونێک کە لە ئەزموونەکانی ڕابردووەوە هەڵەی سەلمێنراوە، و ڕاپۆرتێکی هەواڵ کە کاتێک یان شوێنێکی یەکسان بە بۆچوونی ئەو دوو گرووپە بدات، چەواشەکارانە دەبێت.[٢]

بەم جۆرە دەتوانرێت بووترێت بابەتیبوون لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، ئەوانیش:[٣]

١- یەکلاییبوون.

٢- پشتبەستن بە ڕاستییەکان.

٣- پابەندبوون بە ڕاستییەوە.

---

[١] محمد نافذ صبحي فروانة، اتجاهات الصحفيين الفلسطينيين نحو أخالقيات الصحافة الستقصائية، رسالة الماجستير ، الجامعة الإسلامية ، غزة،٢٠١٨،ص:٨٤.
[٢] امنار وحيد فيضي، مصدر سابق، ص: ٩٠.
[٣] محەمەد مونیر حیجاب، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١.

٤- هەڵوێستی میدیاکار.

٥- سەرچاوەی زانیارییەکان.

٦- پێشبرکێی ڕۆژنامەنووسیی.

٧- مافی وەڵامدانەوە.

٨- ڕاستکردنەوەی هەڵە و پۆزشهێنانەوە.

٩- داڕشتنەوە و قسە لەسەرکردن.

١٠- تێکهەڵچژانی بەرژەوەندییەکان.

١١- سەربەخۆبوون.

١٢- بەرپرسیاریەتی.

١٣- دادپەروەری.

ویستی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەموو دیدگا گرنگەکان بە شێوەیەک ڕووماڵ بکەن، کە بێلایەن بێت بەرانبەر بەو کەسانەی پەیوەندییان پێوە هەیە، هەروەها وێنەیەکی تەواو و ڕاستگۆیانە پێشکەش بە وەرگران بکات ئەمەیش واتا ڕەنگدانەوەی بنەمای بابەتیبوون لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

**حەوتەم: تایبەتمەندی:**

بیرۆکەی پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان، مێژوویەکی دێرینی هەیە و تەریب بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئەو مێژووەش، گۆڕان بەسەر واتا و ناوەخنی ڕەگەزەکانیدا هاتووە. چوارچێوەی ڕەگەزەکانی بەپێی تێڕوانینی باوی کۆمەڵگا و کولتوور و سیستمە جیاوازەکان، بۆ ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی لە گرژبوون و کشانێکی بەردەوامدایە، بە جۆرێک ئەگەر ئازادیی ڕادەربڕین وڕۆژنامەوانیی شادەماری ئازادییە بەدەستهاتووەکانی مرۆڤایەتی بێت، ئەوا پاراستنی ئیتیکی و یاسایی مافی

ژیانی تایبەتی هاووڵاتیانە، تاجەگوڵینەی ئەو ئازادیانەیە کە بەرپرسیارانە بەکاردەهێنرێن و دەبنە هەوێنی مانەوە و بەردەوامیی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگاکان[١].

زەحمەتە بتوانین بگەینە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی تایبەتمەندی، هۆکاری ئەمەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەدواداچوون بۆ پێناسەیەک بۆ ئەم چەمکە بەزۆری لە فەلسەفە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر یەکەیان سەرنج دەخاتە سەر لایەنێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک لایەن، جگە لەوەیش چەمکی تایبەتمەندی خۆی لە خۆیدا چەمکێکی دینامیکە، چونکە توخمە پێکهێنەرەکانی بە هەستیاریی زۆریان تایبەتمەندن، هەروەها لە هەر سەردەمێکدا سنوری ئەم تایبەتمەندییە فراوان دەبێت بۆئەوەی توخمەکانی دیکە بگرێتەوە؛ کە لە سەردەمی ڕۆژنامەی کاغەزی تەقلیدیدا لە پێکهاتەکانیدا نەبوون، بۆیە بەردەوام پەرەیسەندووە، بۆ نموونە دوای ئەوەی چەمکی تایبەتمەندی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتن لە واتای وردی زاراوەی تەلەگراف، و پاشان بۆ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و میدیای نوێ.[٢]

مافی ژیانی تایبەت بۆ هەموو کەسێک مسۆگەر کراوە، چەمکی ژیانی تایبەت زاراوەیەکی فراوانە کە هیچ پێناسەیەکی توندی نییە، تایبەتمەندیی جەستەیی و دەروونیی کەسێک و لایەنی ناسنامەی کەسێک وەکوو ناسینەوەی ڕەگەز و ئاڕاستەی سێکسی، ناو یان توخمەکانی پەیوەست بە مافی کەسێک دەگرێتەوە، هەروەها ناوبانگی مرۆڤ بەشێکە لە مافی ژیانی تایبەت. ژیانی تایبەت درێژ دەبێتەوە بۆ مافی دامەزراندنی ئازادانە و پەرەپێدانی پەیوەندی (لەوانەیش پەیوەندییە ڕۆمانسییەکان) لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە. جگە لەوەیش، زانیارییەکانی پەیوەست بە بارودۆخی پزیشکی، ناونیشانی ماڵ، دروستکردنی منداڵ لە دەرەوەی هاوسەرگیری و چالاکییە سێکسییەکان بە کەوتنە چوارچێوەی ژیانی تایبەت دادەنرێت. مافی تایبەتمەندی بەو واتایە کە هەموو کەسێک، واتە کەسایەتییە تایبەت و گشتییەکان مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی تایبەت بژین دوور لە سەرنجی نەخوازراو[٣].

بە گشتی مافی تایبەتمەندی واتا توانای کەسێک بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە و ئەو مەرجانەی کە ڕێگا بە کەسانی دیکە دەدەن دەستیان بەم شتانە بگات، و هەندێک پێناسەی دەکەن وەکوو توانای کەسێک بۆ هێشتنەوەی بابەتە تایبەتەکانی و ڕێگریکردن لە ئاشکراکردنیان. جێی سەرنجە کە ئەم

---

[١] شوان ئادەم ئەیڤەس، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی رۆژنامەگەریدا، سەرچاوەی پێشوو، ل:١٣.

[٢] رزق سلمودي و اخرون، الموقف المعاصر لقواعد القانون الدولي العام من الحق في الخصوصية في العصر الرقمي، البحوث المنشورة، قسم الد ارسات إلنسانية وإلدارية، الجامعة العربية ألمريكية، فلسطين،٢٠١٧، ص٥، ( مجلة الجامعة العربية ألمريكية للبحوث، مجلد(٣)، (العدد (٢)،٢٠١٧).

[٣] Council of Europe, Guidelines on Safeguarding Privacy in the Medi, rm.coe,٢٠١٨ https://rm.coe.int/prems-guidelines-on-safeguarding-privacy-in-the-media-٢٠١٨/-b١٦٨٠٩٠٢٨٩، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٦\٨).

پێناسانە بۆ تایبەتمەندی، و سەرەڕای جیاوازییەکانیان لە پێکهاتەکانی تایبەتمەندی، هاوبەشن لەو ڕاستییەی کە فەزایەک بۆ تاکەکان دابین دەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕێگری لە کەسانی دیکە دەکرێت بە بێ ڕەزامەندی ئەوان دەستیان پێی بگات. کەواتە هەموو ئەو دۆخەیە کە کەسێک تێیدا دەژی وەکوو ئەوەی هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە ژیانی خێزانەوە لەخۆبگرێت، وەکوو پەیوەندی لەگەڵ منداڵ و هاوسەر، ژیانی سۆزداری، وێنە، ئاشکراکردنی دارایی و چۆنێتی بەسەربردنی کاتە پشووەکان.[١]

مافەکانی مرۆڤ ڕێژەیین، بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و کات و شوێن و دابونەریت و هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە دەوری کۆمەڵگا و مرۆڤ دەدەن، دەگۆڕێت، بۆیە بە پێداچوونەوە بە گەشتی تایبەتمەندیی نێوان ڕابردوو و ئێستا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تایبەتمەندی لە بازنەی دانپێدانانیدا بە سێ قۆناغی مێژووییدا تێپەڕیوە:[٢]

- قۆناغی یەکەم: داننان بە تایبەتمەندی و پاراستنی تاکەکان لە دەرکەوتنی دەستدرێژی جەستەیی بۆ سەر ژیان و موڵک و ماڵی خۆیان.

- قۆناغی دووەم: تایبەتمەندی بریتییە لە پاراستنی بەها و توخمە ڕەوشتییەکانی مرۆڤ، کە بە تایبەتمەندی ڕەوشتی ناسراوە.

- قۆناغی سێیەم: تایبەتمەندی وەکوو مافێکی گشتی کە پانتایی خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ هەموو لایەنەکانی هێرش و دەستێوەردان لە ژیانیدا، سیما و سروشتیان هەر چییەک بێت و لێرەدا کاریگەریی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی لەسەر ژیانی تایبەت سەرهەڵدەدات و لەناو ئەم واتایەشدا چەمکێکی نوێی تایبەتمەندی هەبوو؛ لەدایکبووە و پەیوەستە بە کاریگەریی تەکنەلۆژیا لەسەر ژیانی تایبەت، کە بە نهێنی زانیارییەکان نوێنەرایەتی دەکرێت.

تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک بە تەنها بە نان و بەرژەوەندییە مادییەکانیان ناژین و ناتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، بەڵکوو پێویستیان بەوە هەیە بە دوور لە چاو و زمانی کەسانی دیکە، هەست بە ئاسایش و ئۆقرەیی شوێنی مانەوە و پشوودان و نەپشکنین یاخود سەقامگیری ساتەوەختی تەنهایی و هێمنی، نهێنی پەیوەندییە جەستەیی و ئەلیکترۆنییەکان یان ئاڵوگۆڕی نامە و وێنە و بەڵگەنامەکان، دۆخی بێدەنگی و خەڵوەتنشینی، ئازادیی پێکەوەژیان و دوورەپەرێزیی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بکەن، ئەوەیش لە دەقی

---

١ عماد حمدي حجازي، الحق في الخصوصية ومسؤلية الصحفي، مصر، دارالفكرالجامعي الأسكندرية، ٢٠٠٦، ص: ٤٨.

٢ `ايت سيدهم يحي، الحياة الخاصة في ضل التطور التكنولوجي، الرسالة الماجستير المنشورة، الجزائر، جامعة جيلالي ليابس، كلية الحقوق و العلوم السياسية،٢٠١٥، ص: ٤.

جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، دەستووری زۆربەی وڵاتان و یاسا ناوخۆییەکاندا دووپاتکراونەتەوە و پارێزگاری لێکردنیان، بەهەند وەگیراوە و ئاماژەیان پێدراوە[1]. هەروەها لە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانیدا یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە ڕۆژنامەنووس پێویستە لێی لا نەدا و بە باشی ڕەچاوی سنورەکانی مافی ژیانی تایبەتیی تاکەکان بکات.

لە ئێستادا بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی میدیا و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن وەکوو کەناڵەکانی مانگی دەستکرد و ئینتەرنێت کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام ئەمە ڕێگریمان لێناکات لە قسەکردن لەسەر ئەو مەترسیانەی کە دەکرێت لێی دەربکەوێت و هەڕەشە لە مافی تایبەتمەندیی تاکەکان بکەن، بە تایبەت بەم کراوەییە گەورەیەی ئێستای میدیا، فراوانبوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە لایەک و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان لە لایەکی دیکەوە، بەشدارییان کردووە لە پەرەسەندنی قەبارەی مەترسییەکان بۆ سەر تایبەتمەندیی تاکەکان، وەکوو بڵاوکردنەوەی وێنە یان هەواڵی تاکەکان بە بێ مۆڵەت و ڕەزامەندی خۆیان، جا لە ڕێگەیەوە بێت میدیا (تەقلیدی، ئەلیکترۆنی) یان تەکنەلۆژیای پەیوەندیی دیجیتاڵی؛ کە سنوری نهێنیەکانیان پێشێل دەکات و سەقفی ژیانی تایبەت دەشکێنێت.[2]

بۆیە مافی ژیانی تایبەت لە ئێستادا بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە بەرەوڕووی قەیرانێکی گشتی بووەتەوە:

یەکەم: گەشەسەندنی خێرای دەزگاکانی ڕاگەیاندن، وەکوو زیادبوونی پێویستی بە هەواڵ، چ پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسییەکان، ئابوورییەکان یان کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت.

دووەم: وردبینیی زانستی و تەکنەلۆژیای خێرا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، چ لە بواری بینین بێت، چ بیستن، یان لە سیستەمی زانیاریدا، ئەو وردبینییەی کە ڕێگە بە دەستڕاگەیشتن بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەت دەدات بە ئاسانتر.[3]

لەم بارودۆخەیشدا ڕۆژنامەنووسی پیشەیی و ڕاستەقینە دەردەکەوێت، کە لە هەر جۆرە میدیایەکی نوێدا کار بکات، ئەوا بە تەواوی ڕەچاوی پرەنسیپەکانی ئیتیکی میدیا دەکات و لە نێویشیاندا پاراستنی تایبەتمەندیی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا.

---

[1] شوان ئادەم ئەیڤەس، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٤٩.

[2] عبد الرزاق مقران، الحماية الجنائية للحق في الخصوصية في مواجهة وسائل الإعلام وتكنولوجيا الاتصال في التشريع الجزائري، أطروحة دكتۆراه المنشوره، الجزائر، جامعة الجزائر١، كلية الحقوق،٢٠٢١، ص: ٨٩.

[3] سوزان عدنان، إنتهاک حرمة الحياة الخاصة عبر االنترنت "دراسة مقارنة"، البحوث المنشورة، قسم القانون، جامعة دمقش العلوم لأقفصادية و القانونية، سوريا، ٢٠١٣، ص: ٤٢٣ (مجلة العلوم االقتصادية والقانونية، جامعة دمشق، المجلد ٢٩، العدد الثالث، ٢٠١٣ ).

## هەشتەم: بێلایەنی:

ئەم دەستەواژەیە (بێلایەنی) بەو واتایەیە کە "بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی (بە تایبەت هەواڵ) بە هەموو بێلایەنییەک و بە بێ دەستێوەردان و لایەنگیریکردن پەیامە میدیاییەکە بڵاو دەکرێتەوە"، ئەمەیش وا دەکات هەندێک کاری میدیا بە کاری ڕەنگدانەوەی ئاوێنە دەچوێنێت، بەو پێیەی میدیاکان ئەو ڕووداو و ڕاستی و هەواڵانە دەگوازنەوە( ڕەنگدانەوەیان هەیە)، کە لە جیهاندا ڕوودەدەن و بۆچوونەکان لەسەر پرسە ناکۆکەکانی نێوان خەڵک و گەلان بە بێ دەستێوەردان لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی میدیاوە دەگوازنەوە.[1]

هەروەها بێلایەنی واتای ڕادەرنەبڕینی ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵکوو مەبەستێکی دیکەی جیاکاریکردنە لە نێوان ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی وەکوو هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار، چونکە لەم ژانرانەدا پانتایی بۆ دەربڕینی ڕای ڕۆژنامەنووس جیاوازە، بۆ نموونە لە هەواڵدا کەمترە بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە و لە وتاردا پانتاییەکە زۆر فراوانترە[2]

میدیا ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە داڕشتنی دیموکراسییەکی تەندروستدا دەگێڕێت، وامان لێ دەکات ئاگاداری چالاکی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بین، کە لە سەرانسەری جیهان ڕوودەدەن، هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕاستی ڕووت و واقیعە سەختەکانی ژیانە.

میدیا پاریزانێکی گرنگە لەسەر شانۆی سیاسی، زۆرجار لەلایەنسیاسەتمەدارانەوە ڕۆژنامەنووسان دەترسێنێرێن، چونکە سەرکەوتوو بوون لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی جۆراوجۆر، ئەگەر سیاسەتەکان گۆڕدراون و چاکسازی دەستپێکردووە و سیاسەتمەدار و بەرپرسە گەندەڵەکان لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە، بەشێکیان بەهۆی ئاشکراکردنی میدیاکانەوە بووە.[3]

میدیاکان بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانیان لە کاتی هەڵبژاردندا بە بیری سیاسەتمەداران دەهێننەوە، ڕووماڵی تەواو لەلایەنکەناڵە هەواڵییە تەلەڤیزیۆنییەکانەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یارمەتی خەڵک دەدات بە تایبەت نەخوێندەواران لە هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو، ئەمەیش سیاسەتمەداران ناچار دەکات پابەندی بەڵێنەکانیان بن، بۆئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، هەروەها میدیاکان کەلێنەکانی ناو سیستەمی دیموکراسی ئاشکرا دەکەن، کە دواجار یارمەتیی حکومەت دەدات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئەو کەلێنانە و بۆئەوەی سیستەمەکە

---

[1] حارث الخيون، دور الحيادية في الإعلام، بحوث المنشورة(مركز النور للدراسات)، العراق،٢٠٠٩ .
[2] هاوژین عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١٩.
[3] عبدالعزيز خالد الشريف، أخلاقيات الاعلام، عمان، دار يافا العلمية للنشر،٢٠١٤، ص: ٦٢.

زیاتر لێپرسینەوە و وەڵامدەرەوە و هاوڵاتی-دۆست بێت.[١] وە بێگومان هەموو ئەمانە کاتێک ڕوودەدەن، کە میدیا بێلایانانە و لە بەرژەوەندیی گشتی کاربکات.

کەواتە بەم پێیە میدیا تەنها وەکوو ئامێرێکی گواستنەوە دەبێت و هیچ ڕۆڵێکی لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکاندا نابێت، بەڵام ئایا لە کاتێکدا میدیا بە مرۆڤ و تاکەکان بەڕێوەدەچێت، مرۆڤیش هەریەک خاوەنی بیر و دیدگا و بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی، ئەوا دەگونجێت لە کاری میدیا و ڕۆژنامەوانیدا بە تەواوی بێلایەن بێت.

ئایا پێویستە ئێمە بڵێین ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە بێلایەن نییە؟ یان ئەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە بێلایەن نییە؟ نەخێر، مەرج نییە، چونکە لە واقیعدا شتێک نییە بە ناوی بێلایەنیی تەواوەتی و سەد لە سەد. نەک تەنها لە کاری میدیادا، بەڵکوو تەنانەت لە ژیانی شەخسیی ئێمەیشدا، کاتێک دوو هاوڕێت دێنە لات و لێکتێنەگەیشتنیان لێدەکەوێتەوە و داوات لێ دەکەن ناکۆکییەکە چارەسەربکەیت یان گوێ لە دوو دیدگاکەیان بگریت، بۆت دەردەکەوێت کە هەر لایەنێک سەرنجی لەسەر "ورووژاندن" و باسکردنی ئەوەی کە بۆی گرنگە و "پشتگوێخستن" یان وازهێنان لە هەندێک شت کە ڕەنگە لە بەرژەوەندیی لایەنی بەرانبەردا بێت، یان ئەو بە خێرایی و بەبێ وردەکاری باسیبکات، ئەمە نموونەی پەیامی میدیاکانە[٢].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری پێشوومان دەڵێین: "ئەگەر گریمانەبکەین، کە چەمکی بێلایەنی هێڵێکی ڕاستە کە لە سفرەوە دەستپێدەکات هەتا دە خاڵ، لە هەمان کاتدا دان بەوەدا بنێین کە هیچ کەسێک (تاکەکان یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن) دە خاڵە تەواوەکە بەدەستناهێنن، (بەهۆی مەحاڵەوە لە مێشک و واقیعدا)، پاشان هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ ئەدای هەر دەزگایەکی میدیایی ئەوە ژمارەی خاڵەکانە کە لەم (١٠) خاڵەدا بەدەستیدەهێنێت. دەتوانین بڵێین ئەم کەناڵە میدیاییە بێلایەنی لە دەیان یەکێکە و ئەم نووسەرە بە پلەی پێنج بێلایەنە و ئەو کەناڵە دیجیتاڵییە نزیکە لە هەشت خاڵ و هتد...، هەروەها هەڵەیە حوکمێکی گشتی بدرێت لەسەر دەزگایەکی میدیایی، کە بێلایەنە یان بێلایەن نییە بە پشتبەستن بەو هەواڵانەی کە دەیخوێنینەوە یان بینیومانە. ڕاستە کە دیاریبکەین و بڵێین فلان کەناڵ لە بابەتێکی دیاریکراودا بێلایەن نییە، بەڵام لە باقی بابەتەکاندا بێلایەنە، یاخود ئەوەی ئەم نووسەرە بێلایەن نییە لە شێوازی تێڕوانینی ئەو بابەتە، چونکە دژی مەیلە فیکرییەکانییەتی، بەڵام لە بابەتەکانی دیکەدا بێلایەنە.[٣]

---

[١] Christine Quail ,Christine Larabie, Net Neutrality: Media Discourses and Public Perception, Published research, p٤٢, Global Media Journal -- Canadian Edition, Volume ٣, Issue ١, pp. ٣١-٥٠ ،٢٠١٠، Canada, McMaster University.

[٢] حارث الخيون، مصدر سابق.

[٣] حارث الخيون، مصدر سابق.

ئەمە هەڵە نییە کە نووسەر بۆچوونێکی هەبێت، بەڵکوو ئەوەی هەڵەیە لە ئیدیعای نووسەر (یان کەناڵی میدیایی) کە دەڵێت بێلایەنە لە خستنەڕووی بیرۆکەکەی یان هەموو لایەنەکانی بابەتەکەی بە بێلایەنی تەواو ڕووماڵکردووە. باوەڕبوون بە بێلایەنیی تەواوەتیی ڕۆژنامەوانی مەترسیدارە، ئەو باوەڕەی کە ڕۆژنامەنووس بوونەوەرێکی سەرو سروشتییە، کە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات و پەروەردەی کولتووریی خۆی تێبپەڕێنێت. ناکۆکی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری وەکوو بوارێکی سەر بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەڵام لایەنگری ڕەهاش بۆ بابەت یان ڕووداوێکی دیاریکراو یاخود لایەنێک لەوە مەترسیدارترە.[1]

بەم پێیە باس لە بەهای بێلایەنی لەو ڕەچاوکردنەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ڕۆژنامەنووس لە سەرووی هەموو شتێکەوە شایەتحاڵە و چاو و گوێیە لە کەناڵەکاندا لە نێوان دوو ئەگەردا دەبێت یان شایەتحاڵی کردن لە میدیایەکدا، کە بە تەواوی لایەنگری گێڕانەوەیەکی تایبەتە یان لەژێر کاریگەریی فشارەکانی سەرنووسەری یان سیاسیدا دەبێت، یان گەیاندنی ڕووداوەکان لە میدیایەکی بێلایەندا، کە تێیدا میدیاکە توانای گەیاندنی ڕاستییەکەی هەیە بە شێوەیەکی زۆر بێلایەنانە.[2]

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا بنەما ئیتیکییەکانی کاری ڕاگەیاندن بە ئاشکرا داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات دوور لە تێکەڵکردنی ڕای تاکەکەسی؛ هەواڵ و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیان بگەیەننە وەرگران و جیاکاری لە نێوان ڕادەربڕین و هەواڵنوسیندا بکەن، هەر بۆیە داوادەکات خۆیان لە هەر گوفتارێک بە دوور بگرن، کە دەبێتە مایەی کاڵکردنەوەی هێڵی جیاکردنەوەی هەواڵ لە وتارەکانی ڕادەربڕیندا.

**نۆیەم: دەستپاکی:**

نابێت بە هیچ شێوەیەك، دەست بەسەر مادەی ڕاگەیاندنی کەسانی دیکەدا بگیرێت، چونکە ئەمە دزییە و کارێکی نائیتیکییە، جگە لە ڕێکارە زانستی و ئەکادیمییەکان، نابێت بە هیچ شێوەیەك دەست بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی کەسی دیکە ببات، دەبێت هەمیشە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵەکانی ئاماژەپێکراو بێت، بە ڕاستەوخۆ یان بە کۆد.[3] چونکە وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکراوە ڕۆژنامەنووس دەبێت نموونەی ڕەوشت بێت بۆ کۆمەڵگاکەی و لە کارەکەیدا بە ئەوپەڕی ئاکارەوە کاربکات.

---

[1] محمد أحداد، ضد الحياد في الصحافة، aljazeera ، تاريخ النشر، ٢٠٢١ https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/١٤٩١ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٤\٢٨).
[2] محمد أحداد، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[3] ئەمیرە عەبدوڵا جاف، بەها ئەخلاقییەکانی کاری ڕاگەیاندن، penus، ٢٠١٦

هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گرنگیی سیفەتی دەستپاکی بۆ رۆژنامەنووس ئەوەیە کە رۆژنامەنووس نەکەوێتە داوی هەندێک دامەزراوەی هەواڵی گوماناوی، کە کارەکانیان جێگای متمانە نین و هەڵبەستراون، هەروەها کەسان و کۆمەڵێک کەس هەن کە بە ئەنقەست زانیاریی هەڵە و دەنگۆ و درۆی راشکاوانە بڵاودەکەنەوە، کە ئەمە لە کاری سەرهێڵ و میدیای نوێدا ئاسانترە، هەربۆیە گرنگە لەبیرمان بێت کە زۆر دەزگای هەواڵ هەن، کە بە دەستپاکی رۆژنامەوانییەوە کاردەکەن و جیایانبکەینەوە لە دەزگا گوماناوییەکان و بە دەستپاکی و ئەمانەتەوە زانیاری لەو سەرچاوانە وەربگرین کە لە پرەنسیپە ئیتیکییەکاندا لەگەڵیاندا هاوبەشین.[١]

دەستپاکی زۆر پێویستە ئەگەر رۆژنامەنووس بیەوێت بە وردی لێکۆڵینەوە لە پرسەکان بکات بۆئەوەی راستییەکان بدۆزێتەوە. رۆژنامەنووسێک کە دەستپاکی هەبێت؛ ناتواندرێت بکڕدرێت، وەربگیرێت، یان کاریگەری لەسەر بێت، رۆژنامەنووسی دەستپاک دەستکەوت و بەرتیل و بەڵێن قبوڵناکەن، ئەوان ئازادن لە هەر زنجیرێک کە بتوانێت رێگرییان لێ بکات و دەتوانن لە شوێنە تاریکەکاندا رووناکییەک بدرەوشێننەوە، لەو شوێنانەی کە ئەوانی دیکە ناتوانن بیکەن؛ ئەمان هەڵدەکەن و لێپرسینەوە لە بەهێزەکان دەکەن.[٢]

دەتوانرێت بووترێت دەستپاکی بە واتای ئەمانەی خوارەوە دێت:[٣]

- دەبێت رۆژنامەنووس بابەتە میدیاییەکان نەفرۆشێت بۆ پاداشتی دارایی، تەنها مووچەی خاوەن-کارەکەی وەربگرێت.

- نابێت رۆژنامەنووس پارە لە کەسێک، گرووپێک، یان کۆمپانیا و رێکخراوێک وەربگرێت لەبەرانبەر گۆرینی چیرۆکی هەواڵەکەی و گۆرینی راستییەکانی ناو چیرۆکەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی لایەنێک.

- پشتگیرینەکردن یان وا دەرنەکەوێت پشتگیری لە هیچ رێکخراوێک، بەرهەمەکانی، چالاکییەکانی یان خزمەتگوزارییەکانی بکات.

---

http://penus.krd/index.php/ckb/٢٠١٨-٠٤-٠٢-١٩-١١-٣٣/item/٣٣٦-i بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\٣٠).

[١] Landman Library، Journalistic Integrity, arcadia٢ News Research Guide | Arcadia University، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٧/٣١).

[٢] Frank Davies, Public Relations and Journalism: Truth, Trust, Transparency and Integrity,published research, Lincoln, U.K, University of Lincoln,٢٠٠٨,p١٠.

[٣] David Brewer,Integrity and journalism, mediahelpingmedia,٢٠٠٦ ٢ https://mediahelpingmedia.org/٢٠٠٦/٠١/١٦/integrity-and-journalism\ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٦\٩) .

- ڕۆژنامەنووس کارنەکات بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم یان خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان، هەروەها تەنها بۆ بەرزکردنەوەی دەزگای میدیایی خۆی نەبێت.

**دەیەم: نهێنیپارێزی:**

ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە گرنگیی سەرچاوەی هەواڵەکان دیاریدەکات لە بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر و پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، بۆیە بەرپرسیاریەتیی ڕاگەیاندن داوادەکات ڕێز لە سەرچاوەی زانیارییەکانی بگرێت. ڕۆژنامەنووس تەنها ئامانجی بەدەستهێنانی هەواڵەکەی نییە بە هەر ڕێگەیەک بێت، بەڵام شێوازی بەدەستهێنانی هەواڵەکە پێگەی ئەو لە ئاستی نهێنیپارێزیدا دیاریدەکات، ئایا سەرچاوەکانی و کوالێتییان و هەتا چی ڕادەیەک بەهێزن، ڕەنگە ڕۆژنامەنووس یان پەیامنێر هەواڵێک لەدەستبدات کە دەیتوانی بەدەستیبهێنێت، بەڵام ئەوە کۆتاییی ڕۆژ نییە هەتا ئەو کاتەی سەرچاوەکەی ڕێگەی بە بڵاوبوونەوەی نەداوە. پاراستنی سەرچاوەکان زۆر گرنگە و چەند سەرچاوە زیاتر بێت، بازنەی ڕۆژنامەنووس فراوانتر دەبێت و دەرفەتی زیاتری دەبێت بۆئەوەی لە پێش هەواڵ و بابەتەکان بێت، بەڵام پاراستنی نهێنیی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵی ڕۆژنامەوانی ئەرکێکی یاسایی و پیشەیی و ئیتیکییە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووس پابەند بێت پێیەوە لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکدا.[1]

حکومەت یان دامودەزگا فەرمییەکان سەرچاوەی سەرەکیی زانیارین بۆ دامەزراوەکانی میدیا و ڕۆژنامەنووس ئازادە لە بڵاوکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییە فەرمییانەی خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنن، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە وریا بن لە بڵاوکردنەوەی ئەو دۆکۆمێنت و هەواڵ و ئامارانەی پەیوەندییان بە نهێنیی تایبەتی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە. لە زۆربەی وڵاتاندا هەندێک زانیاریی دارایی و سەربازی و دادوەری و هەواڵگری و سەرۆکایەتی هەیە زۆر بە دەگمەن ڕێگەدەدرێت دەستی ڕۆژنامەنووسانی بگاتێ، خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووس دەستی بە زانیارییەکانیش گەیشت، ئەوا دەبێت بە پابەندبوون بەم بنەما ئیتیکییە و لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و وڵات بڵاویاننەکاتەوە، چونکە بێگومان ئەمنیەتی گشتی لە دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانی گرنگترە.[2] بەڵام ئەمە لە هەندێک سیستمی سیاسیدا دەقۆزرێتەوە و بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی گشتییەوە پانتایی ئازادییەکان تەسکدەکەنەوە و زۆربەی

[1] سليمان صالح، أخلاقيات الإعلام، ط٢، الكويت، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع ، ٢٠٠٥، ص: ٥٠٢.

[2] ليلى عبدالمجيد، شريعات الإعلام فى مصر وأخلاقياته، مصر، دار النهضة العربية،٢٠٠٧، ص: ٤١ .

زانیارییەکان دەخەنە ئەو چوارچێوەیەوە، کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەم حاڵەتە ئاگاداربن و سنوری ئازادییەکانی خۆیان بزانن.[١]

لە لایەکی دیکەوە میدیاکان تەنها هەواڵ بڵاوناکەنەوە، بەڵکوو ئەو زانیارییانەش بڵاودەکەنەوە کە لە سەرچاوەکانەوە وەرگیراون کە ڕەنگە نهێنی بن، ئەمەیش ڕۆژنامەنووس دەخاتە بەردەم مەترسیی ئاشکراکردنی سەرچاوەی زانیارییەکان، بە تایبەت کاتێک بابەتەکە هەستیار بێت و نهێنییەکە پەیوەندی بە سەرچاوەی هەواڵەکەوە هەبێت. ئەم مافە بۆ ڕۆژنامەنووس ماوەیەکی زۆری پێچوە هەتالە زۆرێک لە وڵاتاندا پەسەندکرا، بەو پێیەی بەرژەوەندییەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگا لەم مافەدا هەیە، لە لایەکی دیکەیشەوە پرسێکە کە پابەندبوونی ئیتیکی لە ڕۆژنامەنووس داوادەکات، بە تایبەت کاتیک کە ڕۆژنامەنووسەکە بەڵێندەدات بە سەرچاوەکە بۆ پاراستنی ناوەکەی و سەرچاوەی زانیارییەکانی، ئەگەر لە ئەنجامدا پاشگەزبوەوە لە بەڵێنەکەی، ئەوا ڕۆژنامەنووسەکە متمانەی لای زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە بە نهینی زانیارییان لێ وەربگرێت، لەدەستدەدات.[٢]

## یازدەیەم: جیاکردنەوەی نووسین و ڕیکلام:

دڵنیابوون لە لێک جیاکردنەوەی نێوان ڕیکلام و بابەتە میدیاییەکان لە ڕووی شێوە و شێوازی بڵاوکردنەوە، یان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هەروەها کارکردن لەسەر ڕێگەنەدان بە خاوەن_ڕیکلامەکان کە دەستێوەردان لە ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان دەکەن، بە جۆرێک کاریگەریی خراپ لەسەر بابەتیبوون و بێلایەنی و وردیی ئەو بابەتانە بەجێبهێڵێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بڵاویدەکەنەوە.[٣]

## دوانزەیەم: ڕێزگرتنی بەهاکانی کۆمەڵگا:

ڕۆژنامەوان خاوەنی کەسایەتی و تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە جێبەجێکردنی پیشەکەشیدا، ڕێزی دید و بۆچوون و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ئایینی، کولتووری، سیاسی، نەتەوەیی، ڕەگەزیی و نەژادی و ...هتد، دەگرێت و بە چاوی سووک و بێبەهاوە سەیریانناکات، هەروەکوو دەبێت لە کاتی کارکردنیشدا نەکەوێتە ژێر

[١] عبدالعزيز خالد الشريف، مصدر سابق، ص:٥٢.
[٢] خالد العزي، التشريحات الاعلامية والأخلاقيات المهنة، سوريا، منشورات الجامعة الافتراضية السورية،٢٠٢٠، ص: ٣٥.
[٣] رحيم مزيد، اخلاقيات الاعلام الجديد، دهۆک، مطبعة محافضة دهوک،٢٠١٣، ص:٥٠.

کاریگەرییانەوە و ڕاستیی زانیارییەکان نەشێوێنێت. بەردەوامیش لە هەوڵی فراوانکردنی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ڕزگاریی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەها مرۆییەکاندایە، هەروەها دژی هەموو جۆرە هاندان و لایەنگیرییەکی توندوتیژی و هەڕەشە و پەلاماری خوێناوییە و خۆی بە دوور دەگرێت لەو جۆرە کارانەی کە دژ بە ڕەگەز و نەژاد و کولتوور و زمان و ئایین و ...هتد دەکرێن؛ دەبێت خوازیاری بەدەستهێنانی ڕاستی و لێک تێگەیشتنی زیاتر و بەتینکردنی پەیوەندییەکانی بێت چ لە ناوخۆ یاخود لە دەرەوە.[١] کەواتە میدیاکارانی پرۆفیشناڵ بەرپرسیاریەتییەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، چونکە کاریگەری ئەو کارەی کە ئەوان ئەنجامیدەدەن لەوانەیە لە هەموو پیشەگەرانی بوارەکانی دیکە بەپرسیارێتییەکی گەورەتریان لەسەر شان بێت.[٢]

ئەم پرەنسیپانەی لە سەرەوە باسکران لە گرنگترین پرەنسیپ و بنەما ئێتیکییەکانن لە زۆربەی پەیماننامە ئێتیکییەکانی وڵاتان، بەڵام هەندێک بنەمای دیکەیش هەن کە سەرجەمیان پەیوەندیدارن بە ئێتیکی گشتی لە ژیاندا وەکوو (دەمپاکی، خراپ بەکارنەهێنانی پیشە، بەڵێن بردنەسەر، دڵسۆزی، ڕێزگرتن لە بەهای مرۆڤ، هاوکاریکردن، هاوسەنگی)، کە سەرجەمیان بۆ ڕۆژنامەنووس پێویستن و دەبێت ڕەچاویانبکات، بەڵام بەپێی تایبەتمەندی و بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێت لە خاڵێکی دیکەدا پرەنسیپە ئێتیکییەکان لە وڵات و کۆمەڵگا و کولتوور و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ وڵات و کۆمەڵگا و کولتوور و ژینگەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا جیاواز بن.

## ٢- پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەوانیی:

سەرەتا پەیماننامە بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای ئێتیکی کە پەیوەندیی کارمەندان لە بوارێکدا ڕێکدەخات و پابەند دەبن پێوەی.[٣] پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووس، یان پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی، کۆمەڵێک پرەنسیپی ئێتیکییە وەکوو دەستوورێک بۆ جوڵانەوە و کاری پیشەی ڕۆژنامەنووسی و

---

[١] شوان ئادەم ئەیڤەس، ئێتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٢.

[٢] Stanley J Baran, Introduction to Mass Communuication, Media Literacy and Culture,٢٠١٨
Introduction to Mass Communication: Media Literacy and Culture - Stanley J. Baran - كتب Google
**بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٢٩).**

[٣] طه أحمد الزيدي، أخلاقيات المهنة الاعلامية، تضم هذه المحاضرة تعريفا للأخلاق و المواثيق الأخلاقية مع الأنواع و المعايير، cte.univ ، د.ت https://cte.univ-setif.dz/moodle/mod/book/view.php?id=٢٠٣٦٧&chapterid=٥٣٣٠ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٥\٢٩).

ڕۆژنامەنووسان لە نێوان خۆیاندا لەسەری ڕێکدەکەون، یان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییەوە لەو وڵاتەدا دادەڕێژرێت.[١] ئەمەیش بە مەبەستی پاراستنی ڕۆژنامەگەری لە دەستتێوەردانی حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان و دەستەبەرکردنی زۆرترین بڕی ئازادی بۆ پرۆسەکردنی ڕۆژنامەگەریی، بەهۆیەوە کاری ڕۆژنامەگەری ڕێکدەخرێت.[٢]

لە ماوەی دەیەی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا مشتومڕ سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەما ئیتیکییەکان ڕوویدا وەکوو میکانیزمێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەدای میدیایی دامەزراوە جیاوازەکانی میدیا، بیستراو و بینراو و خوێنراو. تیمێکی گەورەی توێژەران کە گرنگییان بە پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکان دەدا لە میدیادا؛ هەوڵی ئەوەیان دا کە ڕێگایەک بگرنەبەر بۆئەوەی دەزگا میدیاییەکان پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی ئیتیک بکەن هەتا لە ڕێگەیەوە ڕێگا لە خراپ ئاڕاستەکردنی ڕاگەیاندن بگرن، بە شێوەیەک کە دڵنیایی زیاتر هەبێت لە پەیڕەوکردنی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بەم جۆرە سەرەتای دروستبوونی پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەوانی بوو.[٣]

پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانیی لیستێکە کە کۆمەڵێک بەها و ستانداردی ئیتیکی تێدایە، کە کۆنترۆڵی پراکتیکی میدیا دەکەن و ئەوانەیواژووی لەسەر دەکەن لە ڕووی ئیتکییەوە پابەند دەبن پێیەوە، هەروەها پەیماننامەی شەرەفی میدیا بەشێکی دانەبڕاوە لە یاساکانی میدیا لە کردار و جێبەجێکردندا، چونکە ئەم پەیماننامانە هێزی یاسایان نییە، بەڵام پابەندبوونی ئیتیکی پێیانەوە دابونەریتێکی میدیاییە، کە ڕەنگە لەگەڵ هۆشیاریدا بەرزببێتەوە بۆ پلەیەکی بەهێزتر لە یاسا. پەیمانێکە ڕۆژنامەنووسان پابەنددەکات بە پێدانی هەواڵی دروست بە ڕای گشتی. پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی ئەو زانیارییانەی کە بەدەستیدەهێنن، دڵسۆز بوون بۆ بەرژەوەندیی گشتی، دوورکەوتنەوە لە گەڕان بە دوای سوودی خۆیان و قبوڵنەکردن بۆ خۆیان، یان کەسانی دیکە ڕاسپێرن بۆ کارێک کە لەگەڵ ڕاستگۆیی و کەرامەتی پیشەکەدا ناتەبا بێت و پاراستنی نهێنی ئەو سەرچاوانەی کە هەواڵەکانیان لێ وەردەگرن.[٤] بەم شێوەیە گرنگیی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی دێتە ئاراوە، چونکە لە دەرگای هەندێک بابەت دەدات کە یاسا توخنیانناکەوێت وێڕای ئەوەی وەکوو سانسۆرێکی خودی ڕۆژنامەنووسیشە، بۆئەوەی پیشەکەیان لەکەدار نەکەن و هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی و ئەو پەیامە ڕەچاوبکەن، کە دەبێت لە میانی پیشەکەیاندا بیگەیەنن، بۆیە یەکەمین خاڵی دەقەکانی پەیماننامەی شەرەف بریتییە لە دابینکردنی ئازادیی ڕادەربڕین بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی ئەوە مافێکی ڕەسەن

---

[١] هێرش ڕەسول، ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٧٤.
[٢] کەمال سعدی، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، هەولێر، چاپخانەی منارە، ل: ١٧.
[٣] نبيلة عبدالفتاح حسنين قشطى، مواثيق الشرف الاعلامية، البحوث المنشورة، جامعة طنطا، كلية الحقوق، مصر،٢٠١٧، ص: ٦.
[٤] طه أحمد الزيدي، مصدر سابق.

دەبێت بۆ پاراستنی کارکردن بەو ئازادییە و لە هەمان کاتیشدا لە باشکردنی هەڵسوکەوتدا پاک و بێگەرد دەبێت.[١] ڕوونە کە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، ئازادیی ڕۆژنامەنووس یان بەرپرسی میدیا نییە بۆ بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی ئەوەی کە دەیەوێت بەبێ کۆنتڕۆڵی یاسایی و ئیتیکی، میدیا خاوەنی دەسەڵاتە و دەبێت هەمیشە ئامانجی یەکەمی ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان بێت، هەرچەندە یاسا هێڵی بەرفراوانی دەستپاکی و بابەتییەت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا دابیندەکات، بەڵام کۆنتڕۆڵە ئیتیکییەکان و لایەنگریی ڕۆژنامەنووس بەرانبەر بە شەرەفی پیشەکە گرنگترینیانن و ئەگەر ویژدانی پیشەیی بوونی نەبێت، یاسا ناتوانێت کۆنتڕۆڵی ئەم پرۆسەیە بکات.[٢]لە ئێستاشدا ڕێکخراوەکانی میدیا بایەخ بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی سەرهێڵ (ئۆنلاین) دەدەن، وەکوو فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان کە یارمەتیدەر بووە بۆ پێشخستنی ئیتیکی میدیا و ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری سەرهێڵ. تۆڕەکە پێیوایە کە ئەرکی چاودێریکردنی شێوازی دەربڕین و ڕێزگرتن لە ڕاستییەکان تەنیا بۆ ڕۆژنامەنووسان نییە، بەڵکوو زۆر گرنگە بۆ هەموو کەسێک کە لە گۆڕەپانی میدیادا ئەوەی دەیڵێت پابەند بێت بە ستانداردە ئیتیکییەکانەوە، تۆڕی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان ئاماژە بەوە دەکات کە بەها پیشەییەکانی ڕۆژنامەگەریی وەکوو پابەندبوون بە ڕاستییەکان، ڕۆحی مرۆیی، ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە، شەفافیەت و داننان بە هەڵەکان، ئەمانە بنەما بنەڕەتییەکانن کە هەموو کەسێک بە بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا و ڕۆژنامەنووسانی مەدەنییشەوە پێویستە وەریبگرن و ئەم ڕەفتارە دەبێت خۆبەخشانە بێت".[٣]

**-جۆرەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی:**

چەند پۆلێنێک بۆ جۆرەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی هەیە، ئەوانیش:

- لەسەر بنەمای پابەندبوون:

١- پەیماننامە ناچارییەکان: هەڵگری هەندێک جۆری سزایە بۆ ئەو کەسانەی کە پێشێلدەکەن یان پێشێلی ستانداردەکانی ڕەفتاری ئیتیکی دەکەن، کە لە پەیماننامەکەدا هاتوە و ئەم فۆرمی سزایانەش بریتین لە قۆرخکاری، سەرزەنشتی گشتی، یان هەڵپەساردن لە پراکتیزەکردنی پیشەکە.[٤]

---

[١] هێرش ڕەسووڵ، ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٧٦.
[٢] یحیی شقیر، مواثیق الشرف المهني، الأردن،transparency ، ٢٠٠٧
http://www.transparency.org.kw.au-ti.org/upload/books/٥٢٧pdf.، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٦\١٢).
[٣] المعز بن مسعود، أخالقيات الصحافة اإللكترونية العربية : رؤية جديدة للممارسة المهنية، مركز الجزيرة للدراسات،٢٠١٩، ص:٨.
[٤] حسني شفيق، مصدر سابق، ص: ٢٢٨.

٢- پەیماننامە ئیختیارییەکان: واتا لەسەر بنەمای خواستێکە کە لە کارمەندانی پیشەکە وەرگیراوە، بە جۆرێک کە پەسەندکردنیان پابەندبوونێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی تێیدا هاتووە و خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنن.[١]

- لەسەر بنەمای شوێن:

١- نێودەوڵەتی: ئەم جۆرە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدایە.

٢- هەرێمی: تایبەتمەندە بە هەرێمێکی دیاریکراو.

٣- لۆکاڵی یان نیشتیمانی: بۆ ناوخۆی وڵاتێک دەبێت.

٤- ناوخۆیی: ئەم جۆرە پەیماننامەی تایبەت بە دەزگا و کەناڵێکی دیاریکراو دەگرێتەوە.

٥- جۆرێکی دیکەی ئەو پەیماننامانەیە کە لەلایەن خودی زانایان و شارەزایانی بوارەکەوە کۆدەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پابەندبوونێک لەسەریان بێت لەلایەن حکومەتەکان یان کەسانی دیکەوە.[٢]

- بەپێی جۆری میدیا یان ناوەڕۆکی میدیا:[٣]

١- پەیماننامەکانی تایبەت بە میدیا و پەیوەندییەکان، کە هەموو میدیاکانی دەنگی و بینراو و چاپکراو و ئەلیکترۆنی و مانگی دەستکرد دەگرێتەوە.

٢- ئەو پەیماننامانەی کە پەیوەندییان بە لایەنەکانی ناوەڕۆکی میدیاوە هەیە وەکوو (پەروەردەیی، میدیایی، کاتبەسەربردن، ڕیکلامی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...هتد).

٣- ئەو پەیماننامانەی کە مامەڵە لەگەڵ یەک میدیادا دەکەن، وەکوو (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، دیجیتاڵ میدیا، فیلم، شانۆ، یان هەر سیستەمێکی دیکەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی).

٤- ئەو پەیماننامانەی کە مامەڵە لەگەڵ یەکێک یان چەند لایەنێکی کارکردنی میدیا دەکەن، بۆ نموونە (مۆنتاژکردن، هەواڵ، ڕووداوە هەنووکەییەکان، ڕیکلامکردن، پەخشکردن...هتد).

---

[١] ماهر عودة الشمايلة و اخرون، أخلاقيات المهنة الاعلامية، عمان، دار الاعصار العلمي للنشر و التوزيع،٢٠١٥، ص: ٤٠.
[٢] محمد حسين ابو عرقوب، اتجاهات الصحفيين الأردنيين ازاء ميثاق الشرف الصحفي، الرسالة الماجستر المنشورة، جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا، كلية الاعلام، الآردن، ٢٠١٠، ص: ٢٧.
[٣] سليمان صالح، أخلاقيات الإعلام، مرجع سابق، ص: ٥١٣.

بەم جۆرە چەندین جۆری جیاواز لە پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی جیاوازدا بوونیان هەیە و هەموویان پێکەوە لە هەوڵی باشترکردنی ڕەوشی میدیادان. ئەوە بێگومان لە ڕێگەی پێوەر و پرەنسیپە جیاوازەکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانییەوەیە، کە هەریەکێکیان لە ڕوانگەی جیاوازەوە وەکوو لە پێشتر ئاماژەمان پێ کردوە سوود و بەرژەوەندیی دەزگای میدیایی و ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵگای بە گشتی تێدایە.

# بەشی دووەم: میدیای نوێ

## باسی یەکەم: چەمک و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ

١- چەمک و پێناسەی میدیای نوێ
٢- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ
٣- تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ
٤- جۆرەکانی میدیای نوێ
٥-ئامرازەکانی میدیای نوێ

**باسی دووەم: کاریگەری و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیای نوێ**

١- کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر کەمیونیکەیشن لە کۆمەڵگادا
٢- لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی میدیای نوێ
٣- ئەرکەکانی میدیای نوێ
٤- جیاوازی نێوان میدیای نوێ و میدیای نەریتی
٥- گرنگیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی لە میدیای نوێدا
٦- ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان

**باسی سێیەم: تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی**

١- مێژووی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی میدیایی
٢- بنەما و پرەنسیپەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی میدیایی
٣- ڕەهەندەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی
٤- ئاستەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی
٥- ڕەخنە لە تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی

## ١- چەمک و پێناسەی میدیای نوێ:

شۆڕشی زانیارییەکان یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورەی لە بواری پیشەسازیی میدیایی و شێوازی بەکاربردنی زانیاری و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەشدارییپێکردن لە ناوەڕۆکیدا هێنایە کایە، واتا ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژین، بە پێشکەوتنێکی گەورە لە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و ڕەوتی زانیارییەکان تایبەتمەندە. میدیا و پەیوەندییەکان یاوەری ئەم بومەلەرزەی دیجیتاڵییان کردووە و سوودێکی زۆریان لێ وەرگرتووە و بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاریانهێناوە، لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لە بواری میدیادا، کە بووە هۆی پەرەپێدانی نەخشێکی نوێ کە لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیدا.

میدیای نوێ پێناسەدەکرێت بە: تەکنەلۆژیای پشتبەستوو بە ئینتەرنێت، کە ڕێگا بە تاکەکان دەدات ئامرازە تەکنیکییەکانی بنچینەیی ئینتەرنێت بەکاربهێنن بۆ دروستکردن و هاوبەشکردنی ناوەڕۆک و پەیامەکانی میدیا.[1]

میدیای نوێ: تەکنەلۆژییەکە کە زیاتر ئامێر و ئامرازەکان لەخۆدەگرێت کە پرۆسەی پەیوەندیی دیجیتاڵی و تۆڕەکان ئاساندەکەن، و پشتگیری لە کارلێککردن دەکەن لە سەرانسەری پلاتفۆرمی تابلێت، مۆبایلە زیرەکەکان، تەلەڤیزیۆنە زیرەکەکان، ئینتەرنێت و بەرنامەکانی وێب.[2]

هەروەها میدیای نوێ بەم شێوەیە پێناسەکراوە "پلاتفۆرمی پرۆسێسی بنکەدراوە کە لە ڕێگەی ڕووکارێکی بەکارهێنەری تەکنەلۆژیاوە کاردەکەن، چەمکی میدیای نوێ ناتواندرێت تەنها لە گۆشەی تەکنەلۆژییەوە ڕوونبکرێتەوە، بەڵکوو توخمەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی ناوەڕۆک لەخۆدەگرێت"، یاخود "پرۆسەی دەستڕاگەیشتن بە ناوەڕۆک لەسەر داواکاری لە هەر کاتێکدا، لە هەر شوێنێکەوە و لە ڕێگەی هەر ئامێرێکی دیجیتاڵییەوە، و پشت بە فیدباکێکی کارلێککەر، بەشداریکردنی داهێنەرانە و دروستکردنی ناوەڕۆکی نوێی خێرا دەبەستێت.[3]

---

[1] Kayode, J., & Jimoh, J, New Media Technologies And Ethical Challenges In Nigeria, Mass Communicator,٢٠١٨,P.٢٩.

[2] Literat, Measuring new media literacies: Towards the development of a comprehensive assessment tool (Unpublished doctoral dissertation). University of Southern California,٢٠١٧, P.٣.

[3] Thurlow, C, From statistical panic to moral panic: The metadiscursive construction And popular exaggeration of new media language in the print media. Journal of Computer-Mediated Communication, article ١,٢٠١٦, P.٣٠١.

پێناسەیەکی دیکە بۆ میدیای نوێ "ڕێگایەکی نوێی گەیاندنە کە مرۆڤەکان لە سەرانسەری دونیادا و لە هەموو بارودۆخە جیاوازەکاندا بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کە ئامانجی ئاسانکارییە لە پەیوەندیکردن و زیادکردنی کارلێککردن (Interactivity)"[١] هەروەها فەرهەنگی تەکنەلۆجی (Dictionary Tech-High) بە کورتی پێناسەی میدیای نوێ دەکات و بەم شێوەیە وەسفیدەکات: "تێکەڵبوونی کۆمپیوتەر و تۆڕی کۆمپیوتەر و مەڵتیمیدیایە، بە کورتی گرووپێکە لە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان کە لە هاوسەرگیری نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە تەقلیدییەکانی میدیا (چاپکردن) لەدایکبوون، ئاماژەیە بۆ ژمارەیەک بەرنامەی کەمیونیکەیشن، هەروەها ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەری کەسی و مۆبایلی زیرەک، هەروەها بەرنامەی بێوایەر بۆ پەیوەندیی ئامێرە زیرەکەکەن. لەم چوارچێوەیەدا و هەر جۆرە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمەت بە کاراکردنی میدیای نوێ لە چوارچێوەی دیجیتاڵیدا دەکات، دەتوانێت لە هەمان کاتدا دەنگ و ڤیدیۆ لێبدات، هەروەها دەتوانێت پرۆسێسەری ورد بێت و ڕاستەوخۆ لە هەر ئامێرێکی زیرەکەوە پەیوەندیی تەلەفۆنی و کارەکانی دیکە ئەنجامبدات".[٢]

لە کۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: میدیای نوێ بریتییە لە شێوازی نوێی گەیاندنی پەیام و بابەت و زانیاری و ڕووداوەکان بە شیوەی (دەق و وێنە و ڤیدیۆ) لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و بە تەکنیک و شێوازی نوێ و بەهۆی ئامێرە زیرەکاکانی وەکوو: (تابلێت، مۆبایلی زیرەک، لاپتۆپ...)، کە توانیویەتی هەموو جیهان بە یەکەوە ببەستێتەوە.

میدیای نوێ لەگەڵ میدیای باودا جیاوازیی زۆری هەیە، ڕاستە لە ڕواڵەتدا ئەم جۆرە میدیایە وەکوو ئامرازێکی مەڵتی میدیایی (بینراو، بیستراو، نووسراو) بەهۆی ئاسانی و سادەیی لە بەکارهێنانیدا بواری ئەوەی داوە بە هەموو کەسێک بە جیاوازیی ئاستی خوێنەوارییەوە "ئەکاونت" بکەنەوە و بەشدارییکەن لە قسەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون و کۆمێنتدان لەسەر بابەتەکان و پۆستکردنی وێنە و بابەتی جیاواز، بەڵام دواجار ئەمانە مەرج نییە بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیی بن و دواجار کاری پرۆفیشناڵی تەنها لە پەیج و ئەکاونت و سایتە فەرمییەکانی دەزگا میدیاییەکان و لای ڕۆژنامەنووسەکان بوونیان هەیە.[٣]

ئامرازەکانی میدیای نوێ وەچەرخانێکیان دروستکرد لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی تاک و کۆمەڵگاکان، وای کرد هەر یەکێکمان لە ژینگەیەکی میدیایدا بژین، بەهۆی ئەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بە بەردەوامی لە

---

[١] محمد عواد، مدخل الى الاعلام الجديد، النسخة الالكترونية، ٢٠١٢، ص: ٣٧.
[٢] ندى عمران حسين، الصورة الرقمية إحدى مالمح اإلعلام الجديد، البحوث المنشورة(مجلة بحوث الشرق الاوسط،المجلد ٧، العدد ٥١ - الرقم المسلسل للعدد ٤)، بغداد، جامعة النهرين،٢٠١٩، ص: ٤٢١.
[٣] هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، سلێمانی، چاپخانەی کوردستان،٢٠١٥، ص: ١٤.

بەردەستدا هەن و لە هەر کات و لە هەر شوێنێک بێت، بە دوای هەر زانیارییەک بگەڕێین دەتوانین دەستمان بکەوێت. لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە بەیانیاندا گۆڕا بۆ سەیرکردنی لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان و سەیرکردنی ئیمێڵ، کە زۆرترین زانیاری لەخۆدەگرن و بە کلیکێک دەیخەنە بەردەستی بەکارهێنەر.[١]

بە گشتی و دوای ئاماژەکانی سەرەوە، دەتوانین زاراوەی "میدیای نوێ" ناوببەین بە ئەو شێوازی پەیوەندیکردنەی، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندییی مۆدێرن وەکوو کۆمپیوتەر، مۆبایلە زیرەکەکان، تۆڕەکان (لەوانەیش تەلەڤیزیۆنی مانگی دەستکرد) و مەڵتیمیدیا دروستدەبێت.[٢]هەروەها میدیای نوێ چەند ناوێکی دیکەیشی پێ دەگوترێت وەکوو: میدیای دیجیتاڵی، کە لە ڕووی سیستمی پەخشکردنەوە ناودەبرێت. میدیای زانیاری لە ڕووی پێدانی پەیامەوە. میدیای کارلێکی لە ڕووی بەکارهێنانەوە لەلایەن جەماوەرەوە. مەڵتی میدیا لە ڕووی ئامڕاز و کەرەستە بەکارهاتووەکانەوە. میدیای ڕاستەوخۆ لە ڕووی پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت و مانگی دەستکردەوە.[٣]یاخود میدیای جێگرەوە لە ڕووی جێگرتنەوەی میدیای تەقلیدی، یان میدیای کۆمەڵایەتی لە ڕووی بەشداری تاکەکانی کۆمەڵگاوە تێیدا.[٤]

میدیای نوێ یان دیجیتاڵی هەتا ئێستا گەشەسەندووترین قوناغە لەسەر ئاستی تەکنیکی و هەموو ئەو تایبەتمەندی و سوودانەی کە هەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی گەشەسەندنی تەکنیکی و تەکنەلۆژیا، ئەمەیش توانایەتی بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی زانیاری، بە دروستکردنی زانیاری و پەیوەندییی مۆدێرن. کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوە و پێشکەشکردنی زانیاریی دروست، ڕاستییە ڕوونەکان، هەواڵی ڕاستگۆیانە، بابەتگەلێکی ورد، ڕاستییە تایبەتەکان، بیرۆکەی لۆژیکی و بۆچوونە دیار و بەهادارەکان و سەرچاوەکانیان بۆ جەماوەر، ئەمەیش لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتی و بەکارهێنەراندا.[٥]

لێرەوە دەتوانرێت میدیای نوێ بەسەر چوار بەشدا دابەشبکرێت:

---

[١] Moller, C,social media and journalism, ١٤th Central Asia Media Conference,Turkmenistan: Ashgabat,٢٠١٢,p١٢٦.

[٢] نسرين حسونة، الإعلام الجديد، المفهوم والوسائل والخصائص والوظائف، شبكة الألوكة الثقافية، ٢٠١٤، ص: ٣.

[٣] احمد محى خلف صقر، الإعلام الجديد وتأثيره على بعض القيم الاجتماعية السياسية في الوطن العربي، بحث المنشورة(مجلة بحوث العلوم الاجتماعية و التنمية المجلد ٢، العدد ٢، أكتوبر ٢٠٢٠)، جامعه المنيا، كليه اداب،٢٠٢٠، ص: ٣٩٣.

[٤] على خليل شقرة، الاعلام الجديد شبكات التواصل الاجتماعي، عمان، دار اسامة للنشر و التوزيع،٢٠١٤، ص: ٥٤.

[٥] علي صالح أبوعائشة، دور وسائل الإلعالم الجديد وأثرها على العملية التعليمية، بحث المنشورة، (مجلة القرطاس للعلوم الانسانية،مجلد١ )، جامعة الزاوية،٢٠٢٢، ص: ٣.

١- میدیای نوێ لەسەر بنەمای ئینتەرنێت و ئەپڵیکەیشنەکانی، کە تەواو نوێیە بە کوالێتی و تایبەتمەندیی بێوێنە، بە خێرایی گەشەدەکات، ژمارەیەک ئەپڵیکەیشنی لێ دروستدەبێت کە هەریەکەیان بە بوارێک تایبەتمەند دەبن.

٢- هەروەها میدیای نوێ کە لەسەر بنەمای ئامێرە مۆبایلییەکان دامەزراوە، لەوانەیش ئامێری خوێندنەوە بۆ کتێب و ڕۆژنامەکان، بە خێرایی گەشەدەکات، هەروەها جۆری نوێی ئەپڵیکەیشنی لێوە سەرهەڵدەدات لەسەر ئامێرە جۆراوجۆرەکان، لەوانە: تەلەفۆن، ئامێری دیجیتاڵی تاکەکەسی و شێوەکانی دیکەی.[١]

٣- جۆرێکە لەسەر بنەمای پلاتفۆرمی ئامڕازە تەقلیدییەکان وەکوو ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، کە تایبەتمەندیی نوێی وەکوو کارلێک و دیجیتاڵی و وەڵامدانەوەی داواکارییەکان بۆ زیادکراوە.

٤- میدیای نوێ لەسەر بنەمای پلاتفۆرمی کۆمپیوتەر، ئەم جۆرە بە ڕێگای ئۆنلاین، یان بە ڕێگای جۆراوجۆری پاراستن، وەکوو دیسکی بینایی و هاوشێوەکانی، لەوانە پێشکەشکردنی بینراو، یارییە ڤیدیۆییەکان، کتێبی ئەلیکترۆنی و ئەوانی دیکە دەگوازرێتەوە.[٢]

## ٢- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ

چەمکی میدیای نوێ کۆتاییەکانی سەدەی ٢٠ هاتە ئاراوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرا و فراوانەی تەکنەلۆژیا و میدیای ئەلیکترۆنی کە بە خۆیەوە بینی، بە گشتی زۆرێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ دەتوانرێت لەم خاڵە پوختانەی خوارەوەدا کورتبکرێتەوە: [٣]

_ گەشەسەندنی گەورەی تەکنەلۆژی لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان و هاوکاریکردنی تەکنەلۆجیا لەگەڵ چەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەکردنی میدیای نوێ.

---

١ عبد الهادي النجار و اخرون، تعرض المراهقين للإعلام الجديد وعلاقته باتجاهاتهم نحو الإعلام التقليدي، بحث المنشوره( المجلة العلمية لكلية التربية النوعية، العدد الخامس يناير ٢٠١٦- الجزء الاول)، جامعة المنوفية،٢٠١٦، ص: ٩.

٢ ندى عمران حسين، الصورة الرقمية إحدى مالمح اإلعالم الجديد، بحث المنشوره، (مجمة بحوث الشرق األوسط العدد الحادي و الخمسون – سبتمبر٢٠١٩)، جامعة النيرين ـ بغداد،٢٠١٩، ص:٥٠.

٣ وثر علوب محمد، الإعلام الجديد وأثره على القيم الاجتماعية: دراسة على قيمة التكافل فى السودان"، رسالة دكتوراه "غير منشورة"، كلية الدراسات العليا، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، السودان، ٢٠١٧، ص:١١١.

_ بێتوانایی میدیای تەقلیدی لە خزمەتکردنی پێداویستییەکانی جەماوەرەکەیان؛ کە میدیای نوێ فرەیی فۆرم و ناوەڕۆک زیاتر لەوەی کە میدیای تەقلیدی بەرهەمیدەهێنێت، پێشکەشدەکات.

_ توانای بڵاوبوونەوەی میدیای نوێ، ڕێگا بە خەڵک دەدات کە لە ڕێگەی کەرەستەی سادەوە ببنە بەکارهێنەر و لە ڕێگەیانەوە پەیامی خۆیان بۆ کەسانی دیکە بنێرن.

_ دینامیکی میدیای نوێ و توانای جوڵەیان، وەکوو لاپتۆپ و مۆبایل. توانای ئەوەیان پێ دەدات سوود لە تۆڕە بێوایەرەکان وەربگرن، وەکوو تایبەتمەندیی وای فای.

**ئەو دیاردانەی لەگەڵ میدیای نوێ سەریهەڵدا:**

سەرهەڵدانی میدیای نوێ چەندین دیاردەی لەگەڵدا بوو، کە بەم شێوەیە کورتیدەکەینەوە:

١- شکاندنی قۆرخکاریی کۆمپانیا گەورەکان.

٢- سەرهەڵدانی چینێکی نوێی ڕۆژنامەنووسان لە میدیا، هەندێک جار پسپۆڕی میدیا نین، بەڵکو بوونە بە پیشەیی لە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی میدیای نوێدا، کە بەهۆیەوە لە پسپۆرییە ڕەسەنەکاندا سەرکەوتوو دەبن.

٣- سەرهەڵدانی پلاتفۆرمی نوێ بۆ گفتوگۆ، وەکوو چۆن بوو بە ڕێگەپێدراو بۆ هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا، کە ئازادانە و زۆر بە خێرایی بۆچوون و ڕای خۆیان بنێرن و لە هەمان کاتدا ڕای بەرانبەر وەربگرن و کارلێکبکەن و پرسیار و سەرنج بدەن.

٤- دەرکەوتنی میدیای جەماوەر بۆ جەماوەر (لە خەڵکەوە بۆ خەڵک).

٥- سەرهەڵدانی میدیای ڕۆشنبیری.[١]

٦- بەشداریکردن لە دانانی کارنامە، میدیای نوێ هەندێک جار سەرکەوتوو دەبێت لە ڕۆشنایی بەرفراوان لەسەر ئەو پرسانەی کە لە میدیای تەقلیدیدا ڕووماڵیان ناکرێت، ئەمەیش وا دەکات ئەم پرسە گرنگانە ببێت بە پرسێک بۆ کۆمەڵگا هەتا بیریان لێ بکاتەوە و تاوتوویان بکات.

٧- سەرهەڵدانی دیاردەی کۆمەڵگای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، واتا کۆمەڵێک کەس گفتوگۆدەکەن و پەیوەندیدەکەن بە بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ مەبەستی پیشەیی و ڕۆشنبیری. کۆمەڵگای ڕاستەقینە ئەوەیە

---

[١] فاطمة بوالقابول و نهال قیسمة، تطبیقات لإعلام الجدید في المؤسسة لإعلامیة، رسالة الماستر، الجزائر، جامعة محمد الصدیق بن یحیی، كلیة العلوم لإنسانیة ولاجتماعیة، قسم علوم لإعلام و الاتصال،٢٠١٧، ص: ٥٤.

کە لەبەرئەوەی بە خێرایی دروستدەبێت و لە سەرانسەری شوێنەکەدا بڵاودەبێتەوە، گەیشتن بە ئامانجەکانی بە کەمترین بڕی سنووردارکردنی سنووردارکردن.[١]

## ٣- تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ:

میدیای نوێ بە چەندین تایبەتمەندیی پەیوەندیکردن دەناسرێتەوە، کە لە تواناکانی ئینتەرنێتەوە سەرچاوەدەگرن وەکوو ئامرازێکی مۆدێرن بۆ پەیوەندیکردن، کە پێکهاتووە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی، گرنگترینیان لەم تایبەتمەندییە پەیوەندییانەی میدیای نوێ بریتین لە:

**١- گۆڕین لە سیستەمی ئەنالۆگەوە بۆ سیستەمی دیجیتاڵی:**

لە سیستەمی دیجیتاڵیدا زانیاری بە شێوەی ژمارە جیاوازەکان دەگوازرێتەوە، کە بریتین لە سفر و یەک و کاتێک زانیارییەکان دەگەنە وەرگرەکە، لە بەرانبەردا وەریدەگێڕێت بۆ دەنگ، وێنە، یان لە لایەکی دیکەوە سیستەمی ئەنالۆگ بە گواستنەوەی زانیاری لە شێوەی شەپۆلێکی یەک لە دوای یەک و بە سەرنجدان لەوەی کە سیگناڵە دیجیتاڵییەکان یان سفرن یان یەکن بەبێ هیچ بەهایەک لە نێوانیاندا. سیستەمی دیجیتاڵی پاکترە و دوورە لە دەستێوەردان، لە ڕاستیدا ئەو دەنگە یان ئەو وێنەیەی کە لەم سیستەمەوە دێتە ئاراوە یان بە تەواوی پاکە، یان بە هیچ شێوەیەک بوونی نییە، ئەمەیش بە پێچەوانەی سیستەمی ئەنالۆگەوەیە؛ کە دەتوانێت بەهای بەشەکی لەخۆبگرێت کە لە سفرەوە هەتا یەک دەگۆڕێت و هەر بۆیە ئەگەری دەستێوەردان زیاترە. یەکێکی دیکە لە باشییەکانی سیستەمی دیجیتاڵی بریتییە لە گونجان و ئەگەری تێکەڵکردنی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی تەکنەلۆژیای وەکوو (کۆمپیوتەر) کە لە سیستەمی ئەنالۆگدا کارێکی قورسە. پەخش و تەلەفۆن و تۆڕەکانی زانیاری هەموویان لە داهاتوودا دیجیتاڵن، سیستەمی دیجیتاڵی لەسەر بنەمای (ئۆن-ئۆف)ە، کاتێک بەکاردێت بۆ گواستنەوەی دەنگ، دەق یان ڤیدیۆ، جیاوازی ناکات لە نێوان ئەو زانیاریانەدا، بەڵکوو مامەڵە لەگەڵ هەموویان دەکات لە یەک ئاستدا.[٢]

---

[١] صليحة شلواش، واقع استخدام تكنولوجيا االتصال الحديثة وأثرها على العمل الصحفي، رسالة ماجستري غير منشورة، جامعة حممد خيضر بسكرة، كلية العلوم اللنسانية والاجتماعية، قسم العلوم اإلنسانية، تخصص وسائل الإعلام والاتصال،٢٠١٢، ص: ٣٨.

[٢] سميرة شيخاني، الإعلام الجديد في عصر المعلومات،بحوث المنشورة(مجلة جامعة دمشق – المجلد ٢٦ -العدد الأول+الثاني ٢٠١٠)، جامعة دمشق، ص: ١٢.

**٢- كارلێككردن:**

لە میدیای نوێدا کرداری پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن دوو لایەنە و دوو ئاڕاستەیە، بە جۆرێک زانیاری و هەواڵ و بابەت و ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت و گفتوگۆ و وتوویژ لە نێوان لایەنەکاندا ڕوودەدات، هەروەها خودی ئامرازە میدیاییەکان لە نێوان خۆیاندا کارلێکێکی بەهێزیان دروستکردوە و سوود لە یەکتر وەردەگرن، لە هەمان کاتیشدا دەتواندرێت سوود لە چەند ئامرازێک وەربگیرێت لە کاتێکی دیاریکراودا.[١]

**٣- خێرایی:**

میدیای نوێ توانی خێراییەکی بەرچاو لە گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکاندا بۆ پرۆسەی کەمیونیکەیشن زیادبکات، کە بەهۆی تایبەتمەندیی خێرایی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوەیە، بە جۆرێک هەندێک هەواڵ لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا (٣٠) چرکە دوای ڕووداوەکە بڵاودەکرێتەوە، جگە لە گەیاندنی هەواڵ خێراییشە لە بەدواداچوونی زانیاریەکان و کۆکردنەوەی باڵگە و داتا، هەروەها خێرایی لە هەموارکردنەوە و گۆڕانکاری لە زانیاری و بابەتەکاندا.[٢]

**٤- جیهانیبوون:**

دەزگا میدیاییەکان توانیان بەبێ سانسۆر و بەربەست و ڕسومات بەسەر سنوور و کیشوەر و وڵاتەکاندا گەشتبکەن، بەڵکوو بە چرکە هەزاران گەشت بکەن، واتا ژینگەی کارکردن لە میدیای نوێدا جیهانییە، هیچ بەربەستیکی لە کات و شوێن و چاودێری بۆ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن نەهێشتوەتەوە جگە لەوەی زۆربەی ڕووداوەکان مۆرکێکی جیهانییان وەرگرتوە و بەهۆی ئامرازە میدیاییە نوێیەکان هەواڵ و ڕووداوەکان لە هەر سوچێکی ئەم دنیایە کاریگەریی جیهانی دروستدەکات.[٣]

**٥- نوێکردنەوەی بەردەوام:**

کاری میدیا ئەلیکترۆنییەکان بریتییە لە نوێکردنەوەی بەردەوامی خزمەتگوزارییە هەواڵییەکانیان بە درێژایی ڕۆژ، بۆئەوەی لەگەڵ سروشتی ئینتەرنێتدا بگونجێت، کە دەستبەجێیی یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانیەتی.

---

[١] ماهر عودة الشمالية وآخرون، الإعلام الرقمي الجديد، عمان، دار االعصار العلمي، ٢٠١٥ ، ص: ١٨٥.

[٢] Dennis, A. R. & Kinney, S. T, Testing Media Richness Theory in the New Media: The Effects of Cues, Feedback, and Task Equivocality. Information Systems Research,٢٠١٧,p٢٥٦-٢٧٤.

[٣] شمس ضيات خلفاوي، الاعلام الجديد، قراءة في تطور المفهوم والوضيفية، بحوث المنشورة، (مجلة علوم الانسان و المجتمع،مجلد ٤،رقم ٢)، الجزائر، جامعة عنابة، ٢٠١٥، ص: ٢٩٦.

### ٦- یەکگرتن:

ئەمەش واتا کۆبونەوە و یەکگرتنی سەرجەم "مەڵتی میدیاکان" لە میدیای نوێدا ئەویش (وێنە، نووسین، دەنگ، ڤیدیۆ) بە جۆرێك دابەشکردنی میدیایی بۆ شێوازە کلاسیکییەکە (بینراو، بیستراو، خوێنراو) گۆڕیوە و هەمووی لە یەک میدیادا کۆکردوەتەوە.[١]

### ٧- بەئاگایی و سەرنجدان:

لەبەرئەوەی وەرگر لە میدیای نوێدا ڕۆڵی چالاک دەبینێت و بە ویستی خۆی پەیام هەڵدەبژێرێت، هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام پەیام و زانیاری ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی پێدەگات بۆیە دەبێت وەرگرێکی بەئاگا و سەرنجدەر بێت.[٢]

### ٨- گەڕۆکی:

ئامرازەکانی میدیای نوێ گەڕۆکن، واتا بەکارهێنەر دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت و وەرگر بێت لە هەر جێگا و شوێنێک، بۆ نموونە مۆبایلە زیرەکەکان، لاپتۆپ، تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت، تەلەفونی ناو کاتژمێری دەستی، کامێرای وێنە و ڤیدیۆییە بچووکەکان کە کێشیان تەنها چەند گرامێکە، ئامێری پرنتەری گەڕۆک.

### ٩- هەڵگرتن:

ئەمەش واتا وەرگر بە ئاسانی دەتوانێت هەر بابەت و پەیامێکی میدیای کە بیەوێت دایبەزێنێت و هەڵیبگرێت یان تۆماریبکات و دەتوانێت لە کاتێکی دیکەدا بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو پەیامە هەڵگیراوە ئەلیکترۆنیانە، کە ئەم تایبەتمەندییە لە میدیا کلاسیکییەکاندا ئاسان نەبوو.[٣]

### ١٠- تێکست هایپەرلینك:

تایبەتمەندیی تێکست هایپەرلینك لە میدیای نوێدا ناوەندێکی تۆڕی جیهانی دروستدەکات کە یارمەتی ئاڵوگۆڕ و جوڵەی زانیاریی ئازاد و پەیوەندیی ئۆتۆماتیکی دەدات، واتا ئاماژەیەکی دیجیتاڵییە بۆ داتا و زانیاری کە بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی (کلیک)کردنەوە بە دوایدا بڕوات، بەمەش ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ئازادیی زیاتری هەڵبژاردن بکەن لەسەر چۆنیەتی گەڕان بە ناو سەرچاوە جیاوازەکانی زانیاری کە لە

---

[١] مروى عصام ملاح، الإعلام الإلكتروني الأسس وآفاق المستقبل، عمان، دار الإعصار العلمي، ٢٠١٥ ، ص: ١٦٧.

[٢] شمس ضيات خلفاوي، سەرچاوەی پێشوو، ص: ٢٩٧.

[٣] Linda Weiser Friedman & Hershey H. Friedman, THE NEW MEDIA TECHNOLOGIES: OVERVIEW AND RESEARCH FRAMEWORK, Published research, City University of New York,٢٠٠٨,p١٦.

بەردەستیاندایە. لە ڕووی تەکنیکییەوە، بەستەرەکان لە وێبسایتەکاندا پەیوەندیی یەک لە دوای یەک لە نێوان هەموو جۆرە داتایەکدا پێشکەشدەکەن کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ئاسانکارییان بۆ دەکرێت.[١]

**١١- گریمانەیی (مەجازی):**

میدیای نوێ ئەزموون و واقیعێکی مەجازی دروستدەکات کە پردێک لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروستدەکات و هەموو سنوورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدەپەڕێنێت.[٢]

**١٢- ئازادیی ڕادەربڕین:**

میدیای نوێ ئازادیی ڕادەربڕینی کردە "Fact" ڕاستەقینە، فاکت واتا هەموو کەسێک دەتوانێت بە ئازادی و بێ هیچدی کەس و ڕێگرییەک ڕا و بۆچوونی خۆی بڵاوبکاتەوە و لە ڕێگەی یەکێک لە کەناڵەکانی میدیای نوێوە بڵاوییکاتەوە و بە هەموو دنیای بگەیەنێت.

**١٣- باو یان بەربڵاو:**

لێرەدا مەبەستمان بڵاوبوونەوەی سیستماتیکی تۆڕەکانی ئینتەرنێتە لە سەرانسەری جیهان و لەناو هەموو چینێکی کۆمەڵگادا، کە تیایدا هەزاران تۆڕی نێودەوڵەتی و هەرێمی بە یەکەوە کۆدەکاتەوە و ساڵانەش بە ڕێژەیەکی زۆر ڕوو لە زیادبوون و فراوانبوون دەکەن، لەگەڵ ئەم زیادبوون و فراوانبوونەشدا بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕوو لە زیادبوون دەکەن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لە ئەنجامی فەراهەمبوونی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردن و هەرزانی تێچوونیان، واتا کۆمەڵگای ژمارەیی کۆمەڵگایەکی فرەڕەگەزە و هیچ سنوورێکی جوگرافی و ڕۆشنبیری و کلتوری بوونی نییە لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی گەیاندندا.[٣]

---

[١] مروى عصام ملاح،مصدر سابق، ص: ١٦٧.

[٢] Zhang, L.,"Effectively incorporating new media into web-based media literacy", The Electronic Library, Vol. ٢٠١٦, p ٢٩٧.

[٣] عبيدة صبطي،فكري لطيف متولي،تكنولوجيا االتصال احلديثة وتطبيقاتها يف جمال التعليم،مصر،المركز العريب للنشر والتوزيع،٢٠١٨، ص: ٤٢.

**١٤- شکاندنی سنوورەکانی پەیوەندیکردن:**

بەو مانایەی کە دەتواندرێت پەیامی پەیوەندیکردن ئاڕاستەی تاکێک یان گروپێکی دیاریکراو بکرێت نەک وەکوو جاران ئاڕاستەی بینەرێکی مەزن بکرێت، هەروەها بە واتای ڕادەی کۆنترۆڵکردنە لە سیستەمی پەیوەندیکردندا بە جۆرێک کە پەیامەکە ڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنەری پەیامەکەوە بگاتە بەکارهێنەرەکەی.[1]

## ٤- جۆرەکانی میدیای نوێ:

پۆلێنی جۆراوجۆر بۆ میدیای نوێ دەکرێت و لە ڕوانگەی جیاوازەوە دابەشدەکرێت، لێرەدا هەوڵدەدرێت لەم جۆرانەدا بخرێتەڕوو:

**یەکەم: میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای کۆن:**

ئەم جۆرە لە میدیای نوێ پشتدەبەستێت بە تەکنەلۆجیای نوێ بە سیستمێکی میدیایی نوێی دیجیتاڵ، بە تایبەت جۆری (HD) کە بە کوالێتیەکی بەرزی دەنگ و ڕەنگ کاری میدیایی جێبەجێدەکەن،[2] میدیای نوێ بەگوێرەی ئەم پۆلێنە خۆی لە چەند شێوەیەکی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە دەبینێتەوە و نموونە بە (TV / Talk Radio) ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گفتوگۆ کە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابردوو، (فرانکلین ڕۆزفێلت)ی سەرۆکی ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕادیۆی بەکاردەهێنا وەکو ئامرازێکی سەرەکی گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵك، گوتار و گفتوگۆکانیشی لەسەر ئاستێکی فراوان گوێی بۆ دەگیرا. تەلەفزیۆنیش وەکو ڕادیۆ گۆڕانکاریی زۆری بەسەر خۆیدا هێنا لە ڕێگەی بەرنامە زیندووەکانی گفتوگۆ (Talk show) و گۆڤاری هەواڵی (Television news magazine) وەکو

---

[1] سمیرة شیخاني، مصدر سابق، ص: ١٢.

[2] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عمر ڕێشاوی،میدیای نوێ لە سایەی شۆڕسی زانیارییەکاندا،سلێمانی، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا،٢٠٢٠، ل: ٣٣.

* دۆسیەی تاوانی (O.J simposn)، دادگاییکردنێکی تاوانکارییە کە لە دادگای باڵای لۆس کاونتی لۆس ئەنجلۆس بەڕێوەچوو، کە یاریزان و ئەکتەری پێشووی NFL ئۆ جەی سیمپسۆن بە دوو تۆمەتی کوشتن تۆمەتبار کراوە بۆ کوشتنی هاوسەری پێشووی، نیکۆڵ براون سیمپسۆن لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤ و خۆشەویستەکەی، ڕۆن گۆڵدمان، گارسۆنی چێشتخانەکە، دادگاییکردنەکە زیاتر لە یازدە مانگی خایاند، لە ئەدای دەستەی سوێندخواردنەوە سوێندخواردن لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤. لێدوانی سەرەتایی کەیسەکان لەسەر... ٢٤ی ژانویەی ١٩٩٥ و بڕیارەکە لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ ڕاگەیەندرا، کاتێک سیمپسۆن بە تاوانبار نییە لە هیچ کام لە تاوانەکان. کۆمپانیای (USA today) ئەم دۆسیەیەی بەبڵاوکراوەترین دادگاییکردنی تاوانکاری لە مێژوودا وەسف کردووە.

* تیمۆسی مەکڤی(Timothy James McVeigh)، لەدایکبووی ٢٣ی نیسانی ١٩٦٨، پێندڵتۆن، نیویۆرک، ئەمریکا- کۆچی دوایی کردووە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠١، تێر هۆت، ئیندیانا، تیرۆریستی ناوخۆیی ئەمریکی کە بۆردومانی ئۆکلاهۆما سیتی لە ١٩ی نیسانی ١٩٩٥ ئەنجامدا تەقینەوەکە کە بووە هۆی کوژرانی ١٦٨ کەس، کوشندەترین ڕووداوی تیرۆریستی بوو لەسەر خاکی ئەمریکا، هەتا هێرشەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١.

(Date Line ) و (٦٠ Minutes)، هەروەها بەرنامە زیندووەکانی هەواڵی (Live show) بەرنامەکانی ئێواران وەكw ( Night Line ) و بەرنامە بەناوبانگەکانی بەیانیان وەكw بەیانی باش ئەمریکا ( Good Morning America ) و بەرنامەی تابلۆید وەکو ( Inside Edition ) کە زیاتر لە ڕۆژنامەی کاغەزی قەبارە تابلۆید دەچوو، گۆڕانکارییەکان زۆر بواری گرتەوە، وەکو بەرنامەکەی ئۆپرا ( Oprah Winfrey ) و کەناڵەکانی وەکو ئێم تی ڤی (MTV ) تایبەتمەند لە بواری مۆسیقا کە لە ئێستادا ئاسۆی کارکردنی فراوانکردووە بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵ بە شێوەیەکی بەردەوام.

هەندێك لەو بەرنامانەی باسکران بۆ نموونە تودەی (Today) دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لە ئێستادا وەکوو شێوازێکی نوێی ڕاگەیاندن خۆی دەنوێنێت، زۆرێك لەو بەرنامانە دەستپێشخەرییان کردووە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ وەکوو کۆمپیوتەر و تۆڕە جیاوازەکان، هەروەکوو شێوازی نوێیان پەیڕەوکرد لە بنیاتنان و پێشکەشکردنی بابەتەکانیان، هەندێک لە ڕووماڵکردنەکان بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە کاری میدیا وەکو ڕووماڵکردنی کێشەی وەرزشوانی بەناوبانگ ئۆ. جەی سیبسون (O.Jsimpson)* و کێشەی تیموپی ماکفی ( Timothy Mcveigh)* کە باڵەخانەی شارەوانی لە (ئۆکلاهوماسیتی) تەقاندەوە، ئەم ڕووماڵکردنانە گۆڕانیی گەورەی بەسەردا هات لە شێوە و هەروەها ڕێگەی بەدواداچوون و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و پەخش و گرافیك و ئامار بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.[١]

**دووەم: میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای نوێ:**

مەبەستیش لەم جۆرە زۆربەی ئەو میدیایانەی لە ئێستادا لەگەڵیدا دەژین و بەکاریدەهێنین، دەتوانین دابەشییکەین بەسەر:

١- ئەو میدیایانەی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بەکاردێن، کە تۆڕە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر و لە سەرووی هەمووشیانەوە تۆڕی ئینتەرنێت و پۆستی ئەلیکترۆنی و هتد، ئەم ئامرازانەش ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆ و خێرای زانیاری و پەیوەندیکردنی زیندوو، نێوانی هەردوو لایەن (نێرەر و وەرگر) دەرفەتیرەخساند بۆ هاوڵاتی ئاسایی دەنگی خۆی بگەیەنێت بە جیهان، بەهۆیەوە تواندرا ئامراز و تەکنەلۆژیا جیاوازەکان تێکەڵ بە یەك بکرێن و سنوور و بەربەستە شوێن-کاتییەکان لە نێوان وڵاتان تێپەڕێنێت کە جاران ڕێگرییەکی گەورە بوو لەبەردەم میدیای کۆن، ئەم میدیایە ڕۆڵێکی کارای لە بەدیهێنانی

---

[١] چرۆ شەهاب، میدیای نوێ و لێکەوتەکانی،rozhnamawany ، ٢٠٢١، http://www.rozhnamawany.com/?p=٣٠٨٠ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\٣٠).

کارلێککردنی جەماوەری و بەردەستکردنی سەرچاوەی بێشومار و ژمارەیەکی زۆر لە شێوە و بەکارهێنانەکانی پەیوەندیکردن هەیە.[١]

٢- میدیای نوێ لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای مانگی دەستکردەوە، وەکوو کەناڵە ئاسمانییەکان، کە دابەشبوون بۆ کەناڵی ئاسمانیی گشتی و تایبەتمەند لە لایەک، کراوە و کۆددار لە لایەکی دیکەوە.

٣- میدیای نوێ لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە، ئەم میدیا نوێیە کاتێک هاتە ئاراوە کە ئامێری مۆبایل گەشەیکرد و لە قۆناغی کلاسیکەوە بۆ نوێ گواسترایەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو مۆبایلی زیرەک بڵاوبوەوە و میدیاکاران توانیان سوود لەم تەکنەلۆجیا نوێیە وەربگرن و لە کاری میدیایدا بەکارییبهێنن وەکوو (مۆبۆجۆرناڵ).[٢]

**سێیەم: میدیای نوێ بە تەکنەلۆژیای تێکەڵ:**

لێرەشدا جۆرێك لە بە یەك گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی سوود و قازانج لە نێوان میدیای نوێ و میدیای کۆن دەبینرێت، زۆرێك لەو ڕۆژنامەوانانەی ئێستا لە ئامڕازە تەقلیدییەکانی میدیا کاردەکەن ئامڕازە نوێیەکان بەکاردەهێنن بۆ تەواوکردن و ئەنجامدانی کارە ڕۆژنامەوانییەکانیان، بەو مانایەی ئەو ڕۆژنامەوانانە هەردوو جۆری میدیا لە یەك کاتدا بەکاردەهێنن، هەروەکو چۆن تاکەکان بە بایەخەوە دەڕواننە میدیای نوێ، بە هەمان شێوە دامەزراوە کۆنەکانی میدیا داندەنێن بە بایەخی میدیای نوێدا و هەڵسوڕاوانی ئەو بوارەش کاردەکەن بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانە جیاوازەکانی میدیای نوێ، بۆ نموونە زۆرێك لە ڕۆژنامە گەورەکانی وەکو (واشنتۆن پۆست ) و (نیویۆرك تایمز) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ماڵپەڕێکی گەورە و دەوڵەمەندیان هەیە، بە هەمان شێوە زۆرێك لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و بڵاوکراوە هەواڵییەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی کەرەستەکانی میدیای نوێوە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرەکانیان بکەن و لە ڕێگەیەوە کارە میدیاییەکانی تەواودەکەن و ڕاپرسیی بەردەوام لە ڕێگەی ئامڕازە نوێیەکانیانەوە ئەنجامدەدەن.[٣]

---

[١] علي بن شويل القرني،لإعلام الجديد من الصحا فة التقليدية إلى الإعلام الاجتماعي وصحافة المواطن، المملكة العربية السعودية،دار زدني علما للنشر و التوزيع،٢٠١١، ص: ٦٥.

[٢] عبد العظيم كامل الجميلي و ثناء اسماعيل العاني، الاعلام الجديد واشكاليات التواصل الرقمي،عمان،دار الايام،٢٠١٦، ص: ٥٦.

[٣] چرۆ شەهاب، هەمان سەرچاوەی پێشوو

http://www.rozhnamawany.com/?p=٣٠٨٠ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\٣٠).

**جۆرەکانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان:**

ئەم جۆرە لە ڕۆژنامە؛ ڕۆژنامەی سەربەخۆن، تەنانەت ئەگەر ناوی ڕۆژنامەی کاغەزی دایکیشیان لەسەر بێت، هەمان زانیاری و خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە پێشکەشدەکەن کە ڕۆژنامەی کاغەزی پێشکەشیدەکات، لەوانە هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕووداو و وێنە و هەروەها زیاتریش ، دابەشدەبن بەسەر:

- کۆپی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەکان:

مەبەستمان لە ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامە کاغەزییەکانە لەسەر تۆڕەکە، کە خزمەتگوزارییەکانیان سنووردارە بە پێشکەشکردنی هەموو یان بەشێک لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە کاغەزییەکە لەگەڵ هەندێک خزمەتگوزاری پەیوەست بە ڕۆژنامە کاغەزییەکە، وەکوو خزمەتگوزاریی بەشداریکردن لە ڕۆژنامەی کاغەزی، خزمەتگوزاریی پێشکەشکردن ڕیکلام و لینکی ماڵپەڕەکانی دیکە.[١]

- ڕۆژنامە تەواو ئەلیکترۆنییەکان:

لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێت کە پشتگیری کاغەزییان نییە، بەو پێیەی بە هەموو ئامێرەکانیانەوە سەربەخۆن و بەڕێوەبردنیان و هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانیان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدرێت.[٢]

- بڵاوکراوەی چاپەمەنیی هاوتەریب: بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ بڵاوکراوەی چاپکراو، بە جۆرێک ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کۆپییەکی تەواوی ڕۆژنامەی چاپکراو بێت، جگە لە کەرەستەی ڕیکلام.

- بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی بەشی: تیایدا ڕۆژنامە چاپکراوەکان بەشێك لە کەرەستەی رۆژنامەکانیان لە ڕێگەی تۆڕی ئەلیکترۆنییەوە بڵاودەکەنەوە، هەروەها هەندێك لە بڵاوکەرەوەکان پشت بەم جۆرە دەبەستن بۆئەوەی کۆپییە چاپکراوەکانی بڵاوکراوەکانیان بەرزبکەنەوە.[٣]

---

[١] سارة العيني، المعالجة الصحافية لقضايا العنف الأسري في الصحافة الإلكترونية، رسالة ماجستير،عمان، جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا ،كلية الإعلام،٢٠١٩،ل: ٤٢.

[٢] تيميزار فاطمة، إسهامات الأنترنت في تطوير الصحافة المكتوبة في الجزائر، رسالة ماجستير، قسم علوم اإلعالم واالتصال، جامعة الجزائر،٢٠٠٨، ص: ١١١.

[٣] فيصل أبو عيشة، الإعلام الإلكتروني، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص: ١١٠.

## ٥- ئامرازەکانی میدیای نوێ:

مەبەست لە ئامرازەکانی میدیای نوێ ئەو ڕێگایانەن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی و گەیاندن لە نێوان کۆمپیتەر و مۆبایلە زیرەکەکان بە ژانرەکانی میدیای نوێ.

ئامرازەکانی میدیای نوێ هەمەجۆرن و بەردەوام لە زیادبوون و نوێبوونەوەدان، گرنگترین ئەو ئامرازانەش بریتین لە:

### ١- بلۆگ (Blog):

بلۆگ یان وێب بلۆگ (Web Blog) بریتییە لە وێبسایتێکی ناو تۆڕی ئینتەرنێت کە وەکوو لاپەڕەیەکی کەسیی ڕۆژانە بەکاردێت بۆ نوسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژانە و بۆچوونی تایبەت بە کەسەکە، کەواتە نووسین و بابەتەکانی ناو هەر بلۆگێک دەربڕینە لە تێڕوانینی کەسێک بۆ بابەتێکی دیاریکراو، وەکوو بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ئابووری، وەرزشی...هتد. کە تیایدا دەکرێت نووسین و وێنە و ڤیدیۆ یان بەستەر واتا لینک دابندرێت لەناو بابەتەکە، دیارترین نموونەی بلۆگ (ۆرد پرێس wrodpress)ە.[١]

(بلۆگ کورتکراوەی وشەی وێبلۆگە) یان بلۆگ لە وشەی "وێبلۆگ"ەوە وەرگیراوە، ئەو پێناسانەی کە باس لە بابەتی بلۆگی ئەلیکترۆنی دەکەن جیاوازن، بەڵام کۆدەنگییەک لە نێوانیاندا هەیە کە بلۆگ زیاتر وەکوو ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی کاردەکات[٢]. بلۆگ کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە کە دەتوانێت پێگەیەکی جەماوەری و تایبەتی یاخود کەسی بێت لە هەمان کاتدا، بۆیە ناوەڕۆك و بابەتە بڵاوکراوەکانی پێویستە هەرەمەکی نەبێت و بە ستایلێکی گونجاو نوسرابێت، چونکە گەر بڵۆگ هەبێت و خوێنەری نەبێت و سەرنجی کەس ڕانەکێشێت واتا پەیوەندی دروستنەکات ئەوا ئامانجی خۆی ناپێکێت. لەم رووەوە دەبێت ناوەرۆکی بلۆگەکە ڕوون بێت و چەمك و دەستەواژەی بەرچاوی تێدا بەکاربێت، جگە لەوەش بابەتەکانی هەمەچەشن و هەمەجۆر بێت لە وێنە و ڤیدیۆ و نەخشە، بۆئەوەی رانکی بەدواگەڕانی لە سایتەکانی گەڕاندا بەرزبێتەوە[٣].

دوای بڵاوبوونەوە و ناوبانگێکی بەرفراوانی، بلۆگکردن وەکوو دووەم شۆڕش لە ئینتەرنێتدا لە دوای ئیمەیڵ وەسفکراوە.[٤] ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ناوبانگ و خێرای بڵاوبوونەوەی؛ کارلێککارییەکەی بێت.

---

١ عصام منصور،المدونات الالكترونية مصدر جديد للمعلومات،بحث المنشورة(المؤتمر الخامس عشر لجمعية المكتبات المتخصصة)،كويت،قسم علوم المكتبات و المعلومات، كلية التربية الاساسية،٢٠٠٩، ص: ١٠١.

٢ شايب دراع تاني بنت النب، أهمية المدونات الالكترونية في تطوير، صفحة الالكتروني، ص: ٣.

٣ Puchmann, C, Blogging, Germany: Hamburg foundation,٢٠١٣,p٩٨.

٤ شايب دراع تاني بنت النبي، مصدر سابق، ص: ٣.

دەستڕاگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ بۆی لەلایەن سوودمەندەکانییەوە، دروستبوونی گروپی ئەلیکترۆنی و گۆڕەپانی دیالۆگ و مەکۆی کولتووری لە نێوان سەرنوسەر و خوێنەرانیدا بێت و ئەوەش کاریگەرترە لە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی وەکوو ئیمەیڵ. ئەمەش جگە لە بەردەستبوونی تۆمارێکی ئەرشیفی ئەو کەرەستانە کە تێیدا بەردەستە کە دەتواندرێت بە ئاسانی و ئاسانتر لە شێوازەکانی دیکە دەستی پێ بگات.[١]

## ٢- ویکی (Wiki):

ویکی جۆرێکە لە وێبسایتەکانی تۆڕی ئینتەرنێت کە بە دەستی بەشداربووانی خۆبەخشەوە لە سەرانسەری هەموو جیهان پێکدێت، لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانەوەی بابەتەکانی ویکی بۆ هەموو کەسێک فەراهەم و ڕێگەپێدراوە، هەموو بەکارهێنەرێکی ویکی دەتوانێت وتارەکان دەستکاریبکات و گۆڕانکاریی خۆی بە خێرایی ببینێت، وشەی ویکی وشەیەکی زمانی هاواییە، بە مانای خێرا دێت، لێرە زیاتر بە مانای گەیشتنی زانیارییەکان دێت بە شێوەیەکی خێرا، ئەم سەرچاوەیە لە تشرینی دووەمی (٢٠٠٣) وەکوو گروپێکی پشتگیریی دەقی ئازاد بۆ بابەتەکانی ویکیپیدیا دەستپێکرد.[٢] ویکی ژمارەیەک لاپەڕەی وێبە کە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و ڕێگە بە دەستکاریکردنی هاوبەش دەدەن، ئەم دەستکارییە هاوبەشە لە ڕاستیدا جیاوازییەکی سەرەکییە کە ویکی لە جۆرەکانی دیکەی ماڵپەڕ جیادەکاتەوە و بەو مانایەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت ناوەڕۆک لە ماڵپەڕێکی بنەمادار بە ویکی دەستکارییبکات.[٣]

## ٣- پۆدکاست (Podcest):

زاراوەی پۆدکاست لە لێکدانی هەردوو وشەی (Ipod) و (Broadcest) هاتووە، کە بریتییە لە خزمەتگوزاریی دەستخستنی فایلی دەنگی، ئەم خزمەتگوزارییەش هەندێک لە وێبسایتەکانی ناو تۆڕی ئینتەرنێت فەراهەمیدەکەن بۆ بەشداربووەکان، ناوەڕۆکی هەر پۆدکاستێکیش پێکهاتوە لە زنجیرەیەک تۆماری دەنگی بە فۆرماتی (mp٣) کە بەش بەش بە دوای یەکدا ئەپلۆددەکرێت و پێشکەشدەکرێت، واتا فایلێکی دەنگییە کە لە ڕێگەی (RSS feed)ەوە بۆ ئامێرێک دابەزێنرێت، بە پێچەوانەی دەنگی دیجیتاڵی دیکە، پۆدکاست بە زۆری قسەکردن یان گفتوگۆیە نەک مۆسیقا، لە زۆر ڕووەوە پۆدکاست وەکوو ڕادیۆی

---

[١] عصام منصور، المدونات الالكترونية مصدر جديد للمعلومات، بحث المنشورة(دراسات المعلومات، لمؤتمر الخامس عشر لجمعية المكتبات المتخصصة،، فرع الخليج العربي قسم علوم المكتبات والمعلومات،جامعة الكويت)،الكويت ،كلية التربية الأساسية، قسم علوم المكتبات و العلومات،٢٠٠٩، ص: ٩٥.

[٢] حسنين شفيق، الإعلام الجديد والإعلام البديل ، القاهرة ،دار فكر وفن للطباعة والنشر والتوزيع ،٢٠١٠، ص: ٦٥.

[٣] Blog و wiki الفرق بين، تاريخ النشر ٢٠٢٢
https://ar.natapa.org/difference-between-blog-and-wiki-٣٩٨، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٦\٢٠).

قسەکردن وایە لەسەر داواکاری.[١] وشەی (Podcasting) لە سەرەتادا پەیوەست بوو بە دابەشکردنی فایلە دەنگییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە بەکارهێنانی (RSS feed) لەسەر بنەمای XML، تاکەکان دەتوانن بەشداری لە 'پۆدکاست' بکەن و دایبەزێنن بۆ کۆمپیوتەرە کەسییەکانیان، کاتێک تاکێک بەشداری لە پۆدکاستێک دەکات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرنامەی نوێ وەردەگرێت لەگەڵ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها دەتوانرێت ئەم فایلانە بگوازرێنەوە بۆ ئامێرە بچووک و گەورەکانی وەک ئایپاد، ٣MP پلەیەر، مۆبایل، یان PDA.[٢]

## ٤- مەیدانی گفتوگۆ/یانە (منتدى-Forum):

یانە یان بۆردی نامە وێبسایتێکی گفتوگۆی ئۆنلاینە، ئەندامەکانی ئارەزووی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و لە ڕێگەی ئەو وێبسایتانەوە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەبارەی بابەتی ئارەزوومەندەوە دەکەن، بابەتگەلی جیاواز لەناو بەشە بابەتییە جیاوازەکان و هەندێک جاریش بەشە لاوەکییەکاندا باسدەکرێن، هەموو کەسێک مافی بوون بە ئەندامی هەیە و بەکارهێنەران دەتوانن گفتوگۆیەک دەستپێبکەن ئەوەی پێی دەوترێت تەوەر، بە پۆستی دەستپێک دەستپێدەکات و بەکارهێنەرانی دیکە دەتوانن وەڵامی پۆستی دەستپێک یان سەرنجی بەکارهێنەرانی دیکە بدەنەوە. ئەم پەیامانە پێیان دەوترێت پۆست یان پۆستکردن، بەڵام بۆئەوەی مافی پۆستکردن یان دەستپێکردنی تەوەرێک بەدەستبهێنرێت، بەکارهێنەران دەبێت ناوی خۆیان تۆمار بکەن پاشان دەتوانن بچنە ژوورەوە.[٣] بەو مانایەی یانە شێوازێکی پەیوەندییە کە لە ڕێگەیەوە کەسانی جیاواز باس لە بابەتێک دەکەن کە جێگەی بایەخی هاوبەشە، وە یانە لەسەر بنەمای گرووپە و بەزۆری لەلایەن بەڕێوەبەرێکەوە بەڕێوەدەبرێت، هەروەها پسپۆڕان بەشداری لە مەکۆکان دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرسانەی کە جێگەی بایەخیان دەبێت، بەزۆری لەبەردەم کۆمەڵێک ئامادەبوودا. مەکۆیەک بۆ تەکنەلۆژیا نوێیەکان ڕەنگە بۆ نموونە بەشداریکردنی سەرکردەکانی تەکنەلۆژیا، ئەندازیاران، شیکاران و پرۆگرامەرەکان لەخۆ بگرێت.[٤]

---

[١] هەردەوان محمود کاکەشێخ، سەرچاوەی پێشوو،ل: ٢٥.

[٢] Podcasting Academic Tip Sheet, Edith Cowan University, intranet https://intranet.ecu.edu.au/__data/assets/pdf_file/٠٠١٥/٢٠٦٢٥/podcasting.pdf, بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٦\٢١).

[٣] Peter Holtz and others, Analyzing Internet Forums: A Practical Guide,publish reaserch, Journal of Media Psychology, ٢٤(٢), ٥٥-٦٦,٢٠١٢,p٣.

[٤] سليمان احمد حرب، معايير تصميم المنديات التعليمية الالكترونية المضبوطة، بحث المنشورة،(المجلة الفلصطينية للتعليم المفتوح،المجلد الخامس،العدد العاشر،كانون ثانى ٢٠١٦)، غزة،٢٠١٤، ص: ١٤١.

### ٥- تێکەڵاو(Mashaps):

وشەکە واتە شتێک کە بە تێکەڵکردنی توخمەکان لە دوو سەرچاوە یان زیاترەوە دروست دەکرێت، لێرەش مەبەست لێی ماڵپەڕێکە کە "داتای زیاتر لە سەرچاوەیەک کۆدەکاتەوە بۆ یەک ئامرازی یەکگرتوو"، زۆرجار سەرچاوەی داتاکان نەخشە لەخۆدەگرن، وەک ڕەتکردنەوەی بەرپرسیاریەتی دەرچوونی نەخشەکانی گووگڵ یان وەک ماڵپەڕە بازرگانییەکان.

### ٦- سەکۆکانی بڵاوکردنەوەی وێنە (Photo Shring Site) :

سایتەکانی هاوبەشکردنی وێنە ڕێگەت پێدەدەن بە شێوەیەکی زنجیرەیی "وێنەکان هاوبەش بکەیت" بە شێوەی ئۆنلاین لەگەڵ هاوڕێکانت، هاوکارەکانت و ئەندامانی خێزانەکەت، فلیکەر یەکێکە لە بەناوبانگترین سایتەکانی هاوبەشکردنی وێنە لە ئینتەرنێتدا[١]

### ٧- فیدەکان(RSS feeds):

RSS کورتکراوەی Really Simple Syndication یە، ڕێگایەکە بۆ ماڵپەڕەکان بۆئەوەی ناوەڕۆکەکانیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن، وە تەکنەلۆژیای RSS ڕێگە بە سایتەکان دەدات کە پوختەیەک لە ناوەڕۆکەکانیان بۆ بەکارهێنەران پیشان بدەن، بۆئەوەی بەکارهێنەر دەتوانێت نوێترین پێشهاتەکانی ماڵپەڕەکە ببینێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەردانی بکات.

### ٨- ئاماژەدانە کۆمەڵایەتیەکان (Social Bookmarking):

ئەمەش واتە ڕێگایەکە بۆ هەڵگرتن و ڕێکخستن و گەڕان بەدوای وێب پەیجە دڵخوازەکانت لە ئینتەرنێتدا، لە سایتێکی سۆشیال بۆکمارکینگدا دەتوانیت بەستەرەکانی ئەو وێب پەیجانە هەڵبگریت کە دەتەوێت لەبیرمان بێت و یان لەگەڵیاندا هاوبەشییبکەین.[٢]

---

١ وليد فتح الله بركات ،دوافع استخدام المراهقين للاعلام الالكتروني واش باعته، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، قسم اذاعة وتليفزيون، قاهرة،٢٠١٤، ص: ٣٤.

٢ حامد جاد رفاعى، المواقع الإلكترونية الموجهة إلى المراهقين ودورها فى إشباع إحتياجاتهم الإعلامية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة المنيا، لية آداب، قسم الإعلام، ٢٠١٤، ص: ٢٣.

## ٩- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (Social Networks):

سۆشیال میدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەو ماڵپەڕانە(Websites) یان بەرنامە و جێبەجێکردنانە (Applications)انە دەوترێت کە مەبەست لێی دابینکردنی توانای پەیوەندیکردنە بۆ بەکارهێنەران لەگەڵ یەکتر ئەویش بە دانانی زانیاری و سەرنج و نامە و وێنە و..هتد و ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا کە بەرژەوەندی و پاشخانی هاوشێوەیان هەیە.[١] کەواتە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پێناسە دەکرێت بە" ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی یان تۆڕەکانی سۆشیال میدیا(Social Networks) بریتییە لە کۆمەڵە پێگەیەک (Websites) یان ئەپلیکەیشنی جۆراوجۆری تایبەت لە دەستەبەرکردنی توانستی بەکارهێنانی بە مەبەستی بەکارهێنانی بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەنێو یەکدی بەڕێگەی دانانی زانیاری، دید و سەرنج، نامە(Message)، وێنە(فۆتۆ و ڤیدیۆ)..هتد.[٢]

ئامانجی بنەڕەتی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیەنەش بۆ پێکەوەبەستنەوەی خەڵکە لە ڕێگەی تۆڕێکی ئۆنلاینەوە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک و ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی دیکە.[٣]

پێگەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە هۆیەکانی گەیاندنی مۆدێرن و سەردەم هەژمار دەکرێت کە ڕۆژانە بەڕێگەی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانە ملیۆنەها بەکارهێنەری تۆری ئینتەرنێت پرۆسەی گەیەندن ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی وەک تەمەن یان جێندەر یان پیشە یان ڕەگەز لە نێوانیاندا جیابکرێتەوە، ئەم حەشاماتی بەکارهێنەرانە مەیل و حەز و ئارەزووی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، هەر ئەم ڕەگەزە هاوبەشانە وایکردوە زیاتر توێژی گەنجان بەر ئەو پێگانە ئەکەون، چونکە ئەوان زیاتر سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێن بە بەراورد بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا،ئەمەش بە هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی وەک حەز و ئارەزووکردن لە گەڕان بە دوای هاوڕێیەتی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەی دەرەوەی کۆمەڵگاکەی.[٤] هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ، ئەو تۆڕانەی کە گوزارشت لە جیهان دەکەن، نزیکەی ٥٠ تۆڕی کۆمەڵایەتی هەیە، هەریەکەیان ملیۆنان بەکارهێنەری تۆمارکراو لەخۆدەگرێت (فەیسبووک، تویتەر، ئێنستاگرام، سناپچات، یوتیوب...)، ئەوان تەنها بۆ پەیوەندیکردن بەکارنایەن بەڵکوو بۆ دەستڕاگەیشتنیشە

[١] جمال سند السويدي، وسائل التواصل الاجتماعي ودورها في التحولات المستقبلية :م ن القبيلـة إلى الفيسبوك،٢٠١٤،النسخة الالكترونية، ص: ٢٠.

[٢] Oxford University Press, " social network" definition (http://oxfordictionaries.com/definition/English/social_network) بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢\٦\٢١).

[٣] عادل عبدالصادق، الفضاء الالكتروني فى موجات التغيير في العالم العربي، مجلة الديمقراطية (المجلد ١٥، العدد ٥٧ ،٣١ يناير/كانون الثاني ٢٠١٥) ، ٢٠١٥.، ص: ٢٥٦.

[٤] شێرکۆ جبار محمد، مامەڵەی سۆشیاڵ مێدیای کەناڵە ئاسمانیەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا،توێژینەوەی بڵاوکراوە(گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی(B)زانستە مرۆڤایەتییەکان ژمارە (٥٩)کانونی دووەمی ٢٠١٩)،سلێمانی، ٢٠١٩، ص: ٣٥٠.

به هەموو شتێک کە لە جیهانی ئەمڕۆدا نوێیە، وەک بابەتە هەمەجۆرەکانی کولتوور، تەندروستی، کۆمەڵایەتی،ئابوری، جوانکاری ...هتد، هەروەها بەرنامەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهێڵ ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی دەهێنن، پرۆفایلی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن و وێنەکان ببینن و پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا بکەن کە لە ئینتەرنێتدا ناسیویانە.[1]

لەگەڵ پێشکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکارهێنان و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر لەسەرەتادا هەندێك لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە ئامرازێکی سادە و ساکار لە دامەزراوەیەکی دیاریکراوی زانستی بە نموونە وەك زانکۆ یان پەیمانگایەك بۆ بەستنەوی گروپێك خوێندکار، فەرمانبەر یان مامۆستا بووبێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بووبێت، ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو چوارچێوە جوگرافییە بەرتەسکە و ئەو مەودا سنووردارەی بەکارهێنان و دیزایینە سەرەتاییەی تێپەڕاندوە، بۆئەوەی وەك ئامرازێکی فرە کار(Function Multi) بۆ کۆمەڵێك مەبەست و لەسەر ئاستی جیهان و بۆ هەموو چین و توێژێك و تەمەنێك بەکاربێت[2].

### ١٠- ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان (Website):

ماڵپەڕ بریتییە لە دیزاینێکی ئەلیکترۆنی کە کۆمەڵێک لاپەڕە لەخۆدەگرێت کە بە بەستەرێکی ئەلیکترۆنی بەیەکەوە گرێدراون، دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو (بزوێنەری گەڕان)انەوە کە لە ئینتەرنێتدا بەردەستن بگەڕێین بۆ ماڵپەڕەکە، وێبسایتێک دوای دەستگەیشتن بە دیزاینی گونجاو و دیاریکردنی ناوی دۆمەین و شوێنێک، لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی وێب هۆستەوە دروست دەکرێت و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات بۆ پاشەکەوتکردن و دەستپێکردنی داتای سایتەکان بە خێرایی و توانایەکی دیاریکراو بۆئەوەی هەمیشە لە ئینتەرنێتدا بەردەست بێت.[3]

کۆمەڵێک لاپەڕەی بەیەکەوە گرێدراون کە بە دیزاینێکی دیاریکراو و لاپەڕەیەکی سەرەکی یەکگرتوون، ئامادەکراون(HTML) بە زمانە زانیارییە ناسراوەکانی وەک ئەم لاپەڕانە لەسەر سێرڤەرێک کە کۆدەکرێنەوە، سێرڤەرەکەش لەگەڵ هەموو ئەو زانیاری و داتایانەی کە ئەم لاپەڕانە پێکدەهێنن لە شوێنێکی

---

[1] رانية بوبكيرية و إيمان بوكراع، الشبكات الاجتماعية، التنشئة الاجتماعية وبناء الهوية لدى الشباب الجزائري، بحث المنشورة،( مجلة آفاق علمية،المجلد:١٣ العدد:٤ السنة ٢٠٢١) ،الجزائر،جامعة جيجل،٢٠٢٠ ،ص: ١٢٨.

[2] دڵان ئیسماعیل مەولود، بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا لەهەرێمی کوردستان،نامەی ماستەر(بڵاوکراوە)،هەولێر،زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی ئاداب،بەشی ڕاگەیاندن،٢٠٢٠،ل: ٣٤.

[3] ما هو الويب سايت وكيف أحصل عليه؟،mzyaa ، تاريخ النشر ٢٠١٩ https://www.mzyaa.com/ما-هو-الويب-سايت-وكيف-أحصل-عليه؟/ بەرەواری سەردانکردن (٢٠٢٢\١١\١١).

سەلامەتدا هەڵدەگیرێت کە پێی دەوترێت سایتی هۆستکردن، کۆمپانیای هۆستکردن پارێزگاری بۆ ماڵپەڕەکە دابین دەکات لە دژی هاککردن، دابینکردنی خێرایی دابەزاندنی، هەروەها دابینکردنی توانای دابەزاندن بۆ ماڵپەڕەکە لەوبابەتانەی کە لەخۆی دەگرێت لە داتا و لینک و وێنە و گرتەی جوڵاو، بەمەش بەکارهێنەر یان سەردانکەر دەتوانێت لە ڕێگەی بزوێنەری گەڕانەوە دەستی بگات بە لاپەڕەکانی وێب، کە گەڕانەکە ڕاستەوخۆ بە ناوی ماڵپەڕەکەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم ماڵپەڕانەش لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێن و هەر ماڵپەڕێکیش تایبەتمەندا بە بوارێک یان چەند بوارێکی جیاواز وەک هەواڵ، بازرگانی، سیاسەت،تەندروستی...هتد.[١]

---

[١] What Dose Website Mean?, techopedia ,٢٠٢٢ https://www.techopedia.com/definition/٥٤١١/website بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\١١\١١).

# باسی دووەم: کاریگەری و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیای نوێ

## ١- کاریگەریی میدیای نوێ لەسەر کەمیونیکەیشن لە کۆمەڵگادا:

میدیای نوێ پەیوەندی بە گۆڕینی هەموو شتێکەوە هەبووە لە شێوازی کارکردنی خەڵکەوەهەتاشێوازی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتر و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان، تەکنەلۆژیای میدیای نوێ بە نەرمی و پشت بەستن بە ئینتەرنێت و پلاتفۆرمی کارلێککارانە لە جێبەجێکردنی فێرکردن و فێربووندا تایبەتمەندە، ئەمەش بە مانای هاوبەشکردنی زانیاری لە نێوان بەکارهێنەران لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان، میدیای نوێ بەشدارە لە یارمەتیدانی بەکارهێنەران بۆئەوەی زیاتر سەرنجیان لەسەر بابەت یان تەوەرێک بێت، و ئامادەکاری بۆ بڕیاردان و هەڵبژاردنی ڕێڕەوی فێربوونیان بکەن، بەو مانایەی زانیاری دەدرێت بە بەکارهێن و لە نێوان خۆیاندا جگە لە ئاڵ و گۆڕکردن زیادکردنیشی بۆ دەکەن و بەم جۆرەش پرۆسەی کۆمەنیکەیشن چالاکتر.[1]

زیادبوونی بەکارهێنانی میدیای نوێ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و شێوازی پەیوەندیکردن و هاوکاریکردنیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی فراوانتر و لە شوێنی کار و لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەگۆڕێت، زۆربەی کاریگەرییەکانی ئەم بەکارهێنانە بەرزە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵگا سوودبەخشە، ئاستێکی بێ وێنەی پەیوەندی، کارلێکی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگا لە سنوورەکانی کات، شوێن و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا چالاک دەکات، کاراکردنی تاکەکان و خێراکردنی پراکتیزەکردنی مەعریفە، شێوازی فێربوونی نوێ، هەروەها شێوازەکانی کارکردن، کە دەرفەتی باشتر بۆ ئەو کەسانە دەڕەخسێنن لە کۆمەڵگا و ناوچە کەم خزمەتگوزارییەکان.[2] بەڵام هەموو کاریگەرییەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی ئەرێنی نین. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێک مرۆڤەکان زیادەڕەوی لە میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنن دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی مەعریفی و ڕەفتاریان و تەنانەت تەندروستی دەروونی و جەستەییان هەبێت، پەیوەندی زۆر و زیادبوونی پەیوەندی دیجیتاڵی مرۆڤ و شتەکان، توانای گۆڕینی شێوازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، چونکە ڕەنگە کاتەکانی پەیوەندی ڕووبەڕوو بە کارلێک و پەیوەندی سەرهێڵ پڕبکرێتەوە، سەرەڕای ئەوە، کاراکردنی تەکنەلۆژیای زیاتری کارکردن (و پارچەپارچەبوونی کارەکان کە

---

[1] أميرة حسن سالم، دور وسائل االعالم الجديد في نشرمفهوم التربية االاعلامية لدى طالب اقسام االاعلام التربوى بالجامعات المصرية،بحوث المنشوره،(المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتلفزيون – العدد السادس عشر – ٢٠١٨)، ص: ٣٠١.

[2] Amanda Lenhart,Teens-Technology and Friendships, pewresearch,٢٠١٥
https://www.pewresearch.org/internet/٢٠١٥/٠٨/٠٦/teens-technology-and-friendships/
بەرواری سەردانکردن (١\١٧\٢٠٢٢ ) .

لە ئەنجامدا دروست دەبێت) هەڕەشە لە ئاسایشی ئەو کارانە دەکات کە بە شێوەیەکی نەریتی لە جیهانی پێشکەوتوودا بە لێهاتوو دادەنرێت.[١]

میدیای دیجیتاڵی خەڵک بە شێوەیەک بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە پێشتر هەرگیز نەدەکرا، بەکارهێنەران دەتوانن هاوڕێیەتییان لە سەرانسەری کات و مەودادا بپارێزن، ڕێگە بەو کەسانە دەدات کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیرن یان بە جۆرێک لە کۆمەڵگا فیزیکییە نزیکەکانیان جیاکراونەتەوە، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی هاوبیر یان هاودۆخدا هەبێت، هەروەها میدیای دیجیتاڵی کارلێککردن لە سەرانسەری سنوورە کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، سیاسی، ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکاندا ئاسان دەکات، ئەمەش ڕێگە بە بەرزکردنەوەی تێگەیشتن دەدات، هەروەها زۆر کەس دەچنە سەر پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و وەرگرتنی پشتگیری لە هاوڕێ و خێزانەکانیان، لەنێویاندا لە کاتی ناڕەحەتی سۆزداریدا، ئەمەش پەیوەندییەکانی خەڵک و توانای مانەوەیان لە پەیوەندیدا دەوڵەمەند دەکات، هەروەها توانای هاوڕێیان و خێزانەکانیان بۆ ناسینەوە و یارمەتیدانی ئازیزان کە پێویستیان پێیەتی.[٢]

میدیای دیجیتاڵی دەنگێک بە خەڵک دەبەخشێت، بەشداریی مەدەنی زیاد دەکات و ئاسانکاری بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا دەکات، لە کاتێکدا کە میدیای نەریتی لە مێژە ناوەندی ئاگادارکردنەوەی خەڵک و چڕکردنەوەی سەرنجی گشتی لەسەر بابەتگەلی تایبەت بووە، میدیای نوێ و دیجیتاڵی یارمەتیدەرە بۆ گەورەکردنی وەڵامدانەوە بۆ قەیرانە مرۆییەکان و پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەم قەیرانانەوە دەناڵێنن، لە بەهاری عەرەبی ٢٠١١-٢٠١٢، میدیای دیجیتاڵی وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان، ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ ڕووداوەکان کاری کرد، لە ڕێگەی میدیای دیجیتاڵییەوە، بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهان بۆ پرسە مرۆیی و ڕووداو و کارەساتە سروشتیەکان کۆدەنگی و هاوڕایی دروست دەکەن و لە زۆر نموونەدا هاوکاری و کۆمەکی دەگەیەننە لێقەوماوان،هەروەها بۆ کۆچبەران لە سەرانسەری دنیاوە، نەخشەی گووگڵ و گروپەکانی فەیسبووکیان وەک سەرچاوەی زانیاری بەکارهێناوە کە یارمەتیدەربووە بۆیان نەک تەنها پلانی ڕێگاکانی گەشتکردن دابنێن بەڵکوو خۆیان لە بازرگانانیش بە جەستەی مرۆڤەوە بەدوور بگرن.[٣]

---

[١] Vaughan Bellhe& , Dorothy V M Bishop, Tdebate over digital technology and young people, documentcloud,٢٠١٥
https://s٣.documentcloud.org/documents/٢٤٠١٤٢٩/technology.pdf بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\١٤).

[٢] Digital Media and Society: Implications in a Hyperconnected Era,weforum,٢٠١٦١
https://reports.weforum.org/human-implications-of-digital-media-٢٠١٦/benefits-and-opportunities/#view/fn-٧٤ بەرواری سەردانکردن (١\٧\٢٠٢٢ ) .

[٣] John Wihbey, How does social media use influence political participation and civic,٢٠١٥

هەروەها میدیای دیجیتاڵی هاوبەشکردنی زانیارییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا بەرزکردووەتەوە، ئەمەش زۆر زیاتر دەستڕاگەیشتن بە ڕاستییەکان و ژمارەکان و ئامارەکان و هاوشێوەکانی خەڵک بەخشیوە، ئەمەش ڕێگەی داوە ئەو زانیاریانە زۆر خێراتر بسووڕێنەوە، ئەمەش نەک هەر وا لە خەڵک دەکات لە کاتی ڕاستەقینەدا وەڵام بدەنەوە لەگەڵ ڕووداوەکان، بەڵکوو یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی سیاسی و پراکتیکە بازرگانییە نادادپەروەرەکان، بۆ نموونە، کاتێک کۆمپانیایەکی دەرمانسازی پلانی دانا بۆ بەرزکردنەوەی نرخی دەرمانێکی دیاریکراو بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٠٠٪، تووڕەیی بە خێرایی لە ڕێگەی میدیای دیجیتاڵییەوە بڵاوبووەوە، ئەمەش کۆمپانیاکە ناچار بوو ئاراستەکەی پێچەوانە بکاتەوە.[١]

هەروەها میدیای دیجیتاڵی ڕێگە بە خەڵک دەدات لە سەرانسەری جیهاندا کۆمەڵگا بنیات بنێن، کردار ڕێکبخەن و دەنگیان لەسەر کۆمەڵێک پرس بگەیەنن، لە ڕێگەی داواکاری و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی ئۆنلاینەوە، خەڵک لە سەرانسەری بواری ئەلیکترۆنی دەتوانن کار لەسەر ئەو هۆکارانە بکەن کە گرنگییان پێدەدەن نموونەیەکی دیکەی پلاتفۆرمێکە بە ئامانجی ئەوەی خەڵک بتوانن هەنگاو بنێن لەسەر پرسە زەبەلاحەکانی جیهان، ناوچەیی و نیشتمانی، لە گەندەڵی و هەژارییەوەهەتاململانێ و گۆڕانی کەشوهەوا، ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان، بەم جۆرە میدیای نوێ یارمەتیدەر دەبێت لە یەکخستنی ئەو دەنگانەی کە بە جەستە دوورن و بۆچوونیان نزیکە.[٢]

پەرەسەندنی بیری ڕەخنەگرانە لە نێوان تاکەکاندا یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی میدیای نوێ لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکەن لە جیهاندا، لە سایەی تایبەتمەندی کارلێککاری ئەم جۆرە میدیایە یارمەتیدەر بوو لە پەرەسەندنی بیری ڕەخنەیی لەنێو تاکەکاندا، هەروەک چۆن میدیای نوێ یارمەتی ئامادەبووانی دا بۆ بەشداریکردن و دەربڕینی بۆچوون و ڕەخنەی خۆی بە بەراورد بە تەقلیدی میدیایەک کە تیایدا بینەر تەنها وەرگر بووە. لە لایەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگا هەیە و جیاوازە لە میدیای تەقلیدی بەهۆی سەختی سانسۆرکردنی لەلایەن خێزان یان دەوڵەتەوە و ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و بەهاکان کە ڕەنگە جیاواز بن لە بەهاکانی ئەم کۆمەڵگایە، ئەمەش بە تایبەتی بە ئاگادارکردنەوەی هەرزەکاران لە هەندێک لەو داب و نەریتانە ڕوودەدات کە لە کۆمەڵگاکاندا بڵاودەبنەوە و

---

How does social media use influence political participation and civic engagement? A meta-analysis (journalistsresource.org) بەرواری سەردانکردن (١١٧١٢٠٢٢ ) .

٣ Robert M.Bond and others, ٦١-million-person experiment in social influence and political mobilization,٢٠١٢. بەرواری سەردانکردن (١١٧١٢٠٢٢ ) https://www.nature.com/articles/nature١١٤٢١#citeas

٢ Amanda Lenhart,Teens-Technology and Friendships, pewresearch,٢٠١٥ https://www.pewresearch.org/internet/٢٠١٥/٠٨/٠٦/teens-technology-and-friendships/ بەرواری سەردانکردن (١١٧١٢٠٢٢ ).

سەرسامییان بەو داب و نەریتانە، کە دەبێتە هۆی تەقلیدکردنی، و لەگەڵ ئەم نەوەیەدا بڵاودەبێتەوە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا.[١]

## ٢- لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی میدیای نوێ:

**- لایەنە ئەرێنیەکانی میدیای نوێ:**

لایەنە ئەرێنیەکانی میدیای نوێ کە زۆربەیان خۆی لە سیفات و تایبەتمەندییەکانیدا دەبینێتەوە، هەوڵدەدەین لەم خاڵانەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

- میدیای دیجیتاڵی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانی گۆڕیوە، بەرهەمهێنان بەرز دەکاتەوە و ئاسانکاری بۆ کرێکاران و خاوەنکارەکان دەکات: دیجیتاڵکردنی ناوەڕۆک و داتاکان، هەروەها تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندییە دیجیتاڵیەکان، دەرفەتی نوێیان کردۆتەوە بۆئەوەی لە کوێ، کەی، چۆن و لەلایەن کێوە کارەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش سروشتی پەیوەندی کارکردن دەگۆڕێت، زۆرێک لە کارەکان ئێستا دەتوانرێت لە هەر شوێنێک، لە هەر کاتێکدا ئەنجام بدرێت، ئاسانکاری دەکرێت بەهۆی بەردەستبوونی داتای دیجیتاڵی، ئینتەرنێتی خێرا، و تەکنەلۆژیای باشتری پەیام و دەنگ و گرتەی جوڵاو.[٢]

-میدیا و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ گەشەدان بە تواناو کارامەیی لە هەر بوارێکدا: بە پشتگیریکردن لە وانەوتنەوە و خۆپەروەردەکردن، دەتوانرێت سەرچاوەی فێربوون بخرێتە بەردەستی ئامادەبووانێکی فراوانتر بە تێچووی کەمتر و کوالیتی بەرزتر، دەتوانرێت میدیای دیجیتاڵی بەکاربهێنرێت بۆ ئاسانکاری فێربوونی تەواوی بوارەکانی ژیان، بۆ نموونە، لە ڕێگەی جێگیرکردنی تەکنەلۆژیای فێربوون لە پلاتفۆرمە بەکارهێنراوەکانی بەرفراوان یان بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی بۆ پەیوەندیکردن هەروەها بۆ نموونە (فێربوونی زمان، ڕاهێنەرایەتی، چۆنێتی دروستکردنی کاری سەربەخۆ...هتد) کە هەموو کەسێک دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، هەروەها میدیای دیجیتاڵی زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاکێشان و سەرچاوەی بەهرەمەندەکان، بە تایبەت کارمەندانی گەنج و شارەزا لە بواری دیجیتاڵی، ڕەنگە کۆمەڵێک بەهرەمەندی

---

[١] Shiv Gupta, The Impact of Digital Media, incrementors,٢٠٢٢ ٢
Impact Of Digital Media On Our Society, Future & Lifestyle (incrementors.com) بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٧/٤).

[٢] Jim Whitehurst, Driving Digital Transformation: new skills for leaders,new role for the CIO, hbr,٢٠١٥
RedHatReportMay٢٠١٥.pdf (hbr.org) بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٧/٤).

جۆراوجۆر لە نێوان پیشەسازییەکاندا ڕێگەیەکی دیکە بێت بۆ دابینکردنی پێویستیی کارامەیی نوێ لە هەمان کاتدا دەرفەتی گەشەکردن پێشکەش بە کارمەندان دەکات.[١]

- ئامرازێکی ئازادیی ڕادەربڕینن: لە میدیای نوێدا، هەرکەسێک دەتوانێت پەیجێک یان کەناڵێک بۆ هەواڵ بکاتەوە، بۆ نموونە، و بەڕێوەی ببات، و ڕا و بیرۆکەکانی خۆی دەربڕێت بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی باڵا کە ڕێگری لێ بکات لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکان کە لە بەرژەوەندییەکەیدا نین و لەگەڵ ئاراستەکانیدا ناگونجێت، وەک لە میدیای نوێدا دەبینرێت.

-ئەرشیف و مێژوو: زانیارییەکانی ناو میدیای نوێ بە توانای پاراستنیان و دەستڕاگەیشتن پێیان لە هەر کات و شوێنێکدا تایبەتمەندە، وەك میدیای تەقلیدی لەناودەچێت، کە تیایدا وەرگرتنەوەی زانیاری قورسە.

-کارلێککردن: ئەوەی میدیای نوێ جیادەکاتەوە، توانای بینەرە بۆ سەرنجدان لەسەر هەواڵەکان یان زانیارییە بڵاوکراوەکان و دەربڕینی بۆچوون و دیدگای خۆی، ڕۆڵی ئەو تەنها لە وەرگرتنەوەدا سنووردار نییە، بەڵکوو دەتوانێت کارلێک بکات و بەشداری بکات.[٢]

-خێرایی: یەکێک لە باشییەکانی میدیای نوێ خێرایی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵە و ئەمەش ئەوەیە کە میدیای تەقلیدی کەمی هەیە، کە پێویستی بە کاتە بۆ ئامادەکردنی هەواڵەکان یان زانیاریەکان.

-ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری: میدیای نوێ بە ئاسانی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و بێ بەرامبەر تایبەتمەندە، بەسە بۆئەوەی بچیتە ناو وێب پەیجەکە و بەدوای ئەو هەواڵانەدا بگەڕێیت کە دەتەوێت و بیخوێنیتەوە بەبێ ئەوەی پێویستت بە چاوەڕوانی کاتی هەواڵەکە بێت بولیتن یان کڕینی ڕۆژنامە و ڕۆژنامە.[٣]

-ڕووماڵی هەموو بابەتێکی بڵاوکراوە دەکات لەطێی کەرەستە جۆراوجۆرەکانەوە: ڕووماڵی گشتگیر و قوڵ بۆ هەواڵ و زانیاری و ڕووداوو بابەت و کێشە و ململانێی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی، لە بوار و بابەتی هەمەجۆردا، بە ئامراز و کەرەستەی میدیایی ئەلیکترۆنی و ئاسمانی، دەکات.

---

[١] Vaughan Bellhe& , Dorothy V M Bishop, Tdebate over digital technology and young people, https://s٣.documentcloud.org/documents/٢٤٠١٤٢٩/technology.pdf بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢\٧\١٤).

[٢] Joe Cote,What is New Media?,٢٠٢٢, https://www.snhu.edu/about-us/newsroom/liberal-arts/what-is-new-media, بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\١٤).

[٣] Robert Wynne, What's New About The "New" New Media, forbes,٢٠١٧ https://www.forbes.com/sites/robertwynne/٢٠١٧/٠٩/٢٥/whats-new-about-the-new-new-media/?sh=٢٤edf٠٣١٥ea٩, بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\١٤ ).

-گۆڕینی شێوازی پەیوەندیکردنی کلاسیکی: مۆرکێکی نوێی بە سروشتی پەیوەندیکردن بەخشیوە بە جەماوەر، ئەویش پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ و چالاک و کاریگەر.

-دورکەوتنەوە لە مەرکەزیەتی کۆمەڵایەتی: قۆناغێکی نوێی بۆ میدیا خوڵقاندوە، کە بەقۆناغی کارلێکراو دەناسرێت، بەجۆرێک بەرکەوتە بۆ میدیا لەسەر بنەمای تاک، نەک جەماوەر.[١]

**- لایەنە نەرێنییەکانی میدیای نوێ:**

سەرەڕای باشییەکانی میدیای نوێ، زۆر لایەنی نەرێنی هەیە، ڕەنگە هەندێک جار تایبەتمەندییەکانی لە هەمان کاتدا بگۆڕدرێن بۆ نەرێنی، ئەو لایەنانەش لە میدیای نوێدا بریتین لە:

-نەبوونی متمانە: میدیای نوێ زۆرجار بۆ وەرگر یان بەکارهێنەر تووشی دوودڵی و گومان دەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر مرۆڤێک دەتوانێت بەبێ سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو ئەوەی دەیەوێت بڵاوی بکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زانیاری هەڵە و بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان، بە پێچەوانەی میدیای تەقلیدییەوە، کە وایە بەپێی یاسا پیشەییەکان کە ڕێگری لە گواستنەوەی هەواڵی ناڕاست یان جێگەی پرسیار دەکات.

- نەبوونی سانسۆر: لە میدیای نوێدا، هیچ دەزگایەکی ڕێکخستنی نییە کە ڕێگری بکات لە بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵ یان بیرۆکە یان دەنگۆی چەواشەکارانە یان هێرشبەرانە، کە جددیترین خاڵی نەرێنی میدیای نوێیە.

- گۆڕینی یاساکان لە میدیای نوێدا: گۆڕانی یاساکان لە میدیای نوێدا و گۆڕانی حزبی کۆنترۆڵکەر و کاریگەر، بۆ نموونە کەسێکی ئاسایی کە ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتووی هەبێت، دەتوانێت کاریگەرتر بێت لە تەواوی حیزبێک یان ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ کە ئەمە لە میدیای تەقلیدیدا ڕونادات.[٢]

- سەختی لێپێچینەوەی یاسایی: لە میدیای نوێدا ئەستەمە لێپێچینەوەی یاسایی لەو کەسانە بکرێت کە بابەتێک بڵاودەکەنەوە کە داوای ڕق و تیرۆر و توندڕەوی و تاوانی دیکە دەکەن کە بە یاسا سزایان دەدرێت لە میدیای تەقلیدیدا، بەڵام ئەمە لە میدیای دیجیتاڵیدا ئەستەمە.

[١] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عومەر ڕێشاوی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٦-٤٧ .

[٢] سامي بلال، الاعلام الجديد و تاثيره على المجتمع، تاريخ النشر ٢٠٢١
https://www.hellooha.com/articles/٣٨٧٦-الإعلام-الجديد-وتأثيره-على-المجتمع، بەرواری سەردانکردن (٣٠-٧-٢٠٢٢) .

- پێشێلکردنی مافی کۆپی و مافی خاوەندارێتی: لە میدیای نوێدا بە تایبەتی لە سۆشیال میدیادا ئاسانە کتێب یان بابەت کۆپیبکرێت و بەبێ ناوی نووسەر بڵاوی بکاتەوە و مافی خاوەندارێتی پێشێلبکرێت، سەرەڕای بوونی یاسایەک کە پارێزگاری لێ دەکات و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات سەبارەت بە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام جێبەجێکردنی ئەستەمە بەهۆی سەختی لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران لە هێڵەکانی ئینتەرنێتدا.[١]

- ونبونی کەسێتی:بەو پێیەی تۆڕ کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگای گریمانەیی بۆ بەکارهێنەرانی دروستکردوە، بۆتە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە بەکارهێنەر لەأێر ناوی نادیار پرۆفایل و گروپەکان بەڕێوە ببەن.

- بردنی داتای ئەلیکترۆنی کەسیی: بەهۆی نەبوونی فلتەری پێویست و ئاسایشی زانیاری، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت لەلایەن تاک و گروپی دیاریکراو، داتا و زانیاری بڵاوکراوەی بەکارهێنەرانن ببرێت و بۆ مەرامی جۆراو جۆر بەکاربهێنرێتەوە.

- هاندەرە بۆ سەرهەڵدانی ماڵپەری ئەلیکترۆنی سێکسی: ماڵپەرە سێکسیەکان لەگەڵ بەکارهێنانی هەردوو تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت و مانگی دەستکرددا بە شێوەیەکی فراوان سەریان هەڵدا، بە تایبەت میدیای ئەلیکترۆنی سێکسی بێبەرامبەر لە بەکارهێنان لە سەرەتادا سەریهەڵدا، دواتر بەشێک لەم میدیا ئەلیکترۆنیە سێکسیانە بوون بە کەناڵی کۆددار و ڕاکێشانی پارە لە بەکارهێنەران.[٢]

- پارچە پارچەکردنی بازنەی پێشوازی، و گرنگیدان بە ئاڕاستەکردنی تاک و گروپە بچووکەکان بەپێی ئارەزوو و پێداویستی تاک.[٣]

## ٣- ئەرکەکانی میدیای نوێ:

لە ئەنجامی پێشکەوتنی خێرای زانستی و مەدەنی و تەکنەلۆژی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی هاوچەرخدا، گرنگی میدیا سەریهەڵداوە و پێویستیی ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا لەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە ڕوودەدەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی یەکگرتوویی کۆمەڵگا و بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانڕەواکان لە ڕێگەی میدیاوە بۆئەوەی خواست و ئاواتەکانی خەڵک دەرببڕدرێن و بەهێزکردنی نزیکبوونەوەی نێودەوڵەتی لە نێوان گەلان و ئەوەی دەیکەن لە بەهاکانەوە لە سنوورەکانەوە

---

[١] خالد وليد محمود ، شبكات التواصل الاجتماعي وديناميكية التغيير في العالم العربي، بيروت ، دار مدارك للنشر ، ٢٠١١، ص: ٦٧.
[٢] ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٠-٥١.
[٣] خالد وليد محمود ،مصدر سابق، ص: ٦٨.

هەتا گەلان زانایان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە میدیای مۆدێرن ئەرکی هەیە کە سنووردارە بەمانەی خوارەوە:

١- فراوانکردنی ئاسۆکان: وەک میدیا، بە هێنانی ئەوەی دوورە و ئاسانکاری بۆئەوەی نزیکە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پردکردنی کەلێنی نێوان کۆمەڵگای تەقلیدی و مۆدێرن.

٢- وروژاندنی خواستەکان: میدیا ئاواتەکانی خەیاڵ و تێگەیشتنی گەلان دروست دەکات، لە ئەنجامدا لە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا باشترە و تێدەپەڕێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە ناڕازیبوون بکەن لە دۆخی ئێستا و پاڵنەرێک بۆ گۆڕینی دروست دەکات، وەک بەبێ وروژاندن تەماحەکان و بەبێ ئەوەی هانی تاکەکان بدەن بۆ خەبات بۆ ژیانێکی شکۆمەند و بۆ گەشەسەندنی کارایی، بەدووری نازانرێت گەشەسەندنی خوازراو ڕوو‌بدات.[1]

٣- دانانی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان: لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانرێت نۆرمەکانی ڕەفتاری گەشەپێدان لە حوکمڕانیی گشتیدا جێگیربکرێت و لادان لەم ڕەفتارانە جێگیربکرێت

٤- بەشداریکردن لە پلاندانانی نیشتمانی و نەتەوەیی: کە مرۆڤ لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا دەبێت فێری کارامەیی نوێ و شێوازی ژیانی نوێ ببێت، وەک میدیاکان زانیاری و گفتوگۆ دەگەیەنن کە لە ڕێگەیەوە میللەت لە پێویستیی پلان تێدەگات و لەسەری ڕێکدەکەوێت، و لەسەر بنەمای... ئەم ئەرکە، وەک یەکێک لە پسپۆڕان ئاماژەی بەوەدا کە وروژاندنی پرسەکان خەڵک تۆمەتی لە زۆر کەس هێناوە کە میدیا ڕۆڵی پەرلەمانی داگیرکردووە.[2]

٥- دارشتنی ڕەوتەکان: ڕاگەیاندن تەنها بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری نییە، بەڵکوو مەبەست لێی گۆڕینی ڕەوتەکانە و پاڵنانی گروپەکانە بۆ کارکردن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، واتە میدیاکان وێنەی داهاتوو ببلوری دەکەن، وێنەیەک کە توانای پاڵنانی مرۆڤی هەبێت بۆئەوەی ئەو کارە بکات کە پێویستە بیکات و توانای گۆڕینی کۆمەڵگای هەبێت.

٦- ڕاهێنان و پەروەردە: واتە لە ڕێگەی ئەو لێهاتوویی و پرۆگرامە پێویستانەی کە فێر دەبن، کە تێیدا ئەندامانی کۆمەڵگا بە گشتی ڕاهێنانیان پێدەکرێت، بەپێی خواست و پسپۆڕییەکەی، بەپێی پلانی گەشەپێدانی پێویست.

---

١ حارث عبود ومزهر العاني،الاعلام والهجرة الى العصر الرقمي، الاردن ،دار الحامد للنشر والتوزيع ،٢٠١٥، ص: ٦٨.
٢ ياس خضير البياتي، الاعلام الجديد الدولة الافطراضية الجديدة،عمان، دار البداية ناشرون و موزعون،٢٠١٤، ص: ١٩٧.

٧- بەشداریکردن لە بڕیاردان: بۆئەوەی ڕێککەوتنی دەستەجەمعی لەسەر بڕیارەکە رووبدات، ئەمە پێویستی بە گۆڕانکاری لە رەوت و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە بەڕێوەیان دەبەن، بۆیە میکانیزمەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان فاکتەری سەرەکی فەرمانڕەوایین.. لەم خاڵەوە ڕوانگە، میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم بوارەدا بە خۆراکدانی زانیاری لە ڕێگەی گفتوگۆکانەوە، بە گەیاندنی وشەکە بە سەرکردەکان و بە ڕوونکردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، واتە میدیا دەتوانێت بەشداری بکات لە فراوانکردنی بازنەی دیالۆگی سیاسی، و بەم شێوەیە دەرفەتەکان بۆ... بەشداریکردنی هۆشیارانە لە پرۆسەی بڕیاردان.[١]

٨- توانای هێنانەدی گۆڕانکاری جیهانی: میدیای نوێ توانای هێنانەدی گۆڕانکاری لە وڵاتان و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەیە، وەک داوای ناڕەزایەتی یان فشارخستنە سەر حکومەتەکان و گۆڕینی ڕژێمەکان.[٢]

## ٤- جیاوازی نێوان میدیای نوێ و میدیای نەریتی:

جیاوازی جەوهەری زۆر لە نێوان میدیای نوێ و میدیای نەریتیدا هەیە، کە وا دەکات هەریەکەیان خاوەنی سوودی تایبەت بە خۆیان و گرنگ بن و ئەم جیاوازییانە بریتین لە:

- میدیای نەریتی یەکپارچە و میدیای نوێ کارلێککارە: میدیای نەریتی بە یەکپارچە دادەنرێت، واتە نێرەر یەک کەسە کە ئەرکی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە کۆتایی دێت، هەرچی میدیای نوێش تایبەتمەندی سەرەکی تیایدا ئەوەیە کە کارلێککارە .نێرەر چیتر تەنها نێرەر نییە، وە هەواڵەکەی باس ناکرێت، بەڵکوو کارلێککردنەکە لە بڵاوکراوەکەیدا یان بە شێوەیەکی نەرێنی یان بە ئەرێنی ڕوودەدات.

- بەستنەوەی کات و شوێن: میدیای نەریتی هەمیشە بەستراوەتەوە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە لە کاتێکی دیاریکراودا بولیتینێکی هەواڵ هەیە یان ڕۆژنامەیەک لە شوێنێکی دیاریکراو و بەروارێکی دیاریکراودا دەرچووە، سەبارەت بە میدیای نوێ، نە بە کات و نە شوێنەوە بەستراوەتەوە.[٣]

---

[١] بسام عبدالرحمن الجرايدة، كتاب الاعلام وقضايا حقوق الانسان النشر الالكتروني،عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٩،ل: ٤٨-٤٩-٥٠.
[٢] ياس خضير البياتي،مصدر سابق، ص:١٢٠.
[٣] مصطفى يوسف كافي ،الاعلام التفاعلي عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع ،٢٠١٦، ص: ٢١.

- نێرەر: نێرەر لە میدیای نەریتیدا دەبێت ڕۆژنامەنووس، پەخشکەر، پێشکەشکاری هەواڵ، یان سەرنوسەر بێت، یان لانی کەم دەبێت لە بواری پسپۆڕی میدیادا بن، لە کاتێکدا نێرەر لە میدیای نوێدا دەتوانێت هەر کەسێک بێت کە ئینتەرنێتی هەبێت، کۆمپیوتەرێکی هەبێت یان مۆبایلێک .

- متمانە بە میدیاکان: زۆرجار بینەر زیاتر متمانەی بە سەرچاوەی میدیایی نەریتی هەیە لەوەی کە متمانەی بە سەرچاوەی میدیای نوێ هەبێت، بۆ نموونە هەر هەواڵێک کە کەسێک لە هەر وێب پەیجێک بیبیستێت بەزۆری تەلەفزیۆنەکە دەکاتەوە بۆئەوەی هەواڵەکە پشتڕاست بکاتەوە، نەبوونی متمانە لە کاتێکدا کە میدیا نەریتییەکان هەواڵ بڵاو ناکەنەوەهەتادڵنیا نەبن لە سەرچاوەکەی.

- کۆنترۆڵ لاوازە: لە میدیای نەریتیدا، ئەستەمە پێشێلکردنی بەها و ستانداردە ئایینی، کۆمەڵایەتی یان کولتوورییەکان لە کۆمەڵگاکاندا بکرێت، لە کاتێکدا بۆت دەردەکەوێت کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە کە میدیای نوێ بەکاردەهێنن هەندێک جار مەودای ئازادی وەک بوارێکی فراوان دەگرنە بەر بۆ... پێشێلکردنی ئەم بەهایانە.[1]

- بۆچوونی جیاواز: میدیای نەریتی دەتوانرێت وەک میدیایەک وەسفبکرێت کە لەلایەن ئەو دامەزراوەیەی خاوەنی میدیایەهەتاڕادەیەک قۆرخ کراوە و ناتوانێت ڕێگە بە بەشداریکردنی ڕای بەرامبەر بدات، بەڵام ئەمە لە میدیای نوێدا جیاوازە و ڕادەربڕین زۆر ئازادانەترە.

- تێچووی ناو میدیای نوێ: تێچووی میدیای نوێ زۆر کەمە و نزیکە لە بوونی نییە، بوونی ئینتەرنێت و ئامرازێکی ئەلیکترۆنی وەك مۆبایل یان کۆمپیوتەر بەسە بۆ گواستنەوە و بڵاوکردنەوە، لەکاتێکدا میدیای نەریتی خاوەنی تێچووی زۆر بەرزە، وەک کردنەوەی کەناڵێک لە تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ یان تێچووی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکاندا.

- تێکەڵکردنی کلتورەکان: میدیای ئەلیکترۆنی ڕێگەی داوە بە دروستکردنی تێکەڵەیەک لە کولتوورەکان کە هەندێک جاریش نەرێنییە، بەڵام خۆی دەسەپێنێت بەسەر واقیعی میدیای نەریتیدا.[2]

- ڕیکلام: لە میدیای نوێدا ڕیکلام تێچوویەکی کەمتری پێویستە بە بەراورد بە میدیای نەریتی هەروەها لەبەرئەوەی میدیایەکی کارلێکییە کاریگەریی ڕیکلامەکانی لەسەر بەکارهێنەر زیاترە، وە میدیای نوێ پشت

---

[1] سامي بلال، مصدر سابق
https://www.hellooha.com/articles/٣٨٧٦-الإعلام-الجديد-وتأثيره-على-المجتمع، بەرواری سەردانکردن (٣٠-٧-٢٠٢٢).

[2] قينان عبد الله الغامدي، التوافق والتنافر بين الإعلام التقليدي والإعلام الالكتروني،بحث غير المنسوره،المملكة *العربية* السعودية،جامعة الأمير ايف العربية للعلوم الأمنية،٢٠١٢، ص: ١٧.

به داتا دەبەستێت و دەتوانرێت ژمارەی وەرگرەکان بە ئاشکرا بزانرێت کە ڕیکلامەکەیان پێگەیشتوە، میدیای نوێ ڕێگەت پێدەدات دەستبەجێ گۆڕانکاری لە ڕێکلامەکەتدا بکەیت بۆئەوەی زۆرترین کاریگەری هەبێت بە تایبەت دوای بینینی ئەنجامی پۆستی ڕێکلامەکەت، چونکە ئەم ئەنجامانە لە ماوەیەکی کورتدا دەردەکەون، بە پێچەوانەی شێوازە نەریتیەکانەوە کە کاتیان دەوێت بۆ بینینی ئەنجامی کەمپەینەکە.[١]

## ٥- گرنگیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە میدیای نوێدا:

سەرەتا پێویستە سەرنجبخرێتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئیتیکی میدیا تەنیا نوێنەرایەتی میدیای تەقلیدی ناکات، بەڵکوو لە میدیای ئەلیکترۆنی یان نوێیشدا پێویست و گرنگە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم ئامڕازە مۆدێرنانە لە هەموو کاتێک و شوێنێک بوونە بە واقیع، هەروەها ئەم ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دەیەوێت پرەنسیپ و بنەماکانی خۆی بە پێوەر و باڵای میدیای نوێدا بدورێت بە جۆرێک کە لەگەڵ خاڵ و لایەنە جیاوازەکانی میدیای دیجیتاڵیدا بگونجێت و بتوانرێت کارەکانی بە باشترین شێوە ڕێکبخات.

بۆیە ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی بووە بە پێویست بۆ فۆرمەلەکردن و دروستکردنی میدیایەکی نوێی خاوەن_بەرپرسیاریەتی کە بڵاوکراوەکان تێیدا خاوەن ئامانجی دروست بن، هەروەها ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک بنەما و ستانداردی هەیە، کە جەختدەکاتەوە لەسەر ڕەوایی ڕاستییەکانی میدیا و بەڵگە زانستییەکان، هەروەها بەشدارن لە کاریگەریی دانان لەسەر چۆنیەتی ناوەڕۆکی میدیای نوێ، هەروەکوو پێویستە بەشداربێت لە کاریگەریی دانان لەسەر ئەندامان و بەشداربووان لە میدیای نوێ و بنیاتنانی کۆمەڵگای ئەلیکترۆنی.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لە میدیای تەقلیدی و نوێشدا جیاوازییەکی بەرچاوی نییە و بە گشتی پرانسیپ و پێوەرەکانیان یەکێکن و تەنها هەندێک جیاوازیی بچووک هەیە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازییەکانی میدیای نوێ، ئیتیک لە میدیای نوێدا جەختدەکاتەوە لە گرنگی متمانە و وردی لە زانیارییەکان، هەروەکوو بە سەرنجدان بەوەی کە ئامڕازە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارن لە

---

[١] duaa mohe ، مقارنة بين الإعلام التقليدي والجديد والفروقات التي بينهم، almrsal ،تاريخ النشر ٢٠٢٢ https://www.almrsal.com/post/١١٦٥١١٩، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\٢١).

ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو کۆمەڵگاکان و جەماوەر و توانایان بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایی لەسەر بنەمای سەرچاوەیەکی دیاریکراو یان دامەزراوەی میدیایی لەناو خۆیدا ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئینتەرنێت بە ئازادیی ڕەها تایبەتمەندە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویستیی زیاتری بە ئیتیک و ڕەچاوکردنی بنەماکانی هەیە.[1]

هەروەها ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە ئەوەیە کە میدیای نوێ شێوەیەکی گلۆباڵی هەیە، بۆیە دەبێت میدیاکاران زیاتر وردتر بن لە بواری ئیتیکی پشەیی، بابەتێك بڵاونەکەنەوە کەوا ڕەچاوی ئیتیکی تێدا نەکرێت، ڕاستە ئیتیك پەیوەستە بە ویژدان و ناخی میدیاکارەکە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داتا و زانیارییەکان، بەڵام دەبێت میکانزیمی کارکردنی پرۆفیشناڵی میدیاییش لەبەرچاوبگرێت، کارێك نەکات کەوا لە پیشەیی میدیا دوور بێت.[2]

لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت و دواتر دروستبوونی کەناڵە جیاوازەکانی میدیای نوێ، پێگە کۆمەڵایەتییەکان و سایت و پەیجەکانی میدیا کە بانگەشەی پراکتیزەکردنی ڕۆژنامەگەریی هۆشیار دەکەن و بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبونەتەوە، لە کاتێکدا لە واقیعدا زۆربەیان دوورن لە ڕۆژنامەگەریی هۆشیار و نزیکن لە کاری پروپاگەندە یان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری تەنها بۆ مەبەستی بازرگانی، بەم شێوەیە پلاتفۆرمی ڕۆژنامەوانیی پیشەیی تێکەڵ بەوانەی کە کاری پروپاگەندە بە بەرگی ڕۆژنامەوانییەوە دەکەن، هەروەها بڕی هەواڵی ساختە کە لە زۆر حاڵەتدا زیاتر لە هەواڵی ڕاستەقینە بڵاودەبێتەوە سەرلێشێواوییەکی بەرچاوی دروستکردوە کە بەشداربووە لە دابەزینی متمانەی گشتی بە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان بە گشتی و کاریگەریی نەرێنیشی لەسەر دامەزراوە ڕۆژنامەوانییە پیشەییەکان هەبوو.[3]

لە لایەکی دیکەوە د. شوان ئەیڤەس پێیوایە "ئەگەرچیی ئامرازی بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە میدیاییەکان نەریتی یان هاوچەرخ بن، بەڵام مەرجێکی بنچینەیی پێشوەختە کە ئەتەکێتی جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە، باش لە خراپ، درووست لە نادرووست، جوان لە ناشرین و ...هتد، بنەمایەکی ویژدانیی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی هەر ڕۆژنامەوانێک بن کە بڕیاری پیشەوەرانەی کارکردنی دابێت. ئەگەر نا پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان لە میدیای کۆن و نوێدا چوونییەک نین، چونکە ئەو کەرەستانەی لە هەر یەکێکیاندا بەکاردەهێنرێن

---

[1] عبد الرزاق الدليمي، الإعلام في ظل التطورات العالمية، الاردن، دار اليازوري العلمية، ٢٠١٧، ص: ٥٢.

[2] د. ئازاد عبدالعزیز محمد، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، دکتۆرا لە ڕاگەیاندن، چاوپێکەوتن لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤.

[3] محمد خمايسة، لأخلاقيات الجديدة للصحافة في العصر الرقمي،aljazeera ، تاريخ النشر ٢٠٢١، https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/١٥٠٤?fbclid=IwAR١٦yRqvvRVRqXh١_TQ٣٠V٩Og٨m٩H٥RnInRis-٦٢otmJxGqpWhKkGateIao (٢٠٢٢\٨\١٥ بەرواری سەردانکردن .

جیاوازن، بە جیاوازیی تەکنیک و لۆژیکی بەکارهێنانیان. هەربۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر مەتریاڵ و تەکنیکێکی میدیاییدا پێویستی بە جۆرێک لە پسپۆڕێتی و هۆشیاریی پیشەیی هەیە. بۆ نموونە پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی و ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتیی کەسەکان لە میدیای نوێدا، کز و کەم و سنووردارترە، چونکە کەس و کەرەستەکانی پێشێلکردنی ئەو مافە کەسییە بە بەراورد بە میدیای کۆن، ئاسانتر و نەناسراوترن"[1].

لەبەرئەوەی پابەندنەبوونی میدیای نوێ بە ئیتیکی پیشەی میدیایی، مەترسییەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگا و پراکتیزەی کاری میدیایی لەسەر ئینتەرنێت دروست دەکات، بۆیە گەر میدیای ئەلیکترۆنی پەیوەست بێت بە ئیتیکی میدیایی، کەشێکی پڕ لە متمانە لە نێوان خۆی و جەماوەر دروستدەکات بەم جۆرە لە گەیاندنی پەیامەکەی بۆ جەماوەر سەرکەوتوو دەبێت.[2] هەروەها گەشەسەندنی تەکنەلۆژی لە بواری پەیوەندییەکاندا بەشداریکردووە لە بەرزکردنەوەی ئازادییەکانی میدیا، بەڵام ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنیش بە شێوازی جیاواز پەرەیسەندوە، مشتومڕ لەسەر سانسۆر لە میدیاکان بەردەوامی هەیە، بەو پێیەی هیچ بڕیارێکی کۆتایی نییە کە گەرەنتی سەرکەوتنی لایەنێک بکات بەسەر لایەنێکی دیکەدا، هەرچەندە ئاست یان چڕی ئەم سانسۆرە بەهۆی میدیای نوێوە زۆر کەمی کردووە. لێرەوە سێ توخمەکە: یاسا، ئازادی، ئیتیکی میدیا گرنگیی یەکسانیان نییە، بەڵام نەبوونی یەکێکیان هەڕەشە لە پەیامی میدیا و کارکردنی بە دروستی دەکات. بەبێ ئازادی؛ ناوەڕۆکی میدیا دەبێتە بەیاننامەی فەرمی و بەبێ یاسا، پیشەکە کراوە دەبێت و بێ پارێز و ململانێ دەبێت. هەروەها یەکێک لەو کێشانەی کە سیستەمی میدیای نوێی ئێستا لەسەری بەردەوامە، کێبڕکێی توندە بۆ سەرکەوتنی بەسەر سکۆپ و وروژاندنی ڕۆژنامەوانیدا، بۆیە دەبینین کێبڕکێ لە نێوان دەزگاکان و کەناڵە مانگە دەستکردەکان بە تایبەتی بەرزدەبێتەوە، کە ئەمەش زۆر جار لەسەر ئیتیک و ستاندارده پیشەییەکان دەکەوێت، ئەمەش لە کێبڕکێی بە ئەنقەستی میدیاکان، لە پێشبڕکێیەکانیاندا بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەی کوژراوان و بریندارەکانی ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، کەڵکوەرگرتن لە ڕووداو و کارەساتەکانی خەڵک لە گەڕان بە دوای خاڵێکدا بۆ وروژاندن، بەم جۆرەش کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان پەنا بۆ پەخشی (ڕاستەوخۆ) دەبەن بۆ ڕوومالکردنی ڕووداوە ناگرنگەکان بە ئامانجی وروژاندن و بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی.[3]

---

[1] د.شوان ئادەم ئەیڤەس، دکتۆرا لە ڕاگەیەندن، مامۆستا لە بەشی تەکنیکیی میدیا، کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی و سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک)، چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ئیمەیلی ئەلیکترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/١٤.

[2] ئازاد عبدالعزیز محمد، ئاڕاستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا،هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٧.

[3] یاس خضیر البیاتي، الأخلاقیات المهنیة في الإعلام الرقمي،alarab ، تاریخ النشر ٢٠١٧ .
https://alarab-co-uk.cdn.ampproject.org/c/s/alarab.co.uk/الأخلاقيات-المهنية-في-الإعلام-الرقمي?AFgYobE٥obsYhFK٣mZcGc٦J٣oZacXC٦QdLcV٥٥ep٩agemagLPzc٧٩QQG٠amp&fbclid=IwAR
بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٨\١٥).

له لایەکی دیکەوە واقیعی میدیای نوێ وای کردووە بابەتی پابەندبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی پیشەیی پرسێکی زۆر ئاڵۆز بێت، ڕۆژنامەنووسان هێشتا وەکوو خۆیانن، بەڵام میتودەکە تەکنەلۆژیای نوێی بۆ زیادکراوە، کە بووە بەهۆی شۆڕشێکی گەورە لە بواری کاری میدیا و ڕۆژنامەگەری، بێگومان بۆ ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئیتیکیش پێویستدەکات کە لە زنجیرەی پەیوەندییەکاندا هەرکەسێک لە جێگای خۆیەوە و بەپێی ئەو کارەی پێی هەڵدەستێت کۆنترۆڵی بابەتەکان بکات، ئەمەش واتا (Gatekeeper) دەروازەپارێزی یاخود دەرگاوان، بە جۆرێک دەروازەپارێزەکە دەسەڵاتی هەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی بە دەروازەکەیدا تێدەپەڕێت و چۆن تێدەپەڕێت هەتا دواجار دەگاتە ئامانج، ئەمڕۆ پاسەوانی دەروازەکە تەنها لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە ناکرێت، بەڵکوو لەلایەن هەموو ئەو هاوڵاتیانەوە ئەنجامدەدرێت کە میدیای نوێ بەکاردەهێنن و سوودمەندن و سوودمەند دەبن لە تەکنەلۆژیاکان. بەم شێوەیە ئەم ژینگە نوێیە میدیاییە لە دۆخێکی پشێودایە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسە پیشەییەکان لەگەڵ چینێکی دیکەی نەناسراو لە ڕۆژنامەنووسانی هاوڵاتی و تویت و بلۆگەر دەخەنەڕوو، کە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دەخاتە بەر تاقیکردنەوە، پێشهاتە خێراکان لەسەر گۆڕەپانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەژێر ڕۆشنایی لافاوی زانیاری و زیادبوونی سەرچاوەی میدیایی فەرمی و کەسی، وای لە ڕۆژنامەنووس کرد هەندێک جار پەلەبکات لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی یان هەواڵەکەی بەبێ دڵنیابوون و پشتڕاستکردنەوە لە ڕەسەنایەتی و بابەتییەتی، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت دیاردەی (تای میدیایی).[1]

ئەزموونە ڕۆژنامەوانییە جیهانییەکان پشتڕاستیدەکەنەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە میدیای نوێدا کاردەکەن، کەوتوونەتە ژێر هەمان میکانیزمی لێپرسینەوە و ئیتیکی کە پەیوەندییان بە میدیای کلاسیکییەوە هەیە، بێگومان ئێمە مەبەستمان لە ڕۆژنامەنوسی پیشەییە کە سەر بە ڕێکخراوێکی میدیایی ڕۆژنامەوانییە و ئارەزووی پێگە و وێنەی خۆی دەکات لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگادا، ئەندامێکی چالاک و کاریگەر و بەرپرسیارە لە کۆمەڵگای مرۆیی فراوان.[2]

بۆئەوەی دیدگاکە ڕوونبێتەوە، ژینگەی میدیای نوێ ڕۆژنامەنووسانی پابەندکرد بە هەموو ئەو بنەما میدیاییانەی کە لە میدیای کلاسیکی تەقلیدیدا بەکاردەهێنرێن، ئەمە جگە لە هەندێک بنەمای نوێ کە پەیوەندییان بە سروشتی بوارە ئەلیکترۆنییە نوێیەکەوە هەیە، لەوانە: مافی ڕۆژنامەنووس بۆ پاراستنی نهێنی زانیاری و داتا و سەرچاوەکانی، و مافی ئاشکرانەکردنی وشە نهێنیەکەی، مافی بەدواداچوون بۆ جوڵە ئەلیکترۆنییەکانی، مافی پاراستنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، پلاتفۆرمەکان، بەرنامە و ماڵپەڕەکانی لە

[1] ماهر عودة الشمالية واخرون، مصدر سابق، ص:٩٣ -١٩٤.
[2] ياس خضير البياتي، الإعلام الجديد الدولة الافتراضية الجديدة، مصدر سابق، ص:٢٠.

هاککردن و گوێگرتن، مافی ڕۆژنامەنووس بۆ ڕاستەوخۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامراز و سەرچاوە میدیاییە جیاوازەکانی، مافی داڕشتن و بەکارهێنانی شێوازی ئەلیکترۆنی نوێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر، مافی ناردن و وەرگرتنی زانیاری، هەڵگرتن و وەرگرتنەوەی بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، مافی دەستڕاگەیشتن و بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیاری کە سنووردارکردن بسەپێنێت لەسەر مەرجی بەکارهێنانیان لە خزمەتگوزاریی گشتیدا، مافی ئەو بۆ بڕوانامەی تەکنیکی و پیشەیی و ڕاهێنانی لە زیادکردنی توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نوێیەکان بە شێوەیەکی کاریگەر، مافی بەدەستهێنانی دەرماڵەی تەکنەلۆژیا بە مەبەستی پەرەپێدانی توانا ڕۆژنامەگەرییە دیجیتاڵییەکانی، و مافی کارکردن لەسەر ئامێرە مۆدێرن و پێشکەوتووەکان و پێشێلنەکردنی مافی سایتەکانی دیکە یان هاککردن و تێکدانیان لە ئەنجامدانی کارەکانیان، دوور بێت لە دەستکاریکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو ماددە، بەستەر یان ڤایرۆسانەی کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر متمانەی میدیاکان و نهێنیی کارەکانیان هەبێت.[١]

کەواتە مەبەست لە ئێتیکی پیشەیی لە میدیای نوێدا ئێتیکی ڕۆژنامەنووسە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ماددە میدیاییەکانی لە ئینتەرنێتدا، جا چ بڵاوکردنەوەی بێت لە ماڵپەڕی دامەزراوە و کەناڵی میدیایی یان لە ماڵپەڕی پیشەیی خۆیەوە، یان لەسەر لاپەڕەی کەسی خۆی لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە وەکوو دەستەبژێرێک بیر و ڕاکانی بڵاودەکاتەوە، لێرەشدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو پرەنسیپانەی کە پێش بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەکوو ڕێسای ئێتیک دانراون بۆ سەردەمی میدیای نوێ گونجاون؟[٢] بێگومان وەڵامی دروست بەڵێیە. پسپۆران و کۆمەڵە و دامەزراوەکانی تایبەت بە میدیای نوێ کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت بنەما ئێتیکیە تەقلیدییەکان لە فەزای ئەلیکترۆنیدا جێبەجێبکرێن، ڕۆژنامەنووس ئەوەی نایەوێت و نابێت لە ڕۆژنامەدا بڵاویبکاتەوە؛ نابێت لە کەناڵەکانی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویبکاتەوە، ئەگەرچی لاپەڕەی تایبەتیش بێت چونکە ئەمە لەسەر ئەو دەزگایە دەکەوێت کە کاری تێدا دەکات، بەم جۆرە هیچ پاساوێک نییە بۆ جێبەجێنەکردنی بنەما ئێتیکیە تەقلیدییەکان بۆ بواری ئەلیکترۆنی. هەروەکوو پێویستە رۆژنامەنووس بەرپرسیاریەتی هەموو شتێك لەئەستۆبگرێت کە دەینوسێت و بڵاویدەکاتەوە، چونکە هەرچی دەینوسێت دەبێت بە گشتی تەنانەت ئەگەر لاپەڕەی رۆژنامەنووسەکە تایبەت

---

[١] خولة مرتضوي، أخلاقيات و قوانين الممارسة الصحفية في بيئة الإعلام الجديد، al-watan، ٢٠٢١، https://www.al-watan.com/article/١٥٨٥٨Writers//أخلاقيات-وقوانين-الممارسة-الصحفية-في-بيئة-الإعلام-الجديد-«٢» بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٨\١٥).

[٢] يحيى اليحياوي، الأخلاق في مجتمع الاعلام، الدوحة، مركز الجزيرة للدراسات، aljazeera ، ٢٠١٤، https://studies.aljazeera.net/sites/default/files/articles/mediastudies/documents/٢٠١٤٩٩٨٢٥٠٤١٦٧٣٤Media-Society.pdf بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٨\١٥).

و کەسی بێت و نەبەسترێتەوە بە دامەزراوەکە، ئەمەش بەهۆی سەختیی جیاکردنەوەی فەزای کەسی و گشتی.[١]

## ٦- ئیتیکی ڕۆژنامەوانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان:

کارکردنی میدیا وەکوو زۆربەی کایە و پیشە جیاوازەکانی دیکەڕەنگدانەوەی ئەو کلتور و کۆمەڵگایەیە کە کاری تێدا دەکات، بە واتایەکی دیکە دەبێتە ئاوێنەی پیشاندانی بیرکردنەوە و دەرخستنی کەسێتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە تایبەت لە سەردەمی میدیای نوێ یان ئەلیکترۆنی کە هەر تاکێک دەتوانێت بەشداربێت لە ناردنی پەیام و کارلێککردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەمەش میدیا دەبێتە سەکۆ و بڵندگۆی هەر بەکارهێنەرێک لە کۆمەڵگادا.

لەبارەی خراپ بەکارهێنانی میدیاوە پسپۆڕان پێیانوایە کاریگەریی گوللەی میدیا زۆر زیاتر و کوشندەترە لە کاریگەریی گوللەی تفەنگ، چونکە گوڵلەیەکی تفەنگ تەنها دەتوانێت کەسێک بکوژێت، یان بریندار بکات بەڵام گوشەیەکی میدیا دەتوانێت کۆمەڵگا یان وڵات یان گەلێک بریندار بکات، چونکە میدیا  بە تایبەت میدیای نوێ بە ملیۆنان خەڵکەوە پەیوەست و پەیوەندیدارە، کەواتە کاریگەری و شوێنکاری هەڵەی پیشەیی و ئیتیکی میدیاکارێک ئەگەر لە هەڵەی پزیشک یان پارێزەر یان ئەندازیار و مامۆستایەک زیاتر نەبێت لە هیی ئەوان کەمتر نییە، وەکوو چۆن زۆر جار زیاتریشە و ڕەنگە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشێلکاری ئیتیکی تێدایە، ببێتە هۆی چەواشەکردنی کۆمەڵگا، یان گروپێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، یان داڕماندنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگا و تاکەکانی، یان بە لاڕێدا بردنی نەوەیەک یاخود شێواندنی ڕاستییەک کە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئاشکرابوونی.[٢]

سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەما و پێوەرە ئیتیکییەکانی پیشە لە میدیای نوێدا د.شوان ئەیڤەس دەڵێت (هەتا ئاستێکی زۆر باش دەتوانرێت پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان لە میدیای نوێدا پەیڕەوبکرێن، ئەویش بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەرهەمهێنەرانی میدیای نوێ و تێگەیشتن لە وەرچەرخانە کولتووری، تەکنیکی، یاسایی، ئابووریی و سیاسییەکانی چەرخی نوێی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە

---

[١] محمد السئلاني، الإعلام الجديد نشأته، آفاقه، تحدياته، خصائصه، المدونات نموذجا، نسخة الكترونيـة في شبكة الألوكة، alukah ، ٢٠١٣ ملخص بحث: الإعلام الجديد نشأته، آفاقه، تحدياته، خصائصه، المدونات نموذجا(alukah.net)  بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٨\١٥).

[٢] هێرش رەسول، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١٢.

جۆربەجۆرەکان، واتا هەتا ئاستی ویژدانیی رۆژنامەوان بەرزتر بێت؛ پابەندبوونیشی بە پێوەرە پیشەییەکان زووتر و زیاتر دەبێت). لە هەمان کاتدا پێیوایە ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ڕووی چۆنایەتییەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و هیچ پسپۆڕ و توێژەرێکی میدیایی ئیرەیی پێ نابات، هۆکاری ئەو خراپییەش بەشێکی بۆ سەربەخۆنەبوون و جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەریی دەگەڕێتەوە کە وای کردوە میدیاوان و میدیای کوردیی ببێت بە پاشکۆیان و لەژێر چاودێریی و لێپرسینەوەی هەریەک لەو دەستەڵاتانەدا بێت و بجووڵێتەوە. بەشێکی دیکەی خراپییەکەش بۆ نەشارەزایی یاخود ناپیشەییبوونی میدیاوان و میدیا دەگەڕێتەوە کە کەمترین بایەخ بە خۆ پێگەیاندن و خۆ نوێکردنەوە دەدەن، هەربۆیە رۆژنامەوانان لە میدیای نوێدا کەمتر پابەندی بنەماکانی یاسا بەرکارەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن بوون و دەبن، چونکە ئێستا میدیا لە هەرێمی کوردستاندا لە نارێکخراوترین دۆخی خۆیدایە و پێویستی بە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوە هەیە.[١]

هاوکات پڕۆفیسۆر د.هێرش ڕەسوڵ لەم بارەیەوە ڕوونیدەکاتەوە لە میدیای تەقلیدی یاخود ئامڕازە کۆنباوەکانی ڕاگەیاندن کە خۆیان دەبیننەوە لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لە کۆندا گرنگترین پێوەرەکان بۆ ئیتیک (ڕاستگۆیی، بەرپرسیاریەتی، وردی، مافی ژیانیی تایبەت، سەربەخۆیی پیشەیی، بێلایەنی) بوون کە دەکرێت بڵێین لە ئامرازە نوێچەشنەکانی ڕاگەیاندنیش هەمان پێوەر و بنەمان، بەڵام کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە لەوەی کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ڕەچاونەکردن و لادان لەو بنەمایانە ئاسانتر بووە، چونکە ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە وای کردوە کۆمەڵێک ئامڕاز یاخود ڕێگا بێتە پێشەوە بۆ بەلاڕێدا بردن و چەواشەکردن یاخود گۆڕین یان دەستکاریکردنی تێکست و وێنە و گرتەی جوڵاو و دەنگ، کە ئەمانە لە ئێستادا بەهۆی پەیدابوونی چەندین ئاپی تایبەت و بەرنامەی جیاوازەوە زۆر ئاسانە لە کاتێکدا پێشتر نەبوون، کە هەموو ئەمانە پێشێلکردنی بنەماکانی ئیتیکن بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها لە میدیای نوێدا بەکارهێنەران هاوڵاتی سادەن و هەموویان ڕۆژنامەنووسی پیشەیی نین، هەرکەسێک دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئامرازی ڕاگەیاندن، ئەکاونت و پەیج و چەناڵی یوتیوب وێبسایت و پێگەی ئەلیکترۆنی بەبێ ئەوەی هۆشیاریی پێویستیان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی، بۆیە تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ لەبارترن بۆ سەرپێچیکردنی بنەما و پێوەرە پیشەییەکانی ڕۆژنامەوانی بە بەراورد بە ئامرازە تەقلیدییەکانی میدیا. بۆیە دەکرێت پێوەرە ئیتیکییەکان جێبەجێبکرێت لە میدیای نوێدا، بەو مانایەی مەحاڵ نییە بەڵام ئاسانیش نییە چونکە پێویستی بە وردەکاری و ڕێکار و ڕێوشوێنی زیاترە بە بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاری چ لەسەر

---

[١] د.شوان ئادەم ئەیڤەس، مامۆستا لە بەشی تەکنیکیی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی/زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی و سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی(چمک)،چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ئیمەیلی ئەلیکترۆنییەوە،بەرواری ١٤/١٠/٢٠٢٢.

ئاستی جەماوەر یاخود بەکارهێنەری، چ لەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووس و دامەزراوە میدیاییەکان، بە واتای هەڵمەتێکی هەمەلایەنە و کاریگەر و چالاکی پێویستە هەتا بتوانرێت پێوەرە ئیتیکییەکان هەتا ڕادەیەکی باش جێبەجێبکرێت. بەڵام ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی پیشە لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان بە بڕوای ئەم پڕۆفیسۆرەی بواری میدیا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و هۆکارەکەشی بۆ نزمی ئاستی هۆشیاریی تاکی بەکارهێنەری سەکۆ و پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ دەگەڕێتەوە، ڕەنگدانەوەی ئەمەش بە ئاشکرا لە پۆست و کۆمێنت و چالاکی و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێدا ڕۆژانە دەبینرێت کە هەتا ئاستێکی زۆر (ناوزڕاندن، تۆمەت خستنەپاڵ، جنێو، ناشرینکردنی یەکتر... هتد) یان تێدا بەدیدەکرێت و هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی ڕەچاونەکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکانن لە میدیای نوێدا.[١] هەر سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئیتیک لە ئامرازەکانی میدیای نوێدا د. ئازاد عبدالعزیزیش دەڵێت (بە ڕای من وەکو پێویست نییە بە تایبەتی لە سۆشیال میدیادا، کەوا ڕەچاوی کۆمەڵگا و تاکەکانی کۆمەڵگا ناکرێت، بە تایبەتی لە نوسینی کۆمێت، پۆستدا، ئەمەش کاریگەریی نیگەتیڤی هەیە بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی، ڕاستکردنەوەشی ئەستەم دەبێت، چونکە خەڵکێك کە پەروەردەدەکرێت لەسەر هێڵێکی ناڕاست نموونەشمان زۆرن لەو بوارەوە، وەکو دروستکردنی ئەکاوەنت و پەیج و ماڵپەری بێناسنامە، تەنیا کاریان بڵاوکردنەوەی بابەتی فەیك و چەواشەکارییە، ئەمەش بێگومان کاریگەریی خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر نەوەکانمان و کاری میدیایی).[٢]

---

[١] پ.د.هێرش ڕەسول موراد، پرۆفیسۆر لە ڕاگەیاندن، مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەری، کۆلێژی تەکنیکیی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی، چاوپێکەوتن لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/١٥.

[٢] د. ئازاد عبدالعزیز محمد،چاوپێکەوتن،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## باسی سێیەم: تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی

### تیۆری توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی جێبەجێکردنی تیۆری (بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی) دەدات، لەبەرئەوەی لە ڕۆژنامەگەرییدا یەکێکە لەو تیۆرانەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئیتیکی ڕاگەیاندنەوە هەیە، چونکە بەشێکە لە گەڕانەوەی بەها و ڕەوشت بۆ کومەڵگا. بەگوێرەی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی "ئازادیی ڕادەربڕین مافێکی ئیتیکییە و هەڵگری بەشێک لە بەرپرسیاریەتیشە بەرانبەری. بەم شێوەیە تیۆری بەرپرسیاریەتی لە ڕووی سروشتی مافی ئازادییەوە؛ لە تیۆری لیبڕاڵی جیاوازە"[1]. ئەم تیۆرییە هەستا بە جێبەجێکردنی بنەمایەکی سادە، کە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانە بە بەهای پیشەی ڕۆژنامەگەریی زانراو، کە خۆی دەبینێتەوە لە (دووربینی، بابەتیبوون، پاراستنی ئەمانەت، لەبەرچاوگرتنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا و بیروباوەڕەکانیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک. ئامانجی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا: هاوسەنگیکردنە لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەگەری و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی. ئازادی مافە بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەرپرسیاریەتی پێویستە لە هەمان کاتدا. لێرەوە پێویستە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر کۆمەڵگا پابەندبن، پەیماننامە و دەستوور و دەقە یاساییەکان لەبەرچاوبگرن.[2]

بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی پێناسەدەکرێت بەوەی "بەرپرسیاریەتی خودی تاکە لەناو ئەو کۆمەڵەیەی ئینتیمای بۆی هەیە"[3]. پایەی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای هاوسەنگی، ئازادیی ڕادەربڕین و بەرژەوەندیی گشتییە. ڕاگەیاندن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕێکی گرنگ لە پیشەی ڕاگەیاندن و ئەوەیش پابەندبوونی ڕاگەیاندن بە پەیماننامە ئیتیکییەکان دووپاتدەکاتەوە. [4]

بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەگەری "گرنگیدانە بە بەرژەوەندیی گشتی و پێداویستیی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە دروستکردنی بۆچوون و وردبینی و پەیڕەوکردنی یەکسانی بە ڕەچاوکردنی ڕەوشت و بەها. بەپێی ئەم تیۆرییە هیچ ئازادییەک ڕەها نییە، بەڵکوو ئەرک و

---

[1] مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردییدا، تاران، چاپخانەی پەنجەرە،٢٠١٥ ، ل: ٦٤.
[2] رمضان عبدالمجيد، دفتر السياسة و القانون مفهوم مسئولية الآجتماعية العلام، جزائير، د.ن،٢٠١٢، ص: ٣٦.

[3] زوبيدة موسى، أخلاقيات العمل الإذاعى فى الجزائر، دراسة ميدانية، جامعة العربى التبسى - تبسة، رسالة ماجستر، الجزائر،٢٠١٦، ص: ٧.

[4] عزالدين بقدورى، أخلاقيات عمل الصحفى فى مؤسسات الإعلامية الجزائيرية، كلية علوم اجتماعية قسم الاعوم الانسنانية، شعبة علوم الاعلام والاتصال رسالة دكتورا، جامعة عبدالحميد بن باديس، وهران، جزائر، غير منشورة،٢٠١٧ ، ص: ٧٢.

بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لەگەڵدایە، دەبێت ئەو کەسەی لە پرۆسەکەدایە لە ناخەوە هەستی پێ بکات. لە چوارچێوەی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەگەری "مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە دامەزراوەکان بگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین بەرپرسیاریەتیی بنچینەیی دیاریکراویشی لە ئەستۆیە بۆ ئاسودەیی و سەقامگیریی کۆمەڵ دەبێت ڕەچاویانبکات."[١]

ئەم تیۆریە هەژماردەکرێت بەو تیۆرەی کە بووە بە هۆی بەرپەرچدانەوەی ئەدای ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا. پێش ئەم تیۆرە ئەو ڕۆژنامانەی کە دەردەچوون، لادان و دەستدرێژیکردنیان بۆ سەر خەڵک و ژیانی تایبەت زۆر بوو، کە ئەمەیش وای دەکرد بنەماکانی کۆمەڵگا لەبەر یەک هەڵبوەشێت.

بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بە واتای ئامادەباشی بۆ تاک دێت، کە یارمەتیدەدات بۆ بەشداریکردن لەگەڵ خەڵکی دیکە، لە هەر کارێک کە پێی هەڵدەستێت و پشکی دەبێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکان کە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە.[٢]

## ١- مێژووی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی میدیایی:

ساڵی ١٩٤٧ دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بە پشتیوانیی دارایی (دائیرەتولمەعاریفی بەریتانیا) و گۆڤاری (تایم) لیژنەیەک بۆ "ئازادیی ڕۆژنامەوانی" کە لە (دوانزە پرۆفیسۆری ئەکادیمی و پسپۆر بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر ڕوبرت هوچر و ئەندامێتی تیودۆر پترسون و ویلیام ریفیرز، دینی ئیلیۆت، کلیفۆر کریستیانز) پێکهات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر کاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، پاش ماوەیەک لیژنەکە ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی (ڕۆژنامەوانیی ئازاد و بەرپرسیار) ئامادەکرد، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەدا ولیم هوکینگ کە ئەندامی هەمان لیژنە بوو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە ناوی (ئازادیی ڕۆژنامەوانی: چوارچێوە و بەرپرسیاریەتی) ئامادەکرد بەم جۆرە پرەنسیپەکانی (تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن) ڕاگەیەندرا و وەکوو جێگرەوەیەک بەرامبەر (تیۆری لیبرالیزم)

---

[١] کەمال سەعدی، ئنزادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، هەولیر، دەزگای (C،L،P،O) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان،٢٠٠٤ ، ل: ٨.

[٢] محمد منیرحجاب، مدخل الی الصحافة، قاهرة، دارالفجر النشر والتوضیع،٢٠١٠ ، ص: ٤٦.

خرایەڕوو. فەلسەفەی (تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن) هاوکات لەگەڵ ئازادیی کاری ڕاگەیاندن جەخت لەسەر رۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر کۆمەڵگاکانیان دەکاتەوە.[١]

ئەو ئازادییەی لە تیۆری ئازادی (لیبرالیزم)دا داکۆکی لێکرا، بە خراپ و زیادەڕۆیی زۆرەوە لەلایەن میدیاکاران سوودی لێ وەرگیرا، چونکە ئازادییەکە، ئازادییەکی ڕەها بوو، لەم چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە لە لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەرچوون، کە داوای (ڕۆژنامەنووسی ئازادیی بەرپرسیار)ی دەکرد، ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی، کە پاشان لەسەر دەستی ژمارەیەک پسپۆری ئاکادیمی پەرەپێدرا.[٢]

هەندێک وای دەبینن کە تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی کەوتوەتە ژێر کاریگەرییەکانی سیستمی نوێی میدیاییەوە، کە میدیای نوێ تێیدا ڕۆڵێکی مەزن لە گۆڕینی گوتاری میدیادا دەگێڕێت، بە گۆڕینی بەکارهێنەران بۆ بەرهەمهێنەرانی پەیامی میدیا، کە تیایدا تێگەیشتن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ جەماوەرێکی بەربڵاو بەدەستدەهێنێت، بۆئەوەی میدیای نوێ ببێتە جیهانێکی فراوانتر، وەک هێزێک ملکەچی کۆمەڵێک پێودانگ و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بێت لەبەردەم سەرتاپای کۆمەڵگادا.[٣] ئەم تیۆرییە جەختدەکاتە سەر ئەوەی کە ڕۆڵی میدیا لە بنەڕەتدا خزمەتی کۆمەڵگا بەرجەستەدەکات بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش لە ڕێگەی پابەندبوونی بە ژمارەیەک پێودانگە ئیتیکییەکان وەکوو: ڕاستگۆیی و وردی لە خستنەڕووی بابەتەکاندا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە زیانگەیاندن بە تاکەکان، یاخود سوکایەتی پێکردنیان،[٤] کەواتە ئەم تیۆرە پێیوایە کە دەبێت میدیا ئازاد بێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، بەڵام بە جۆرێک ئەو ئازادییە لەگەڵ هەستی بەرپرسیاریەتی ئاوێتەبێت و بەرژەوەندیی گشتی و کۆمەڵگا بخاتە پێش هەموو کارێکییەوە.

کەواتە تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی پشتدەبەستێت بەوەی کە ئامرازەکەنی میدیا مافی خۆیانە ئازادییان بۆ فەراهەمبکرێت. مامەڵە لەگەڵ هەموو ڕووداوە جیاوازەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا بکات لەبەرانبەر پاراستنی بەهاکانی خۆی و تێرکردنی پێداویستیی تاکەکان، هەروەها هەستان بە کۆمەڵە وەزیفەیەکی جۆراوجۆر، جا پەروەردەیی، یان سیاسی، یان ڕۆشنبیری بن، هەروەکوو پێویستە میدیا پابەند بێت بە کۆمەڵێک پێودانگی پیشەیی کە یارمەتیدەدا لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بە ڕێگەیەکی ئەرێنی و

---

١ محمد حسام الدين، المسؤلية الاجتماعية للصحافة، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٣، ص: ٥٤.
٢ عباس ناجي حسن، الصحفي الالكتروني، عمان، دار الضفاء للنشر و التوزيع و مؤسسة دار الضادق الثقافية، ٢٠١٢، ص: ٧٣.
٣ محمد حسام الدين، مصدر السابق، ص: ٥٥.
٤ مركز هردو، اخلاقيات و مبادئ العمل الصحفي و الاعلامی، القاهرة، مركز هردو لدعم لاتعبير الرقمي،٢٠١٦ ، ص: ١١.

بەرپرسیارانە، لێرەشەوە گرنگپێدانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بە پێودانگەکانی پیادەکردنی میدیا و کار و پەیماننامە ئیتیکیەکان دەردەکەون. ئامانجی ئەم تیۆرە دانانی کۆمەڵێک پرەنسیپی ئیتیکی بوو بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەگەریی و بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا لیبراڵەکاندا.[١]

بەو مانایەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بایەخێکی سەرەکی لە کۆمەڵگادا هەیە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ئەرکیش دەکەوێتە ئەستۆی بوارەکە کە بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگاکەی دەبێت جێبەجێیانبکات، کرۆکی سەرەکی تیۆرەکەش دروستکردنی جۆرە هەماهەنگییەک بوو لە نێوان هەر سێ بنەمای ئازادیی تاکەکەس، ئازادیی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر کۆمەڵگادا. بەپێی ئەم تیۆرە سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگادا پێویستە هاوڕەوت بێ لەگەڵ بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیدا واتا ڕۆژنامەگەریی لەو ساتەدا کە ئەرکەکانی زانیاریگەیاندن، کاتبەسەربردن و فێرکاریی ئەنجامدەدەن، بەرپرسیاریەتی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە ئازادی مافێکە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی خزمەتی کۆمەڵگا.[٢]

ئەم تیۆرە پێیوایە ئازادی لە هەمان کاتدا ماف و ئەرک و بەرپرسیاریەتییە و میدیا لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا پێویستە لە ڕێگەی کەناڵەکانیەوە و بە ڕەچاوکردنی گفتوگۆی ئازاد و ئاشکرا هەوڵی خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی زانیاری بدات لەسەر هەموو ئەو پرسانەی کە جێگەی نیگەرانی کۆمەڵگان، میدیاکان بەرپرسیارن لە ڕۆشنکردنەوەی بیری جەماوەر بە ڕاستی و دروستی زانیاری و ئامارەکان، بۆئەوەی جەماوەر بڕیارێکی هاوسەنگ و دروست لەسەر ڕووداوە گشتییەکان بدەن، هەروەکوو پێویستە میدیا چاودێری کردەوەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان و دەزگا گشتییەکان بکات بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی تاک و گروپەکان، ئەمە ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا لەگەڵ ڕیکلام و چێژبەخشین دەکەوێتە ئەستۆی میدیاکان. و میدیا بەپێی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی، دوورە لە هەموو توخمەکانی زۆرەملێ، هەرچەندە لە هەموو فشارەکان دوور نییە، هەروەها ئازادە لە گەیشتن بەو ئامانجانەی کە بۆی دیاریکراوە، کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگان. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەبێت ئاسانکاریی تەکنیکی و هێزە مادییەکان و توانای دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی هەبێت.[٣]

---

[١] بلقاسم بن روان، وسائل الإعلام والمجتمع – دراسة في الأبعاد الاجتماعية والمؤسساتية، الجزائر، دار الخلدونية ، ٢٠٠٧، ص: ٢٧.

[٢] کارزان محمد احمد، سانسۆری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١١، ل: ١٠٣.

[٣] رمضان عبد المجيد، مفهوم المسؤولية الاجتماعية للإعلام، بحوث المنشوره (مجله دفاتر السياسة والقانون/ العدد التاسع/ جوان٢٠١٣)، الجزائر، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠١٣، ص: ٣٦٧.

## ٢- بنەما و پرەنسیپەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی میدیایی:

گرنگترین پرەنسیپە سەرەکییەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بریتین لە:

یەکەم- میدیا دەبێت بەرپرسیار بێت لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگا، هەروەها قبوڵکردنی بەهاکانی کۆمەڵگا و ڕێزگرتن لەو دابونەریتانەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵن.

دووەم- ئەوەی دامەزراوەکانی میدیا بڵاویدەکەنەوە، پێویستە تایبەتمەندیی دادپەروەری، ڕاستگۆیی، هاوسەنگی، بابەتیبوون و وردی تێدا بێت.

سێیەم- پێویستە میدیا ئازاد بێت، بەڵام خاوەنی ڕێسا و چوارچێوەی کاری خۆی بێت.

چوارەم- دەبێت میدیا بە بنەما ئیتیکی و بنەماکانی کارکردنەوە پابەند بێت.

پێنجەم- لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا، لە هەندێک بارودۆخدا حکومەت دەتوانێت بڕیار لەسەر کاری میدیا دەدات.[١]

شەشەم- پێویستدەکات میدیا فرایی بێت، بیروڕای جیاواز بڵاوبکاتەوە.[٢]

سەرەڕای ئەم بنەما و پرەنسیپانە، پسپۆڕی ئەکادیمی بواری میدیا (هۆگە جۆرتس مۆنتگۆری) کە تێڕوانینێکی نوێی لە بواری بەرپرسیاریەتی هەیە، دەڵێت (ئەگەر میدیا کار بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک بکات و تایبەتمەندییەکانی بپارێزێت هەروەها ڕەچاوی بەهاکانی بکات و بەهەند وەریبگرێت، ئەمە نیوەی بەرپرسیاریەتییە، بەرانبەر نیوەکەی دیکەی ماددە بڵاوکراوەکە و بەرپرسیاریەتیی جەماوەرە کە ئەم ڕۆڵە بۆ خۆیەتی، دەبێت جەماوەر ئەوە بزانێت ئەو بابەتانەی کە لە میدیاوە پێشکەشیاندەکرێت، وەکوو خواردنەوەیەک نییە کە لە سۆپەرمارکێت دەیکڕێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئاگاداری ڕاستییەکان بێت، ئەوانەی کە دەیخوێنێتەوە یان دەیانبیستێت؛ قبوڵینەکات، بەڵکوو هاوسەنگییەک بۆ هزرەکان بکات و ڕوونیبکاتەوە کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی هاوڕایە، یان جیاوازی هەیە و گریمانە سەرەکییەکانی خۆی بکاتە بنەمایەک بۆ گفتوگۆکردن، واتا لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە مۆنتگۆری بە پێچەوانەی هەندێک لە بیرمەندەکانی دیکە، هەموو بەرپرسیاریەتییەکە ناخاتە ئەستۆی ئامرازەکانی میدیا، بەڵکوو پێیوایە نیوەی بەرپرسیاریەتییەکە لە ئەستۆی جەماوەرە و پێویستە هەڵیبگرێت، جا چ لە ڕووی مەعریفە، یاخود هۆشیاریی

---

[١] محمد البشر، نظريات التأثير الإعلامي ، الرياض، العبيكان للنشر، ٢٠١٤، ص: ٢٩-٣٠.
[٢] مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦٤.

هزری بێت، نەک ئەوەی لە ئامرازەکانی میدیا وەردەگرێت، هەمووی بە ڕاست و دروست بزانێت، بێ ئەوەی بیری خۆی بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان بخاتەگەڕ.[١]

## ٣- ڕەهەندەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی:

لەگەڵ ئەمەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو چوارچێوە فیکرییەی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لێوە دەستپێکرد ئەوەیە کە ئازادی ماف و ئەرك و سیستەم و بەرپرسیارێتییە لە یەك کاتدا، واتا ئازادی مافێکە و لە پشتەوە ئەرکە، کۆمەڵگایش دەبێت هەست بەم ئازادییە بکات، لە هەمان کاتدا تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی پرسی ئازادی وەکوو بەهایەکی ڕەها ناخاتەڕوو، بەڵکوو ڕێژەیی و سنووردارە، هەر سیستەمێکی میدیایی پێویستی بە سنووردارکردن هەیە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ئیتیکی و یاسایی بنەڕەتییەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی میدیا ئەوەیە کە ئاڕاستەی تەواوی کۆمەڵگا دەگرێت و ئەمەش وا دەکات دامەزراوەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی کۆمەڵگا پلانی سیاسەتەکانیان دابنێن، کارکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و یەکگرتوویی و کارکردن لەسەر یەکخستنی تاک و گروپەکانی.[٢] لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە دەتوانین ڕەهەندەکانی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە سێ ڕەهەندی بنەڕەتیدا پێناسەبکەین کە بەم شێوەیەن:

١- ڕەهەندی ئابووری: ئاماژە بە دەسکەوتی ماددی ناکات، وەکوو لایەنێکی بازرگانی، بەڵکوو ئاماژە بە پابەندبوون بە پراکتیکی ئیتیکی دەکات لەناو دامەزراوەکانی وەکوو (حکومەت و کۆمپانیاکان، دامەزراوە میدیاییەکان، ڕێگریکردن لە بەرتیل و گەندەڵی، پاراستنی مافی وەرگر یان بەکاربەر) ئەمەش واتا وەبەرهێنانی ئیتیکی.

٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: ئەم ڕەهەندەش بەو ڕاستییە دیاریدەکرێت کە دامەزراوەی میدیا دەبێت بەشداریبکات لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا، بەرزکردنەوەی ئاست و خەمخۆری و پشتیوانی کاروباری میدیاکارانی، کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر زیادکردنی بابەت و بەرهەمە میدیاییەکان، پەرەپێدانی توانا تەکنیکییەکانیان، دابینکردنی ئاسایشی کار و پیشەیی، چاودێریی تەندروستی، چاودێریی کۆمەڵایەتی

---

١ ئازاد عبدلعزیز محمد، چاوپێکەوتن،هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢ عابد عبدالله العصیمي، المسؤولیة الاجتماعیة للشرکات نحو التنمیة المستدامة، عمان، دار الیازوری، ٢٠١٥، ص: ٦٧.

بۆیان، ئەم ڕەهەندە لە پراکتیکەکانی میدیا، کاری دادپەروەرانە و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگای ناوخۆییدا نوێنەرایەتی دەکرێت.[١]

٣- ڕەهەندی ژینگەیی: ئەرکی دامەزراوەی میدیاییە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە کاریگەرییەکانی ژینگە، بۆ نموونە (کەمکردنەوە یان نەهێشتنی دەردانی گازی ژەهراوی و بەفیڕۆدان، بەدەستهێنانی زۆرترین کارایی و بەرهەمهێنان لە سەرچاوە بەردەستەکان، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو کارانەی کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەهرەمەندبوون لەو سەرچاوە سروشتییانە هەبێت بە مەبەستی پاراستن بۆ وڵات و نەوەکانی داهاتوو).[٢]

تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە میدیادا هاتە سەر کار بۆ بەرەوپێشبردنی چەمکی ئازادی لە میدیادا، وەکوو چۆن بیرۆکەی ئازادیی بەرپرسیاریەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت نەک ئازادیی ڕەها، هەر بۆیە بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە میدیادا هەوڵیاندەدا سەرەتا ڕۆژنامەکان ئازادبکەن و دواتر میدیا بە تەواوی ئازادبکەن، و کار لەسەر بابەتییەت لە پەیامی میدیادا بکەن، هەروەها بۆ پاراستنی بەهاکان لە کۆمەڵگادا و کاربکەن بۆ گواستنەوەی ئەم بەهایانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە،[٣] دەتوانرێت بەرپرسیاریەتیی میدیاکاران دابەشبکرێت بەسەر:

١- بەرپرسیاریەتیی ناچاری: واتا ئەو بەرپرسیاریەتییانەی کە لەلایەن حکومەت و سیستمە سیاسییەکانی چاپەمەنیەوە دیاریدەکرێت بە دیاریکردنی کۆی ژمارەی ئەو کردەوانەی کە یاساغکراون، وەکو بوختان و ناوزڕاندن.

٢- بەرپرسیارێتیی گرێبەست: مەبەستی ئەو بەرپرسیارێتیانەیە کە میدیا بە کۆمەڵگەوە دەبەستنەوە، کۆمەڵگە مافی کارکردن بە چاپەمەنی دەدات لەسەر ئەو گریمانەیە کە پێویستیی ئەندامەکانی کۆمەڵگا بۆ زانیاری و ڕاستی و بۆچوون تێردەکات.

---

[١] محمد البشر، مصدر سابق، ص: ٣٧.
[٢] علي عبدالفتاح كنعان، نظريات الإعلام، عمان، داراليازوري، ٢٠١٤، ص: ١٠٤.
[٣] ليث بدر يوسف، زهراء حسين الحداد، المسؤولية الاجتماعية في الصحافة الالكترونية، عمان، دار امجد، ٢٠١٧، ص: ٣٤.

٣- بەرپرسیاریەتیی کەسی: ئەو ئاستەی بەرپرسیاریەتییە کە کەسەکە پابەنددەکات بە ئارەزووی خۆی لە چوارچێوەی باوەڕبوونی بە بنەما تایبەتەکان و قەناعەتی ئەوەی کە کارەکەی وەکوو ڕۆژنامەنووسێک پەیامێکی بەرزە نەک تەنها پەیامێکی سادە بێت.[١]

## ٤- ئاستەکانی تیۆری بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی:

بە مەبەستی تێگەیشتن و شیکردنەوەی پەیوەندی و پێناسەکردنی ئاستەکانی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی بۆ ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیا، سێ ئاستی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراون:

**یەکەم: بەرپرسیاریەتی لە ئاستی ئەرکەکان:**

ئەمەیش واتا جێبەجێکردنی ئەرکەکانی یان ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی میدیا دەیگێڕێت، میدیا ئەرکە بنەڕەتییەکانی ناو کۆمەڵگا ئەنجامدەدات، ئەوانیش:

١- ئەرکی سیاسی: واتا ئاگەدارکردنەوەی هاوڵاتیان لەوەی کە حکومەت و هێزە سیاسیەکانی دیکەچی دەکەن، ئەم ئەرکەش پێی دەوترێت چاودێریکردن، کە هاوڵاتیان لە هەموو شتێک ئاگاداردەکرێنەوە کە دەگوزەرێت، لە هەمان کاتدا بەشداریدەکات لە ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی پرسەکان و ڕوونکردنەوەی بۆچوونی لایەنگران و نەیاران بۆئەوەی یارمەتی وەرگر بدات و لەوە تێبگات کە لە دەووری چی دەگوزەرێت.[٢]

٢- ئەرکی پەروەردەیی: نوێنەرایەتی دەکرێت لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خستنەڕووی بیرۆکە و بۆچوونەکان بۆ گفتوگۆ، هەروەها پرسی پەروەردەیی و فێرکردن لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڕووناککردنەوەی لایەنەکانی سیستەمی پەروەردە، ئاشکراکردنی نەرێنییەکان و پێشکەشکردنی زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی

[١] غادة محمود محمد عبد الحميد، المسؤولية الاجتماعية لوسائل الإعلام في التوعية بالتنمية المستدامة دراسة سوسيو – أنثروبولوجية (رسالة دكتواه غير منشورة)، الإسكندرية، جامعة الإسكندرية، كلية الآداب، معهد العلوم الاجتماعية، تخصص تنمية اجتماعية، ٢٠٢١، ص: ٩٨.

[٢] عابد عبدالله العصيمي، مصدر سابق، ص: ٧١.

ڕوون، لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەیشدا؛ ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی کۆمەڵگا دوور لە دەستکاریکردنی ڕاستییەکان و لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی واقیعی لەسەر ڕووداوەکان.

٣- ئەرکی ڕۆشنبیری: میدیا وەکوو ئاوێنەیەکی کۆمەڵگا و بەهاکانی نوێنەرایەتی دەکرێت، یەکێکە لە دامەزراوە کاریگەرەکانی بوارەکانی گەشەپێدان و ڕۆشنبیری، میدیا ئەم ئەرکە بەجێدەگەیەنێت کاتێک خەمی ئەو ڕۆشنبیری و میراتی کلتووری و کۆمەڵایەتی و نەریتی ڕەسەنە، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیتیکی و دابونەریتی نامۆ بە کۆمەڵگا.[١]

٤- ئەرکی ئابووری: بریتییە لە ئاشناکردنی خەڵک بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەدواداچوون بۆ پێشهاتە ئابوورییەکان، ڕوونکردنەوەی هۆکار و ئەنجامەکانیان.

٥- ئەرکی شیکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان: واتا ئاشکراکردنی زانیارییە ڕاست و دروستەکان لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان و شیکردنەوەی هۆکار و دەرئەنجامەکانی.

٦- ئەرکی مێژوویی: واتا ئەرکی پاراستنی تەواوی بەڵگە و تۆمارە مێژووییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە.[٢]

**دووەم: بەرپرسیاریەتی لەسەر ئاستی پێوەرەکان:**

زانینی ئەو پێوەرانەی کە ڕێنمایی میدیا دەکەن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی ئەرێنی، دەتوانین پێوانە پیشەییەکانی میدیا لە پێنج بازنەی بەیەکداچوودا کورتبکەینەوە:[٣]

١- بچووکترین بازنەی ناوخۆیی کە پێوەرە پیشەییەکان و پراکتیکی ئیتیکی تاکەکان لەخۆدەگرێت.

٢- بازنەی دووەم ئامرازەکانی میدیا و پەیماننامە ناوخۆییەکان دەگرێتەوە.

٣- بازنەی سێیەم پێوەرە پیشەییەکان لەخۆدەگرێت کە کاری ڕۆژنامەوانی ڕێکدەخەن، واتا بنەماکانی شەرەف.

٤- بازنەی چوارەم ئەو پێوەرانە دەگرێتەوە کە یاسا و ڕێساکانی حکومەت سەپاندوویەتی.

---

١ محمد الصيرفي، المسؤولية الاجتماعية للإدارة، ط٢، الإسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة، ٢٠٠٧، ص: ٤١.
٢ محمد عبد الحميد، نظريات الإعلام واتجاهات التأثير، ط٣، القاهرة، عالم الكتب،ص: ٢٢.
٣ محمد الصيرفي، مصدر سابق، ص: ٤٣.

٥- بازنەی پێنجەم ئەو سنوورانە لەخۆدەگرێت کە خەڵک ڕێگەیانپێدەدەن، وەکوو بەها و نەریتەکان.

**سێیەم: بەرپرسیاریەتیی لەسەر ئاستی بەها پیشەییەکان:**

زانیاری لەسەر بەها و پێوەرە ڕۆژنامەگەرییەکان لەخۆدەگرێت کە دەبێت لەلایەن میدیاکارانەوە لەبەرچاوبگیرێن لە کاتی کۆکردنەوەی مادده هەواڵییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاستییەکان، وەکوو (ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی، دوورکەوتنەوە لە فریودان لە سەرچاوەکان، پێوەرەکانی نووسینی هەواڵ، وردبینی، بابەتییەت، گشتگیربوون، هاوسەنگی).

بەها پیشەییەکان کۆمەڵێک بنەمان کە میدیاکار لە ناویاندا کاردەکات و ڕەچاویاندەکات، نوێنەرایەتی ئەو هێڵە فراوانانە دەکەن کە لە بنەماکانی تیۆریدا هاتووە، گرنگترینیان بریتین لە: وردبینی، متمانە، بابەتییەت، ڕاستگۆیی، ڕوونی، بێلایەنی، هاوسەنگی و ئەوانی دیکە.[١]

کاتێکیش ئەم تیۆرە پەرەیسەند، شەش ئەرک بۆ ڕاگەیاندن لەبەرچاوگیرا[٢]:

ا- خزمەتکردن بە سیستەمی سیاسی لە ڕێگەی دابینکردی زانیاریی گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەسەر کاروبارە گشتییەکان.

ب- بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی خەڵک بۆئەوەی وایان لێبکرێت، توانای خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت.

ت- پاریزگاریکردن لە مافەکانی تاک بەهۆی کارکردنی ڕاگەیاندن وەکوو چاودێرییەک بەسەر حکومەتەوە.

د- خزمەتگەیاندن بە سیستەمی ئابووری، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی لێک نزیککردنەوەی کڕیاران و فرۆشیارانی کەلوپەلەکان و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە.

ە- پێشکەشکردنی بابەتی کەیفخۆشی.

و- پارێزگاریکردن لە سیفەتی پشت بە خۆ بەستنی ڕاگەیاندن لە ڕووی ئابوورییەوە.

[١] حسين أحمد المحمد، المسؤولية الاجتماعية والعمل العام، بحث منشور، مجلة الوعي الإسلامي، العدد ٥٨٤، ٢٠١٤، ص: ٢١.

[٢] مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦٤.

.

هەروەها تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە دەکات:[1]

١- پێویستە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە چەند ئەرک و پابەندبوونێک هەڵبستێت.

٢- دانانی چەند ئاستێکی پیشەیی بۆ ڕاستگۆیی، بابەتی بوون، وردبینی و هاوسەنگی.

٣- دوورکەوتنەوە لە هەر کار و کردەوەیەک ببێتە هۆی تاوان و توندوتیژی یان زیانگەیاندن بە کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا.

٤- ڕۆژنامەنووسان دەبێت بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن لە ئاستی کۆمەڵگا و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر دامەزراوەکانیان و بەرامبەر بازاڕ.

## ٥- ڕەخنە لە تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی:

ئەم تیۆرە چەندین لایەنی گرنگ و باشی هەیە، بۆ ڕێکخستن و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان بە ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێبەش نییە لەوەی ڕەخنەی لێ نەگیرێت و کەموکورتی نەبێت، ئەمانەش چەند ڕەخنەیەکە کە لەم تیۆرە گیراوە:

١- ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە تیۆری بەرپرسیاریەتییان داهێنا، لە نێوانیان توێژەری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس بوونی نەبوو، هەموویان لە بواری دیکە پسپۆڕییان هەبوو، ئەمەش وای کرد خوێندنەوەیان بۆ بواری ڕۆژنامەگەری بە تایبەتمەندیدیکەوە بێت.[2]

٢- لیژنەکە چەند زاراوەیەکی لاستیکیی سنووورداری بەکارهێنا وەکوو (بەها و داب و نەریتەکانی کۆمەڵ)، کە ئەمەش پێناسەیەکی جێگیری نییە و لە شوێن و کاتێکەوە بۆ شوێن و کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە ئایا کێ دابونەریتی کۆمەڵگا دیاریدەکات لە ماوەیەکی دیاریکراو؟ هەروەها زۆر

---

[1] حسن عماد مکاوی، ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٤٣.
[2] شێرکۆ مەنگوڕی، واقع الصحافة بأقليم كوردستان العراق فی ضوء نظريات الصحافة، سليمانيه، منشورات صحفة كردستان نوی، ٢٠١٢، ص:٨٠.

زەحمەتە، چونکە بڵاوکردنەوەی هەر هەموو هەواڵەکانی کاری ڕۆژنامەنووس پێویستی بە بژاردن و جیاکردنەوە هەیە.

٣- دانانی چاودێری و سانسۆر، بە تایبەتی لە دەوڵەتانی پاشکەوتوو، دانانی سنوورێک بوو بۆ ڕادەربڕین و کاریگەریی سلبی هەبوو لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکان، ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی بەربەست لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین.

٤- پەیماننامەکانی ئێتیکی پیشەی بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژنامەگەری داندراوە، چونکە پەیماننامە و بەڵێنەکان ویستی ملکەچی دەگرنە خۆیان بۆ یەک بیر و ڕا، تاکێک یان تەنها یەک گروپ خۆی بە سەرپەرشتکار دەزانێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو کێشە ڕەوشتییەکان ناگرێتە خۆی کە بەرەو ڕووی ڕاگەیاندن دەبێتەوە.[١]

٥- ماوەی فراوان هەبوو بۆ دەستتێوەردانی دەسەڵات لە کاروباری ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەبوو.

٦- دەستبەسەرداگرتنی گۆڕەپانی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، هەستان بە دانانی پلانی تەواو بۆ هەیمەنەکردنی دەوڵەت بەسەر هەموو جومگەکانی ژیان.[٢]

---

[١] زوبیدة موسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، ص:٢٠.
[٢] شێرکۆ مەنگوڕی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١، ص:٨٠.

# دەروازەی سێیەم: لایەنی مەیدانی(ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا)

**باسی یەکەم: زانیارییە گشتییەکانی سامپڵی توێژینەوە.**

**باسی دووەم: بەکارهێنان و پشتبەستن بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ.**

**باسی سێیەم: ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان.**

**باسی چوارەم: ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە.**

## باسی یەکەم: زانیارییە گشتییەکانی سامپڵی توێژینەوە:

### ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (٢)

| ڕەگەز | چ | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٨٧ | ٥٥.٤ |
| مێ | ٧٠ | ٤٤.٦ |
| کۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

وەکوو لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە دەستنیشاندەکات، دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا و ڕێژەی ڕەگەزی مێ بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر کەمترە، بە جۆرێک ڕەگەزی نێر پلە یەکە و ڕەگەزی مێ پلە دوو، ئەمەش لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا بۆ بارودۆخ و کلتوری کۆمەڵایەتی و ژینگەی کارکردن دەگەڕێتەوە لە هەرێمی کوردستان کە زیاتر لەبارە بۆ ڕەگەزی نێر، ئاستەنگ و ئاریشەی کارکردن لەبەردەم ڕەگەزی مێ چەند هێندەیە لەناو دامەزراوە میدیاییەکاندا، بۆیەش زۆرینەی کات ئەگەر دەرفەتی کارکردنیان لە شوێنی دیکە دەستبکەوێت ئەوا نابن بە ڕۆژنامەنووس مەگەر ئارەزووی زۆر و خۆشەویستیی تایبەت بۆ پیشەی میدیای وایان لێبکات کە کارکردن لە میدیادا هەڵبژێرن، کە بە پیشەی گەڕان بە دوای کێشەدا ناسراوە، بەڵام ئەمە بۆ ڕەگەزی نێر کە بە سروشت سەرکێشترە هەروەها لە کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای کوردیدا و لە سنووری هەرێمێکی دەستگرتوو بە بەها و کلتوری چەندنین ساڵەوە، بێگومان دەزگاکانی ڕاگەیاندن شوێنێکی گونجاو دەبن بۆ کارکردنیان، لە ناوەندە زانستییەکانیشدا دیسان ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاترە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرفەتی خوێندن و درێژەدان بە فێربوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا بۆ ڕەگەزی نێر زیاترە و دەرگاکان ئەوەندەی بۆ ڕەگەزی نێر واڵایە بۆ مێ هەمان دەرفەت نییە.

## تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (٣)

| تەمەن | چ | ٪ |
|---|---|---|
| ١٨-٢٢ | ٢ | ١.٣ |
| ٢٣-٢٧ | ١١ | ٧ |
| ٢٨-٣٢ | ٤٢ | ٢٦.٨ |
| ٣٣ بەرەوژوور | ١٠٢ | ٦٥ |
| کۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

ئەم خشتەیەی سەرەوە کە تایبەتە بە تەمەنی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت لە پلەی یەکەمدا تەمەنی ٣٣ ساڵ و بەرەوژوورە زۆرترین سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لە پلەی دووەمدا تەمەنی ٢٨-٣٢ دێت، لە پلەی سێیەمدا تەمەنی ٢٣-٢٧ هاتوە, لە پلەی چوارەمیشدا تەمەنی ١٨-٢٢ ساڵی دێت، لەم ژمارە و ڕێژانەدا دەردەکەوێت کە زۆرترین سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان ٣٣ ساڵ و زیاترە کە ئەمە لایەنێکی ئەرێنی مەیدانی توێژینەوەکەیە چونکە ئەو کەسانەی کە تەمەنیان زیاترە؛ ئەزموون و بەرپرسیاریەتییشیان زیاترە، بەم جۆرەش ڕا و بۆچوونەکانیان زیاتر جێی بایەخە کە لە ئەنجامی شارەزایی و دونیابینی و کارکردنی زیاترەوەیە، ئەمەش وا دەکات ئەنجامی توێژینەوەکەمان ڕاستتر و وردتر بێت.

**بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە:**

خشتەی ژمارە (٤)

| بڕوانامە | چ | ٪ |
|---|---|---|
| دبلۆم | ٣٣ | ٢١ |
| بەکالۆریۆس | ٦٠ | ٣٨.٢ |
| ماستەر | ٣١ | ١٩.٧ |
| دکتۆرا | ٣٣ | ٢١ |
| کۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

بڕوانامە ڕۆڵی یارمەتیدەری هەیە لە زۆربەی کار و پیشەکاندا، لە نێویشیاندا پیشەی ڕۆژنامەوانی کە بێگومان دەبێتە هۆی زیادکردنی ئاگایی ڕۆژنامەوان لەمەڕ کارەکەی، شارەزابوونی تەواو لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەر شانی و زانینی سنوورەکانی ئەرک و ماف و بەرپرسیاریەتیی خۆی و وەرگرانیش، هەروەکوو یارمەتیدەدات بۆ باشتر پەیڕەوکردنی بنەما و پرەنسیپە ئیتیکییەکانیش چونکە لە ڕوانگەی زانستییەوە ئاشنابووە بە هەریەک لەو بنەمایانە و سوود و شێوازی پەیڕەوکردنیشیانی بە کرداری خوێندووە، هەرچەندە هەتا ئێستا بۆ کارکردن لە دامەزراوە میدیاییەکاندا بڕوانامەی ڕاگەیاندن نەبووە بە مەرج، بەڵام زۆربەی کەناڵ و ناوەندە میدیاییەکان بێبەش نیین لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە خاوەنی بڕوانامەن لە ڕاگەیاندندا، بێگومان هەتا ژمارەیان زیاتر بێت ڕەوتی کارکردنی ئەو دامەزراوە میدیاییە باشتر و ئەکادیمیتر دەبێت، لەبارەی پسپۆڕان و مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندنیشەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان کە سەرجەم سامپڵەکان بڕوانامەی ماستەر یاخود دکتۆرایان هەیە و ئەمەش بێگومان مەرجی بوون بە مامۆستا و پیشەی وانەبێژییانە لە بواری ڕاگەیاندن لەو ناوەندە باڵایانەی زانست و خوێندندا. وەکوو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ژمارەی ئەو سامپڵەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە لە پلەی یەکەمدا دێت و هەردوو بڕوانامەی دکتۆرا و دبلۆم لە پلەی دووەمدا دێت، پاشان بە پلەی سێیەم بڕوانامەی ماستەر دێت، بە دڵنیایی ئەوەی کە سەرجەم سامپڵی ئەم توێژینەوەیە خاوەن بڕوانامەی زانستین لە بواری ڕاگەیاندندا بۆ خۆی خاڵێکی بەهێزی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە چونکە بۆچوونی هەریەکێکیان بۆچوونی کەسێکی ئەکادیمییە کە تێڕوانینی زانستی و وردی هەیە بۆ پرسی ئیتیک لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان.

**پیشە و شوێنی كاری سامپڵی توێژینەوەكە:**

خشتەی ژمارە (٥)

| پیشە و شوێنی كار | چ | % |
|---|---|---|
| ناوەندە زانستییەكان | ٥٥ | ٣٥ |
| دامەزراوەی میدیایی | ١٠٢ | ٦٥ |
| كۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

بەپێی ئەم خشتەیە كە تایبەتە بە شوێنی كاری سامپڵی توێژینەوەكەمان، دەردەكەوێت ئەو سامپڵانەی توێژینەوەكە كە لە دامەزراوەی میدیایی كاردەكەن و بریتین لە ڕۆژنامەنووسانی ئەكادیمی بە پلەی یەكەم دێت و ئەو سامپڵانەیش لە ناوەندە زانستییەكان كاردەكەن و بریتین لە پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگاكان بە پلەی دووەم دێت، بەم پێیەش ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی ئەكادیمی زیاترە وەكوو لە پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن، هۆكارەكەشی ئەوەیە كە ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی ئەكادیمی لە هەرێمی كوردستان چەندهێندەی ژمارەی پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندنن، كە بێگومان ئەمەش ئاساییە.

**جۆری ئەو دامەزراوە میدیاییەی سامپڵی توێژینەوەكە كاری تێدا دەكەن:**

خشتەی ژمارە (٦)

| جۆری دامەزراوە | چ | ٪ |
|---|---|---|
| گشتی "حكومی" | ٩ | ٥,٧ |
| تایبەت | ٢٢ | ١٤,٠١ |
| حزبی | ٥٥ | ٣٥,٠٣ |
| كەسی | ١٦ | ١٠,١٩ |
| لە هیچ شوێنێك كارناكات | ٥٥ | ٣٥,٠٣ |
| كۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

هەر کەناڵ و دامەزراوەیەکی میدیایی سیاسەت و ئەجێندای تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێتە سروشتی ئەو دامەزراوەیە و ڕێڕەوی کارکردنی جیادەکاتەوە لە دامەزراوەیەکی دیکە، ئەم سیاسەت و ئاراستە تایبەتە وا دەکات کارکردنی میدیاکارانیشی سروشتی تایبەت بە خۆیان هەبێت و ڕۆژنامەنووسانی هەر دامەزراوەیەک جیاواز ڕوماڵی هەواڵ و زانیارییەکان بکەن و هەریەکێکیان ئەو لایەنەی بابەتەکە بەهەند وەربگرن کە خزمەت بە ئەجێندا و بیرکردنەوە و سیاسەتی ئەو دامەزراوەیە دەکات کە کاری تێدا دەکەن، بۆیە ئاشنابوون بە ئاراستە و سروشتی کەناڵ گرنگە بۆ توێژینەوەکە بە مەبەستی زانینی ئایدیای کارکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە. بەپێی ئەنجامەکانیش دەردەکەوێت کە ژمارەی ئەو سامپڵەی کە لە هیچ دامەزراوەیەکی میدیایی کارناکات کە بریتین لە پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەو مشتەیەی لە دامەزراوە میدیاییە حیزبییەکاندا کاردەکەن لە پلەی یەکەمدا دێن و لە پلەی دووەمیشدا ئەو ڕۆژنامەنووسانە دێن کە لە دامەزراوە میدیاییە تایبەتەکاندا کاردەکەن، لە پلەی سێیەمدا ئەو سامپڵانە دێت کە لە دامەزراوە کەسییەکاندا کاردەکەن، لە پلەی چوارەم و کۆتاییشدا ئەو سامپڵە لە ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دێت کە لە دامەزراوە میدیاییە حکومییەکاندا کاردەکەن. ئەم ئەنجامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دامەزراوەی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا پشکی شێری هەیە و زۆرترین کەناڵ و وێبسایت و پەیجی میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا تایبەتن بە حیزبیکی دیاریکراو و ئەمەش وا دەکات کە زۆرترین ڕۆژنامەنووسانیش لەو دامەزراوە میدیاییە حیزبییانەدا کاربکەن.

**ساڵانی ئەزموونی کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە:**

خشتەی ژمارە (٧)

| ساڵانی ئەزموون | چ | ٪ |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٥ ساڵ | ١٢ | ٧.٦ |
| ٥بۆ١٠ساڵ | ٤٣ | ٢٧.٤ |
| ١٠بۆ١٥ ساڵ | ٥٩ | ٣٧.٦ |
| ١٥ ساڵ بەرەوژوور | ٤٣ | ٢٧.٤ |
| کۆ | ١٥٧ | ١٠٠ |

ساڵی ئەزموون یەکێکە لە لایەنە بەهێز و گرنگەکانی سەرجەم بوار و پیشەکانی کارکردن، بۆ ناوەندە زانستی و دامەزراوە میدیاییەکانیش بە هەمان شێوەیە و هەتا پسپۆڕ و ڕۆژنامەنووسان ئەزموونی کارکردنیان زیاتر بێت بۆ شوێنی کار و چۆنێتی ئەنجامدانی کارەکانیان بایەخدارترە، هەروەکوو بۆ ئەم توێژینەوەیەش هەتاوەکوو بەرتوێژان ئەزموونیان زیاتر بێت لە کارەکانیاندا ڕا و بۆچوونیان بایەخدارترە چونکە لە ئەنجامی چەند ساڵ کارکردن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر بەهۆی ئەزموونەوە گەیشتوون بەو بۆچوونانە، وەکوو لەم خشتەیەشدا دەردەکەوێت ئەو سامپڵانەی ساڵانی ئەزموونیان لە ١٠ بۆ ١٥ ساڵە لە پلەی یەکەمدا دێن، ئەو دوو سامپڵەی توێژینەوەکە کە ساڵانی ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان ٥ بۆ ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵ بەرەوژووره لە پلەی دووەمدا دێن، ئەو سامپڵانەیش کە لە پلەی سێیەمدا دێت ئەوانەن کە ساڵانی ئەزموونیان کەمترە لە ٥ ساڵ، کەواتە زۆربەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە ئەزموونی باشی کارکردنیان هەیە کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، چونکە زۆربەی سامپڵەکانمان خاوەن تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێکن کە لە ئەنجامی ساڵانێک ئەزموون پێیگەیشتوون.

## باسی دووەم: بەکارهێنان و پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ:

### بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن سامپڵەکانی توێژینەوەکە

### خشتەی ژمارە (٨)

| بەکارهێنانی ئامرازەکان | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| بلۆگ | ١٧ | ١٠.٨ | ٥٧ | ٣٦.٦ | ٨٣ | ٥٢.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٨ | .٦٨١ | ٥ | کەم |
| ویکی | ٩ | ٥.٧ | ٨٠ | ٥١ | ٦٨ | ٤٣.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٦٢ | .٥٩٣ | ٣ | کەم |
| پۆدکاست | ٧ | ٤.٥ | ٤٨ | ٣٠.٦ | ١٠٢ | ٦٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣٩ | .٥٧٥ | ٨ | کەم |
| یانە (منتدی) | ١١ | ٧ | ٦٣ | ٤٠.١ | ٨٣ | ٥٢.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٤ | .٦٢٥ | ٦ | کەم |
| تێکەڵاو(Mashaps) | ١٢ | ٧.٦ | ٢٥ | ١٥.٩ | ١٢٠ | ٧٦.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣١ | .٦٠٨ | ٩ | کەم |
| سایتەکانی هاوبەشیکردنی وێنە | ١٠ | ٦.٤ | ٥٨ | ٣٦.٩ | ٨٩ | ٥٦.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٠ | .٦١٦ | ٧ | کەم |
| فیدەکان RSS:(RSS feeds) | ٧ | ٤.٥ | ٢٤ | ١٥.٣ | ١٢٦ | ٨٠.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٢٤ | .٥٢٤ | ١٠ | کەم |
| ئاماژەدانی کۆمەڵایەتی (Social Bookmarking) | ١٤ | ٨.٩ | ٦٧ | ٤٢.٧ | ٧٦ | ٤٨.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٦١ | .٦٤٨ | ٤ | کەم |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ١٤٢ | ٩٠.٤ | ١١ | ٧ | ٤ | ٢.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٨٨ | .٣٩٨ | ١ | زۆر |
| وێبسایت(ماڵپەر) | ١١٧ | ٧٤.٥ | ٢٤ | ١٥.٣ | ١٦ | ١٠.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٤ | .٦٦٠ | ٢ | زۆر |

خشتەی ژمارە (٨) کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ پیشاندەدات لای سامپڵی توێژینەوەکە، لەم خشتەیەدا سامپڵەکان ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیاریدەکەن بە وەڵامەکانی (زۆر، هەندێک جار، کەم)، ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارت بۆ سێ بژاردەیی کە ئەنجامدراوە بە شێوەیەک بەهاکان ("٣" بۆ زۆر، "٢" بۆ هەندێک جار، "١" بۆ کەم) داندراوە، پێوەری لیکارد بۆ (٣) بژاردەیی بەپێی ئەو بەهایەی بۆی دانراوە؛ دەڵێت: ٢.٣٤ -٣ لەگەڵیدایە /١.٦٧ -٢.٣٣ بێلایەنە / ١-١.٦٦ لەگەڵیدانییە.

بەم جۆرەش، لە پلەی یەکەمدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دێت کە ئامرازیکی گرنگن لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٨٨) دێت ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (زۆر)، پاشان لە پلەی دووەمدا وێبسایت (ماڵپەڕ) دێت، لای بەرتوێژان بە بەهای ناوەندیژمێرەی (٢,٦٤) دێت ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (زۆر)، پاشان لە پلەی سێیەمدا ویکی دێت بە بەهای ناوەندەژمێرەی (١,٦٢) ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (کەم)، دوابەدوای ئەمانەش ئامرازەکانی دیکەی میدیای نوێ دێن بە پلەی جیاواز و بەهای جیاواز کە کۆتا پلە بۆ فیدەکان (RSS:(RSS feeds دێت بە بەهای ناوەندەژمێرەی (١,٢٤) کە کەمترین بەکارهێنانی هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە، جێگای سەرنجە لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لەناو ئامرازەکانی میدیای نوێدا ئەمەش بێگومان سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و لە نێویشیاندا پسپۆڕ و مامۆستایانی زانکۆ و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی؛ کە زۆرترین بەکارهێنانیان بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ئەو تۆڕانەیە پاشان بە پلەی دووەم وێبسایت و ماڵپەڕەکانە، ئەمەش بۆ بایەخی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە کە بوونە بە گرنگترین سەکۆی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و کارلێککردنی بەردەوام، خۆیان لە چەندین جۆردا دەبیننەوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و گرنگی و پێگە و بەکارهێنەری تایبەت بە خۆی هەیە وەک تۆڕەکانی (فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپچات، تیکتوک...)، هەریەک لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ملیۆنان بەکارهێنەری هەیە و بۆ مابەست و ئامانجی جیاواز بەکاردەهێنرێن، بەڵام بێگومان لای بەرتوێژانی توێژینەوەکەمان کە مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری میدیا و ڕۆژنامانووسانی ئەکادیمین ئامانجی سەرەکی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە بە ڕێژەیەکی بەرز بە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی میدیای نوێ، ئاگاداربوون و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژە، هۆکاری کەمی بەکارهێنانی هەندێک لە ئامرازەکانی دیکەی میدیای نوێ وەک تێکەڵاو (Mashaps) و فیدەکان (RSS:(RSS feeds و پۆدکاست و ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ هاتنەکایەی میدیای جێگرەوە و جیاواز کە دەتوانرێت لەجیاتیی ئەوان پشتی پێ ببەسترێت بە تایبەتمەندی و خاڵی ئەرێنیی زیاترەوە.

**بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ وەک سەرچاوەی زانیاری لەلایەن سامپڵەکانی توێژینەوەکەوە:**

خشتەی ژمارە (٩)

| بەکارهێنانی ئامرازەکان وەک سەرچاوەی زانیاری | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| بلۆگ | ١٠ | ٦.٤ | ٣١ | ١٩.٧ | ١١٦ | ٧٣.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣٢ | .٥٩١ | ٦ | کەم |
| ویکی | ١٢ | ٧.٦ | ٤٥ | ٢٨.٧ | ١٠٠ | ٦٣.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤٤ | .٦٣٤ | ٣ | کەم |
| پۆدکاست | ٥ | ٣.٢ | ٢٨ | ١٧.٨ | ١٢٤ | ٧٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٢٤ | .٤٩٩ | ٨ | کەم |
| یانە(منتدى) | ١٠ | ٦.٤ | ٣٥ | ٢٢.٣ | ١١٢ | ٧١.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣٥ | .٥٩٨ | ٥ | کەم |
| تێکەڵاو(Mashaps) | ٥ | ٣.٢ | ١٦ | ١٠.٢ | ١٣٦ | ٨٦.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,١٧ | .٤٥١ | ٩ | کەم |
| سایتەکانی هاوبەشیکردنی وێنە | ٧ | ٤.٥ | ٣٠ | ١٩.١ | ١٢٠ | ٧٦.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٢٨ | .٥٤١ | ٧ | کەم |
| فیدەکان (RSS:(RSS feeds | ٨ | ٥.١ | ١١ | ٧ | ١٣٨ | ٨٧.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,١٧ | .٤٩٦ | ٩ | کەم |
| ئاماژەدانی کۆمەڵایەتی (Social Bookmarking) | ١٥ | ٩.٦ | ٣٤ | ٢١.٧ | ١٠٨ | ٦٨.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤١ | .٦٦٠ | ٤ | کەم |
| تۆڕە کۆمەڵآیەتییەکان | ١٢٤ | ٧٩ | ٢٤ | ١٥.٣ | ٩ | ٥.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٧٣ | .٥٥٩ | ١ | زۆر |
| وێبسایت(ماڵپەڕ) | ١٢٦ | ٨٠.٣ | ١٣ | ٨.٣ | ١٨ | ١١.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٩ | .٦٦٨ | ٢ | زۆر |

خشتەی ژمارە (١٠) کە بەکارهێنان یاخود پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ دەخاتەڕوو وەکوو سەرچاوەی زانیاری، ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە هەتا ڕادەیەک نزیکە لە ئانجامەکانی خشتەی ژمارە (٧) کە تایبەتە بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، بەم جۆرە، بۆ پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەکوو سەرچاوەی زانیاری لە پلەی یەکەمدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دێت، کە ئامرازیکی گرنگن لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٧٣) دێت، ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (زۆر)، پاشان لە پلەی دووەمدا وێبسایت(ماڵپەڕ)ە بۆ وەرگرتنی زانیاری لای سامپڵەکان بە بەهای ناوەندیژمێرەیی (٢,٦٩) دێت، ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (زۆر)، پاشان لە پلەی سێیەمدا ویکی دێت بە بەهای ناوەندەژمێرەی (١,٤٤)، ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد دەکاتە وەڵامی (کەم)،

دوابەدوای ئەمانەش ئامڕازەکانی دیکەی میدیای نوێ دێن بە پلەی جیاواز و بەهای جیاواز کە کۆتا پلە بۆ فیدەکان (RSS:(RSS feeds و تێکەڵاو(Mashaps) دێن، بە بەهای ناوەندەژمێرەی (١,١٧)، کە کەمترین پشت پێبەستنیان هەیە وەکوو سەرچاوەی زانیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە. ئەم ئەنجامەش دیسان بۆ ڕۆڵی گرنگیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان دەگەڕێتەوە بە بەراورد بە ئامڕازەکانی دیکەی میدیای نوێ کە زۆرترین و نوێترین هەواڵ و زانیاری و بابەتی هەمەجۆر لەخۆدەگرن و زیاتر باو و بەربڵاون لەناو خەڵکدا، هەروەها بەشداربوون و بەکارهێنانیان ئاسانە و سەرجەم چین و توێژ و لایەنە جیاوازەکان و بابەتە هەمەجۆرەکانی لەخۆگرتوە لە یەک کاتدا، هەروەها ماڵپەڕەکان پوخت و تایبەتمەندن و بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری زیاتر جێگای متمانەن چونکە لایەنێک بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت و هەتا ڕادەیەک بابەتەکانی سانسۆری ئەو دامەزراوە میدیاییەی لەسەرە کە بڵاودەبێتەوە، هەروەکوو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیش لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ئامادەدەکرێت و بڵاودەکرێنەوە، بۆیە دەکرێت زیاتر پشتی پێ ببەسترێت بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیارییەکانی ڕۆژ.

## هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ لەلایەن سامپڵەکانەوە:

خشتەی ژمارە (١٠)

| هۆکارەکانی پشتبەستن | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| بە مەبەستی بەدەستهێنان و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری | ١٣٨ | ٨٧.٩ | ١٤ | ٨.٩ | ٥ | ٣.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٨٥ | .٤٤١ | ١ | زۆر |
| بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری | ١٠٦ | ٦٧.٥ | ٣١ | ١٩.٧ | ٢٠ | ١٢.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٥ | .٧١١ | ٦ | زۆر |
| بە مەبەستی ئاگاداربوون لە دۆخی هەرێمی کوردستان | ١٣٤ | ٨٥.٤ | ١٥ | ٩.٦ | ٨ | ٥.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٨٠ | .٥١٢ | ٢ | زۆر |
| بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی پارچەکانی دیکەی کوردستان | ١١٣ | ٧٢ | ٣١ | ١٩.٧ | ١٣ | ٨.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٤ | .٦٣٢ | ٥ | زۆر |
| بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵە جیهانییەکان | ١١٧ | ٧٤.٥ | ٢٨ | ١٧.٨ | ١٢ | ٧.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٧ | .٦١٤ | ٣ | زۆر |
| بە مەبەستی کارلێککردن لەگەڵ وەرگران | ١٠٣ | ٦٥.٦ | ٣٦ | ٢٢.٩ | ١٨ | ١١.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٤ | .٦٩٣ | ٧ | زۆر |
| بۆ پەیوەندیکردن بە هاوپیشەکانەوە | ١١٤ | ٧٢.٦ | ٣٣ | ٢١ | ١٠ | ٦.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٦ | .٥٩٤ | ٤ | زۆر |

وەکوو لە خشتەی ژمارە (١٢) دەردەکەوێت، سامپڵەکانی توێژینەوەکە هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێننەوە بۆ (بە مەبەستی بەدەستهێنان و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری)، بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٨٥)، پاشان و لە پلەی دووەم (بە مەبەستی ئاگاداربوون لە دۆخی هەرێمی کوردستان) پشت بە میدیای نوێ دەبەستن، بە ناوەندەژمێرەی (٢,٨٠)، دوابەدوای ئەمەش لە پلەی سێیەم سامپڵی توێژینەوەکە پشت بە میدیای نوێ دەبەستن بە هۆکاری (بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵە جیهانییەکان)، بەم شێوەیە هەریەک لە هۆکارەکانی دیکەی پشتبەستن ڕیزبەندییەکەیان بە پلەی جیاجیا وەرگرتووە و وەکوو لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، هەروەها سەرجەمیان بەپێی پێوەری لیکارد ئاستی (زۆر)یان هەیە، ئەمەش واتا هەموو هۆکارەکان بە ئاستێکی باش هۆکاری پشتبەستنی بەرتوێژانن بە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان، کە

گرنگترینیان بەدەستهێنان و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیارییە، کە ئەمەش لە بنەمادا سەرەکیترین ئەرکی میدیا بووە لە سەرەتای سەرهەڵدانی میدیا و بە درێژایی مێژوو، بۆیە لێرەشدا پسپۆڕان و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی ئەمە بە سەرەکیترین هۆکاری پشتبەستن بە میدیای نوێ دەزانن، لە پلەی کۆتاییشدا (بە مەبەستی کارلێککردن لەگەڵ وەرگران) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢,٥٤) کە ئەمەش وەکوو هەموو هۆکارەکانی دیکە ئاستی (زۆر) ە.

**جیاوازیی لە نێوان سامپڵەکانی توێژینەوە لە هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ:**

خشتەی ژمارە (١١)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | Tبەهای | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی لە نێوان سامپڵەکانی توێژینەوە لە هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ١٧.٢٩ | ٣.٢١٨ | ٠.٠٠٠ | ٤.٣٧٢ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ١٩.٤٧ | ٢.٨٤٥ | | | |

خشتەی ژمارە (١١) تایبەتە بە خستنەڕووی جیاوازی نێوان دوو سامپڵەکەمان لە هۆکارەکانی پشتبەستن بە میدیای نوێ، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (Ttest) وەرگرت. بەپێی سامپڵە جیاوازەکان، جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە ڕای بەرتوێژاندا، بەجۆرێک ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی واتە ئەوانەی شوێنی کارکردنیان لە دامەزراوەی میدیاییدایە زیاتر پەرۆشن بۆ هۆکارەکانی پشتبەستنیان بە میدیای نوێ، لە مامۆستایانی ڕاگەیاندن، ئەوانەی کە لە ناوەندە زانستییەکاندا کار دەکەن. ئەویش بە پێی ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی بە بەهای (١٩.٤٧)، لە بەرامبەر مامۆستایانی زانکۆ بە بەهای(١٧.٢٩). وە بەهای T هەژمارکراو بە بڕی (٤.٣٧٢)، بەهایەکی ئاماژەدارە بۆ بونی جیاوازی لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠)، ئەمەش بێگومان بۆ جیاوازیی بۆچوونی هەردوو سامپڵەکە دەگەڕێتەوە لە ڕوانگەی ئەزموون و بڕوانامە و کارکردنیانەوە لە شوێنە جیاوازەکان. واتا لای ڕۆژنامەنووسان بە سروشتی پیشەکەیان، وا دەخوازێت بە هۆکارە جیاوازەکان زیاتر پشت بە میدیای نوێ ببەستن، چونکە کارەکەیان وادەکات کە پێویست بێت بە هۆکاری جیاواز بەردەوام پشت بە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ ببەستن، و دەبێت بەردەوام ئاگاداری هەواڵ و ڕووداوە نوێ و کاریگەرەکان بن، ، هەرچەندە مامۆستایانی ڕاگەیاندنیش بێگومان بە هۆکاری جیاواز پشت دەبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ، بەڵام وەک لە ئەنجامی جیاوازییەکەشدا دەرکەوتوە، لای ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی زیاترە.

## ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات میدیاکاران کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن:

خشتەی ژمارە (١٢)

| تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| گۆڕانی لە سیستمی ئەنەلۆگەوە بۆ سیستمی دیجیتاڵی | ٩٧ | ٦١.٨ | ٣٢ | ٢٠.٤ | ٢٨ | ١٧.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٤ | .٧٧٩ | ٥ | زۆر |
| کارلێککردن | ١٠٤ | ٦٦.٢ | ٣٣ | ٢١ | ٢٠ | ١٢.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٤ | .٧١٢ | ٣ | زۆر |
| خێرایی | ١٣٠ | ٨٢.٨ | ١٦ | ١٠.٢ | ١١ | ٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٧٦ | .٥٧١ | ١ | زۆر |
| جیهانیبوون | ١٠٨ | ٦٨.٨ | ٣١ | ١٩.٧ | ١٨ | ١١.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٧ | .٦٩١ | ٢ | زۆر |
| نوێکردنەوەی بەردەوام | ١٠٤ | ٦٦.٢ | ٣٩ | ٢٤.٨ | ١٤ | ٨.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٧ | .٦٥٢ | ٢ | زۆر |
| یەکگرتن(کۆبوونەوەی سەجەم مەڵتی میدیاکان لە میدیای نوێدا) | ٨٩ | ٥٦.٧ | ٤٩ | ٣١.١ | ١٩ | ١٢.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٥ | .٧٠٢ | ٤ | زۆر |
| بەئاگایی و سەرنجدان | ٨٥ | ٥٤.١ | ٥٣ | ٣٣.٨ | ١٩ | ١٢.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٢ | .٦٩٩ | ٦ | زۆر |
| گەڕۆکی(توانای جوڵان) | ٧٧ | ٤٩ | ٥٤ | ٣٤.٤ | ٢٦ | ١٦.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣٢ | .٧٤٤ | ٧ | هەندێک جار |
| هەڵگرتن | ٧٥ | ٤٧.٨ | ٥٥ | ٣٥ | ٢٧ | ١٧.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣١ | .٧٤٨ | ٨ | هەندێک جار |
| تێکست هایپەرلینک | ٨٠ | ٥١ | ٤٧ | ٢٩.٩ | ٣٠ | ١٩.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣٢ | .٧٧٧ | ٧ | هەندێک جار |
| مەجازیبوون(ئەگەریبوون) | ٥٣ | ٣٣.٨ | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٣٤ | ٢١.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,١٢ | .٧٣٧ | ١٠ | هەندێک جار |
| ئازادیی ڕادەربڕینن | ٨٠ | ٥١ | ٦٣ | ٤٠.١ | ١٤ | ٨.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٢ | .٦٥٢ | ٦ | زۆر |
| باو یان بەربڵاو | ٦٤ | ٤٠.٨ | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٢٣ | ١٤.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٢٦ | .٦٩٩ | ٩ | هەندێک جار |
| شکاندنی سنورەکانی پەیوەندیکردن | ٧٦ | ٤٨.٤ | ٥٥ | ٣٥ | ٢٦ | ١٦.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣٢ | .٧٤٣ | ٧ | هەندێک جار |

خشتەی ژمارە (١٢) کە تایبەتە بەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات میدیاکاران کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن، دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم (خێرایی) دەکەنە هۆکاری ئەوەی میدیاکاران کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن بە ناوەندەژمێرەی (٢,٧٦)، لە پلەی دووەمیشدا هەریەک لە تایبەتمەندییەکانی (جیهانیبوون) و (نوێکردنەوەی بەردەوام) دێن بە ناوەندەژمێرەی (٢,٥٧)، پاشانیش پلەی سێیەم لای سامپڵی توێژینەوەکە دراوە بە تایبەتمەندی (کارلێککردن)، بەم جۆرە هەریەک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی میدیای نوێ ڕیزبەندییەکەیان بە پلەی جیاجیا وەرگرتوە وەکوو لە خشتەکەدا دەرکەوتووە. لە پلەی کۆتایدا (مەجازیبوون، ئەگەریبوون) دێت، هەروەها هەتا پلەی (٦) ئاستی (زۆر)ی وەرگرتووە بەپێی پێوەری لیکارت و لە پلەی (٧)ەوە تایبەتمەندییەکان ئاستی (هەندێک جار)یان هەیە. هۆکاری ئەم ڕیزبەندییەش بۆ گرنگیی تایبەتمەندیی (خێرایی) دەگەڕێتەوە کە یەکێکە لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ، زۆربەی کات ڕۆژنامەنووس بەهۆی پەلەکردن و هەوڵدان بۆئەوەی یەکەمین کەس بێت و میدیاکەی ببێتە پێشەنگ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکی دیاریکراو بە هەڵەدا دەچێت و پێشێلکاریی ئیتیکی بەرچاو ئەنجامدەدات، ئەمەش ڕۆژنامەنووس بە ئامانجی زیادکردنی بینەر یاخود وەرگر یان لە ئێستادا (ڤیوو) بینین و فۆڵۆوەرەکان دەیکات بەڵام کاتێک دەردەکەوێت هەواڵەکە ناڕاستە و یاخود لادانێکی بەرچاوی ئیتیکی تێدایە بێگومان بە زیانی خودی ڕۆژنامەنووس و دامەزراوە میدیاییەکەش کۆتایی دێت و بە تێپەڕبوونی کات و دوبارەبوونەوەی ئەو هەڵانە دەبنە هۆی لەدەستدانی متمانەی میدیاکە و نەمانی سەنگی لای جەماوەر. هەریەکەش لە تایبەتمەندییەکانی دیکە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو هۆکارن بۆ پاباندنەبوونی میدیاکاران بە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە وەکوو لە خشتەکەی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

**جیاوازیی نێوان بۆچوونی سامپڵەکان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات ڕۆژنامەنووسان کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن:**

خشتەی ژمارە(١٣)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | Tبەهای | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی نێوان بۆچوونی سامپڵەکان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات ڕۆژنامەنووسان کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ٣٢,٥٣ | ٧,٢٦٧ | ٠.١١٠ | ١,٦٠٩ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ٣٤,٥١ | ٧,٤١٧ | | | |

خشتەی ژمارە (١٣) تایبەتە بە خستنەڕووی بۆچوونی سامپڵەکان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی میدیای نوێ کە وا دەکات ڕۆژنامەنووسان کەمتر پابەندی بنەما ئیتیکییەکان بن، وەک لە خشتەکەدا دیارە جیاوازییەکی ئاماری ئەوتۆ نییە لە ڕای سامپڵەکاندا، هەرچەندە بەهای ناوەندە ژمێرەی مامۆساتایانی ڕاگەیاندن بریتیە لە (٣٢،٥٣)، و بەهای ناوەندە ژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی بریتیە لە (٣٤،٥١) واتە جیاوازییەکی کەم هەیە لە ڕێژەی ناوەندی ژمێرەی هەردوو سامپڵ، بەڵام بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (١.٦٠٩)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.١١٠). کەواتە جیاوزییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و کاریگەریی زۆرینەی تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ لەسەر کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان، واتە هەردوو سامپڵ لە ئاستێکی نزیک یەکدا پێیان وایە تایبەتماندییەکانی میدیای نوێ کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە ئیتیکی پیشەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

## باسی سێیەم: ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان

### پەیرەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێ لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (١٤)

| پەیرەوی پێوەرە ئیتیکییەکانی میدیای نوێ | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| میدیای نوێ خاوەنی بەرپرسیارەتییە و بەرژەوەندیی گشتی دەپارێزێت | ٤ | ٢.٥ | ٤٣ | ٢٧.٤ | ١١٠ | ٧٠.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣٢ | .٥٢٢ | ١٣ | کەم |
| متمانەت بەو هەواڵ و بابەتانە هەیە کە لە میدیای نوێدا بڵاودەبێتەوە | ٤ | ٢.٥ | ١١٠ | ٧٠.١ | ٤٣ | ٢٧.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٧٥ | .٤٨٩ | ٤ | هەندێک جار |
| میدیای نوێ ڕاستگۆیە لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە وەرگران | ٣ | ١.٩ | ٨٠ | ٥١ | ٧٤ | ٤٧.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٥ | .٥٣٦ | ٦ | کەم |
| ووردبینی لە هەواڵ و زانیارییەکاندا دەکرێت بەر لە بڵاوکردنەوەی | ٤ | ٢.٥ | ٦٠ | ٣٨.٢ | ٩٣ | ٥٩.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤٣ | .٥٤٦ | ٩ | کەم |
| ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا دەکەن | ٤ | ٢.٥ | ٥٦ | ٣٥.٧ | ٩٧ | ٦١.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤١ | .٥٤٢ | ١١ | کەم |
| میدیا و ڕۆژنامەنووسان ئازادن لە پەیرەوکردنی پیشەی میدیایی خۆیاندا | ٧ | ٤.٥ | ٩٣ | ٥٩.٢ | ٥٧ | ٣٦.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٦٨ | .٥٥٥ | ٥ | هەندێک جار |
| میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەو مانایەی میدیایەک سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەبێت | ٤ | ٢.٥ | ٣١ | ١٩.٧ | ١٢٢ | ٧٧.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٢٥ | .٤٨٩ | ١٤ | کەم |
| هەواڵ و بابەت و زانیارییەکان بێ زیادکردن و کەمکردن بڵاو دەکرێتەوە | ٢ | ١.٣ | ٥٤ | ٣٤.٤ | ١٠١ | ٦٤.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٣٧ | .٥١٠ | ١٢ | کەم |
| ڕەچاوی پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندی ژیانی تایبەتی کەسەکان دەکرێت لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا | ٤ | ٢.٥ | ٦٣ | ٤٠.١ | ٩٠ | ٥٧.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤٥ | .٥٤٨ | ٨ | کەم |
| بێلایەنی و جیاکردنەوەی هەواڵ لە ڕا و بۆچوونی تاکەکەسی ڕەچاو دەکرێت | ٤ | ٢.٥ | ٥٨ | ٣٦.٩ | ٩٥ | ٦٠.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٤٢ | .٥٤٥ | ١٠ | کەم |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان، بۆ پاداشتی مادی دەگۆڕدرێن یان دەفرۆشرێنەوە | ٢٥ | ١٥.٩ | ١١٧ | ٧٥.٥ | ١٥ | ٩.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٠٦ | .٥٠٢ | ٢ | هەندێک جار |
| ڕۆژنامەنووسان لە کاتی پێویستدا سەرچاوەی زانیارییەکانیان دەشارنەوەو ئاشکرایناکەن | ٣٨ | ٢٤.٢ | ١٠٤ | ٦٦.٢ | ١٥ | ٩.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,١٥ | .٥٦٤ | ١ | هەندێک جار |
| جیاکاریدەکرێت لە نێوان ڕیکلام و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا | ٧ | ٤.٥ | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٨٠ | ٥١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٤ | .٥٨٣ | ٧ | کەم |
| میدیای نوێ ڕێز لە بەهاو پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا دەگرێت | ٤ | ٢.٥ | ٧٧ | ٤٩ | ٧٦ | ٤٨.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٤ | .٥٤٩ | ٧ | کەم |
| تا ئێستا هەواڵ و بابەت یان وێنەی تۆ براوە و بێ ئاماژەدان بە ناوی تۆ بڵاوکرابێتەوە | ٤٩ | ٣١.٢ | ٥٦ | ٣٥.٧ | ٥٢ | ٣٣.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٩٨ | .٨٠٤ | ٣ | هەندێک جار |
| کۆ | | | | | | | | | ١,٥٩ | | | کەم |

خشتەی ژمارە (١٤) باس لە پێوەرە ئێتیکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەکات لە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان لای بەرتوێژانی توێژینەوەکە، لەم خشتەیەدا داڕشتنی پرسیارەکان لەبارەی پێوەرە ئێتیکییەکانەوە بە شێوازی ئەرێنی کراوە، ئەمەش واتا ئەو پرسیارەی زۆرترین (کەم)ی هەیە و سامپڵەکانی توێژینەوەکە لەگەڵیدا هاوڕانیین کەواتە بە بڕوای ئەوان زۆرترین سەرپێچی لەو بنەمایە هەیە و ئەمەش دەکاتە پلەکانی کۆتایی بەپێی ناوەندەژمێرە بەدەستهاتووەکان، بۆیە ڕاڤەی ئەنجامەکان لە پلەکانی کۆتاییەوە دەکەین، لە پلەی کۆتاییدا پێوەری سەربەخۆیی میدیا (میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەو مانایەی میدیایەک سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەبێت) دێت کە ١٢٢ بەرتوێژ وەڵامی (کەم)یان پێداوە، بە ناوەندەژمێرەی (١,٢٥)، پلەی پێش کۆتایی پێوەری بەرپرسیارەتیی میدیا (میدیای نوێ خاوەنی بەرپرسیارەتییە و بەرژەوەندیی گشتی دەپارێزێت) دێت، ١١٠ بەرتوێژ وەڵامی (کەم)یان پێداوە، بە ناوەندەژمێرەی (١,٣٢)، بەر لەوەش پێوەری بێلایەنی دێت (هەواڵ و بابەت و زانیارییەکان بێ زیادکردن و کەمکردن بڵاودەکرێتەوە)، کە ١٠١ بەرتوێژ وەڵامی (کەم)یان پێداوە بە ناوەندەژمێرەی(١,٣٧)، لە پلەکانی پێش ئەم سێ پێوەرەدا پێوەر و بنەماکانی دیکەی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی دێن بە ریزە و پلەی جیاواز و یەکەم پلەش پێوەری نهێنی پارێزییە (ڕۆژنامەنووسان لە کاتی پێویستیدا سەرچاوەی زانیارییەکانیان دەشارنەوە و ئاشکرایناکەن) کە ٣٨ بەرتوێژ وەڵامی (زۆر) یان پێداوە بە ناوەندەژمێرەی (٢,١٥). ئەمەش بە پێوەری لیکارد دەبێتە (هەندێک جار)، لە کۆتاییدا کۆی ناوەندەژمێرەی سەرجەم ناوەندەژمێرەکان دەکاتە

(١,٥٩). ئەمەش واتا وەڵامی (کەم)، لێرەوە بە ڕوانین و سەرنجی ورد لە خشتەی ژمارە (١١) ڕووندەبێتەوە کە پێوەر و بنەما ئیتیکییەکانی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی خراپدایە و هەتا ئاستێکی باڵا پێشیلدەکرێت، سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەر میدیاییەک دادەمەزرێت لایەنێک بە ئاشکرا یاخود نهێنی پشتگیریدەکات، واتا یان ڕاستەوخۆ دەبێتە بڵندگۆی لایەنێکی دیاریکراو یاخود دەبێتە میدیای سێبەر و ناڕاستەوخۆ کار لە بەرژەوەندیی لایەنێک دەکات، هەروەک بەرتوێژان پێیانوایە میدیای نوێ بەرپرسیاریەتی هەڵناگرێت و بەرژەوەندیی گشتی ناپارێزێت، ئەمەش لە چەندین بارودۆخدا بە ئاشکرا لە میدیا کوردییەکاندا بەدیدەکرێت کاتێک بەرژەوەندیی لایەنێک دەخەنە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە و لەبیریدەکەن کە دەکرێت ئەو کارەی ئەوان چ زیانێک بە کۆمەڵگا و بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت.

جیاوازی بۆچوونی سامپڵەکان لە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان:

خشتەی ژمارە (١٥)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | Tبەهای | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازی بۆچوونی سامپڵەکان لە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ٢٤,٨٩ | ٤,٩٤٧ | ٠.٠٥١ | ١,٩٧١ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ٢٣,٣٧ | ٤,٤١٢ | | | |

لە خشتەی ژمارە (١٥)دا کە تایبەتە بە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان، لای هەریەک لە سامپڵەکانی توێژینەوەکە، وەکوو دەردەکەوێت لای هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو نییە و بۆچوونەکانیان نزیکن لەیەکەوە، ناوەندەژمێرەی مامۆستایانی ڕاگەیاندن بریتییە لە(٢٤,٨٩)، هەروەها ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دەکاتە (٢٣,٣٧)، لادانی پێوەری هەردوو سامپڵێش ڕێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە. بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (١,٩٧١)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥١). کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوونی دۆخی خراپی ئیتیکی پیشەی ڕاگەیاندن لە میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان، کە وایکردوە هەریەک لە سامپڵەکانی توێژینەوە لای خۆیانەوە پێیان وابێت کە ڕەچاوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە ئاستێکی خراپدایە.

## ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچیی ئیتیکی تێدایە لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (١٦)

| بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| هەواڵ | ١٣١ | ٨٣.٤ | ٢٣ | ١٤.٦ | ٣ | ١.٩ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٨٢ | .٤٣٦ | ١ | زۆر |
| ڕاپۆرت | ٧٣ | ٤٦.٥ | ٧٦ | ٤٨.٤ | ٨ | ٥.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤١ | .٥٨٩ | ٣ | زۆر |
| ڕیپۆرتاژ | ٥٠ | ٣١.٨ | ٩٢ | ٥٨.٦ | ١٥ | ٩.٦ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٢٢ | .٦٠٦ | ٧ | هەندێک جار |
| چاوپێکەوتن | ٧٧ | ٤٩ | ٦٣ | ٤٠.١ | ١٧ | ١٠.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣٨ | .٦٧٥ | ٤ | زۆر |
| فیچەر | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٦٥ | ٤١.٤ | ٢٢ | ١٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٣١ | .٧٠٤ | ٥ | هەندێک جار |
| ڤیتی | ٦٢ | ٣٩.٥ | ٧٩ | ٥٠.٣ | ١٦ | ١٠.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٢٩ | .٦٤٣ | ٦ | هەندێک جار |
| پۆست | ٨٣ | ٥٢.٩ | ٦٣ | ٤٠.١ | ١١ | ٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٦ | .٦٢٥ | ٢ | زۆر |

خشتەی ژمارە (١٦) بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕێژەی سەرپێچی بنەماکانی ئیتیک و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر پیشاندەدات، لێرەدا دەردەکەوێت (هەواڵ) پلەی یەکەمی هەیە لە ڕێژەی سەرپێچیکردنی بنەما ئیتیکییەکان کە ١٣١ بەرتوێژ بە ڕێژەی (٪٨٣.٤) (زۆر)یان پێداوە بە ناوەندژمێرەی(٢,٨٢)، لە پلەی دووەم (پۆست) دێت کە ٨٣ بەرتوێژ بە ڕێژەی (٢,٤٦) (زۆر)یان پێداوە بە ناوەندژمێرەی (١.٥٤)، پاشان لە پلەی سێیەم (ڕاپۆرت) دێت کە ٧٣ بەرتوێژ وەڵامی (زۆر)یان بۆ هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (٪٤٦.٥) و ناوەندژمێرەی (٢,٤١)، بەم جۆرە و دوابەدوای ئەمانەیش بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکە بە ئاستی جیاواز پلەکانی دیکەیان گرتووە وەکوو لە خشتەکەدا دەردەکەوێت. هۆکاری بوونی (هەواڵ) بە پلەی یەکەم لە ڕیزبەندی ئەو بابەتانەی کە زۆرترین پێشێلکاری ئیتیکیان تێدایە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی هەواڵ وەکوو سەرەکیترین بابەت لە میدیاکاندا کە زۆرترین پانتایی داگیردەکات لە لایەک و لە لایەکی دیکەیش هەواڵ لە یەکێک لە بنەماکانی خێراییە کە ئەمەیش لەم سەردەمی میدیای نوێ و دیجیتاڵییەدا چەند هێندە بووە و دواجاریش دەبێتە هۆی پەلەکردنی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان

بەر لە دڵنیابوونەوە و وردبوونەوە لە ڕاستی و دروستیی سەرچاوەی هەواڵەکە، هەروەها (پۆست) کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە چ لە لاپەڕەی تایبەتیی کەسی یاخود لاپەڕە و هەژماری تایبەت بە دامەزراوە میدیاییەکان بێت، بە هەمان شێوە بەهۆی خێرایی لە بڵاوکردنەوە و نەبوونی وردبینی پێویست بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین (لایک و کۆمێنت) بێ گوێدانە پێوەرە ئیتیکییەکان؛ پۆستەکان بڵاودەکرێنەوە، هۆکارێکی دیکەیش کە وا دەکات پۆست سەرپێچی ئیتیکی تێدا بێت ئەوەیە کە لە سەردەمی میدیای نوێ و مۆبایلی زیرەکدا هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی خۆی ڕۆژنامەنووسێکە و دەتوانێت هەرکات بیەوێت و هەرچی بوێت بە کەمترین سانسۆر بڵاوبیکاتەوە، بێگومان ئەمەیش کاریگەریی گەورە و نەرێنی لەسەر بنەما و پێوەرە ئیتیکییەکان و خودی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە.

**جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لەبارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچیی ئیتیکی تێدایە:**

خشتەی ژمارە(١٧)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لەبارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچیی ئیتیکی تێدایە. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ١٧,٠٠ | ٣,٣٣٣ | ٠.٧٥٥ | .٣١٢ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ١٦,٨٣ | ٣,١١٢ | | | |

لە خشتەی ژمارە (١٧) کە تایبەتە بە جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لەبارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی میدیای نوێ کە زیاتر سەرپێچیی ئیتیکی تێدایە، وەکوو دەردەکەوێت لای هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو نییە و بۆچوونەکانیان نزیکن لەیەکەوە، ناوەندەژمێرەی مامۆستایانی ڕاگەیاندن بریتییە لە(١٧,٠٠)، هەروەها ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دەکاتە (١٦,٨٣)، هەر وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لادانی پێوەری هەردوو سامپڵیش ڕێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە. بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (.٣١٢)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٧٥٥). کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، هۆکاری ئەم ئەنجامەش وەک زۆربەی ئەنجامەکانیتر دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی خاڵی هاوبەشی بەهێز لەنێوان هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە، سەرەڕای جیاوازی شوێنی کارکردن و جیاوازی ئاستی زانستییان، بەڵام هەردوو سامپڵ ئەکادیمین و تا ڕادەیەکی زۆر شارەزا و بەرچاوڕوونن لە ئیتیکی پیشەی ڕاگەیاندن و هەروەها بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان.

## پێویستییەکانی پابەندبوون بە ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (١٨)

| پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئیتیک | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلە بەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| دانانی پەیماننامەی شەرەفی میدیایی بۆ ڕۆژنامەوانان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی میدیای نوێ | ١٣٥ | ٨٦ | ١٦ | ١٠.٢ | ٦ | ٣.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٨٢ | .٤٧٤ | ١ | زۆر |
| دانانی یاسایەک وەک فەرمانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بەکارهێنانە لەسەر ئاستی دامەزراوە میدیاییەکان | ٩٩ | ٦٣.١ | ٤٥ | ٢٨.٧ | ١٣ | ٨.٣ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٥ | .٦٤٥ | ٤ | زۆر |
| فێرکردنی یاساکانی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو زانکۆو پەیمانگاکان | ١٠٤ | ٦٦.٢ | ٤٤ | ٢٨ | ٩ | ٥.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦١ | .٥٩٧ | ٢ | زۆر |
| ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەوانان لەسەر بەکارهێنانی ئیتیکی میدیای نوێ | ٩٨ | ٦٢.٤ | ٤٩ | ٣١.٢ | ١٠ | ٦.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٦ | .٦١٣ | ٣ | زۆر |

خشتەی ژمارە (١٨) ئەو ڕێگا گونجاوانە ڕووندەکاتەوە کە کەریگەرییان دەبێت لەسەر پەیڕەوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لای ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان، بەپێی ئەنجامی خشتەکە دەردەکەوێت (دانانی پەیماننامەی شەرەفی میدیایی بۆ ڕۆژنامەوانان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی میدیای نوێ) بە پلەی یەکەم دێت کە (١٣٥) سامپڵ بە ڕێژەی (٨٦٪) (زۆر)یان هەڵبژاردووە بە ناوەندەژمێرەی (٢,٨٢)، بە پلەی دووەمیش (فێرکردنی یاساکانی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکان)دێت (١٠٤) کەس لە سامپڵی توێژینەوەکە وەڵامی (زۆر)یان پێداوە بە ڕێژەی (٦٦.٢٪) و ناوەندەژمێرەی (٢,٦١)، دوابەدوای ئەوەش (ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەوانان لەسەر بەکارهێنانی ئیتیکی میدیای نوێ) لە پلەی سێیەمدایە و ٩٨ سامپڵ وەڵامی (زۆر)یان پێداوە بە ڕێژەی (٦٢.٤٪) و ناوەندەژمێرەی (٢,٥٦)، لە پلەی کۆتایشدا (دانانی یاسایەک وەکوو فەرمانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی

ئەم بەکارهێنانە لەسەر ئاستی دامەزراوە میدیاییەکان) کە (٩٩) کەس وەڵامی (زۆر)یان پێداوە بە ڕێژەی (٦٣.١٪) و ناوەندەژمێرەی (٢,٥٦)، واتا زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە (دانانی پەیماننامەی شەرەفی میدیایی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ڕۆژنامەوانان)، باشترین ڕێگایە بۆ پاراستن و ڕەچاوکردنی بنەما و پێوەرە ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا، ئەمەش بێگومان کاتێک دەبێت کە دامەزراوە میدیاییەکان ڕۆژنامەنووسانی خۆیان پابەندبکەن بە پەیماننامەیەکی ئیتیکی یەکگرتوو بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە دەرکرابێت یان پایماننامەیەکی تایبەت بێت بە دامەزراوە میدیاییەکە خۆی.

**جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان بۆ پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئیتیکی پیشەیی :**

**خشتە (١٩)**

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | Tبەهای | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان بۆ پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئیتیکی پیشەیی. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ١٠,٨٢ | ٢,٠٣٨ | ٠.١٦٣ | ١,٤٠١ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ١٠,٣٨ | ١,٧٥٨ | | | |

لە خشتەی ژمارە (١٩) کە تایبەتە بە جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان بۆ پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی، وەکوو دەردەکەوێت لای هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو نییە و بۆچوونەکانیان نزیکن لەیەکەوە، ناوەندەژمێرەی مامۆستایانی ڕاگەیاندن بریتییە لە(١٠,٨٢)، هەروەها ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دەکاتە (١٠,٣٨)، هەر وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لادانی پێوەری هەردوو سامپڵیش ڕێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە. بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (١,٤٠١)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.١٦٣). کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، هۆکاری هاوڕایی هەردوو سامپڵ بۆ تێگەیشتنیاین لە سروشتی بابەتی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە، کە بابەتێکی خودیی و ویژدانییە و ناکرێت بە یاسا و بەزۆر بسەپێنرێت، چونکە ئەوەندەی پەیوەستە بە ناخ و ویستی ڕۆژنامەنووسەوە ئەوەندە پەیوەندی بە ژینگەی دەرەوەی نییە، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ هەوڵدا بۆ جێبەجێکردنی بنەما ئیتیکییەکان دانانی پەیماننامەی شەرەفی میدیاییە کە تایبەت بێت بە میدیای نوێ، هەروەها ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ کرابێت تێیداهەتابتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕۆژنامەنووسان پابەندبکرێت بە پرەنسیپە جیاوازەکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە.

## گرفتی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشەیی لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە:

خشتەی ژمارە (٢٠)

| گرفتی پابەندنەبوون بە ئێتیک | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| نەمانی متمانەی جەماوەر بە میدیا نوێیە کوردییەکان | ١٢٧ | ٨٠.٩ | ٢٤ | ١٥.٣ | ٦ | ٣.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٧٧ | .٥٠٥ | ١ | زۆر |
| بەکارهێنانی میدیا نوێیە کوردییەکان بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسییەکان | ١١٠ | ٧٠.١ | ٤٠ | ٢٥.٥ | ٧ | ٤.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٦٦ | .٥٦٣ | ٢ | زۆر |
| لێکهەڵوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی | ٨٧ | ٥٥.٤ | ٦٤ | ٤٠.٨ | ٦ | ٣.٨ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٢ | .٥٧٣ | ٤ | زۆر |
| شاردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان | ٩٨ | ٦٢.٤ | ٥١ | ٣٢.٥ | ٨ | ٥.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٧ | .٥٩١ | ٣ | زۆر |
| لەدەستدانی دەستپاکی و ئەمانەتپارێزی میدیا کوردییەکان | ٨٦ | ٥٤.٦ | ٦٢ | ٣٩.٥ | ٩ | ٥.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٩ | .٦٠٦ | ٧ | زۆر |
| پشتگوێخستنی ئەو پرسانەی هاوڵاتی پێویستی بە ڕوماڵکردنە | ٨٨ | ٥٦.١ | ٦١ | ٣٨.٩ | ٨ | ٥.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥١ | .٥٩٥ | ٥ | زۆر |
| چاوپۆشیکردن لە بەرپرسی گەندەڵ و بەردەوامبوونی پرسی گەندەڵی | ٩٠ | ٥٧.٣ | ٥٨ | ٣٦.٩ | ٩ | ٥.٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٢ | .٦٠٦ | ٤ | زۆر |
| لادانی میدیا نوێیە کوردییەکان لە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی | ٨٣ | ٥٢.٩ | ٦٩ | ٤٣.٩ | ٥ | ٣.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٠ | .٥٦٢ | ٦ | زۆر |
| لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا نوێیەکوردییەکان لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا | ٨٤ | ٥٣.٥ | ٦٦ | ٤٢ | ٧ | ٤.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٤٩ | .٥٨٤ | ٧ | زۆر |
| دزەکردنی گوتاری نەیارەکانی کورد بۆ میدیا نوێیە کوردییەکان لەپێناو ئاڕاستەکردنی ڕایگشتی کوردی | ٥٠ | ٣١.٨ | ٩٦ | ٦١.١ | ١١ | ٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٢٥ | .٥٧٤ | ٨ | هەندێک جار |

له خشتەی ژماره (٢٠)دا ئەو گرفتانە خراوەتەڕوو کە لە ئەنجامی پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان بە ئێتیکەوە دروستدەبێت، لە پلەی یەکەمدا لای سامپڵی توێژینەوەکە گرفتی (نەمانی متمانەی جەماوەر بە میدیا نوێیە کوردییەکان) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢,٧٧)، لە پلەی دووەمیشدا (بەکارهێنانی میدیا نوێیە کوردییەکان بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسیەکان) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢,٦٦)، دواتریش و لە پلەی سێیەمدا (شاردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢,٥٧)، پاشانیش گرفتەکانی دیکە دێن بەپێی ڕیزبەندی و لە پلەی جیادا وەکوو لە خشتەکەدا دیارە، بەپێی ئەو ئەنجامەی دەرکەوتووە نەمانی متمانەی وەرگر یاخود جەماوەر گەورەترین گرفتی ڕەچاونەکردنی بنەما و پێوەرە ئێتیکییەکانە، لەبەرئەوەی کاتێک میدیایەک هەواڵ یاخود زانیارییەک بڵاودەکاتەوە کە ناڕاست بێت، زیادکردن یان کەمکردنی تێدا بێت، بەرژەوەندیی گشتی بخاتە مەترسییەوە، لایەنگریکردنی تێدا بێت، بەها و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگای لەبەرچاو نەگرتبێت، یان هەر لادانێکی دیکە لە بنەما ئێتیکیەکان دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر بەپێی ڕۆیشتنی کات و هەنگاو دوای هەنگاو سەنگی ئەو میدیایەی لەلا کەمبێتەوە و بە بەردەوامبوونی ئەمەش دەگاتە ئاستی نەمانی متمانە و ئیدی هەواڵ و زانیاری و بابەتەکانی دیکەی ئەو میدیاییە چی دیکە جێگای باوەڕ نابن و دواجار وەرگرەکانیشی لەدەستدەدا

**جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لە گرفتەکانی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشە:**

خشتەی ژمارە(٢١)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لە گرفتەکانی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشە. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ٢٥,٠٩ | ٤,١٦٩ | ٠.٦٨٢ | .٤١١ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ٢٥,٣٦ | ٣,٨٣٥ | | | |

لە خشتەی ژمارە (٢١) کە تایبەتە بە جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوە لە گرفتەکانی پابەندنەبوونی میدیای نوێی کوردی بە ئیتیکی پیشە؛ وەکوو دەردەکەوێت لای هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو نییە و بۆچوونەکانیان نزیکن لەیەکەوە، ناوەندەژمێرەی مامۆستایانی ڕاگەیاندن بریتییە لە(٢٥,٠٩)، هەروەها ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دەکاتە (٢٥,٣٦)، هەر وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لادانی پێوەری هەردوو سامپڵێش ڕێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە. بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (.٤١١)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٦٨٢). کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، هۆکاری نزیکی وەڵامەکانی هەردوو سامپڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە لە نەبوونی پێوەرە ئیتیکییەکاندا، زیانی گەورە بەر خودی ڕۆژنامەنووس و دامەزراوە میدیاییەکەش دەکەوێت، گەورەترین زیانیش کە هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵیدان بریتییە لە نەمانی متمانەی جەماوەر بە میدیا نوێیە کوردییەکان، چونکە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی کاتێک پەیامێک بڵاودەکاتەوە ئامانجییەتی کە کاریگەری لەسەر وەرگر و جەماوەرەکەی دروستبکات و بیرکردنەوەکانیان بەو ئاراستەیە بەرێت کە خۆی مەبەستییەتی و لەگەڵ سیاسەتی میدیاکە گونجاوە، بەڵام ئەگەر ناڕوونی و ناڕاستی و لایەنگری بەردەوام لە هەواڵ و زانیارییەکانیدا هەبێت، ئەوا بەپێی ڕۆیشتنی کات متمانەی جەماوەرەکەی لەدەستدەدات، ئەمەش گەورەترین زیانە بەر هەر دامەزراوەیەکی میدیایی بکەوێت.

## باسی چوارەم: ئاستی پەبەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە:

### ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لای سامپڵەکانی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان:

خشتەی ژمارە (٢٢)

| پابەند بوون بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی | زۆر | | هەندێک جار | | کەم | | کۆ | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | | |
| پارێزگاری لە شوناسی کەلتوری کورد دەکات | ٨ | ٥.١ | ٨٦ | ٥٤.٨ | ٦٣ | ٤٠.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٦٥ | .٥٧٦ | ١١ | کەم |
| هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی بڵاودەکاتەوە | ٩٩ | ٦٣.١ | ٤٧ | ٢٩.٩ | ١١ | ٧ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٦ | .٦٢٤ | ١ | کەم |
| رەچاوکردنی مافی جەماوەر بۆ زانین | ٩ | ٥.٧ | ١٢٦ | ٨٠.٣ | ٢٢ | ١٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٩٢ | .٤٣٨ | ٧ | هەندێک جار |
| ڕوماڵکردنی بەرفراوانی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکردنیان | ٢٠ | ١٢.٧ | ١١٠ | ٧٠.١ | ٢٧ | ١٧.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٩٦ | .٥٤٧ | ٦ | هەندێک جار |
| بڵاوکردنەوەی پێشێلکاریەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە | ٢٤ | ١٥.٣ | ١١٥ | ٧٣.٢ | ١٨ | ١١.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٠٤ | .٥١٧ | ٤ | هەندێک جار |
| هۆکارێکن بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٥٧ | ٣٦.٣ | ٣٠ | ١٩.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٢٥ | .٧٥٩ | ٣ | هەندێک جار |
| گرنگیدانی تەواو بە پرسەکانی ڕایگشتی وئاوڕدانەوە لە چین وتوێژە پەراوێزخراوەکان | ١٣ | ٨.٣ | ١٠١ | ٦٤.٣ | ٤٣ | ٢٧.٤ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٨١ | .٥٦٨ | ١٠ | هەندێک جار |
| بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکە وروژێنەرەکان | ٩٥ | ٦٠.٥ | ٤٦ | ٢٩.٣ | ١٦ | ١٠.٢ | ١٥٧ | ١٠٠ | ٢,٥٠ | .٦٧٦ | ٢ | زۆر |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرگری لە ئازادییە گشتییەکان دەکات (هزر،ئازادی ڕا دەربڕین) | ١٠ | ٦.٤ | ١١٧ | ٧٤.٥ | ٣٠ | ١٩.١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٨٧ | .٤٩٠ | ٨ | هەندێک جار |
| کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی وحوکمڕانی باش | ١٤ | ٨.٩ | ١٠٣ | ٦٥.٦ | ٤٠ | ٢٥.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٨٣ | .٥٦٤ | ٩ | هەندێک جار |
| ڕۆڵی لە ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکاندا هەیە | ١٥ | ٩.٦ | ١٢٤ | ٧٩ | ١٨ | ١١.٥ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٩٨ | .٤٦٠ | ٥ | هەندێک جار |
| هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە بابەتەکە دەگوازێتەوە | ٧ | ٤.٥ | ٧٠ | ٤٤.٦ | ٨٠ | ٥١ | ١٥٧ | ١٠٠ | ١,٥٤ | .٥٨٣ | ١٢ | کەم |
| کۆ | | | | | | | | | ١,٩٩ | | | هەندێک جار |

لە خشتەی ژمارە (٢٢)دا کە تایبەتە بە ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت کە بڕگەی (هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی بڵاودەکاتەوە) پلەی یەکەمی وەرگرتوە بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٥٦)، لە پلەی دووەمدا (بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە ورووژێنەرەکان) دێت بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٥٠)، دواتر و لە پلەی سێیەمدا بڕگەی (هۆکارێک نین بۆ پەرەسەندنی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان) بە بەهای ناوەندەژمێرەی (٢,٢٥) دێت، هەروەها بڕگەی (هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە بابەتەکە دەگوازێتەوە) لە پلەی کۆتاییدا دێت بە بەهای ناوەندەژمێرەی (١,٥٤)، هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە ئێستادا لە زۆربەی دامەزراوە میدیاییە ئەلیکترۆنییەکاندا پشت بە ڕەگەزی ورووژاندنی هەواڵ دەبەسترێت و ئەو لایەنانەی هەواڵ و زانیارییەکان دەردەخرێن کە دەبێتە هۆی ورووژاندنی وەرگر، کە ئەمانەش بۆ کۆمەڵگای کوردی و هەرێمی کوردستان دژ بە ئادابی گشتیی زۆرینەی جەماوەرە، هەروەها کۆی گشتیی ناوەندەژمێرەی سەرجەم بڕگەکانیش دەکاتە (١,٩٩) ئەمەش بەپێی پێوەری لیکارد واتا (هەندێک جار)، کەواتە بەپێی شیکاری بڕگەکان میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان هەندێک جار پابەندە بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە و هەندێک جاریش لە هەندێک تەوەردا پابەند نییە بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە. بە جۆرێک تەوەری (هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی بڵاودەکاتەوە) و (بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە ورووژێنەرەکان) ئاستی (زۆر)یان هەیە، تەوەرەکانی (ڕەچاوکردنی مافی جەماوەر بۆ زانین)، (ڕوماڵکردنی بەرفراوانی ڕووداوە

کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکردنیان)، (بڵاوکردنەوەی پێشێلکاریەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە)، (هۆکارێکن بۆ پەرەسەندنی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان)، (گرنگیدانی تەواو بە پرسەکانی ڕای گشتی و ئاوڕدانەوە لە چین و توێژە پەراوێزخراوەکان)، (بەرگری لە ئازادییە گشتییەکان دەکات "هزر، ئازادیی ڕادەربڕین")، (کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی و حوکمڕانیی باش) و (ڕۆڵی لە ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکاندا هەیە)، بە ئاستی هەندێک جار دێن، تەوەرەکانی (پارێزگاری لە شوناسی کەلتوری کورد دەکات) و (هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەست بە بابەتەکە دەگوازێتەوە)، بە ئاستی نەخێر دێن.

## جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لە ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرێمی کوردستان:

خشتەی ژمارە(٢٣)

| تەوەر | سامپڵەکان | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T | نمرەی ئازادی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لە ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرێمی کوردستان. | مامۆستایانی ڕاگەیاندن | ٢٤,٢٤ | ٣,٧٨١ | ٠.٣٧٢ | .٨٩٥ | ١٥٥ |
| | ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی | ٢٣,٧٤ | ٣,٠٨٩ | | | |

لە خشتەی ژمارە (٢٥) کە تایبەتە بە جیاوازیی بۆچوونی سامپڵەکان لە ئاستی پابەندبوونی میدیای نوێ بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرێمی کوردستان؛ دەردەکەوێت لای هەردوو سامپڵی توێژینەوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو نییە و بۆچوونەکانیان نزیکن لەیەکەوە، ناوەندەژمێرەی مامۆستایانی ڕاگەیاندن بریتییە لە(٢٤,٢٤)، هەروەها ناوەندەژمێرەی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی دەکاتە (٢٣,٧٤)، هەر وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لادانی پێوەری هەردوو سامپڵیش ڕێژەکانیان نزیکن لەیەکەوە. بەهای T هەژمارکراو بریتییە لە (.٨٩٥)، لە ئاست نمرەی ئازادی (١٥٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠.٣٧٢). کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەم تەوەرەدا دەرناکەوێت و ڕای سامپڵەکانی توێژینەوە تا ڕادەییەکی زۆر هاوشێوەیە، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی دید و تێڕوانینی هەردوو سامپڵ لە ڕوانگەی ئەکادیمییەوە کە کاریگەری هەیە لەسەر بۆچوونەکانیان. هەتا ڕادەیەکی زۆریش هاوڕایی هەردوو سامپڵ لەسەر تەوەرەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ڕوونی و ئاشکرایی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی و پەخشکردنی ناوەڕۆکە وروژێنەرەکان، کە زۆرینەی میدیا نوێیە کوردییەکان بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی بەرچاو بە مەبەستی زیادکردنی وەرگر و زیادکردنی (ڤیوو)، هەروەها (لایک)، پەنا دەبەنە بەر ئەو هەواڵانەی کە ڕەگەزی وروژاندنیان تێدایە، یاخود ئەو لایەنانەی هەواڵێک بارزدەکەن و دەخەنە بەرچاو کە وروژێنەرن و لە ڕێگەی ئەو ڕەگەزەوە سەنجی وەرگر ڕادەکێشن.

# دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە

لە ئەنجامدانی لایەنی تیۆری و مەیدانیی توێژینەوەکەدا و لەژێر تیشکی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا، بە چەندین دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە گەیشتووین:

**یەکەم: دەرئەنجام**

١- ئامڕازەکانی میدیای نوێ بە ڕێژەی جیاواز و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن زۆرینەی زۆری سامپڵەکانی توێژینەوەکەوە بەکاردەهێنرێن.

٢- وەکوو سەرچاوەی زانیاریی پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمییش پشتدەبەستن بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ بە گشتی و بە تایبەتییش پشت بە تۆڕە کۆماڵایەتییەکان و وێبسایتەکان دەبەستن.

٣-هۆکاری سەرەکی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەکە بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ بە مەبەستی بەدەستهێنان و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیارییە، پاشان ئاگاداربوون لە دۆخی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی هەواڵە جیهانییەکان.

٤- بە بڕوای زۆرینەی سامپڵەکانی تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ بە تایبەت خێرایی، نوێکردنەوەی بەردەوام، بەجیهانیبوون، کارلێککردن، ئازادی، بەربڵاوی... هتد، کاریگەریی نەرێنییان هەبووە لەسەر ڕەچاوکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان لە میدیای نوێدا، چونکە جیاواز لە میدیای نەریتی تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی یاخود میدیای نوێ وا دەکات ڕۆژنامەوانان ئاسانتر بکەونە هەڵەی ئیتیکییەوە.

٥- بە بڕوای زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، بەو مانایەی میدیایەک سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نەبێت، بۆیە بە پلەی یەکەم بنەمای سەربەخۆیی زۆرترین ڕەچاونەکردنی هەیە و لە پلەکانی دواتریش زۆرترین پێشێلکاری لە هەریەک لە بنەماکانی بەرپرسیاریەتی و بێلایەنیدا دەکرێت.

٦- زۆربەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە پەیڕەوکردنی پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان لە ئامڕازەکانی میدیای نوێدا لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی خراپدایە و زۆرینەی زۆری بنەماکان پێشێلدەکرێن و ڕەچاوناکرێن لە کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا.

٧- زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە زۆرترین پێشێلکاری ئیتیکی لە بابەتی (هەواڵ)دا دەکرێت لە میدیای نوێدا، دوابەدوای ئەویش بابەتەکانی (پۆست) و (ڕاپۆرت) کە بە بەراورد بە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکە لادانی پێوەرە ئیتیکییەکان تێیدا زیاترە.

٨- دانانی پەیماننامەی شەرەفی میدیایی بۆ ڕۆژنامەوانان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی میدیای نوێ، لە ریزبەندیی پێشەوەی پێویستییەکانی پەیڕەوکردنی ئیتیکی پیشە دێت لای سامپڵی توێژینەوەکە، لە پلەی دواتریشدا فێرکردنی یاساکانی بەکارهێنانی میدیای نوێ لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکان دێت.

٩- لە نێوان بۆچوونی سامپڵەکانی توێژینەوەکە (پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی) لە تەوەرە جیاوازەکانی ڕاپێوییەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە و بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکان زۆر نزیکن لە یەکەوە.

١٠- زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، پابەندنەبوونی میدیای نوێ بە ئیتیکی پیشەیی دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی جەماوەر بە میدیا نوێیە کوردییەکان، هەروەکوو دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ خزمەتکردنی هێزە سیاسییەکان و شاردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان.

١١- بە بڕوای زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان هەواڵ و وێنەی دژ بە ئادابی گشتی بڵاودەکاتەوە، هەروەها بە شێوەیەکی فراوان کاردەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە وروژێنەرەکان و هۆکارێکیشن بۆ پەرەسەندنی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

١٢- زۆرینەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە پێیانوایە میدیا نوێیە کوردییەکان هەندێک جار پابەندبوون بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە بە تایبەت لە بابەتی ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان و ڕۆڵیان لە ڕوماڵکردنی بەرفراوانی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکردنیان.

**دووەم: پێشنیازەکان**

لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەر چەند پێشنیازێک دەخاتەڕوو:

١- گرنگیدانی زیاتری بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بە وانەی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەوانی وەکوو وانەیەکی سەرەکی، بە جۆرێک پێوەر و بنەماکانی وانەکان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی میدیا و جیهانی نوێی ئەلیکترۆنیدا یەکبگرێتەوە و خوێندکاران بە کرداری کاری لەسەر بکەن.

٢- ڕێکخستن و گاڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەفی گشتگیر بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان کە دەقی پەیماننامەکە و سەرجەم خاڵە پێکهێنەرەکانی لەگەڵ سروشتی میدیای نوێ و دیجیتاڵیدا هاوئاهەنگ بن و ڕەچاوی کۆی ئەو تایبەتمەندییانە بکرێت کە میدیای نوێ جیادەکاتەوە لە میدیای نەریتی.

٣- توێژەر پێشنیازدەکات بۆ دامەزراوە میدیاییەکان بەپێی سروشتی میدیاکە و تایبەتمەندییەکانی ئامڕازە میدیاییەکە پەیماننامەی شەرەفی تایبەت بە خۆیان دابنێن هەتا بتوانن کارە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆیان لەسەر بنەماکانی ئەو پەیماننامەیە ڕێکبخەن و  هەر ڕۆژنامەنووسێکیش کە لەو دامەزراوەیە کاردەکات پابەند بێت پێیەوە.

٤- ئەنجامدانی خول و ڕاهێنانی گرنگ و کاریگەر بۆ ڕۆژنامەنووسان لەسەر پێوەر و بنەما ئیتیکییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامڕازەکانی میدیای نوێدا و خۆپاراستن لە لادانە ئیتیکییەکان.

٥- دانانی سزای ئیتیکی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس و دامەزراوە میدیاییانەی کە هەڵەی ئیتیکی گەورە ئەنجامدەدەن ئەمەیش لەلایەن ئەنجومەنێکی تایبەت بە بواری ئیتیک و میدیاوە، کە سەرجەم دامەزراوە میدیایی و ناوەندە زانستییەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن بەشداربن لە دامەزراندن و دروستکردنیدا و دەسەڵاتی پاداشت و سزای هەبێت، هاوکات خەڵات و پێزانینی هەبێت بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس و دامەزراوە میدیاییانەی کە پابەند دەبن بە پێوەرە ئیتیکییەکانەوە لە ماوەیەکی خولی دیاریکراودا.

٦- پسپۆڕ و مامۆستایانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ئامڕازە میدیاییە جۆراوجۆرەکانەوە ئەوەندەی دەتوانن هۆشیاری زیاتر بڵاوبکەنەوە لەسەر پرسی ئیتیک و پرەنسیپە جیاوازەکانی بۆ سەرجەم تاکەکەنی کۆمەڵگا، چونکە لە ئێستادا هەر هاوڵاتییەک خۆی دەتوانێت نێرەر بێت و پەیامی جیاواز بڵاوبکاتەوە.

**سێیەم: ڕاسپاردەکان**

توێژەر لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتەڕوو بۆ توێژەرانی دیکە:

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی پیشە لە هەریەک لە ئامڕازە جیاوازەکانی میدیای نوێ، توێژەر چەند ناونیشانێک ڕادەسپێرێت:

ا- ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ب- ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی وێبسایتەکان لە هەرێمی کوردستان.

ج- ئاستی ڕەچاوکردنی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە بە شێوەی شیکاری ناوەڕۆک بۆ نموونەیەک لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی میدیای نوێ.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:

### کتێب:


١- ئەرسەلان بابیز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی، چاپخانە و ئۆفسێتی ڕوون، ٢٠٠١.

٢- هەردەوان محمود کاکەشێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، سلێمانی، چاپخانەی کوردستان، ٢٠١٥.

٣- هێمن مەجید، عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، ئیتیکی کاری ڕاگەیاندن و حەتمیەتی تەکنەلۆژیا، و.یاسین قادر بەرزنجی، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٠.

٤- هێرش ڕەسوڵ، ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٣.

٥- هێرش ڕەسوڵ، ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٧.

٦- هاوژین عومەر، ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی خانی دهۆک،٢٠١٢.

٧- مەم بورهان قانع، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستاندا، سلێمانی، بێ دەزگای چاپ، ٢٠٠١.

٨- مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.

٩- مەغدید سەپان، بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، تاران، چاپخانەی پەنجەرە، ٢٠١٥.

١٠- مەریوان وریا قانع،بەختەوەری و بێدەنگی، چاپی دووەم ،سلێمانی، خانەی چاپ و باڵوکردنەوەی قانع ،٢٠٠٤

١١-محەمەد مونیر حیجاب، میدیا و بابەتیبوون لە سەدەی بیستویەکەمدا، و.یەحیا عومەر ڕێشاوی، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی سارا، ٢٠١٨.

١٢- محەمەد وەسمان، ئیتیکی میدیاکاری، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری،٢٠١١.

١٣- لینت شێریدان بێرسن، تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی، و.گۆران سەباح، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢.

١٤- کەمال سەعدی، ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە، هەولێر، دەزگای (C،L،P،O) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، پڕۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاسایەکان، ٢٠٠٤.

١٥- كارزان محەمەد، بەرپرسیاریەتیی میدیا و قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٠.
١٦- قەرەنی قادری، کۆمەڵگا و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
١٧-عەدالەت عەبدوڵڵا، جیهانی میدیا و ڕۆژنامەگەری، سلێمانی، چاپخانەی شڤان،٢٠١٢.
١٨- شوان ئادەم ئەیڤەس، مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی رۆژنامەگەریدا، سلێمانی، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،٢٠٢٠.
١٩- شوان ئادەم ئەیڤەس، ئیتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.
٢٠- سامان فەوزی، بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی یادگار، ٢٠٢٠.
٢١- ڕێبەر گۆران تاڵەبانی، یەحیا عومەر ڕێشاوی، میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا، سلێمانی، تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا،٢٠٢٠.
٢٢- حەسەن عیماد مکاوی، ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی، و.مەم بورهان قانع، سلێمانی، چاپخانەی تیشک،٢٠٠٤.

**توێژینەوە:**

١- ئیبراهیم سەمین علی، زانینی ڕۆژنامەنووسان لەسەر بنەماکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن، توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی چەند ڕۆژنامەیەکی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامە، هەولێر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠١٧.

٢- ئازاد عەبدولعەزیز محەمد، ئاڕاستەکانی دەستەبژێریی میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە، تێزی دکتورا (بڵاونەکراوە)، هەولێر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢٢.

٣- هێرش ڕەسوڵ، ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، نامەی ماجستێر، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٩.

٤- كامیل عومەر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی كوردستاندا، نامەی ماجستێر (بڵاونەكراوە)، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٥- كارزان محەمەد ئەحمەد، سانسۆری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی كوردستان (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، سلێمانی، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی ڕاگەیاندن،٢٠١١.

٦- كارزان محەمەد، هەڵسەنگاندنی ئیتیكی ڕۆژنامەگەریی كوردی لە هەرێمی كوردستان (٢٠٠٧-٢٠١٦)، تێزی دكتۆرا (بڵاوكراوە)، ئێران، زانكۆی تاران، ٢٠١٩.

٧- شێركۆ جەبار محەمەد، مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای كەناڵە ئاسمانیەكان لە ڕووماڵكردنی پرسە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستاندا، توێژینەوەی بڵاوكراوە (گۆڤاری زانكۆی سلێمانی/ بەشی(B) زانستە مرۆڤایەتییەكان ژمارە (٥٩)ی كانونی دووەمی ٢٠١٩)، سلێمانی، ٢٠١٩.

٨- شاخەوان محەمەد سلێمان، پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە ئیتیكی ڕاگەیاندن و كاریگەری لەسەر لەدەستدانی متمانە لای خوێنەر لە هەرێمی كوردستاندا، ماستەر(بڵاونەكراوە)، هەولێر، زانكۆی سەڵاحەدین، كۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن،٢٠٢٢.

٩- دڵان ئیسماعیل مەولود، بەكارهێنانی ئامرازەكانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەكان لە كارگێڕیی گشتیدا لە هەرێمی كوردستان، نامەی ماستەر (بڵاوكراوە)، هەولێر، زانكۆی سەڵاحەدین، كۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢٠.

## چاوپێكەوتن:

١- د. ئازاد عەبدولعەزیز محەمەد، سەرۆكی بەشی ڕاگەیاندن، كولێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، دكتۆرا لە ڕاگەیاندن، چاوپێكەوتن لە ڕێگەی نامەی ئەلیكترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٤.

٢- پ.د.هێرش ڕەسوڵ موراد، پرۆفیسۆر لە ڕاگەیاندن، مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە گشتییەكان و بازارگەری، كۆلێژی تەكنیكیی كارگێری، زانكۆی پۆلیتەكنیكیی سلێمانی، چاوپێكەوتن لە ڕێگەی نامەی ئەلیكترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/١٥.

٣- د.شوان ئادەم ئەیڤەس، مامۆستا لە بەشی تەکنیکیی میدیا، کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی و سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی(چمک)، چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ئیمەیڵی ئەلیکترۆنییەوە، بەرواری ٢٠٢٢/١٠/١٤.

## دەرسگوتار:

١- سامان فەوزی، وانەی (یاسای ڕاگەیاندن)، دەرسگوتارەکانی قۆناغی دووەمی بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

## پێگەی ئەلیکترۆنی:

١- ئەمیرە عەبدوڵڵا جاف، بەها ئەخلاقییەکانی کاری ڕاگەیاندن، penus، ٢٠١٦.
http://penus.krd/index.php/ckb/item/٣٣-١١-١٩-٠٢-٠٤-٢٠١٨-i٣٣٦ بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢\٧\٣٠)

٢- هەژار حاتەم، ئیتیکی میدیا پرسێکی فەرامۆشکراو لەلایەن ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکارانەوە، zahawi، ٢٠١٩
https://zahawi.org/?p=٢٦٩٤، بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢\٣\١٥)

٣- هەتاو حەمە ساڵح، بەرپرسیاریەتیی میدیا بەرامبەر بە جەماوەر، rwangauraxna بێ بەروار.
https://www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=٢٤٧٠ بەرواری سەردانکردن(٢٠٢٢\٥\٥)

٤- چرۆ شەهاب، میدیای نوێ و لێکەوتەکانی، rozhnamawany، ٢٠٢١،
http://www.rozhnamawany.com/?p=٣٠٨٠، بەرواری سەردانکردن (٢٠٢٢/٧/٣٠).

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

**كتيب:**


١- ابراهيم الداقوقي، قانون الأعلام (نظرية جديدة في الدراسات الإعلامية الحديثة)، بغداد، مطبعة وزارة الأوقاف، ١٩٨٦.

٢- ابراهيم عبدالله المسلمي، ادارة المؤسسات الصحفية، مصر، دار الفكر العربي، بدون سنة.

٣-ابن منظور، معجم لسان العرب مادة خلق، القاهرة، دار المعارف ، د.ت.

٤- بسام عبدالرحمن الجرايدة، كتاب الاعلام و قضايا حقوق الانسان النشر الالكتروني، عمان، دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١٩.

٥- بلقاسم بن روان، وسائل الإعلام و المجتمع، دراسة في الأبعاد الاجتماعية و المؤسساتية، الجزائر، دار الخلدونية، ٢٠٠٧.

٦- بيل كوفاتش، وتوم روزنشتيل، المبادئ ألساسية للصحافة،ديكهجمة فايزة حكيم وأحمد منيب، القاهرة، الدار الدولية لالستثمارات الثقافية، ٢٠٠٦.

٧- جمال سند السويدي، وسائل التواصل الاجتماعي و دورها في التحولات المستقبلية، من القبيلة إلى الفيسبوك، النسخة الالكترونية،٢٠١٤.

٨- حارث عبود و مزهر العاني، الاعلام و الهجرة الى العصر الرقمي، الاردن، دار الحامد للنشر والتوزيع،٢٠١٥.

٩- حسن عماد مكاوي، أخلاقيات العمل الاعلامي، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦.

١٠- حسني شفيق، مهارات إدارة الحوار العالمي، دمشق، دار الفكر و الفن و الطباعة للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

١١- حسنين شفيق، الإعلام الجديد و الإعلام البديل، القاهرة، دار فكر و فن للطباعة و النشر و التوزيع ٢٠١٠،

١٢- حسين عبدالجبار، اتجاهات الاعلام الحديث و المعاصر، عمان، دار أسامه، ٢٠٠٨.

١٣- خالد العزي، التشريحات الاعلامية و اخلاقيات المهنة، سوريا، منشورات الجامعة الافتراضية السورية،٢٠٢٠.

١٤- خالد فهمي، المسئولية المدنية للصحفي، الاسكندرية، دار الفكر الجامعي، ٢٠٠٨.

١٥- خالد فهمي، حرية الرأي و التعبية في ضوء التفاقيات الدولية و التشريعات الوطنية و الشتريعة الاسلامية و جرائم الرأي و التعبير، إسكندرية، دار الفكر الجامعي ،ط٢، ٢٠١٢.
